هەرێمی کوردستان/ عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستە مرۆڤاتییەکان

بەشی شوێنەوار

# گۆڕی خانەدانان لە سەردەمی ئەشکانی (١٤٨پ. ز.- ٢٢٦ ز.) لە کوردستانی باشوور

نامەیەکە خوێندکار

**کوردستان ڕەحمان علی**

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤاتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی شوێنەوار لە پسپۆڕی شوێنەواری کۆن

**بە سەرپەرشتی**

**پ. ی. د. کۆزاد محمد أحمد**

٢٧٢٢ کوردی ٢٠٢٣ زاینی ١٤٤٤کۆچی

# ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەی خوێندکار (کوردستان ڕەحمان علی) بە ناونیشانی (**گۆڕی خانەدانان لە سەردەمی ئەشکانی ١٤٨پ. ز.-٢٢٦ ز. لە کوردستانی باشوور**)، بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤاتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بە شێکە لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (شوێنەوار/ کۆن)، پێشنیاز دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار د. کۆزاد محمد أحمد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت: ٢٨/ ٢ / ٢٠٢٣

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: پ.ی.د. زریان سالار حمە عارف

سەرۆکی بەشی: شوێنەوار

ڕێکەوت: ٢٨/ ٢ / ٢٠٢٣

ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار(**کوردستان ڕەحمان علی**)مان بە ناونیشانی (**گۆڕی خانەدانان لە سەردەمی ئەشکانی (١٤٨پ. ز. -٢٢٦ ز.) لە کوردستانی باشوور**) خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کردووە، بڕیارماندا بە پلەی (           ) بڕوانامەی (ماستەر)ی لە زانستی (**شوێنەوار/ کۆن**) پێبدرێت.

واژۆ

ناو: د. عزیز محمد أمین

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: ٣١/٤/٢٠٢٣

واژۆ

ناو: د. محمدأمین علیعبدلله

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێکەوت: ٣١/٤/٢٠٢٣

واژۆ

ناو: د. دڵشاد عزیز مارف

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێکەوت: ١٧/٥/٢٠٢٣

واژۆ

ناو: د. کوزاد محمد أحمد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام و سەرپەرشتیار

ڕێکەوت: ٣١/٤/٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی پەسەندکرا.

واژۆ

پ.ی. د. پاڤی جمیل احمد

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەوەکالەت

٢٢/٥/٢٠٢٣

**هەموو توێژینەوەیەک لە ڕابردوو**

**ئایندەیەکی پرشنگدارترمان پێدەبەخشێت**

# پێشـــکەش

**ئەم توێژینەوەیەم پێشکەشە بە:**

- دایکی ئازیزم کە بە هیچ ووشەیەک ناتوانم باس لە گەورەیی و قوربانی دانی بکەم.
- ڕۆحی باوکی خۆشەویستم کە هەمیشە بە ئاواتی بینینی بووم.
- هاوسەری ئەزیز و خۆشەویستم (هونەر)، هەر لە دەستپێکی خوێندم گەورەترین هاوکار و پاڵپشتم بووە، کە بەبێ هاوکاریەکانی ئەو نەم دەتوانی بە ئاسانی بگەمە ئەو قۆناغە.
- بە کچە تاقانەکەم (نۆڤا) ئازیزتر لە ڕۆحم، بەبۆنەی خوێندنمەوە نەمتوانی مافی دایکایەتی بە تەواوی پێبدەم.
- بە ڕۆحی پاکی شەهید سوهێل خورشید.

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینی زۆرم هەیە بۆ بەڕێزان:

- سەرپەرشتیاری بەڕێز (پ. ی. د. کۆزاد محەمەد ئەحمەد) کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆ، بە زانیاریی و تێبینییەکانی توێژینەوەکەمی دەوڵەمەندتر کرد.
- سەرۆکایەتی بەشی شوێنەوار و هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی لەماوەی خوێندن دا ماندوو بوون لەگەڵمان بە تایبەت (پ. ی. د. کۆزاد محەمەد، دکتۆرە ڕافیدە قەرەداغی، پ. ی. د. دڵشاد زاموا، پ. ی. د. زریان حاجی).
- بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان و مۆزەخانەی گەرمیان، بە تایبەت کاک صالح محەمەد سەمین بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان.
- کاک محەمەد و کاک نەوزاد و کاک سەروەت و هەموو ئەو هاوڕێ و هاوپیشانەی کە ئەندامی کنەوپشکنین بوون لە ناوچە شوێنەوارییەکانی گۆڕ گردۆڵکەی سەرقەڵا و بەرلووت، مۆڵەتیان پێدام بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر گۆڕەکان و پاشماوەی گۆڕەکان، کە بەبێ ڕەزامەندی ئەوان ئەم توێژینەوە نەدەهاتە بەرهەم.
- کاک ئارام لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، هاوکارم بوو لە هێڵکاری تەلارسازی گۆڕ گردۆڵکەی سەرقەڵا.
- هاوسەری ئازیزم و خوشک و برا خۆشەویستەکانم.
- بنەماڵەی هاوسەرەکەم، کە ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە تەواوکردنی خوێندنەکەمدا.
- هاوڕێی ئەزیز (بەهرە صالح)، برای بەڕێزم کاک (ئامانج ئەمین)، برای ئەزیز کاک (توانا هاشم)، مامۆستا (دڵشاد أسماعیل).

توێژەر

# پــێـرسـتـی بــابـەتــەکـان

**ناونیشانی بابەتەکان** **لاپەڕە**


**ووتــە.........................................................................................................أ**
**پـێـشـکـەشـکـردن.........................................................................................ب**
**سـوپـاس و پـێزانـیـن.......................................................................................ت**
**پێڕستی بابەتەکـان.....................................................................................ث-ج**
**پێڕستی نەخـشـەکان.......................................................................................ح**
**پێڕستی وێنەکان.......................................................................................ح-ز**
**پێڕستی هێڵکارییەکان...................................................................................س-ش**
**لیستی کورتکـراوەکـان.......................................................................................ش**
**پـێـشــەکـی...................................................................................................١-٤**

**بەشی یــەکـەم: ســەردەمـی ئەشکانی** **٥-٤٨**

تەوەرەوەی یەکەم/ سـەرهـەڵـدانـی ئـەشـکـانییەکـان..........................................٥-١٨
تەوەرەی دووەم/ هـونـەری ئـەشـکـانییەکـان.....................................................١٩- ٣٦
تەوەرەی سێیەم/ بیرو باوەڕی ئایینی و شێوازی ناشتنی مردوو لە سەردەمی ئەشکانی....٣٧-٤٨

**بـەشی دووەم: گۆڕە گـردۆڵکەی سـەرقەڵا** **٤٩-١٠٠**

**تەوەرەی یەکەم/ شوێن و بارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکان و پێکهاتەی تەلارسازی ٤٩-٥٧**
١-١ شوێنی جوگرافی و بارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکان........................................٤٩-٥١
١-٢ پێکهاتەی تەلارسازی و ئەو ماددانەی لە دروستکردنیدا بەکارهێنراون............................٥١-٥٧

**تەوەرەی دووەم/ تـــابـوت و کــەلوپەلە دۆزراوەکـان** **٥٨-٨٢**
٢-١ تابووتە دۆزراوەکان..................................................................................٥٨-٦٠
٢-٢ دۆزراوە وردەکان (شووشە، گڵێنە، کانزا).........................................................٦١-٨٢

**تەوەرەی سێیەم/ سـکە و ئێسکەپەیکەرە دۆزراوەکان و شیکاری مێژوویی ٨٣-١٠٠**
٣-١ سکەکان.......... ٨٣-٩٥
٣-٢ ئێسکەپەیکەرەکان.......... ٩٦-٩٨
٣-٣ شیکاری مێژوو و گرنگی و پێگەی گۆڕەکە.......... ٩٩-١٠٠

**بەشـی سێیـەم: گـۆڕەکانی بەرلـووت و قەسری شەمامۆک و وێران تەپە ١٠١-١٥٩**

**تەوەرەی یەکەم/ گۆڕەکانی بەرلووت ١٠١-١١٣**
١-١ شوێنی جوگرافی و بارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکان.......... ١٠١-١٠٢
١-٢ ناساندنی گۆڕەکان و شیوازی ناشتن و ئێسکەپەیکەرەکان.......... ١٠٢- ١٠٥
١-٣ پاشماوە دۆزراوەکان.......... ١٠٦-١١٣

**تـــەوەرەی دووەم/ گۆڕەکانی قەسر شـەمامـۆک ١١٤-١٣٥**
٢-١ شوێنی جوگرافی و بارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکان.......... ١١٤-١١٧
٢-٢ ناساندنی گۆڕەکان.......... ١١٧-١٢١
٢-٣ پاشماوە دۆزراوەکان.......... ١٢٢-١٣٥

**تـــەوەرەی سێیـەم/ گۆڕەکانی وێران تەپە** ١٣٦-١٥٩
٣-١ شوێنی جوگرافی و بارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکانی وێران تەپە.......... ١٣٦-١٣٨
٣-٢ ناساندنی گۆڕەکان و شێوازی ناشتن و ئێسکە پەیکەرەکان.......... ١٣٨- ١٤٥
٣-٣ پاشماوە دۆزراوەکان.......... ١٤٦- ١٥٩

**بەشی چوارەم/ بەراووردکاری.......... ١٦٠-١٧٣**
**دەرئـەنجام.......... ١٧٤-١٧٧**
**لیسـتی سـەرچاوەکان.......... ١٧٨-١٩٢**
**پاشکۆکان.......... ١٩٣-١٩٤**
**نوسراوی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان.......... ١٩٥-١٩٦**
**پوختە.......... ١٩٧-١٩٨**
**الملخص.......... ١٩٩**
**Summary.......... ٢٠٠**

## پێــڕستی نەخشـــەکان


| نەخشـــە | ژمـــارە | لاپـــەڕە |
|---|---|---|
| نەخشەی ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی | نەخشەی ژ. ١ | ٨ |
| نەخشەی گۆڕ گردۆڵکەی سەرقەڵا | نەخشەی ژ. ٢ | ٤٩ |
| نەخشەی شوێنەواری گۆڕی بەرلووت | نەخشەی ژ. ٣ | ١٠١ |
| نەخشەی قەسەری شەمامۆک | نەخشەی ژ. ٤ | ١١٤ |
| نەخشەی وێران تەپە | نەخشەی ژ. ٥ | ١٣٦ |


## پێــڕستی وێنـــەکان


| ناونیشـــانی وێنـــەکان | ژمارەی وێنـــەکان | لاپـــەڕە |
|---|---|---|
| شێوازی بازنەیی بە دەوری شارەکان | وێنەی ١ | ٢١ |
| تەلارسازی گۆڕی ئەشکانییەکان | وێنەی ٢ | ٢٢ |
| دراخمی ئەرشاکی یەکەم و میهردادی یەکەم | وێنەی ٣ | ٢٤ |
| تیترادراخمی میهردادی یەکەم | وێنەی ٤ | ٢٥ |
| تیترادراخمی ئەرتابانۆس (ئەردەوان)ی دووەم | وێنەی٥ | ٢٦ |
| پەیکەرە برۆنزییەکەی شامی بە جل و بەرگی ئەشکانییەوە | وێنەی٦ | ٢٧ |
| دراخمی میهردادی دووەم | وێنەی ٧ | ٢٨ |
| پەیکەرە مەرمەڕییەکانی نایسا | وێنەی ٨ | ٣٠ |
| ڕایتۆن (پێکی شێوە ئاژەڵی) | وێنەی ٩ | ٣٠ |
| پەیکەری شاری هەترا بە جلوبەرگی ئەشکانییەوە | وێنەی ١٠ | ٣٠ |
| تێراکۆتای مێینەی ڕووت لە بابل | وێنەی ١١ | ٣٠ |
| نەخشی هەڵکۆڵدراوی میر قوڵی و ڕەبەنە | وێنەی ١٢ | ٣١ |
| ڕازانەوەی دیوار بە وێنەکێشان (کوهی خواجە، نایسا) | وێنەی ١٣ | ٣٣ |
| ڕازانەوەی دیوار بە نەخشی سەرگەچ لە سلوکییە | وێنەی ١٤ | ٣٣ |
| دیمەنی جۆرا و جۆر لەسەر مۆر | وێنەی ١٥ | ٣٤ |
| گڵێنەی ئەمفۆرا | وێنەی ١٦ | ٣٥ |
| تابلێتی نووسراو بە زمانی یۆنانی لە سوسە | وێنەی ١٧ أ. | ٣٦ |
| تابلێتی نووسراو بە زمانی پەهلەوی ئەشکانی لە هەورامان | وێنەی ١٧ ب. | ٣٦ |
| شێوازی ناشتن لە چاڵدا | وێنەی١٨ | ٤١ |
| شیوازی ناشتن لە کووپە و دندا | وێنەی ١٩ | ٤٢ |
| ناشتن لە ژووری گۆڕی تاق کەوانەیی دا | وێنەی ٢٠ | ٤٤ |

| | | |
|---|---|---|
| تابووتی سەرقاپداری شێوە مرۆڤ | وێنەی ٢١ | ٤٥ |
| تابووتی شێوە نەعلی | وێنەی ٢٢ | ٤٧ |
| تابووتی لەبەرد دروستکراو | وێنەی ٢٣ | ٤٧ |
| گردە گولە | وێنەی ٢٤ | ٥٠ |
| ساتی دۆزینەوەی گۆڕی سەرقەڵا | وێنەی ٢٥ | ٥١ |
| پەرژینکردنی گۆڕ گردۆڵکەی سەرقەڵا | وێنەی ٢٦ | ٥١ |
| پلیکانەی گۆڕەکەی سەرقەڵا | وێنەی ٢٧ | ٥٢ |
| گۆڕەپانی پاراستنی گۆڕی سەرقەڵا | وێنەی ٢٨ | ٥٣ |
| دەرگای ئاسنی نوێ پاراستنی ژووری گۆڕەکە | وێنەی ٢٩ | ٥٣ |
| ژووری دروستکراوی لاکێشەیی بۆ ژووری گۆڕەکە | وێنەی ٣٠ | ٥٣ |
| تاقی باکوور و باشووری ژووری پاراستنی گۆڕەکە | وێنەی ٣١ | ٥٤ |
| دەروازەی سەرەکی ژووری گۆڕەکە | وێنەی ٣٢ | ٥٥ |
| گۆزەی ئاڕاستەی بەرامبەر دەروازەی گۆڕەکە | وێنەی ٣٣ | ٥٦ |
| ژووری گۆڕەکە | وێنەی ٣٤ | ٥٦ |
| تاقی باکوور و باشوور | وێنەی ٣٥ | ٥٧ |
| تابووتی لاکێشەیی | وێنەی ٣٦ | ٥٨ |
| سەرقاپی تابووتە لاکێشەییەکە | وێنەی ٣٧ | ٥٩ |
| تابووتی شێوە هێلکەیی | وێنەی ٣٨ | ٦٠ |
| شووشەی یەکەم | وێنەی ٣٩ | ٦١ |
| شووشەی دووەم | وێنەی ٤٠ | ٦٢ |
| شووشەی سێیەم | وێنەی ٤١ | ٦٢ |
| شووشەی چوارەم | وێنەی ٤٢ | ٦٣ |
| شووشەی پێنجەم | وێنەی ٤٣ | ٦٣ |
| شووشەی شەشەم | وێنەی ٤٤ | ٦٤ |
| شووشەی حەوتەم | وێنەی ٤٥ | ٦٥ |
| شووشەی هەشتەم | وێنەی ٤٦ | ٦٥ |
| گڵێنەی یەکەم | وێنەی ٤٧ | ٦٦ |
| گڵێنەی دووەم | وێنەی ٤٨ | ٦٧ |
| گڵێنەی سێیەم | وێنەی ٤٩ | ٦٨ |
| گڵێنەی چوارەم | وێنەی ٥٠ | ٦٨ |
| گڵێنەی پێنجەم | وێنەی ٥١ | ٦٩ |
| گڵێنەی شەشەم | وێنەی ٥٢ | ٦٩ |
| گڵێنەی حەوتەم | وێنەی ٥٣ | ٧٠ |
| گڵێنەی هەشتەم | وێنەی ٥٤ أ. | ٧١ |
| نموونەیەک لە چرادانی ئەشکانی لە مێسۆپۆتامیا | وێنەی ٥٤ ب. | ٧١ |
| ئەڵقەی زێڕ | وێنەی ٥٥ | ٧٢ |
| گوارەی زێڕ | وێنەی ٥٦ | ٧٢ |

| | | |
|---|---|---|
| مورووی زێڕ | وێنەی ٥٧ | ٧٢ |
| چوار پارچەی گەردنبەند/سینەبەندی زێڕ | وێنەی ٥٨ | ٧٣ |
| دەستبەندی یەکەم | وێنەی ٥٩ | ٧٤ |
| دەستبەندی دووەم | وێنەی ٦٠ | ٧٤ |
| دەستبەندی سێیەم | وێنەی ٦١ | ٧٥ |
| ئەڵقەی کەمەربەندی یەکەم | وێنەی ٦٢ | ٧٥ |
| ئەڵقەی کەمەربەندی دووەم | وێنەی ٦٣ | ٧٦ |
| ئەڵقەی کەمەربەندی سێیەم | وێنەی ٦٤ | ٧٦ |
| موستیلەی بڕۆنز | وێنەی ٦٥ | ٧٧ |
| ئەڵقەی یەکەم | وێنەی ٦٦ | ٧٧ |
| ئەڵقەی دووەم | وێنەی ٦٧ | ٧٧ |
| ئەسکۆ | وێنەی ٦٨ | ٧٨ |
| دەسکی ئەسکۆ | وێنەی ٦٩ | ٧٨ |
| دەسکی ئەسکۆ | وێنەی ٧٠ | ٧٩ |
| چوار گوارەی کانزایی | وێنەی ٧١ | ٧٩ |
| پارچە کانزا | وێنەی ٧٢ | ٨٠ |
| ملوانکەی یەکەم | وێنەی ٧٣ | ٨٠ |
| ملوانکەی دووەم | وێنەی ٧٤ | ٨١ |
| کلدان | وێنەی ٧٥ | ٨٢ |
| کاردی یەکەم | وێنەی ٧٦ | ٨٢ |
| کاردی دووەم | وێنەی ٧٧ | ٨٢ |
| سکەی یەکەم | وێنەی ٧٨ | ٨٤ |
| سکەی دووەم | وێنەی ٧٩ | ٨٥ |
| سکەی سێیەم | وێنەی ٨٠ | ٨٦ |
| سکەی چوارەم | وێنەی ٨١ | ٨٧ |
| سکەی پێنجەم | وێنەی ٨٢ | ٨٨ |
| سکەی شەشەم | وێنەی ٨٣ | ٨٩ |
| سکەی حەوتەم | وێنەی ٨٤ | ٩٠ |
| سکەی هەشتەم | وێنەی ٨٥ | ٩١ |
| سکەی نۆیەم | وێنەی ٨٦ | ٩٢ |
| سکەی دەیەم | وێنەی ٨٧ | ٩٢ |
| سکەی یازدەهەم | وێنەی ٨٨ | ٩٣ |
| سکەی دوازدەهەم | وێنەی ٨٩ | ٩٤ |
| گۆڕستانی بنەماڵەیی | وێنەی ٩٠ | ٩٦ |
| ئێسکەپەیکەری تابووتە لاکێشەییەکە | وێنەی ٩١ | ٩٧ |
| ئێسکەپەیکەری تابووتە هێلکەییەکە | وێنەی ٩٢ | ٩٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ئێسکەپەیکەری تاقی باکوور | وێنەی ٩٣ | ٩٨ |
| ئێسکە پەیکەری سەر سەکۆی ژووری گۆڕەکە | وێنەی ٩٤ | ٩٨ |
| گردی بەرلوت | وێنەی ٩٥ | ١٠٢ |
| تابووتی یەکەم | وێنەی ٩٦ | ١٠٤ |
| مۆری یەکەم+ چاپی مۆر | وێنەی ٩٧ | ١٠٦ |
| مۆری دووەم+ چاپی مۆر | وێنەی ٩٨ | ١٠٧ |
| پارچە گڵێنەی یەکەم | وێنەی ٩٩ | ١٠٨ |
| پارچە گڵێنەی دووەم | وێنەی ١٠٠ | ١٠٨ |
| پارچە بەردی یەکەم | وێنەی ١٠١ | ١٠٩ |
| پارچە بەردی دووەم | وێنەی ١٠٢ | ١٠٩ |
| مورووی یەکەم | وێنەی ١٠٣ | ١٠٩ |
| مورووی دووەم | وێنەی ١٠٤ | ١١٠ |
| مورووی سێیەم | وێنەی ١٠٥ | ١١٠ |
| کلدان | وێنەی ١٠٦ | ١١١ |
| قاپی کانزایی | وێنەی ١٠٧ | ١١٢ |
| مەنجەڵی کانزایی | وێنەی ١٠٨ | ١١٣ |
| ئەڵقەی کەمەربەند | وێنەی ١٠٩ | ١١٣ |
| موستیلەی کانزایی | وێنەی ١١٠ | ١١٣ |
| گردی قەسری شەمامۆک | وێنەی ١١١ | ١١٥ |
| تابووتی مۆزەخانەی عێراق | وێنەی ١١٢ | ١١٩ |
| تابووتی مۆزەخانەی فلۆرێنس | وێنەی ١١٣ | ١٢١ |
| پارچە گڵێنەی یەکەم | وێنەی ١١٤ | ١٢٢ |
| پارچە گڵێنەی دووەم | وێنەی ١١٥ | ١٢٣ |
| پارچە گڵێنەی سێیەم | وێنەی ١١٦ | ١٢٣ |
| پارچە گڵێنەی چوارەم | وێنەی ١١٧ | ١٢٤ |
| پارچە گڵێنەی پێنجەم | وێنەی ١١٨ | ١٢٤ |
| پارچە گڵێنەی شەشەم | وێنەی ١١٩ | ١٢٤ |
| پارچە گڵێنەی حەوتەم | وێنەی ١٢٠ | ١٢٥ |
| پارچە گڵێنەی هەشتەم | وێنەی ١٢١ | ١٢٥ |
| گۆزەی یەکەم | وێنەی ١٢٢ | ١٢٦ |
| گۆزەی دووەم | وێنەی ١٢٣ | ١٢٦ |
| سێ ئەمفۆرای گڵێنەیی | وێنەی ١٢٤ | ١٢٧ |
| مەنجەڵی گڵێنەیی | وێنەی ١٢٥ | ١٢٧ |
| مەنجەڵی گڵێنەیی | وێنەی ١٢٦ | ١٢٨ |
| دەفری گڵێنەیی | وێنەی ١٢٧ | ١٢٨ |
| دوو پارچە گڵێنەیی مۆرکراو | وێنەی ١٢٨ | ١٢٩ |
| دوو چرای گڵێنەیی | وێنەی ١٢٩ | ١٢٩ |

| | | |
|---|---|---|
| قاپی برۆنزی | وێنەی ١٣٠ | ١٢٩ |
| مەنجەڵی برۆنزی | وێنەی ١٣١ | ١٣٠ |
| دوو چرای برۆنزی | وێنەی ١٣٢ | ١٣١ |
| دەستبەندی برۆنز | وێنەی ١٣٣ | ١٣١ |
| ملوانکە | وێنەی ١٣٤ | ١٣٢ |
| شووشەی یەکەم | وێنەی ١٣٥ | ١٣٢ |
| شووشەی دووەم | وێنەی ١٣٦ | ١٣٣ |
| چرای برۆنزی لە مۆزەخانەی عێراق | وێنەی ١٣٧ | ١٣٤ |
| ئەمفۆرای گڵێنەیی لە مۆزەخانەی عێراق | وێنەی ١٣٨ | ١٣٥ |
| گۆزەیی گڵێنەیی لە مۆزەخانەی عێراق | وێنەی ١٣٩ | ١٣٥ |
| وێران تەپە | وێنەی ١٤٠ | ١٣٧ |
| گۆڕی لاوانەکراو بە خشتی قوڕ | وێنەی ١٤١ | ١٤٠ |
| شێوازی ناشتی گۆڕی تاقدار بە خشت | وێنەی ١٤٢ | ١٤٠ |
| گۆڕ بە خشتی سووری بان جزیری | وێنەی ١٤٣ | ١٤١ |
| تابووتی یەکەم | وێنەی ١٤٤ | ١٤٣ |
| تابووتی دووەم | وێنەی ١٤٥ | ١٤٤ |
| تابووتی سێیەم | وێنەی ١٤٦ | ١٤٥ |
| تابووتی چوارەم | وێنەی ١٤٧ | ١٤٥ |
| گۆزەی یەکەم | وێنەی ١٤٨ | ١٤٧ |
| گۆزەی دووەم | وێنەی ١٤٩ | ١٤٧ |
| گۆزەی سێیەم | وێنەی ١٥٠ | ١٤٧ |
| ئەمفۆرایی گڵێنەیی | وێنەی ١٥١ | ١٤٨ |
| سوراحی گڵینەیی | وێنەی ١٥٢ | ١٤٨ |
| کووپەی گڵێنەیی بۆ ناشتنی منداڵ | وێنەی ١٥٣ | ١٤٩ |
| کووپەی گڵینەیی بۆ ناشتنی منداڵ | وێنەی ١٥٤ | ١٤٩ |
| شووشەی یەکەم | وێنەی ١٥٥ | ١٥٠ |
| شووشەی دووەم | وێنەی ١٥٦ | ١٥٠ |
| شووشەی سێیەم | وێنەی ١٥٧ | ١٥١ |
| شووشەی چوارەم | وێنەی ١٥٨ | ١٥١ |
| شووشەی پێنجەم | وێنەی ١٥٩ | ١٥٢ |
| شووشەی شەشەم | وێنەی ١٦٠ | ١٥٢ |
| پارچە کانزا | وێنەی ١٦١ | ١٥٣ |
| ئەڵقەی کەمەربەندی یەکەم | وێنەی ١٦٢ | ١٥٣ |
| ئەڵقەی کەمەربەندی دووەم | وێنەی ١٦٣ | ١٥٣ |
| دەستبەندی یەکەم | وێنەی ١٦٤ | ١٥٤ |
| دەستبەندی دووەم | وێنەی ١٦٥ | ١٥٤ |
| گوارە | وێنەی ١٦٦ | ١٥٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ئەڵقە | وێنەی ١٦٧ | ١٥٥ |
| ئاگرکێش | وێنەی ١٦٨ | ١٥٥ |
| داپۆشەری دەموچاو لە کانزای زێڕ | وێنەی ١٦٩ أ | ١٥٦ |
| داپۆشەری دەم و چاو لە کانزای زێڕ لە قەڵای شێروانە | وێنەی ١٦٩ ب | ١٥٦ |
| سەربەست/ سینەبەند | وێنەی ١٧٠ | ١٥٦ |
| پەیکەری لە ئێسک دروستکراو | وێنەی ١٧١ | ١٥٧ |
| سوژنی قژ | وێنەی ١٧٢ أ | ١٥٨ |
| سوژنی قژ لە پارکی کەلار | وێنەی ١٧٢ ب | ١٥٨ |
| سکە | وێنەی ١٧٣ | ١٥٨ |
| تابووتی ڕازاوە بە دار مێو و هێشووە ترێ لە ئاشور | وێنەی ١٧٤ | ١٦٣ |
| سەرقاپی تابووت لە مۆزەخانەی سلێمانی | وێنەی ١٧٥ | ١٦٤ |
| تابووتی نەخشدار بە پەیکەری مێینەی ڕووت لە | وێنەی ١٧٦ | ١٦٥ |
| نیپووررازانەوەی سەرقاپی تابوت بە پەیکەری جەنگاوەر لە وەرکا | وێنەی ١٧٧ | ١٦٥ |
| تابووتە شێوە جیاوازەکانی هەمەدان | وێنەی ١٧٨ | ١٦٦ |
| کلدانەکانی گردی دێم | وێنەی ١٧٩ | ١٧٠ |

# پێڕستی هێـڵكارییـەكان


| ناونیشـــانی هێڵكـــاری | ژمارەی هێڵكـاری | لاپـــەڕە |
|---|---|---|
| پلیكانە و گۆڕەپانی پاراستنی گۆڕەكەی سەرقەڵا | هێڵكاری ١ | ٥٢ |
| ژووری لاكیشەیی پاراستنی گۆڕەكە | هێڵكاری ٢ | ٥٤ |
| تاقی باكوور و باشووری ژووەی پاراستنی گۆڕەكە | هێڵكاری ٣ | ٥٤ |
| دەروازەی سەرەكی ژووری گۆڕەكە | هێڵكاری ٤ | ٥٥ |
| ژووری گۆڕەكە | هێڵكاری ٥ | ٥٦ |
| تاقی باشوور و باكووری ژووری گۆڕەكە | هێڵكاری ٦ | ٥٧ |
| تابووتی لاكێشەیی | هێڵكاری ٧ | ٥٨ |
| سەرقاپی تابووتە لاكێشەییەكە | هێڵكاری ٨ | ٥٩ |
| تابووتی هێلكەیی | هێڵكاری ٩ | ٦٠ |
| شووشەی یەكەم | هێڵكاری ١٠ | ٦١ |
| شووشەی دووەم | هێڵكاری ١١ | ٦٢ |
| شووشەی سێیەم | هێڵكاری ١٢ | ٦٢ |
| شووشەی چوارەم | هێڵكاری ١٣ | ٦٣ |
| شووشەی پێنجەم | هێڵكاری ١٤ | ٦٣ |
| شووشەی شەشەم | هێڵكاری ١٥ | ٦٤ |
| شووشەی حەوتەم | هێڵكاری ١٦ | ٦٥ |
| شووشەی هەشتەم | هێڵكاری ١٧ | ٦٥ |
| گلێنەی یەكەم | هێڵكاری ١٨ | ٦٦ |
| گلێنەی دووەم | هێڵكاری ١٩ | ٦٧ |
| گلێنەی سێیەم | هێڵكاری ٢٠ | ٦٨ |
| گلێنەی چوارەم | هێڵكاری ٢١ | ٦٨ |
| گلێنەی پێنجەم | هێڵكاری ٢٢ | ٦٩ |
| گلێنەی شەشەم | هێڵكاری ٢٣ | ٦٩ |
| گلێنەی حەوتەم | هێڵكاری ٢٤ | ٧٠ |
| دەستبەندی یەكەم | هێڵكاری ٢٥ | ٧٤ |
| دەستبەندی دووەم | هێڵكاری ٢٦ | ٧٤ |
| ئەڵقەی كەمەربەندی یەكەم | هێڵكاری ٢٧ | ٧٥ |
| ئەڵقەی كەمەربەندی دووەم | هێڵكاری ٢٨ | ٧٦ |
| ئەڵقەی كەمەربەندی سێیەم | هێڵكاری ٢٩ | ٧٦ |
| موستیلەی برۆنز | هێڵكاری ٣٠ | ٧٧ |
| ئەسكۆ | هێڵكاری ٣١ | ٧٨ |

| | | |
|---|---|---|
| کلدان | هێڵکاری ٣٢ | ٨٢ |
| تابووتی یەکەم (بەرلووت) | هێڵکاری ٣٣ | ١٠٣ |
| تابووتی دووەم (بەرلووت) | هێڵکاری ٣٤ | ١٠٤ |
| مۆری یەکەم | هێڵکاری ٣٥ | ١٠٧ |
| مۆری دووەم | هێڵکاری ٣٦ | ١٠٧ |
| کلدان | هێڵکاری ٣٧ | ١١١ |
| ئەڵقەی کەمەربەند | هێڵکاری ٣٨ | ١١٣ |
| چرای بڕۆنزی لە مۆزەخانەی عێراق | هێڵکاری ٣٩ | ١٣٤ |


## لیستی کورتـکراوەکان

| | | | |
|---|---|---|---|
| ل. | لاپەڕە | p. | Page |
| و. | وەگێڕ | ed. | Edition/ Editor |
| ب. | بەرگ | Vol. | Volume |
| ژ. | ژمارە | Op. cit. | Oper Citatum |
| چ. | چاپ | Ibid. | Ibidem |
| پ. ز. | پێش زاین | Et. al. | Et alia |
| ز. | زاینی | Pl. | Plate |
| ص. | صفحة | | |
| تر. | ترجمة | | |
| ط. | طبعة | | |
| ج. | جزء | | |
| مج. | مجلة | | |
| ش. | شمارة | | |

## پێشــەکی:

مـاوەی حـوکمڕانی نـزیکەی چـوار سـەد سـاڵەی دەوڵەتـی ئەشـکانی لەو نـاوچەدا بەڵـگەی دەسـەڵات و لێهاتووییانە، پێگەیەکی دیار و بەرچاویان لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگی کوردستان دا هەبووە. و گۆڕە ئەشکانییەکان یەکێکن لە شـوێنەوارە هەرە گرنگەکانی ئەو سـەردەمە، هەم لە ڕووی مێژوویی و هەم لە ڕووی فەرهەنگیـیەوە. یەکێـک لە دەسـکەوتە کەلتـوورییە گرنگەکـانی ئەشـکانی ئەو میـراتەیە کە لە دروسـتکردنی نەریتـی گۆڕەکانـدا بەجێیـان هێشـتووە. ئەگەر ئاوڕێـک بـۆ مێـژووی پـێش دەسـەڵاتی ئەشکانییەکان بدەینەوە دەبینین لە سەردەمانی کۆندا چەندین ڕێگاو شێوازی تایبەت هەبووە بۆ ناشتنی مـردوو، دۆزینەوەی پاشـماوەی گۆڕەکـان ئەوە دەسـەلمێنن مـرۆڤ لە کۆندا بە جۆرەهـا شـێوە نێژراوە، بەڵام بە پێی سەردەمەکان داب و نەریت و شێوازی ناشتنەکە جیاواز بووە، و دانانی کەلووپەل لە گۆڕدا لە کـۆنەوە پەیڕەوکـراوە، ئەمەش بە مەبەسـتی بەکارهێنـانی ئەو کەلـووپەلانە لە لایەن مـردووەکەوە لە جیهانی دواتردا. لە پاشاندا ئەو نەریت و کەلتوورەش بۆ سـەردەمانی دواتر گواسـتراوەتەوە. بە تـایبەت سـەردەمی ئەشکانی کە سـەردەمێکی فرە ئـایینی بـووە، لە نـاو ئیمپراتـۆریەتەکەدا ڕێز لە داب و نەریتـی جیاواز گیراوە، بەهۆکاری جیاوازی بیرو باوەڕی ئایینی لە نـاو ئیمپراتۆرەکەیاندا وای کـردووە شـێوازی ناشتی مردوەکانیان جیاواز بێت. دروستکردنی ژووری گۆڕ و بەکارهێنانی تابوت یەکێک بووە لە نەریتە گرنگەکانی ئەو سەردەمە کە زیاتر بۆ چینی دەسەڵات و خانەدانانی ناوچەکان بووە، بەڵام ڕێگای بەکـار هێنانی چاڵ و کووپە زیاتر بۆ کەسانی ئاسایی بووە. دۆزینەوەی چەندین گۆڕ لە کوردستانی باشـوور کە بۆ ئەو سـەردەمە دەگەڕێنەوە سـەلمێنەری ئەو ڕاستییەن. لەم توێژینەوەیەدا چوار گۆڕی خانەدانانی ئەشکانیمان لە هەریەک لە ناوچەکانی گەرمیان، کەرکووک و هەولێر وەگرتووە. کە گۆڕەکانی نـاوچەی گەرمیان بە شێوەیەکی مەیدانی کار لەسەر پێکهاتەی تەلارسـازی و تـابوت و پـارچە دۆزراوەکـان کـراوە لە لایەن توێژەرەوە، لە ئێستاشدا پارچەکان لە مۆزەخانەی گەرمیانن.

**گرنگی تـوێژینەوە**: تـوێژینەوە لەسـەر هەربابەتێک دەبێت ئامـانجێکی زانسـتی هەبێت تـا بەو هۆیەشـەوە ڕێچکەیەکی زانستی وەربگرێت. گرنگی ئەم بابەتەش لەوەدایە کە مێژووی خاکی کوردستانی باشـوور لە لایەن دەسەڵاتداران و خانەدانانی ئەشکانی دەردەخات کە چۆن هەرێمەکان لە لایەن دەسـەڵاتدارانی ئەو سـەردەمە بەڕێـوەدەبران و ببـوونە هەرێمێکـی گرنـگ هەم لە ڕووی سیاسـی هەم لە ڕووی ئـابووری و بازرگانییەوە. هەروەهـا ئەشـکانییەکان یەکێکن لە دەوڵەمەنـدترین ئەو گەلانەی کە پاشماوەیەکی زۆریـان لەدوای خۆیـان جێهێشـتووە لەو ناوچـانەدا لەو نێوەندەشـدا دۆزینەوەی پاشـماوەی گۆڕی خانەدانـان لە سـەردەمی ئەشـکانی لە چەنـد شـوێنێکی جیـاوازی کوردسـتان، بە شـێوەی تـاک یـان خێزانـی لە گـۆڕدا نێژراون و پاشماوەیەکی گرنگیان بۆ مێژووی ناوچەکە جێهێشتووە. هەروەها گرنگی بەکارهێنانی تـابوت و کەلـووپەلی گرانبەهـا لە لایەن ئەو چێـنە دەسـەڵاتدار و خـانەدانە لەو نـاوچەیە دەردەخـات بەوەی جیاوازتر لە کەسانی ئاسایی نێژراون. ئەم بـابەتە بـۆ مۆزەخـانەی گەرمیـان زۆر گرنگە چـونکە بەشـێکی

زۆری پارچەکـانی تـوێژینەوەکە لە مۆزەخـانەی گەرمیـان پـارێزراون. سـەرباری ئەوەش دەتوانرێـت بووترێـت هـیچ تـوێژینەوەیەکی وردو گشـتگیر لەسـەر گـۆڕی خـانەدان لە سـەردەمی ئەشـکانی لە کوردسـتانی باشـوور بە زمـانی کـوردی نەکـراوە، بـۆیە بە بـاش زانـرا تـوێژینەوەیەک لەم بـارەیەوە بنووسرێت.

**هەڵبژاردنـی بـابەت:** دەکرێت بـۆ هەڵبژاردنـی بـابەتی تـوێژینەوەی ئەکـادیمی چەنـد فاکتەرێـک هەبـن و کاریگەربن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی بخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئێمەش لە سۆنگەی کۆمەڵێک هۆکـار بـابەتی توێژینەوەمـان هەڵبـژارد بـۆ شـیکردنەوە، لە وانە سـەردەمی ئەشـکانی یەکێـک لەو سەردەمانەیە لە مێژووی کۆندا پشتگوێخرابوو بە تایبەت لە بەش و ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستان دا، لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتی ئەشکانی یەکێک بوون لە قەوارە سیاسیە بەرفراوان و درێژخایەنەکان، لە ماوەی فەرمانڕەواییاندا توانیویانە دەست بەسەر ناوچەکانی زاگرۆسدا بگرن و شوێنەوارێکی زۆر لە دوای خۆیان جێ بهێڵن، شوێنەوارەکانیش هەم لە ڕووی مێژوویی و هەم لە ڕووی فەرهەنگییەوە زۆر گرنگ بوون. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەم بایەخیان پێ دراوە.

**لە ڕووی بابەتەوە:** لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر گۆڕی خانەدانان لە سەردەمی ئەشکانی لە کوردستانی باشوور، لەگەڵ ئەو پاشماوە شوێنەواریانەی لە ناو گۆڕەکاندا دۆزراونەتەوە. بێگومـان لە کوردسـتانی باشـووردا زۆرێـک لە پاشـماوەی گـۆڕی ئەشـکانییەکان دۆزراونەتەوە، بەڵام چوارچێـوەی بـابەتەکە بە گشـتی تـایبەتە بە گـۆڕی خانەدانـان یـاخود دەسـەڵاتدارانی ئەشـکانی لە کوردستانی باشوور، هەر لەبەر ئەوە لە توێژینەوەکەدا تەنیا ئاماژەمان بەو گۆڕانە کردووە.

**لە ڕووی سەردەمەوە:** توێژینەوەکە لە ڕووی سەردەمەوە باس لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەشکانییەکان دەکات لە کوردستانی باشوور لە نێوان ساڵانی ١٤٨پ. ز. تا ٢٢٦ز.، بەڵام لەسەرەتاوە بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەمان بە سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی و فراوان بوونیان کردووە.

**لەڕووی سنورەوە:** لە توێژینەوەکەدا کوردستانی باشوور لە چوارچێوەی سنوری کوردستانی کۆن دا وەرگیراوە.

**گرفتەکـانی تـوێژینەوە:** ئەم بـابەتەش وەکـو زۆربەی بـابەتە شـوێنەوارییەکانی تـر ڕووبەڕووی کێشـە بۆتەوە، بە تایبەت نەبوونی سەرچاوەی ڕەسەنی ئەشکانییەکان، نەبوونی تاقیگە بۆ شیکاریی کردنی پارچە شوێنەوارییەکان بە تایبەت بۆ زانینی تەمەنی ئێسکەپیکەرەکان. و نە بوونی ستۆدیۆیەکی باش بۆ وێنەگرتنی پارچە شوێنەوارییەکانی گۆڕ گردۆڵکەی سەرقەڵا و گۆڕەکانی بەرلووت.

**میتـۆدی تـوێژینەوە:** بەشـێک لە توێژینەوەکەمـان تـوێژینەوەیەکی تیـۆری و مەیـدانییە، لە نوسـین و ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی زانستی مێژووی (وەسفی، شیکاری، بەراوردکاری) و

شیکردنەوەی مەیدانی و میتۆدە زانستییە هونەرییەکان بەستراوە بۆ شیکردنەوەی سەرجەم پارچە دۆزراوەکان.

**لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:** لەم تویژینەوەدا سود لە کۆمەڵێک سەرچاوەی پێشوو وەرگیراوە و بیندراوە، کە دەتوانین بە دوو جۆر سەرچاوە دابەشیان بکەین، جۆری یەکەم سەرچاوە بەڵگەییەکانی وەک کنەوپشکنینی تیمەکان، بە تایبەت راپۆرتی تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان لەسەر هەر یەکێک لە گۆڕەکانی گۆڕ گردۆڵکەی سەرقەڵا و گۆڕەکانی بەرلووت، و راپۆرتی کنەوپشکنینەکانی ناوچەی ویران تەپە کە ئەمانە سەرچاوەی سەرەکی و رەسەنن بۆ ئەوەی توێژەران بگەڕێنەوە سەر ناوچە شوێنەوارییەکان و پاشماوە دۆزراوەکان، جۆری دووەمی سەرچاوەکان لە توێژینەوە زانستییەکان پێکهاتوون بە تایبەت ئەو سەرچاوەنەی کە باس لە گۆڕە دۆزراوەکانی ئەشکانی دەکات لە کوردستان دا، بۆ ئەوەش سودمان لە هەریەک لە سەرچاوەکانی(محەمەد کەریم، نەوزاد عەبدولکەریم، "شوێنەواری گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵاو پاشماوەکانی (٥٧ پ.ز. – ٢٠٧ز.)" *پرۆسیدینگی سێیەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی شوێنەوار وکەلەپووری کوردستان*، ز. سەلاحەدین،هەولێر،٢٠١٩)، و فورلانی بە ناونیشانی (Sarcofaghi Partici di Kakzu, *Iraq*, vol. 1, No 1, 1934)، و بڵاوکراوەکانی بەڕێز ستیفانۆ پسپۆڕی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن لەسەر پاشماوە شوێنەوارییەکانی ناوچەی قەسری شەمامۆک بە ناونیشانی

1. The Italian Archaelogical Expedition to Qasr Shamamuk- Kilizu, Iraq, 1933. Notes on the Excavation Finds at the Iraq Museum in Baghdad, *Ash- shraq*, vol 1, no 2, 2017.

2. "La missione archeologica italiana in Mesopotamia del 1933 e lo scavo di Kilizu (Qasr Shamamuk, Iraq): I materiali conservati a Firenze", *in Annuario della Scuola Archeologica Italiana di Atene*, vol, LXXXIII, Serie III,5- Tomo,-II, 2005.

**چوارچێوەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێکهاتووە، دوای پێشەکی **بەشی یەکەم** بە ناونیشانی سەردەمی ئەشکانی دەست پێدەکان کراوە بەسێ تەوەرە، تەوەرەی یەکەم باس لە سەرهەڵدانی ئەشکانییەکان (بنەچەیان، جوگرافیایان، ناویان، مێژوویان) کراوە. لە تەوەرەی دووەمدا باس لە هونەر ئەشکانییەکان و بە شێوەیەکی کورت ئاماژە بە بابەتە هونەریەکانیان کراوە. لە تەوەرەی سێیەمدا باس لە بیروباوەڕی ئایینی و شێوازی ناشتن لە سەردەمی ئەشکانییەکانی دا کراوە. **بەشی دووەمی** گۆڕ گردۆڵکەی سەرقەڵا کە بەسەر سێ تەوەرەدا دابەش کراوە، لە تەوەرەی یەکەم، لقی یەکەم باس لە شوێنی جوگرافی و بارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکە کراوە. لقی دووەم باس لە پێکهاتەی تەلارسازی و ئەو مادادانەی لە دروستکردنیدا بەکارهێنراون کراوە. لە تەوەرەی دووەم، لقی یەکەم باس لە تابوتە دۆزراوەکان کراوە. لە لقی دووەمدا باس لە دۆزراوە وردەکان کراوە کە پێکهاتوون لە (شووشە، گڵێنە، کانزا). تەوەرەی سێیەم لە لقی یەکەم باس لە لە سکە دۆزراوەکانی ناو گۆڕەکە کراوە. لە لقی دووەمدا باس لە ئێسکەپەیکەرەکان کراوە

لەڕووی ناشن و دانانی شێوازی جەستەیان. لقی سێیەمی باس لە شیکاری و مێژووی گۆڕەکە کراوە لە ڕووی (مێژوو و گرنگی، پێگەکەی). **بەشی سێیەم** لەم بەشەدا باس لە **گۆڕەکانی بەرلووت و قەسری شەمامۆک و وێران تەپە** کراوە، بەسەر سێ تەوەرەدا دابەش کراوە. **تەوەرەی یەکەم** گۆڕەکانی بەرلووت لەخۆدەگرێت بەسەر سێ لق دا دابەشکراوە، لقی یەکەم باس لە شوێنی جوگرافی و بارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکان کراوە. لە لقی دووەمدا باس لە ناساندنی گۆڕەکان و شێوازی ناشتن و ئێسکە پەیکەرەکان. لقی سێیەم باس لە پاشماوە دۆزراوەکانی ناو گۆڕەکان کراوە. لە **تەوەرەی دووەم** ئاماژەمان بە گۆڕەکانی قەسری شەمامۆک کردووە، کراوە بە سێ لقەوە، لقی یەکەم باس لە شوێنی جوگرافی و بارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکانی قەسری شەمامۆک کراوە. لقی دووەمی باس لە ناساندنی گۆڕەکان و تابوتەکانیان کراوە. لقی سێیەم باس لە پاشماوە دۆزراوەکان کراوە. لە **تەوەرەی سێیەم** ئاماژەمان بە گۆڕەکانی ویران تەپە کردووە کراوە بە سێ لقەوە، لقی یەکەم باس لە شوێنی جوگرافی و بارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکانی وێران تەپە کراوە. لە لقی دووەمدا باس لە ناساندنی گۆڕەکان و شێوازی ناشتن و ئێسکە پەیکەرەکان کراوە. لقی سێیەمیدا باس لە پاشماوە دۆزراوەکانی وێران تەپە کراوە. **بەشی چوارەم** لەم بەشەدا باس لە بەراوردکاری کراوە. بە شێوەیەکی گشتی بەراوردکاری لە پێکهاتەی تەلارسازی گۆڕەکان و تابوتەکان و شێوازی ناشتنی مردووەکان ئاڕاستەی جەستە و سەری مردووەکان، وە بەراوردکاری لە نێوان پاشماوە دۆزراوەکان کراوە. وە لە کۆتایشدا بە چەند دەرئەنجامێک کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە لەگەڵ دانانی لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆ.

# بەشی یەکەم

# سەردەمی ئەشکانی

# تــەوەرەی یــەکــەم

# ســـەرهـەڵدانی ئەشکانییەکان

# (بنچەیان، جوگرافیایان، ناویان، مێژوویان)

## تەوەری یەکەم

## ئەشکانییەکان (بنەچەیان، جوگرافیایان، ناویان، مێژوویان)

**<u>بنەچەی ئەشکانییەکان:-</u>**

ئەشکانییەکان[١] بەڕابەرایەتی بنەماڵەی 'ئەرشاکییەکان Arsacids' لە هۆزێکی بچووکی دەشتەکی لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بەرەو هێزێکی جیهانی چوون و کۆنتڕۆڵی بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆنیان کردووە.[٢] سەرەتا بە ناوی 'پارنی/ ئەپارنی Aparni/parni' ناسرا بوون، هۆزێکی کۆچەری ڕۆژهەڵاتی ئێرانین، نەژادیان بۆ هۆزی کۆنفیدراڵی 'داها Dahae' دەگەڕێتەوە، کە بەشێک بوون لە 'سکثییەکان scyth'[٣] کە ئەوانیش لە (ڕەگەزی هیندۆئەورووپین).[٤] بۆ یەکەمجار لە کەنارەکانی ڕووباری 'ئۆخوس Ochus'[٥] تا دەریای 'قەزوینCaspian' دەرکەوتوون.[٦] داهاییەکان لە سەردەمی 'ئەسکەندەری مەکەدۆن'ی لە ٣٣٦-٣٢٣ پ. ز. لە دەشتەکانی ناوچەی 'ئۆکسوس

---

[١] ئەشکانییەکان پارتەکان و فەرثییەکانیشیان پێ دەووترێت.

[2] Overtoom, L. N., "The Power-Transition Crisis of the 240s BCE and the Creation of the Parthian State," *The International History Review*, vol. 38:5, 2016, p. 984.

[٣] ساکا خێڵێکی گەورەی کۆچەری بە ڕەچەڵەک ئاریای ئێرانی بوون، لە سەرچاوە ڕۆژئاواییەکاندا بە نەتەوەی 'سکیثی Scyth' ناسراون. سکیثییەکان لە سەدەی هەشتەم و حەوتەمی پ. ز. لە دەشتەکانی ئاسیای ناوەڕاستەوە بەرەو ڕۆژئاوا کۆچیان کردووە. ناوچەی بڵاوبوونەوەیان لە ڕۆژهەڵاتەوە لە مەنگۆلیا و باکووری ڕۆژهەڵاتی چینی کۆنەوە تا باکووری ڕۆژئاوای ئێران و ڕووباری دانوب درێژدەبۆوە، لە ئاسیای ناوەڕاستیش دەگەیشتنە باشوور تا دەریای عەرەبی، ئەو خێڵە کۆچەریە لە هەردوو دیوی خاکی ئۆڕاسیادا پەرش و بڵاوبوونەتەوە. گرووپێک لە ڕۆژهەڵاتی دەریای قەزوین و گرووپێکیش لە ڕۆژئاواییەوە. وەکو ناوچەش باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران لە بنەڕەتدا بە ساکا 'سیستانی ئێستا' دیاریکرابوو. بڕوانە:
Safaee, Y., The Scythian Empire, <u>*The Scythian Empire – Bibliographia Iranica (biblioiranica.info)*</u>, (**Accessed**: 12\2\2023, 2: 15 PM.); Pierfrancesco C., "Sakas: in Afghanistan" *Encyclopædia Iranica*, <u>SAKAS: IN AFGHANISTAN – Encyclopaedia Iranica (iranicaonline.org)</u>, (**Accessed:** 6\6\2022, 8:10 PM.).

[4] Bivar, A. D. H., "The Political History of Iran under the Arsacids", *The Cambridge Hiatory of Iran*, vol. ٣, Part 1, ed. Ehsan Yarshater, Cambridge University Press, New York, 2006, (4th Printing), p. 26-27; Lecoq, P., Aparna, <u>*APARNA – Encyclopaedia Iranica (iranicaonline.org)*</u>, (**Accessed**: 12\2\2023 1:00 AM.).

[٥] ئۆخوس ڕووبارێکە ئەمڕۆ پێدەوترێت 'Darya-i Pandj' لە تاجیکستانی ئەمڕۆ لە ئاستی تەختی سەنگین دەڕژێتە پاڵ ئامودا‌ریا. لە کۆندا لە بەشی باکووری باکتریا وە دەڕژایە ناو ئۆکسۆسەوە لە ئاستی شارۆچکەیەک پێ دەووترا ئۆکسیانە Oxeiana. ( ئەم شارۆچکەیە ئەسکەندەریای ئۆکسیانە Alexandreia Oxeiana نییە). بڕوانە:
Antoine, S., <u>*https://www.worldhistory.org/Ochus/*</u>, (**Accessed**: 21\7\2022, 3: 28 PM.).

[6] Debevoise, N. C., *A Political History of Parthia*, Chicago, 1938, p. 2.

Oxus و جاکسارتیس Jaxartes‘[7] ژیانێکی کۆچەری دەژیان. دوای مردنی ئەسکەندەر پارنییەکان لە هۆزەکانی تر جیابوونەوە و بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتن، پاشان بەرەو باشوور و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی دەریای قەزوین هاتوون. بە گوێرەی سەرچاوەیەک ڤۆلسکی وتویەتی لە ساڵی ٢٨٢ پ. ز. گەیشتونەتە سنورەکانی باکووری ئێران.[8] پارنییەکان بەرەو باشوور ڕۆیشتوون هەرێمی پارثیای سلوکی و هیرکانیا و ناوچەکانی باکوری ’ئەلبورز Elburz‘ یان بەسەرۆکایەتی ’ئەرشاک Arsaces‘[9] داگیرکردووە.[10] دواتر لە ساڵی ٢٤٧ پ. ز. ئەرشاک لە ناوچەی ’ئەساک Asaac‘ خۆی بە پادشا ڕاگەیاندووە.[11]

---

[7] ڕووباری جاکسارتیس و ئۆکسوس دەستە خوشکی یەکترن، لە ئەدەبیاتی عەرەبی دا بە سەیحوون و جەیحوون ناو دەبرێن، خەڵکی ناوچەکە سیردەریا و ئامودارییایان پێدەڵێن. وەرگیراوە لە
پەراوێزی، ژ. ٢ (کۆزاد ئەحمەد) لە زەکی، محمد ئەمین، *خولاصەیەکی کورد و کوردستان، لە مەبدەئی تاریخەوە تا ئەمڕۆ*، پێداچوونەوە و پەراوێزنووسین: د. حوسامەدین نەقشبەندی و ئەوانی تر، ب.١، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، تاران، ٢٠٢١، ل. ١٠٣.

[8] Saeedifar, M., Ghazanfari, K., "Ideological Foundations of the Power of King of Kings in Arsacid Era" *Parthica*, ed., Fabrizio Serra, vol. 19, 2017, Pisa. Roma, p. 28.

[9] ئەرشاکی یەکەم: دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەرشاکییەکان بوو، لە ساڵی ٢٤٧پ. ز. لە لایەن ئەندامانی بنەماڵەکەوە وەک ڕێبەر بۆ دامەزراندنی بنەماڵەی ئەرشاکی هەڵبژێردرا، هەڵبژاردنەکەشی لە ’Astuene‘ بەڕێوەچوو. سەبارەت بە ئەرشاک بۆ چونی جیاوازی لەسەرە، بەشێک لە توێژەران پێیان وایە ئەرشاک لە بنەڕەتدا پارثی نەبووە، بەڵکو کەسێکی دەشتەکی بووە لەناو ئەشکانییەکان دەسەڵاتی پەیداکردووە، ووتراوە کە ’ستراپۆ Strabo‘ جوگرافیاناسی ڕۆمی دوو بۆچوونی جیاوازی هەیە، یەکەم پێی وایە ئەرشاک سکیثییە پشتیوانی هۆزی پارنی بەدەستهێناوە تا بتوانی دەست بەسەر پارثا دا بگرێت. دووەم پێی وایە کە باکترییاییە لەلایەن ’دیۆدۆتس‘ هاندراوە تا دەست بەسەر پارثا دا بگرێت(*Strabo, 11. 9. 2-3.*). ’جوستین Justin ‘ پی وایە ئەرشاک سەرکردەیی کۆمەڵێک لە دەرکراوەکانە یان نەوەی ئەندراگۆراسە. بەشێک لە توێژەرانیش پێیان وایە ئەرشاک لەنەوەی ’ئەرتەکسێر کسیز Artaxerxes‘ پادشای هاخامەنشییە. بڕوانە:
Fabian, L., "The Arsakid Empire" *Handbook of Ancient Afro-Eurasian Economies,* ed. Sitta von Reden, vol. 1, 2020, Berlin/Boston, p. 209.
سەبارەت بە ناوی ئەرتەکسێر کسیز Artaxerxes کە ئەم ناوە لە لایەن سەرچاوە یۆنانییەکان نووسراوە، لە زمانی فارسی کۆندا پێی ووتراوە ’ئەرتەخشاترا Artaxšaөra‘، لە زمانی سامی و عەرەبی پێی ووتراوە ئەرتەحشەشتا، لە فارسی ناوەڕاستدا بۆتە ’ئەرتەخشێر‘ لە پاشدا بۆتە ئەردەشێر. بڕوانە: پەراوێزی ژ.٤٩، ئەحمەد، ک.، *کورتە مێژوویەکی کوردستان لە چاخی بەردینی کۆنەوە تا کۆتایی ساسانییەکان*، (بۆ ئینسکلۆپیدیای کوردستانی ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر نووسراوە لە ژێر چاپدایە)، ل. ١٦.

[10] Gregoratti ,L., "The Journey East of the Great King: East and West in the Parthian Kingdom", *Parthica,* ed. Carlo Lippolis, vol. 15, 2013, Pisa-Roma, p. 43.

[11] Mehrdad, K., "The Persian Empire", *A Historical Encyclopedia,* vol.1, (2016), Santa Barbara, p. 106; Pourshariati, P., *Decline and Fall of the Sasanian Empire,* The Sasanian–Parthian Confederacy and the Arab Conquest of Iran, New York, 2008, p. 19.

**جوگرافی:** کاتێک باس لە مێژووی ئەشکانییەکان دەکرێت سنوری جوگرافی یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی، پێویستە ئاماژەی پێبکرێت. سەرەتاکانی دەوڵەتی ئەشکانی لە هەرێمی 'پارثی' بیەوە دەست پێدەکات کە پەیوەستە بەو ناوچانەی لە بانی 'ئوستیورت Ustyurt'[12] و 'ئوزبۆی Uzboi ' و دەریای 'ئارال Aral'[13] لە باکوورەوە درێژ دەبنەوە تا بیابانی دەشتی 'کەڤیر Kavir'[14] لە باشوور و تەواوی ناوچەکەش پێ دەووترێت ناوچەی ئەودیوکاسپیین'Trans-Caspian Zone' کە بەشێک لە ئاسیای ناوەڕاست و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، خۆراسان و گورگانیش لەخۆی دەگرێت.[15] سەردەمی ئەشکانی لە کۆتایی سەدەی دووەم وسەرەتای سەدەی یەکەمی پ. ز. دەسەڵاتی بەشێوەیەکی زۆر فراوان بوو، چەندین شانشینی جیاوازی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. لە گەورەترین ئاستیدا سنوری جوگرافیای دەوڵەتی ئەشکانی بەم شێوەیە بوو، لە

---

[12] بـانی ئۆسـتیورت دەکەوێـتە نێـوان ئۆزبەکسـتان و کازاخسـتان. لە نێـوان نـیمچە دوورگەی 'مەنگشـلاک Mangyshlak' و کەنداوی 'کارا بۆغاز گۆل Kara-Bogaz-Gol' لە ڕۆژئاوا، لە ڕۆژهەڵاتیشیەوە دەریای ئاراڵ و ڕووباری ئامودارپا. بانی ئۆستورت ڕووبەرەکەی نزیکەی ٢٠٠،٠٠٠کم٢. بۆ ووردە کاری زیاتر بڕوانە:

*Ustyurt: Natural Landscape and Aran Hunting Traps - UNESCO World Heritage Centre*, (**Accessed:** 7\2\2023, 3:7 PM.): Ustyurt Plateau | plateau, Central Asia | *Britannica* (**Accessed**: 15\1\2021, 3: 20 PM.).

[13] دەریای ئاراڵ دەکەوێتە نێوان دوو بیابانی گەورەی ئاسیای ناوەڕاست. تا ساڵی ١٩٦٠ دەریای ئاراڵ چوارەمین دەریاچەی ئاوی سازگار بوو لە جیهاندا، ڕووبەرەکەی٦٨،٠٠٠کم٢ بوو، قەبارەکەی ١،٠٥٦کم٣ بوو. سەر بە یەکێتی سۆڤیەت بوو، دەریای ئاراڵ ئێستا دەکەوێتە نێوان کازاخستان لە باکوور و ئوزبەکستان لە باشوور. بۆ ووردە کاری زیاتر بڕوانە:

Rudenko, I., Lamers, J. P. A., The Aral Sea: An Ecological Disaster, Case Study 8-6 of the program: "Food Policy for Developing Countries: the Role of Government in the Gobal Food System" *Ithaca*, New York, 2010, p. 1; 2.

NASA [National Aeronautics and Space Administration] Earth observatory: Shrinking Aral Sea, *http://earthobservatorv. nasa. gov/Features/World* Of Change /Aral Sea, (**Accessed**: 15\1\2022, 4:27 PM.).

[14] دەشتی کەڤیر بیابانێکی گەورەیە لە ناوەڕاستی بانی ئێرانە، یەکێکە لە حەوزەکانی ناوەوەی ئێران کە نزیکەی ٢٣٠،٤٠٠کم٢ سێیەری بارانی چیاکانی ئەلبورز داگیردەکات. بۆ ووردەکاری زیاتر بڕوانە:

Roudbar, A., Eagderi, S., Esmaeil, H., "Fishes of the Dasht-e Kavir basin of Iran: an updated checklist*", International Journal of Aquatic Biology*, 3(4), 2015, p. 263.

[15] Olbrycht, M. J., Early Arsakid Parthia (ca. 250-165 B. C. ): in *At the Crossroads of Iranian, Hellenistic, and Central Asian History*, vol. 440, ed. Jonathan M. Hall, Leiden; Boston, 2021, p. 4; Fabian, *op. cit*., p. 207.

ڕۆژهەڵاتەوە لە باکتریا (باکوری ئەفغانستانی ئێستا)، [١٦] تا ڕووباری فورات (عێراق و سوریا) لە ڕۆژئاوا درێژدەبۆیەوە.[١٧] لە باشووریشەوە دەسەڵاتی بەسەر ئەو خاکانە داگرت کە لە نێوان کەنداو و زەریای هیندا بوون.[١٨] لە باکووریشەوە سنورەکانی دەگەیشتە مێسۆپۆتامیای سەروو، بە درێژای کەنارەکانی خوارووی دەریای 'قەزوین Caspian' بەسەر بیابانی 'کاراکوم Karakum' (بیابانی کاراکومی ئێستای تورکمانستان) بەرەو ڕووباری 'ئۆکسۆس Oxus' ( ئامودارِیای ئێستا).[١٩] (نەخشە ١).




نەخشەی (١) فراوانبوونی دەوڵەتی ئەشکانی. لەم سەرچاوە وەرگیراوە: (وەرگێڕانی توێژەر) Boyce, M., "Greeks, Parthians and Persians", *the Persians Ancient, Mediaeval and Modern Iran*, ed., Homa Katouzian, 2010, London, p. 43.

---

[16] Magub, A., *Political and Religious Ideologies on Parthian Coins of the 2nd-1st Centuries BC*, PhD, (2018), SOAS, London, p. 6.

[17] Hauser, S. R., "The Arsacids (Parthians)", *The Oxford Handbook of Ancient Iran*, ed. Daniel, T. Potts, Oxford University Press, New York, 2013, p. 2.

[18] Gregoratti, L., the Arsacid Empier, King of the Seven Climes, *A History of the Ancient Iranian World (3000 BCE - 651 CE)*, vol. IV, ed. Touraj Daryaee, Jordan Center for Persian studies, 2017, p. 125.

[19] Magub, *op. cit*., p. 6.

## ناوی ئەشکانییەکان:

دەربارەی ناویان بیر و بۆچونی جیاواز هەن. پارنییەکان بنەماڵەی 'ئەشکانییەکان' یان دامەزراند، دوای داگیرکردنی هەرێمی پارثی بە 'پارثەکان' ناسێنران.[20] ئەم ناوە لە لایەن سەرچاوە ڕۆژئاوایەکان بەکاردەهات پێ یان وایە ئەم ناوە لە 'پارثاڤە Parthava' وەرگیراوە.[21] هەتا بەرەو باشوور نەڕۆیشتوون بۆ هەرێمی'Parthava'[22] لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران تا ڕادەیەک خوراسانی ئێستا، بە پارثیان Parthians نە ناسێنراون، هەرێمەکەش پێشووتر لە سەرچاوە هاخامەنشی و یۆنانییەکان ئاماژەی پێکراوە پێش ساڵی ۲۵۰ پ. ز. لەم کاتەنەدا مەبەستیان لە ئەشکانییەکان نەبووە بەڵکو ساتراپییەکی هاخامەنشی بووە.[23] بۆچونێکی تر ئەوەیە وشەی پارثی لە ناوی هۆزەکەیان پارنی وەرگیراوە[24] یان لە ناوی دامەزرێنەری بنەماڵە فەرمانڕەواکەیان 'Ashk/Aršak' وەرگیرابێت.[25] زۆرێک لە توێژەران وای بۆدەچن شوێنی نیشتەجێبوونی خێزانی ئەشکانییەکان لە 'اساک- قۆچانی ئێستا' بووە، ناوەکەشیان لە ناوی ئەو شوێنە وەرگرتووە،[26] بەڵام بۆچوونی ڕاستی ئەوەیە ئەشکانییەکان خۆیان بە 'ئەرشەکییەکان' ناونـاوە، تا بنچینەی خێزانەکەیان بگاتە ئەردەشێری دووەمی هاخامەنشی کە بە ئەرشاک ناسراوە، دواتر وشەی 'ئەرشاک'یان گۆڕیوە بۆ 'ئەشکان'.[27]

---

[20] Pourshariati, *op. cit*., p. 20.

[21] گیرشمەن، ر.، *مێژووی ئێران لەسەرەتاوە هەتا هاتنی ئیسلام*، و. سەلاحەددین ئاشتی، تاران، ۲۰۱۳، ل. ۳٦٥.

[22] لە ماوەی دەسەڵاتی هاخامەنشییەکان باس لە هەرێمی پارثاڤا دەکرێت، ئەم هەرێمە چووەتە پاڵ هیرکانیا (گورگانی ئێستا) لە باکووری ئێران، لە خوار دەریای قەزوینەوە، لەوانەیە دواتر جیابوبێتەوە چوبێتە پاڵ خورازمیا لە ئاسیای ناوەڕاست. زۆرێک لە زاناکان مشتومڕی ئەوە دەکەن پارثاڤییەکانی هاخامەنشی هەمان ئەو پارثایایەنە بن کە ڕووبەڕووی ڕۆمانەکان بوونەتەوە. شایەنی باسە دوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی هاخامەنشی پارثاڤیا لە لایەن سلوکییەکانەوە بەڕێوەدەبرا کە پێدەچێت هەرێمەکە لەگەڵ بەشێکی خوراسانی ئێستا تیکەڵ بووبێت. بڕوانە:
Farrokh, K., *Shadows in the Desert Ancient Persia at War*, Osprey, New York, 2007, p. 118.

[23] Debevoise, *op. cit*., p. 2.

[24] گیرشمەن، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ۳٦٦.

[25] Dąbrowa, E., "The Parthian Kingship", *History of the Ancient near East/ Monographs– XI*, ed., Giovanni, B. Lanfranchi, Robert Rollinger, Padova, 2007(2010), p. 124.

[26] پیرنیا، ح.، *تاريخ أيران القديم من البداية حتى نهاية العهد الساساني*، ت. محمد نور الدين عبد المنعم، السباعی محمد السباعی، ط. ۱، قاهیرة، ۲۰۱۳، ص. ۲۷٦.

[27] *المصدر نفسه*، ص. ۲۷٦.

__سەرەتای دەرکەوتنی ئەشکانییەکان و یەکە سیاسییەکانی دەوروبەریان:__

دوای مردنی 'ئەسکەندەر'ی گەورە، ناکۆکی و ململانێیەکی توند بۆ ماوەی زیاتر لە سی ساڵ بەرۆکی فەرماندە گەورەکانی دەوڵەتی گرت، پاشان لەسەر ئەوە ڕێکەوتن میراتەکەی ئەسکەندەر لە نێو خۆیاندا دابەش بکەن.[٢٨] 'سلۆکسی یەکەم Seleucus I' ٣١٢-٢٨١ پ. ز. فەرماندەی پێشووی مەکەدۆنی لە ٣١٢پ. ز. دەوڵەتی سلوکی دامەزراند، پایتەختەکەشی لە ڕۆژهەڵات شاری سلوکیەی[٢٩] سەر دیجلە بوو.[٣٠] لەساڵی ٣١٠پ. ز. هەولێر و مێسۆپۆتامیا و بەشێک لە وڵاتی سوریا کەوتنە ژێردەستی سەلوکس.[٣١] ئەم دەوڵەتە لە چەندین هەرێم (ساتراپی Satrapy)[٣٢] پێکهاتبوو، هەرێمەکان لە لایەن فەرمانڕەوا 'ساتراپ Satraps' بەڕێوەدەبران. 'ئەندراگۆراس Andragoras' فارمانڕەوا سلوکییەکەی هەرێمی پارثیا و هیرکانیا بوو، 'دیۆدۆتۆس Diodotos' ٢٥٠–٢٣٠ پ. ز. فەرمانڕەوایەکی مەکەدۆنی بوو لە هەرێمی باکتریا، سوودیان لە جەنگی ناوخۆی نێوان 'سەلوکسی دووەم Seleukos II و ئەنتیۆخوس هیراکس Antiochos Hierax' وەرگرت دژی دەوڵەتی سلوکی ڕاپەڕینیان بەرپاکرد، پاشانیش هەرێمەکانیان لە دەوڵەتی سلوکی جیاکردەوە.[٣٣] 'دیۆدۆتسی یەکەم' سەرکەوتوو بوو لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ شانشینی باکتریا لە ژێردەسەڵاتی پادشاکانی گریک–مەکەدۆنیدا بۆ ماوەی سەدە و نیوێک.[٣٤] بەڵام هەرێمی

---

[28] Bickerman, E., "the Seleucid Period", *The Cambridge Hiatory of Iran*, vol. ٣, Part 1, ed., Ehsan Yarshater, Cambridge University Press, New York, 2006, (4th Printing), p. 4.

[٢٩] لە درێژەی توێژینەوەکە دا، ناوی سلوکیە زۆر دووبارە دەبێتەوە کە مەبەستمان هەمان سلوکیەی سەر دیجلەیە، کە پیشووتر لە لایەن سلوکییەکانەوە بنیات نراوە. ئێستا بە شوێنەوارەکانی دەووترێت تەل عومەر، لە نزیک سەلمان پاک.

[30] Strootman, R., "Seleucid Empier" *Encyclopædia Iranica*, 2015, [http://www. iranicaonline. org/articles/seleucid-empire,2015](http://www.iranicaonline.org/articles/seleucid-empire,2015), (**Accessed**: 14\9\2021, 4:15 PM.).

[٣١] زاموا، د. ع.، "کرۆنۆلۆژیای هەولێر لە ٦٥٠٠٠پ. ز. –٢٢٤ی زاینی (لە ژێر ڕۆشنای کنەوپشکنینە شوێنەواریەکاندا)"، *ئینیسکلۆپیدیای هەولێر(ئەربیل)*، چ. ١، چاپخانەی گرین کالۆری، بیروت، ٢٠٠٩. ل. ٥٣٧.

[٣٢] بەواتای هەرێم دێت، هەرێمەکان لە لایەن کەسانێکەوە بەڕێوە دەبران پێ یان دەووترا 'ساتراپ Satrap'، ئەم دوو وشەیە لە فارسی کۆنەوە هاتووە، وشەی xšacapavan بەواتای " بەرگریکار لە شانشین". فەرمانڕەواکان هەرێمەکانیان بەڕێوەدەبرد بەڵام خاکەکە لە ژێر دەسەڵاتی پادشا دابوو. بڕوانە:
Burgan, M., *Great Empires of the Past: Empires of Ancient Persia*, New York, 2010, p. 14.

[33] Canepa, M. P.,"The Parthian and Sasanian Empires" In: *The Oxford World History of Empire*. vol. 2, The History of Empires, ed. C. A. Bayly, P. Bang, W. Scheidel, Oxford University Press, 2020, p. 291; گیرشمن، ر.، کایلیر یانگ، و دیگران، *ایران باستان پیشا تاریخ عیلامیان، هخامنیشیان، سلوکیان، پارثیان، ساسانیان*"، تر. د. یعقوب اژند، *سلسیله تاریخ ایران*، تهران مولی، ١٣٨٥، ص. ٦١.

[34] Farrokh, *op. cit*., p. 118.

پارثیا لە لایەن 'ئەرشاک Arsakes' فەرمانـدەی ئەشـکانییەکان دەسـتی بەسـەرداگیرا و 'ئەندراگۆراس'ی لە ناوبرد، هەرێمی پارثیا و هیرکانیا (گورگان Gorgan ی ئێستا) یان گرت، بەم ئەنجامەش هەوڵەکانی 'سلۆکسی دووەم' بۆ دووبارە دەستبەسەر داگرتنەوەی هەرێمە سلوکییەکان شکستی هێنا.[35] پاش زنجیرە شەڕێکی دوور و درێژ ئەشکانییەکان توانییان بەرەبەرە هەموو قەڵەمڕەوی سلوکییەکان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. دواتر بەرەنگاری داگیرکارییەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بوونەتەوە و چەندین جەنگ لەنێوانیاندا ڕویداوە، بۆ ڕاگرتنی جەنگەکانیان چەندین دەیە ڕێکەوتنی ئاشتییان بەسەر ڕۆمادا سەپاندوە.[36] ئەشکانییەکان، تاکە هەڕەشە بون بۆ زاڵبوونی ڕۆما لە ڕۆژهەڵاتی نزیک تا لە ناو چوونیان، سەرەڕای بە هێزی ڕۆمەکان و کوشانەکان[37]و تەنانەت پلانەکانی هێزی چینەوە، یەکێک بوون لە سەرکەوتووترین ئیمپراتۆریەتەکان لە تەواوی مێژووی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا.[38]

بە گشتی ئەشکانییەکان مێژووەکەیان بەشێوەیەکی تەواو ڕوون نییە، بەشێک لە مێژووەکەیان بە نادیاری ماوەتەوە، کە لە هیچ سەردەمێکی ئێران مێژووی وا ناتەواو نابینرێت، ژمارەیەکی کەم لە تێکستە مێژوییەکان و تۆمارە هاوچەرخەکان ماونەتەوە، لەوانەش سەرچاوە کلاسیکیەکان (= یۆنان و ڕۆمان) و سەرچاوە سریانییەکان، لەگەڵ ئەو هەڵکۆڵینانەی لە قەڵاو شارە ئەشکانییەکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئەنجامدراون.[39] نووسراوە کورت و دووبارەکانی سەر سکەکانی پادشایانی ئەشکانی، سەرچاوەی بنەڕەتی و سەرەتایین بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەک کەتایبەتە بێت بەم

---

[35] Canepa, *op. cit*., p. 291-292.

[36] Jones, E. J., Master (2018), *Long Distance Trade and the Parthian Empire: Reclaiming Parthian Agency from an Orientalist Historiography*, Western Washington University, p. 7.

[37] کوشان هۆزێکی ژێردەستەی مەزنی 'یوژی Yuezhi' بوون لە ئاسیای ناوەڕاست، پێش سەدەی ٢پ. ز. هۆزی یوژی لەئەنجامی شکستێکی گەورە دابەش بووە. لەماوەی سەدەکانی یەکەم تا سێیەمی زاینی ئیمپراتۆریەتی کوشان نوێنەرایەتی زلهێزێکی گەورەی جیهانیان دەکرد لە ئاسیای ناوەڕاست و باکووری هیندستان. بناغەی ئیمپراتۆریەتی کوشان لە باکتریا و هیندستان لە ئەنجامی زنجیرەیەکی دوورو درێژی کۆچبەران دروست بوو. لە سەدەی ٧پ. ز. لە ساڵنامەی چینی بوونی 'یوژی Yuezhi' لە نزیک سنوورە چینییەکان لە 'گانسو Gansu ' تۆمارکراوە. شانبەشانی ئەشکانییەکان توانیان سەرکەوتووبن بەسەر دراوسێ ڕۆژئاوایەکاندا. بڕوانە:
Bivar, A. D. H., "Kushan Dynasty i. Dynastic History" , *Encyclopædia Iranica*, KUSHAN DYNASTY i. Dynastic History – Encyclopaedia Iranica (iranicaonline.org), (**Accessed:** 15\1\2022, 10:40 p.m); Katariya, A., "Formation of Ancient Kushana Empire of Central Asia", *International Journal of African Society, Cultures and Traditions*, vol. 8, No. 2, 2020, p. 25.

[38] Jones, *op. cit.*, p. 7-8.

[39] Widengren, G., "Sources of Parthian and Sasanian History," in *The Cambridge History of Iran*, vol. 3, Part 2, ed. Ehsan Yarshater, Cambridge University Press, 2008, p. 1261-1262.

ســـــەردەمە، ســــــکەکان فراوانتـــــرین بەڵــــگەن هەم لە ڕووی جوگرافیـــــاوە هەم لە ڕووی کرۆنۆلۆجیاشەوە.[٤٠]

لە ســـەردەمی ئەشـــکانییەکاندا کوردســـتان کە بەشـــی هەرە گەورەی میـــدیای گەورە و میـــدیای ئەترۆپاتینی پێ دەووترا، لە ڕووی سیاسییەوە لە چەند یەکەیەکی سیاسی پێکهاتبوو، لە ژێر ناوی جیاوازدا. ئاماژە بە ناوی زۆر لەم یەکانەش کراوە لە ماوەی حکومڕانیی ئەشکانییەکاندا، میدیا یەکێک بوو لە هەرێمە گرنگەکانی ئەو سەردەمە، بەشی باکووری وولاتی میدیا کە ئێستا ئازەربایجانە پێی دەووترا 'مادی ئەترۆپاتین' بە ناوی ئەو فەرمانڕاوەیەوە کە لەسەردەمی هاخامەنشیدا ساتراپی هەرێمەکە بووە.[٤١] ناوچەکانی ڕۆژئاواش هەرێمێکی تری گرنگی ئەشکانی بوو کە دەکەوێتە نێوان هەردوو زێی بچووک و گەورە، پێی دەووترا 'ئەدیابینە' (= حەدیاب، حەززە لە سەرچاوە عەرەبی و سریانییەکاندا).[٤٢] کۆماگینە یەکێکی تر بووە لە شانشینە گرنگەکانی کوردستانی کۆنی ئەو سەردەمە، شانشینەکە بە وولاتی کۆماگینە ناونراوە، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە فورات و لە ڕۆژئاواوە زنجیرە چیای تۆرۆس و لە باشوورەوە دەشتەکانی باکووری سوریای ئێستا سنووری بوون.[٤٣] ناوچەی گەرمیانیش کە بە زمانی پەهلەوی ئەشکانی پێی ووتراوە "گەرمیکان Garmikān" بە ئارامیش " بێث گەرمای bēth Garmai "[٤٤] پێ ووتراوە.[٤٥] پەتلیمۆس Ptolemy ناوی گەرمیان بە "گەرەمایی Garamaei" هێناوە، کە واتای گەرمیانییەکان دەبەخشێت[٤٦]. هەروەها شانشینێک بووە پایتەختەکەی "کەرخا د بێث سلۆک Karkha de bēth Slōk" بوو کە دەکاتە کەرکووکی ئەمڕۆ.[٤٧]

---

[40] Magub, *op. cit*., p. 42.

[٤١] پەراوێزی، ژ. ٢ (کۆزاد ئەحمەد) لە زەکی، محمد ئەمین ....، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٢٩.

[٤٢] *هەمان سەرچاوە*، ل. ٣٠.

[٤٣] ئەحمەد، کورتە مێژوویەکی ....، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٩.

Weiskopf, M., "Commagene," *Encyclopaedia Iranica*, COMMAGENE – Encyclopaedia Iranica (iranicaonline.org), (**Accessed:** 10\9\2022, 9:15 AM.).

[٤٤] فرەی لە کتێبەکەیدا ئاماژە بەوەدەکات کە ئەم ناوە ناوچەکانی حەوزی دیالە، سلێمانی ئەمڕۆش دەگرێتەوە.
Frye, R. N., *The History of Ancient Iran*, München, 1983, p. 222.

[٤٥] ئەحمەد،. ک.، *کەرکووک و گەرمیان لە سەردەمانی ئەشکانی (پارتی) (دەوروبەری ١٣٥پ. ز. -٢٢٤ز.) و ساسانی (٢٢٦ز.- ٦٣٧ز.)* دا، دەستنوس، ل. ٤.

[46] Ptolemy, C., *Geographia* 6.1.1. Translated and Edited by, Edward Luther Stevenson, New york, 1932, p. 133.

[٤٧] ئەحمد، کورتە مێژوویەکی ....، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٩.

**دامەزراندنی بنەماڵەی ئەشکانییەکان و فراوانبوونیان:**

ئەرشاکی یەکەم Aršak /Ashk /Arsaces I ٢٤٧ پ. ز. – ٢١١پ . ز. وەک سەرۆک هۆزی پارنی بە دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەشکانییەکان دادەنرێت.[٤٨] توانی پایتەختەکەی لە 'هێکاتۆمپیلۆس Hecatompylos' (دامغانی ئێستا) دابمەزرێنێت، لە پاشاندا دەسەڵاتەکانی بەرەو ناوچەکانی بانی ئێران فراوانکرد، هەریەک لە شارەکانی 'قومس Qumis' نزیک دامغان، وە لە ڕۆژهەڵاتیشەوە شاری نایسا کە لەکۆندا پێیان وتووە 'میثرادات کەرت Mithradatkert' بنیات بنێ، لە دواتردا ئەم شارانەشیان وەکو پایتەخت بەکارهێناوە.[٤٩] شەڕ و ململانێیەکی زۆر و کەمبوونەوەیی کاریگەریی سلوکییەکان لە ئێران و ئاسیای ناوەڕاست هۆکاری فراوانبوونی دەسەڵاتی ئەشکانییەکان بوو.[٥٠] لە ساڵی ١٧٠– ١٣٨ پ. ز. فەرمانڕەوایی یەکێک لە گرنگترین پادشاکانیان بە ناوی 'میهردادی یەکەم Mithradates I'[٥١] دەستی پێکرد و توانی قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکان فراوان بکات و بیکاتە هێزی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆندا. میهرداد دەسەڵاتەکانی بەرەو ڕۆژئاوا فراوانکرد.[٥٢] لە دەوروبەری ساڵی ١٤٨پ. ز. توانیان میدیا لە ڕۆژئاوای ئێران داگیربکەن.[٥٣] بە پێی کۆنترین بەڵگەنامەی ئەشکانی لە وولاتی بابل، کە مێژووەکەی بۆ ١٤١پ. ز. دەگەڕێتەوە، و میهرداد هەمان ساڵ دەسەڵاتی گەیشتە مێسۆپۆتامیا و هەر لەم ساڵانەشدا بوو توانیویەتی دەست بە سەر شاری سلوکیەی سەر دیجلەدا بگرێت.[٥٤] ئەشکانییەکان توانیویانە لە میدیاوە بگەنە وولاتی بابل، بەپێی لێکدانەوەکانی کۆزاد ئەحمەد داگیرکردنی گەرمیان و کەرکووکیش هەر دەبێت لە کاتی نێوان گرتنی میدیا و بابل دا بووبێت، بەم شێوەیە کەرکوک و ناوچەی گەرمیان لە ساڵانی نێوان ١٤١-١٣٥ پ. ز. بوونەتە بەشێک لە قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکان.[٥٥] لە دوای مێسۆپۆتامیا میهرداد دەستی بەسەر شانشینەکانی 'ئێلیمایس Elymais (باشووری ڕۆژئاوای ئێران) و خاراکێنێ Characene (باشووری عێراق)'دا گرت، جگە لە پایتەختەکەیان هێکاتۆمپیلۆس، چەندین شوێنی نیشتە جێبوونیان

---

[48] Dąbrowa, The Parthian Kingship, *op. cit*., p. 124.
[49] Farrokh, *op. cit*., p. 120.
[50] Dąbrowa, "The Arsacid Empire", *The Oxford Handbook of Iranian History*, ed., Touraj Daryaee, New York, 2012, p. 169.
[٥١] میهرداد شێوە نوێیەکەیەتی، شێوە کۆنەکەی بە پێی سەرچاوە یۆنانییەکان پێ دەڵێن 'میثراداتیس Mithradates'، بە واتای «(خواوەند) میثرا داویەتی» دەبەخشێ. **بڕوانە**: پەراوێزی، ژ. ١ (کۆزاد ئەحمەد) لە زەکی، محمد ئەمین، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٩٢
[52] Pourshariati, *op. cit*., p. 20.
[53] Hauser, S. R., The Arsacid (Parthian) Empire, in: *A Companion to the Archaeology of the Ancient Near East*, ed. D. T. Potts, Blackwell Publishing, 2012, p. 1004; Olbrycht, Early Arsakid ..., *op. cit*., p. 236; Pourshariati, *op. cit*., p. 20.
[54] Farrokh, *op. cit*., p. 122.
[٥٥] ئەحمەد، کەرکوک و گەرمیان ...، *سەرچاوەی پێشوو*. ل. ٢.

له 'نایسا'[٥٦]، ئەکبەتانه[٥٧]، سلوکیە، تەیسەفون[٥٨]' دامەزراند.[٥٩] دواتر قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکانی بۆ سنوری هندستان فراوانکرد.[٦٠] ئەشکانییەکان پایتەختی ئیمپراتۆریەتەکەیان لە نایسا وە بۆ ئەکبەتانە- هەمەدانی ئیستا گواستەوە، لە کۆتایشدا جارێکی تر پایتەختەکەیان بەرەو تەیسەفون گواستەوە.[٦١]

لەسەردەمی 'میهردادی دووەم Mithradates II' ١٢٣پ. ز.- ٩١پ. ز. ئەشکانییەکان ئەو خاکانەی کە لە دەستیان دابوو لە مێسۆپۆتامیا و ئێران و ئاسیای ناوەڕاست گەڕاندیانەوە، بەمەش ئەشکانییەکانی لەشانشینێکی بچووکەوە گۆڕی بۆ

---

[٥٦] نایسا کۆنترین پایتەختی ئەشکانییەکان بوو، لە دوو بەشی سەربەخۆ پیکهاتووە، نایسای کۆن کە پێشیان وتووە 'میثرادات کەرت Mithradatkert' و نایسای نوێ. نایسای نوێ شارێکی نیشەجیبوون بووە، لە هەڵکۆڵینەکاندا پەرستگایەک و گۆڕستانێکی گەورە (necropolis)ی تێدا دۆزراوەتەوە. بەڵام نایسای کۆن وەکو قەڵایەکی شاهانە یان ناوەندێکی ئایینی پادشاکانی ئەشکانی بەکار هاتووە. لە دوو بەش پێکهاتووە، کۆمەڵەی باشووری کۆشکێک و پەرستگایەکی بازنەیی و پەرستگایەکی بە ستووندار و هۆڵێکی چوارگۆشەیی لەخۆگرتووە، کۆمەڵەی باکووری لە خانوویەکی چوارگۆشە پێکهاتووە لەگەڵ چەند پشتێنەیەک وەک کۆگایەک بۆ هەڵگرتنی کوپە شەراب بەکارهاتووە. نایسای ئەمڕۆ ١٨کم لە ڕۆژئاوای ئیشک ئابادی پایتەختی تورکمانستانەوەیە، شوێنی جوگرافی شاری نایسا لە سەر ڕێگەی کاروانە بازرگانییەکانیان بووە. بەڵام هاوکات خاڵێکی زۆر گرنگی پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور و باشوور بوو. ناوچەکە لەو سەردەمەدا لە ژێر کاریگەری هونەر و کەلتووری یۆنانی بووە. بڕوانە:

Schlumberger, D., “Parthian Art”, *The Cambridge History of Iran*, ed., Ehsan Yarshater, vol: 3, part 2, New York, 2008, p. 1038 – 1039; Invernizzi, A., Nisa, *Encyclopaedia Iranica*, NISA – Encyclopaedia Iranica (iranicaonline.org), (**Accessed**: 24\7\2022, 9: 15 AM.); Soha Nabaei, Elham Alipanahi, *op. cit*., p. 802- 803.

[٥٧] ئەکبەتانە ئەمڕۆ پێی دەوترێت هەمەدان، پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ماد بوو، دواتر پایتەختی هاوینەی ئیمپراتوریەتی هەخامنشی بوو، هەرێمێکی گرنگی ژێر دەسەڵاتی ئەشکانییەکان بوو تا سەردەمی ساسانییەکانیش، ئەم هەرێمە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. **بڕوانە**:

Brown, S., C., Ecbatana, *ECBATANA – Encyclopaedia Iranica (iranicaonline.org)*, (**Accessed:** 9\4\2023, 8: 00 PM.).

[٥٨]تەیسەفون شارێکە لەلایەن ئەشکانییەکانەوە دامەزراوە دوای ئەوەی دەستیان بە سەر مێسۆپۆتامیادا گرت، لەسەر ڕووباری دیجلە بەرامبەر پایتەختی سلوکیە، ئەو شارە سەرەتا کامپێکی سەربازی بوو و دواتر بوو بە پایتەخت و بەردەوام بوو لە سەر فراوانبوونی لە سەردەمی ساسانیەکانیشدا (٢٢٦-٦٢٧ی زایینی). بڕوانە:

رضا، ح. ر.، "بلاد النهرين فى العصر الهيللنستى(٣٣٣-٣٢١ ق. م)" *رسالة لنيل درجة الدكتوراه في الآداب في التاريخ القديم اليوناني والروماني*، جامعة القاهرة، ٢٠١٥، ص. ١٣٨.

[59] Gregoratti, The Arsacid Empier, *op. cit*., p. 128.

[60] Farrokh, *op. cit*., p. 123.

[61]Hauser, The Arsacid (Parthian) Empire..., *op. cit*., 2012, p. 1004.

ئیمپراتۆریەتێکی بەهێز.[62] پێشکەوتنەکانی ئەشکانی لە ژێر دەسەڵاتی میهردادی دووەم تەنها لە ڕووی خاکەوە نەبوو بەڵکو لە ڕووی کلتوورییشەوە بوون، نازناوی "پادشای پادشاکانی" گەڕاندەوە و خۆیان وەکو میراتگری ئیمپراتۆریەتی هاخامەنشی داناوە.[63] لە ساڵی ١١٣پ. ز. قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکانی لە مێسۆپۆتامیاوە تا فوراتی سەروو لە سوریا درێژکردەوە. ئیمپراتۆریەتەکەی لەو سەردەمەدا لە ١٨ شانشین پێکهاتبوو کە ٧ شانشینیان لە مێسۆپۆتامیابوون، شارە سەرەکییەکانی مێسۆپۆتامیا بریتی بوون لە 'تەیسەفون Ctesiphon' کە پایتەختی ئیمپراتۆریەت بوو لە وولاتی بابل، 'ئەربێلا Arbela' پایتەختی شانشینی ئەدیابینە بوو، نسێبین و هاترا[64] ناوەندێکی گرنگی بازرگانی بوون.[65] میهرداد لە هەڵمەتێکی تریدا لەدەوروبەری ساڵی ٩٧ پ. ز. توانی دەست بەسەر ئەرمینیادا بگرێت، پادشاکەیان بەناوی 'ئارتاڤاسدیس Artavasdes' لەسەر دەسەڵات لابرد کوڕەکەی بەناو 'تیگرانیس Tigranes' کە بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە لای ئەشکانییەکان بارمتە بوو، لەسەر دەسەڵات دانا، لە بەرامبەر وەرگرتنی حەفتا دۆڵەکە"Seventy Valleys"[66]ی خاکی ئەرمینیا، لە کۆتایدا ئەرمینیا بوو بە بەشێک لە قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکان، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بوو بە شوێنی ململانێی نێوان ئەشکانی و ڕۆمانەکان.[67] ساڵی ٩٤/٩٥پ. ز. یەکەم پەیوەندی نێوان ئەشکانی و ڕۆمانەکان دەبێت بۆ گفتووگۆکردن لەسەر دیاریکردنی فورات وەک سنور لەنێوان ئەشکانی و ڕۆمانەکان، گفتووگۆکردنەکەش لە نێوان 'ئۆرۆبازێس

---

[62] Fabian, *op. cit.*, p. 211; Dąbrowa, "The Arsacid Empire", *op. cit.*, p. 170-171.

[63] گیرشمن، ر.، کایلیر یانگ، و دیگران، منبع سابق، ص.٧٣-٧٤.

[64] هاترا دەکەوێتە جەزیرە (ناوچەی نێوان ڕووباری دیجلە و فورات) لە باکووری عێراقی ئێستا، نزیکەی ٥٠کم لە ڕۆژئاوای شاری ئاشووری پایتەختی ئاشوری کۆنەوە دوورە، وە بە دووری ٨٥کم لە باشووری ڕۆژئاوای شاری موصڵە وەیە. سەبارەت بە مێژووی شاری هاترا هیچ پاشماوەیەکی دۆزراوە نییە کە ئاماژە بەوە بکات ئەم شارە لە پێش ئەشکانییەکانەوە هەبووبێت، هەرچەندە زۆر مشتومڕی ئەوە کراوە کە بۆ سەردەمی ئاشووری یاخود سەردەمی هاخامەنشییەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام هەموو ئەوانە تەنیا گریمانەیەکن بە هۆی نەبوونی هیچ بەڵگەیەکەوە. لە سەدەی یەکەمی زایینیەوە هاترا ناوچەیەکی نیشتەجێبوونی شانشینێکی ناوخۆی بووە لەژێر دەسەڵاتی پادشایانی ئەشکانیدا بوو. لە سنوری نێوان ئەشکانییەکان و ڕۆمانەکان بوو، لەسەر ڕێگای بازرگانی کە ڕۆژهەڵات بە سوریا و ئەنادۆڵ دەبەستێتەوە. بڕوانە:

Schmitt, R." Hatra". *Encyclopaedia Iranica,* 2012, HATRA – Encyclopaedia Iranica (iranicaonline.org), (**Accessed**: 21\7\2022, 10:22 pm); Dirven, L., Introduction to Hatra, *Politics, Culture and Religion between Parthia and Rome,* ed., Lucinda Dirven, 2013, p. 9.

[65] Farrokh, *op. cit.*, p. 125.

[66] ئەدیابینە و باکووری میسۆپۆتامیا دەگرێتەوە.

[67] Debevoise, *op. cit.*, p. 45; Burgan, *op. cit.*, p. 58.

‘Orobaz/Orobazes’ نێردراوی ئەشـکانی و سـولا فەرمـانڕاوی ڕۆمـانی لە ‘کیلیکیـا Cilicia’ و ‘ئاریۆبـارزانیس Ariobarzanes’ پادشـای کەپەدۆکیـا بـوو، کە هـیچ ڕێکەوتنێـک لەنێوانیانـدا ئەنجـام نەدرا، ئەمەش بـوو بە زەمیـنەیەک بـۆ ڕووبە ڕوو بوونەوەی ئەشکانییەکان و ڕۆمانەکان لە داهاتوودا.[٦٨] لەدوای مردنی میهردادی دووەم ئیمپراتـۆریەتی ئەشـکانی کەوتە نـاو قەیرانێکـی سیاسـیەوە بەهـۆی ئەونـاکۆکییە بەردەوامـانەی لەگەڵ ڕۆمانەکان و سـەرهەڵدانی ئەرمینییەکان بـۆ سـەندنەوەی حەفتا دۆڵەکە کە پێشوتر بە ئەشکانییەکانیان بەخشیبوو.[٦٩] لەم کاتەدا زنجیرەیەک پادشا لە ئیمپراتـۆریەتی ئەشـکانی حوکمڕانیـان کـردووە، لەوانە ‘سیناتروکسـی یەکەمI Sinatruces ٩٤-٨٨ پ. ز.، ٨٠-٧٠پ. ز.، گۆتارزسی یەکەمI Gotarzes ٩٠-٨٧ پ. ز.، میهـردادی سـێیەمIII Mithradates ٨٧-٨٠ پ.ز.، ئـۆرۆدی یەکەمI Orodos ٨٠-٧٥ پ. ز.، فەرهـادی سـێیەم III Phraates ٦٩- ٥٧ پ. ز.’.[٧٠] ئەشـکانییەکان لە مـاوەی حوکمڕانیـان دا لەگەڵ ناوچەکـانی دەوروبەر و بە تـایبەتیش حـوکمڕانی ڕۆمانەکـان لە ململانـێ و ڕووبەڕووبـونەوەدا بـوون، چەنـدین جـار ناوچەکـانی مێسـۆپۆتامیا و کوردسـتانیان بە تـایبەت ئەدیـابینە و میـدیای ئەترۆپاتینیـان لە دەسـت داوە دواتـر گەڕاندویانەتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.[٧١]

---

[68] Sherwin-White, A. N., "Lucullus, Pompey and the East", *The Cambridge Ancient History The Last Age of the Roman Republic, 146-43 B. C.*, vol. IX, ed., J. A. Crook, Andrew Lintott, Elizabeth Rawson, 2006, University Of Cambridge, p. 262; See also Olbrycht, M. J., The Pontic Kingdom, Arsacid Iran and Armenia: Remarks on the Political Strategy of Mithradates VI Eupator (until 89 B.C.), in *The Ancient Rome Politics and Money*, vol. V, ed, Wieslawa Kaczanowicz, Katowice, 2014, p. 24; Frye, *op. cit.*, p. 214; Dąbrowa, The Arsacid Empire, *op. cit*., p. 171.

بۆ ووردەکاری زیاتر لەسەر یەکەم پەیوەندی نێوان ئەشکانییەکان و ڕۆمانەکان بڕوانە:

Frank, K. S., *The First Meeting of the Roman and Parthian Empires—Geopolitical Context and Consequences*, Master, University of Tasmania, 2011.

[69] Schippmann, K., "Arsacids Dynasty" *ARSACIDS ii. The Arsacid dynasty – Encyclopaedia Iranica (iranicaonline.org)*, (**Accessed:** *11\10\2021, 10:20 AM.).*

[٧٠] بۆ ووردەکاری زیاتر دەبارەی ڕووداوەکانی نێوان ئەرمەنستان و ئەشکانی و ڕۆمانەکان کە بە کوردستانی کۆن پەیوەستە، بڕوانە: پەراوێزەکانی ژ.١ ل. ١٩٣، ژ.١، ل. ١٩٤ (کۆزاد ئەحمەد) لە زەکی، محەمەد ئەمین، خولاصەیەکی کورد و کوردستان، لە مەبدەئی تاریخەوە تا ئەمڕۆ، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٩٣-١٩٥.

[٧١] بڕوانە:

Wiseman, T. P., "Caesar, Pompey and Rome, 59—50 B.C.", *The Cambridge Ancient History, The Last Age of the Roman Republic, 146-43 B. C.*, vol. IX, ed. , J. A. Crook, Andrew Lintott, Elizabeth Rawson, 2006, University Of Cambridge.

لە سەدەی یەکەمی زاینیدا ئەشکانییەکان کەوتنە ململانێکی ناوخۆی لەسەر دەسەڵات ئەمە لە لایەک، و بەردەوام بوونی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ ڕۆمانەکان، هۆکارێک بووە بۆ نیمچە سەربەخۆیی شانشینی ئەدیابینە و فراوان بوونی قەڵەمڕەوی بۆ ناوچەی نوسەیبین و حەڕان و ماردین و شەنگار و پردێ، وە بەشێک لە خاکی ئەرمەنستانیشی خستە ژێر دەستی خۆی و پێش دەچێت قەڵەمڕەوی شاری هاترا (الحضر)یشی گرتبێت.[٧٢] ئەردەوانی سێیەم لە پاداشتی یارمەتی دانی، ڕێگای بە پادشای ئەدیابینە (ئیزات/ ئازات)ی سێیەم ٣٠-٥٥ ز. داوە کە تاجی شاهانە لەسەر بنێ و لەسە تەختی پادشایەتی دابنیشێت.[٧٣] ئەو زانیاریانەشی کە لە سەدەی یەکەمی زاینی هەمانە لە ڕێگای سکەکانەوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا سکەکان ناکۆکی دروستدەکەن لە ماوەیی حوکمڕانی پادشاکاندا، هەروەها فەرمانڕەوایی پادشاکان لە سەدەی دووەمیش بە نادیاری ماوەتەوە. سەدەی دووەم بە سەدەی تاریکی دادەنرێت لە مێژووی ئیمپراتۆریەتی ئەشکانیدا، و سکەکانێش زۆر تەرزێندراون (ستایلیزکراون).[٧٤]

ئەشکانییەکان لە ماوەی فەرمانڕەوای 'خوسرەو Osroes/Osrow' ١٠٩-١٢٩ز. خاکێکی زۆریان لەدەستدا، ئەمەش لە کاتێکدا بوو ڕۆمانەکان بەسەرکردایەتی تراجان لە ساڵی ١١٤ز. سەرکەوتوو بوون لە دەست بەسەر داگرتنی ئەرمینیا، لە ویشەوە بەرەو باشوور ڕۆیشتوون و تەیسەفونیان بەبێ جەنگ داگیرکردووە، و توانیان شانشینی ئەدیابینە بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، پاشان هەموو ڕێگا بازرگانییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە زەوییەکانی ئێران و مێسۆپۆتامیاش دەگرێتەوە کەوتنە ژێر دەستی ڕۆمانەکانەوە.[٧٥] لەدواتردا تراجان هەوڵی داگیرکردنی 'هاترا'(حضر)دا، بەڵام هەوڵەکەی سەری نەگرت، تراجان پێش ئەوەی بیر لەهەڵمەتێکی تربکاتەوە لە هاوینی ساڵی ١١٧ز. نەخۆش کەوت و گەڕایەوە بۆ ئیتاڵیا، بەڵام لەڕێگا مرد.[٧٦] لە دەوروبەری ٢١١ز. دا ناکۆکی لە نێوان 'ڤەلاخشی شەشەم Vologases VI' کە لە بابل فەرمانڕەوایی دەکرد، و'ئەردەوانی چوارەم Artabanus IV' کە لە میدیا و باکوور فەرمانڕەوایی دەکرد سەری هەڵدا[٧٧] لەوکاتەشدا ئیمپراتۆری ڕۆمانی

---

[٧٢] ئەحمەد، کورتە مێژوویەکی ....، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٨.

[٧٣] *هەمان سەرچاوە*، ل. ١٨.

[74] Frye, *op. cit.*, p. 241.

[75] Farrokh, *op. cit.*, p. 160-161; Burgan, *op. cit.*, p. 64; Schippmann, K., “Arsacids ii”, *op. cit.,( (***Accessed:** 20\10\2021\ 2: 35 PM.); Canepa, *op. cit.*, p. 293; Dąbrowa, “The Arsacid Empire”, *op. cit.*, p. 176.

[76] Bivar, “The Political History of Iran under the Arsacids”, *op. cit.*, p. 91.

[77] Marciak, M., “*Sophene, Gordyene, and Adiabene,”* Three Regna Minora of Northern Mesopotamia between East and West, Leiden, 2017, p. 396.

’کاراکالا Caracalla‘ توانی فەرمانڕەواکانی ئۆسرۆین و ئەرمینیا دەستگیربکات و شانشینەکانیان دووبارە بە پارێزگاکانی ڕۆمانی بلکێنێتەوە.[78] و کاتێکیش ئەردەوان لە ٢١٦ز. مێسۆپۆتامیا و سوسەی داگیرکرد، (بەڵام ئەردەوان هەرگیز سلوکییەی پایتەختی نەگرتووە، چونکە ڤەلاخش تا چەند ساڵێکی تریش لە سلوکیە هەر سکەی بە ناوی خۆیەوە لێداوە)، کاراکالا لە ’ئەنتاکیا‘ نیشتەجێ بوو بە بیانویەک داوای کچەکەی ئەردەوانی کرد بۆ هاوسەرگیری ئەمەش لە لایەن پادشای ئەشکانی ڕەتکرایەوە، بۆیە کاراکالا هێرشی کردە سەر ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی، بەشێکی گەورەی میدیاو و شاری ئەربێلا (هەولێر)ی گرتووە و گۆڕە شاهانەکانی ئەشکانی هەڵداوەتەوە و ئێسک و پروسکی بڵاوکردونەتەوە.[79] لەبەرئەوەی کوردستان ناوچەیەکی گرنگی ژێر قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکان بووە و لە لایەن ئەوانەوە بایەخی پێدراوە بەشێک لە گۆڕی خانەدانەکانیشیان کەوتونەتە ئەو ناوچەیە، کە بابەتی تویژینەوەکەی ئێمەیە.

دوای ئەو هەموو جەنگ و ململانێیە ئەشکانییەکان لە لایەن ئەردەشێری پاپەکان فەرمانڕەوای هەرێمی فارس لە ساڵی٢٢٠ز. بە سوود وەرگرتن لە جەنگی ناوخۆی نێوان ڤەلاخشی شەشەم و ئەردەوانی چوارەم بە پشتگیری چەند شانشینێکی ئەشکانی (ئەدیابینە، میدیا و کەرخ د بێث سلۆک (کەرکوک))، توانی دەسەڵاتی ئەشکانییەکان لە ناوببات، زاڵبوو بەسەر هەموو مێسۆپۆتامیا، جگە لە هاترا نەبێت.[80] لە ساڵی ٢٢٤ز. لە دەشتی هۆرموزگان ئەردەوانی کوشت و سەرکەوت، توانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی دابمەزرێنێت، لەساڵی ٢٢٦ز. ساسانییەکان پایتەختی ئەشکانییەکانیان لە شاری تەیسەفۆن کۆنترۆڵکرد و ئەردەشیر خۆی بە ’پادشای پادشاکان‘ ناوبرد.[81] حوکمڕانی ئەشکانییەکان لە ساڵی ٢٤٧پ. ز. تا ساڵی ٢٢٦ز. بەردەوام بوو، بۆماوەی زیاتر لە چوار سەدە و نیو حوکمڕانیان بەسەر ئێران و مێسۆپۆتامیادا کردووە، وە بۆ ماوەی چوار سەدەش کۆنترۆڵی ئەرمینیا کردووە زیاتر لە هاخامەنشی و ساسانییەکان.[82]

---

[78] Bivar, “The Political History of Iran under the Arsacids”, *op. cit.*, p. 94-95.

[79] Frye, *op. cit*., p. 244; Debevoise, *op. cit*., p. 265.

[80] Debevoise, *op. cit*., p. 268-269; Dąbrowa, The Arsacids and their State**,** *op. cit.*, p. 38.

[81] Daryaee, T., *Sasanian Persia, the Riseand Fall of an Empier*, Publishing, I.B.Tauris, London, New York, 2009, p. 2.

[82] Pourshariati, *op. cit*., p. 20-21.

# تــەوەرەی دووەم

# هــونــەری ئەشكــانییــەكان

## تــەوەرەی دووەم

## هونــەری ئەشـکـانـییەکــان

**هونەری ئەشکانییەکان**

ئەشکانییەکان وەک هەموو گەلانی تری خاوەن شارستانی گرنگیان بە هونەر داوە، هونەرەکەشیان بـواری جۆراوجـۆری لەخۆگرتـووە، هەمـوو جۆرەکـانی هـونەریش لە شارسـتانییەتی ئەشـکانی دا بەشێکی ڕانگدانەوەی واقعی بیرکردنەوەی کۆمەڵگایە و خۆماڵیانە هـاتوونەتە ئەنجام، بەشێکیشـیان لە ژێـر کــاریگەریی هــونەری گەلان و شارســتانییەتەکانی بە تــایبەتیش هــونەری هێلێنســتی دا ئەزمـوونکراون، بە گشـتیش لە هـونەری ئەشـکانی دا بـوار و لقـی جۆراوجـۆر بەرچـاودەکەون و کاریـان لەســەرکراوە. هونەرەکـانیش بەشـێکیان کـاریگەری ئـایین و سیاسـی و کـۆمەڵاتییەن لە پشتەوەیە، بەڵام بە هۆکاری ئەوەی هیچ بەڵگەییەکی نوسـراو نەدۆزراوەتەوە ناتوانرێت بە تەواوی ئەم کاریگەریانە پشت ڕاستبکرێنەوە. باسکردنی هونەریش گرنگە، چونکە هەڵبەستنی گۆڕەکان و کەلووپەلەکانی ناو گۆڕەکانیش بە دەرنین لە کاری هـونەری. بابەتە هونەرییەکـان بە پاشـماوەیەکی گرنگی گۆڕەکان دادەنرێن، چونکە کەلوپەلەکـان یارمەتیمـدەردەبن لە دەرخسـتنی دەسـەڵات و پلەی کۆمەڵایەتی خاوەنەکەی.

دوای شکســتهێنانی هاخامەنشــییەکان لە لایەن ئەسـکەندەرەوە، تـێکەڵەیەک لە تایبەتمەنـدیەکانی کلتووری یۆنـان جێگەی تایبەتمەندییەکانی کلتـووری و مێژووییەکـانی پێشـووی ئێرانـی گرتەوە.[٨٣] دروســتکردنی پەیوەنــدی خێرانــی یۆنــانی لەگەڵ ڕۆژهەڵات بــۆتە هۆکــارێکی کــاریگەر لەســەر گونجاندنی کلتووری نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. کلتـووری نوێ وەک دامەزراوەیەک دەرکەوت کە بە کلتـووری 'هێلێنیسـتی' ناسـرا بـوو.[٨٤] سـەردەمی ئەشـکانی لە سـاڵی ٢٤٧پ. ز.-٢٢٦ز. یەکێکە لە سـەردەمە کەم خوێنـدراوەکانی ڕۆژهەڵاتـی نزیکـی کـۆن.[٨٥] تـوێژەرە ڕۆژئاوایەکـان بە تـایبەت دوای جۆرج ڕۆلنسۆن سەبارەت بە هـونەری ئەشکانی پێیـان وایە کۆمەڵە کەسێکی دەشـتەکیین کە هـیچ هــونەر و کەلتــورێکی تــایبەت بەخۆیــان نەبــووە بەڵکــو هونەرەکەیــان لە یۆنــان و هێلێنیســتی

[83] Nabaei, Alipanahi, E., "Examining the Parthian Art And Architecture And the Impact of Greek Art And Architecture", *Periódico do Núcleo de Estudos e Pesquisas sobre Gênero e Direito Centro de Ciências Jurídicas* - Universidade Federal da Paraíba vol. 9 - N 02 ,(2020), p. 796.
[84] *Ibid*, p. 796.
[85] Curtis, V. S., "Parthian Coins: Kingship and Divine Glory", *The Parthian Empire and its Religions Studies in the Dynamics of Religious Diversity*, vol. 5, ed, Gutsfeld, A., Germany, 2012, p. 67.

وەرگرتووە.[86]بەڵام هەر بەپێی ئەم توێژینەوەیەیی دیرڤین ئاماژە بەوەکراوە کە 'رۆستۆڤتزێف Rostovtzeff ' پێی وایە ئەشکانییەکان خاوەن هونەری تایبەت بە خۆیان بوون، ئەمەش لە دەرئەنجامی دۆزینەوەی پاشماوە شوینەوارییەکانی دورا- یۆرپس. دۆزراوەکانی بۆ هونەری ئەشکانی گەڕاندۆتەوە، ئەمەش دوای بەراوردکردنی بە پاشماوە شوێنەوارییەکانی تری ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی وەک ناوچەکانی 'پالمیرا (تەدمور)[87]، ئێدیسا (ئورفە)[88]، هاترا( حضر).[89] وتراویشە کە گیرشمەن هونەری ئەشکانی گەڕاندۆتەوە بۆ کلتووری ئێرانی کۆن کە پێشتر لە لوڕستاندا هەبووە، ئەو تایبەتمەندیەی لەو کاتەدا دەردەکەوێت بۆتە هۆی سەرهەڵدانی هونەرێکی نەتەوەیی وەک کاردانەوەیەک بۆ زاڵبوون بەسەر هونەری هێلێنیستی.[90]

**<u>تەلارسازی:</u>**

ئەم سەردەمە بە یەکێک لە گرنگترین سەردەمەکان دادەنرێت لە مێژووی تەلارسازیدا.[91] بەهۆی فراوان بوونی بەرچاوی قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکان و فرە ڕەنگیی داب و نەریتی هەرێمەکانی ژێردەسەڵاتی ئەشکانییەکان، نەدەکرا تەنها یەک شێوازی تەلارسازی هەبێت. بەڵکو کاریگەرییەکانی هەریەک لە ئاسیای ناوەڕاست و یۆنان و مێسۆپۆتامیا و کاریگەریی خۆماڵی لەسەر بووە، لەبەر

---

[86]Dirven, L.,“The Problem with Parthian Art at Dura”, *Religion, Society And Culture At Dura-Europos*, ed., Ted Kaizer, vol., XXXVIII, Cambridge University Press, 2016, p. 69.

[87]پالمیرا لە بیابانی سوریایە، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی دیمەشق، بە واتای " دارخورما" دێت. بە یەکێک لە گرنگترین ناوەندەکانی بازرگانی و کەلتوری جیهانی کۆن دادەنرێت. گرنگیەکەی بە بەردەوامی لە گەشەکردندا بووە، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕێگا بازرگانییەی نێوان فارس و چین و هیند وە بەستنەوەیان بە ئیمپراتۆریی ڕۆمانییەوە. پالمیرا خاوەن کلتوورێکی جیاواز و تایبەت بەخۆی بوو، لە سەدەی یەکەمی زاینی ئەم شارە خرایە پاڵ ئیمپراتۆریی ڕۆمانەکانەوە. سەبارەت بە هونەر و تەلارسازیشەوە تێکەڵەیەک لە تەکنیکیەکانی یۆنانی – ڕۆمانی لەگەل نەریتە خۆماڵیەکانی و کاریگەریی فارسیشی پێوە دیاربووە. بڕوانە:
Kuntar, S., Zucker S., “Palmyra: the Modern Destruction of an Ancient City”, in: *Smarthistory*, <u>https://smarthistory.org/palmyra-arches</u>, (**Accessed:** 21\7\2022, 9:22 PM.); *<u>Site of Palmyra - UNESCO World Heritage Centre</u>*. ( **Accessed**: 21\7\2022, 9:00 PM.).


[88] ئێدیسا ناوی ئێستای (ئورفەیە)، دەکەوێتە باکووری کوردستان. پایتەختی کۆنی شانشینی ئۆسرۆین بوو. ئەم شارە یەک لەدوای یەک لەلایەن سلوکییەکان و ئەشکانییەکان و ڕۆمانەکانەوە بەڕێوەچوو. بڕوانە:
Lieu, S., “Edessa”, *Encyclopaedia Iranica*, 2011, <u>EDESSA – Encyclopaedia Iranica (iranicaonline.org)</u>, ( **Accessed:** 21\7\2022, 8:51 PM.).

[89] Dirven, “The Problem with Parthian Art at Dura”, *op. cit.*, p. 70.

[90] Baratin, C., Le rayonnement oriental de la culture parthe. Enjeux historiographiques et perspectives. In: *Topoi*, vol., 17/1, 2011. p. 186.

[91] گرشاسبی، اشکان، "جایگاه و نقش ملاط گچ در معماری دوران اشکانی، از منظر فنی و تحولات سبکشناختی"، *مجلة علمی اثر، فصلنامه علمی اثر*، دوره ٤١(ب.)، ش ٣، ٢٠٢١، ص. ٣٢٨.

ئەوە زۆرجار توێژەران بە هەڵە تەلارسازیەکانیان بۆ سەردەمەکانی تر گەڕاندۆتەوە.[92] یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی تەلارسازی ئەشکانی ئەوەیە شارەکانیان لەسەر شێوازێکی بازنەیی بنیاتناوە، ئەو شارانەشی کە لە لایەن ئەشکانییەکانەوە دەستیان بەسەر داگیراوە بە دیوارێکی بازنەیی دەوریان گرتۆتەوە (وێنەی ١). مەبەست لەم شێوازی بازنەییەی شارەکان بۆ پاراستن و بەرگریکردن بووە لە هێرشە دەرەکییەکان، ڕەنگە ئەم بیرۆکەشیان لە سەربازگەکانی ئاشوری وەرگرتبێت.[93] هەرچەندە 'هەیوان*iwan*' بەیەکێک لە داهێنانە تەلارسازییەکانی کوردستانی دێرین دادەنرێت، بۆ یەکمجار لە پەرستگای تەپە گەورە هەیوان دەبینرێت[94]، بەڵام هەیوانەکان لە تەلارسازی ئەشکانی پێشکەوتنی زۆریان بە خۆیان بینیوە و بوونەتە یەکەیەکی بنەڕەتی لە تەلارسازیدا، بانەکەی بە تاقێکی گومبەزی 'barrel-vaulted' دەگیرا و لایەکی هەیوانەکەش بە کراوەیی دەمایەوە. ئەم شێوازە بنیاتنانە دواتر کاریگەریی لەسەر ساسانییەکان و هەروەها عەرەبەکان هەبوو لە دروستکردنی بیناکانیاندا.[95]




وێنەی ١ شێوازی شورەی بازنەیی بە دەوری شارەکاندا وەرگیراوە لە

نوراللهي، ع, ١٣٩٤،*منبع سابق*، ص ٦٢.

---


[92] نوراللهي، ع.، گذري بر معماري و شهرسازي ايران در دوره اشكاني 256ق.م تا 224 م. *دوفصلنامه تخصصی دانش مرمت و میراث فرهنگي*، س.٣، ش. ٥، بهار و تابستان، ١٩٣٤، ص. ٧٧.

[93] *همان منبع*، ص. ٥٧; ٧٧.

[94] ئەحمەد، ک.، بۆ یەکەم جار لە کوردستان دا بوو، *گۆڤاری ژین*، ژ. ٥، (٢٠١٣)، ل. ١٠٥.

[95] Burgan, *op. cit.*, p. 115.

یەکێکی تر لە جۆرەکانی تەلارسازی ئایینی بینای گۆڕەکانە (وێنەی ٢). بە واتای هەر گۆڕێک کە پیکهاتەیەکی تەلارسای دەستکردی هەبێت کە بە مەبەستی ناشتن و ڕێزگرتن و پاراستنی مردوەکە بووە. بەشێک لە گۆڕەکان بیناکانیان لەسەر زەوی، و بەشێکیشیان بیناکانیان لە ژێر زەوی دروستکراوە.[٩٦] دەتواندرێت بووترێت تەلارسازی گۆرەکان ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی مردوو بوو لە پێکهاتەی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کۆمەڵگادا. بە پێی بەڵگە شوێنەوارییەکان دەردەکەوێت ئەشکانییەکان کاریگەری سەردەمانی پێش خۆیان لەسەر بووە لە دروستکردنی بینای گۆڕەکان بە تایبەت سەردەمی هەخامنشی و هێلێنستی.[٩٧] لە کوردستانیش چەند شێوازی تەلارسازی گۆڕەکان دۆزراوەتەوە کە بۆ سەردەمی ئەشکانی دەگەڕێنەوە (لە بەشەکانی دواتر دا دێنە باسکردن).




وێنەی ٢ تەلارسازی گۆڕەی ئەشکانییەکان

وەرگیراوە لە: سبحاني، فرزانه، رضايي نيا، عباسعلي، *منبع سابق*، ص. ١٤-١٨.

[٩٦] سبحاني، فرزانه، رضايي نيا، عباسعلي، " گونه شناسي معماري آرامگاهي در دوره ي اشكاني"، *پژوهش نامه ي انجمن ايراني تاريخ سال دوازدهم*، شماره ي چهل وهفتم، بهار1400 ، ص.٢.

[٩٧] *همان منبع*، ص. ٥.

**سـکە:**

سـکە ئەشـکانییەکان (لە زۆربەی گۆڕەکانـدا دۆزراونەتەوە و دواتـر دەبـنە بـابەتی باسـکردن) سـەرچاوەیەکی گرنگـی مێـژوو و فەرهەنـگ و هـونەر و ئـایینی سـەردەمەکەیانن، زانیـاری گرنـگ سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئایین و پادشایەتی زیاتر لە چوار سەدە دەخەنە ڕوو.[٩٨] سکەکان لە سـەرەتادا لەسـەر شـێوازی سـلوکی بەردەوام بـوون، لە کۆتـایی سـەدەی ٢پ. ز. گۆڕانکـاری لە سکەکاندا کراوە، بەڵام ئەفسانە یۆنانییەکان لە ڕووی پشتەوەی سکەکان بەردەوام بوون تا کۆتـایی ئەشکانییەکان، لە سەدەی ٢ ز. ئەفسانەکانی ئەشکانی بۆسەر بەشێک لە سکەکان زیادکراون.[٩٩] ئەو کانزایانەی لە سکەکاندا بەکاردەهات زیاتر زیو، برۆنز بوو، هەندێکجار مسیش بەکاردەهات.[١٠٠] مس بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ناوخۆیی بەکاردەهات، زێڕیان بۆ ناوخۆ بەکار نەدەهێنا، سکە زێڕەکان لە ڕێگای بازرگانی کردن دەهاتنە ناو خاکی ئەشکانییەوە.[١٠١] نـاو و نازنـاوە ئەفسـانەییەکان لەسـەر سکەکان بە زمانی یۆنانی بوو، ئەمەش کاریگەری سیاسـی لە پشـتەوە بـووە، دواتر لە سـەردەمی ڤەلاخشـی یەکەم زمـانی پەهـلەوی بۆ سـەر دراخمەکـان زیـادکرا.[١٠٢] سـکەکانیش زیـاتر لە دراخـم و تیترادراخم پێکهاتبوون، بەرزتـرین نـرخ تیترادراخم بـوو کە یەکسـانە بە ٤ دراخـم.[١٠٣] دراخمەکـانی سـەردەمی میهـردادی دووەم زیـاتر زیـو بـوون لە شـاری هەمەدان لێـدەدران، بەڵام تیتـرادراخمە زیویەکـان لە شـاری سـلوکییە لێـدەدران.[١٠٤] ئەو شـارانەی سـکەی لێـدراوە لە پشـتی سـکەکان دەردەکەوێت، ئەویش بە ئاماژەکردن بە یەکەم پیتی ناوی ئەو شارە یاخود لەگەڵ چەند پیتێکی تر نیشانەییەکیان لێ دروستکردووە، کە بە ناو و ناونیشانی ئەو شارە ناسراوە، نـاوی شـارەکانیش لە ڕووی پشـتەوە زیـاترلە خـوار وێـنەی کەوانەکەی ئەرشـاکەوەیە.[١٠٥]سـەرەتایترین سـکەکان سـکەی ئەرشـاکی یەکەم بـوو، ڕەنـگە لە قەڵای نایسـا لێدرابن.[١٠٦] سـکەکان وەک سـەردەمی هێڵێنیسـتی لە

---

[98] Curtis, Parthian Coins, *op. cit.*, p. 67.
[99]Schlumberger, Parthian Art, *op. cit*., p. 1030.

[100] M.Alram, “Arsacids iii.ArsacidCoinage,” *Encyclopaedia Iranica*, ARSACIDS iii. Arsacid Coinage – Encyclopaedia Iranica (iranicaonline.org), (**Accessed**: 20\10\2021, 8:17 PM.).
[101] *Ibid.* (**Accessed**: 20\10\2021. 8:17 PM.).
[102]*Ibid.* (**Accessed**: 20\10\2021. 8:17 PM.).
[103] Magub, *op. cit.*, p. 42-43.
[104] *Ibid.* p. 42-43.
[١٠٥] سفكند، علی رضا، سفكند، محمد رضا، "بررس سكەهای اشكانی موجود در موزه ملك"، *جلوه هنر*، ش ٣٠، ١٣٩٨، ص. ٤٧.
[106] Rezakhani, Kh. “Arsacid, Elymaean, and Persid Coinag”, *The Oxford Handbook of Ancient Iran*, ed. Daniel T. P., New York, 2013, p. 2.

ڕووی پێشەوە سەری پادشا دەبیندرێت کە ڕووی لە لای ڕاستە.[107] بەڵام دواتر ئاراستەی سەریان بەرەو لای چەپ دەگۆڕێت، لە بەشی پشتەوەش وێنەی تیرهاوێژێکی دانیشتوو هەیە (وێنەی ٣).[108]



وێنەی ٣ دراخمی ئەرشاکی یەکەم، مهیردادی یەکەم وەرگیراوە لە

Magub, A., *op. cit.*, p. 332.

هەندێک کات ناسینەوەیی سکەی هەریەک لە پادشایانی ئەشکانی ئاسان نییە، ئەمەش بەهۆی بوونی نازناوی "ئەرشاکی ΑΡΣΑΚΟΥ " لەسەر هەموو سکەکانی ئەم سەردەمە، ئەمەش وەک نەریتێکی بنەماڵەیی کە ئەرشاکی یەکەم دامەزرێنەری بووە.[109]

دوای فراوانبوونی قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکان لەسەردەمی میهردادی یەکەم ١٧١–١٣٨پ. ز. دراخمە زیوییەکان بەردەوام بوون لەسەر شێوەی سکەی ئەرشاکی یەکەم و دووەم.[110] لە دراخمەکانی ناوچەی ئێران میهرداد بە کڵاویکی نەرم لە شێوەی کڵاوی ئەرشاکی یەکەم دەردەکەوێت، لە ڕووی پشتەوەی دراخمەکە وێنەی تیرهاوێژێکی دانیشتوو دەبیندرێت کە تەختی دانیشتنەکەی لە 'دیفرۆس Diphros'[111] دەگۆڕێت بۆ 'ئۆمفۆلۆسOmphalos'[112]ی یۆنانی، ئایکۆنۆگرافیاکەی ئاماژە بە

[107] *Ibid.* p. 2.

[108]Curtis, V. S., The Iranian Revival in the Parthian Period, *The Age of the Parthians, The Idea of Iran,*Volume II, ed, Vesta Sarkhosh Curtis, Sarah Stewart, London, 2007, p. 8.

[109] Saeedifar, Ghazanfari, *op. cit.*, p. 30.

[110] Curtis, The Iranian Revival ..., *op. cit*., p. 9.

[111] تەختی دانیشتنە لە یۆنانی کۆندا، ئەم تەختی دانیشتنە بۆ خواوەندەکان یان کەسانی خاوەن پێگەی بەرز دیاریکراوە، شێوەکەی لە مێزێکی بچووک دەچێت لە سەر چوار قاچ ڕاگیراوە. بۆزانیاریی ووردتر لەم بارەیەوە بڕوانە:

Richter, G. M. A., *The Furniture of the Greeks, Etruscans and Romans*, Phaidon Press, London, 1996; Kamperidou, V., Vasileiou, V., Ancient Greek Furniture: Source of Inspiration for the Desingers and Manufacturers of Modern Times, *Proceedings of the XXVIth International Conference Research for Furniture Industry*, Faculty of Forestry and Natural Environment, Aristotle University of Thessaloniki, 2013.

[112]بە پێی ئەفسانە یۆنانییەکان ئۆمفۆلۆس بەردێکە لە دێلفی کە نوێنەرایەتی ناوەندێکی گەردوونی دەکات، دێلفی ئەو شوێنەیە کە خواوەندی یۆنانی ئاپۆلۆ (خواوەندیی دانایی و ڕووناکی، ڕاستی و پێشبینییە)، ئەژدیهای پایتۆنی

خواوەند ’ئاپۆلۆ Apollo‘ی یۆنانی دەکات، ئامانجی بۆ ئەو شارانەیە کە یۆنانی تێدا نیشتەجێن، بۆ نمونە سلوکیە لە مێسۆپۆتامیا وسوسە لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران، ئەمەش دوای فراوان بوونی دەسەڵاتیان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کە پێشووتر لە ژێر دەسەڵاتی سلوکیدا بوون گرنگ بوو کە ئایکۆنۆگرافیای هێلێنیستی بەکاربێنن.[113] لە تیترادراخمەکانی میهردادی یەکەم و لەدوای گرتنی سلوکییە لەساڵی ١٤٠-١٤١پ. ز.، پادشا بەشێوەیەکی ڕیشدار دەردەکەوێت، لەسەر بەشی پشتەوەی سکەکە وێنەی ڕووتی’ هێراکلس/ هەرقل‘ بە وەستاویی دەبیندرێت هاوشێوەی پاڵەوانانی یۆنانی (وێنەی ٤).[114] لەو سەردەمەدا نازناوی ’ΦΙΛΕΛΛΗΝΟΣ =Philhellene‘ [115] دۆستی یۆنان لەسەر سکەکان دەردەکەوێت.[116]




وێنەی ٤ تێترادراخمی میهردادی یەکەم وەرگیراوە لە

Magub, A., *op. cit.*, p. 333.

لەسەردەمی میهردادی دووەمدا، ناونیشانە ڕۆژهەڵاتیە کۆنەکەی ’پادشای پادشاکان ΒΑΣΙΛΕΩΣ ΒΑΣΙΛΕΩΝ ‘ بۆسەر سکەکان زیادکرا، کە پێشتر لەسەر دەمی هاخامەنشییەکان بەکارهاتووە، ئەمەش گەڕانەوەیەک بوو بۆ کلتووری هاخامەنشی.[117] لە تێترا دراخمەکانی ئەردەوانی دووەم نازناوی ’Philhellene‘ دۆستی یۆنان لەسەر سکەکان نەما، لە ڕووی پشتەوەشی وێنەی پادشایەک لەسەر تەختێک دانیشتووە و لەگەڵ ئەسپ سوارێک دەردەکەویت (وێنەی ٥)، لێرەدا مەبەستی وەرگرتنی هێمای دەسەڵاتە لە خواوەند، لە ڕووی ئایکۆنۆگرافیاوە هاوشێوەی خواوەند ’توخێ Túkhē‘ خواوەندی بەخت، یان خواوەند ’نایکە Nike‘ خواوەندی سەرکەوتنە.[118] هەموو

---

لەناوبردووە، پەرستگاکەی لەم شوێنە بنیاتناوە، ئەم بەردە لە نزیک گەنجینەیی بونیات دۆزراوەتەوە، کە دەکەوێتە بەشی باشووری پەرستگای زیوس لە دێلفی.

113 Curtis, Religious Iconography on Ancient Iranian Coins, *Religion*, British Museum, London, 2007, p. 418.

114 Rezakhani, op. *cit.*, p. 3.

115 ئەم زاراوەیە یۆنانییە، مەبەستی لەوەیە ئەو کەسەی یۆنانی خۆشدەوێت.

116 Curtis, Parthian Coins, *op. cit.*, p. 69.

117 Fabian, *op. cit*., p. 220.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەکارهێنانی ئایکۆنۆگرافیاکانی سەر سکەکان لە سەردەمی ئەرشاکی یەکەم تا میهردادی دووەم بڕوانە:

Dąbrowa, E., 2008, “The Political Propaganda of the First Arsacds and its Targets (From Arsaces I to Mithradates II)” *Parthica*, ed. Antonio Invernizzi, vol. 10, Pisa-Roma.

118 Curtis, The Iranian ..., *op. cit*., p. 16.

گۆڕانکاریانەی لەسەر وێنەی سکەکان دەبیندرێت ئەوەمان بۆ دەردەخات ڕەوشی سیاسی پەرەی سەندووە لە نیمچە پاشکۆیەتی بۆ نیمچە سەربەخۆیی.



وێنەی ٥ تێترادراخمی ئەردەوانی دووەم وەرگیراوە لە

Curtis, V. S., The Iranian..., *op. cit.*, p. 17.

**جلوبەرگ:**

جلوبەرگی پادشاکانی ئەشکانی بەڵگەی زیاتری بوژانەوەی قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکان دەردەخات لەو ماوەیەدا.[١١٩] لە ڕێگای سکەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن جلوبەرگی بەناو بانگی ئەشکانی 'پانتۆڵ- چاکەت Trouser- Suit'[١٢٠] لە لایەن خودی پادشاوە لەبەرکراوە، هەرچەندە لە سەرەتادا لە ڕووی پێشەوەی سکەکان پادشاکان بە جلوبەرگی هێلێنیستی دەردەکەوتن.[١٢١] لە ڕووی پشتەوەی سکەکە هەر لەسەرەتاوە تیرهاوێژەکە بە جلوبەرگی 'پانتۆڵ- تەنورە - Trous Tunic'[١٢٢] دەردەکەوێت، لەسەردەمی ئەرشاکی یەکەم و دووەم هەتا میهردادی یەکەم ئەم جۆرە جلوبەرگەیان دەپۆشی.[١٢٣] بەڵام لەسەردەمی ئەردەوانی یەکەم لە دەوروبەری ساڵی ١٢٧-١٢٤پ. ز. ئەم شێوازی جلوبەرگە گۆڕاوە بۆ شێوازی 'چاکەتی ئێخە حەوت v-necked jacket'[١٢٤]ئەم

---

[119] Curtis, The Iranian Revival ..., *op. cit*., p. 15.

[١٢٠] مەبەست لەم شێوازە جلێکی سەرەوەیە چاکەتێک یان تونێکی تەنکی پشتێندارە و قۆڵی درێژە و لەگەڵ پانتۆڵێکی درێژ دەپۆشکرا (وەکو عەزییە و پانتۆڵی سەردەمی ئێستا).

[121] Curtis, V. S., "The Parthian Costume and Headdress", *Das Partherreich Und Seine Zeugnisse*, ed., Josef Wiesehöfer, 122, Franz Steiner Verlag Stuttgart, 1998, p. 61.

[١٢٢] ئەم جۆرە جلوبەرگەش بەشێک بوو لە جلوبەرگی ئەشکانییەکان مەبەستی کراسێکی بێ قۆڵی تەنکی درێژە. لەسەردەمی سەرەتای ئەشکانییەکان دەپۆشرا کە لە جلوبەرگی کۆچەرییەکان سەرچاوەیی گرتبوو. کە پێشتر ئەم جۆرە جلوبەرگە لەلایەن مادەکانەوە دەپۆشرا.

[Clothing in Parthia: kandys – chlamys – tunic and trousers, Kandys, Chlamys - The Parthians: The Forgotten Empire (ebrary.net)](#), (**Accessed**: 25\7\2022, 2:00 PM.).

[123] Curtis, The Iranian Revival ..., *op. cit*., p. 15.

[١٢٤] ئەم جۆرە جلوبەرگەش شێوازێکی تایبەتی ئەشکانییەکانە، کراسێکی شێوە چاکەتە کە دوولایەکانی پێشەوەی دەکەونە سەریەکتری یەخەکەی شێوەیەکی حەوتی پێکدێنێت، بە پشتێنەیەک دەبەستریت، لەگەڵ شەرواڵدا دەپۆشرا.
بۆ زانیاری زیاتر لەسەر جلوبەرگی ئەشکانی **بڕوانە**:
رضا افهمی، فریناز فربود، لیدا فتحی، "طراحي پوشاک ایران در دوران اشکانیان( پارتیان)، (مطالعه بر روي الگو، برش و دوخت لباس ها )"، نگره *فصلنامه علمی-پژوهشی*، ش. ١٧، ١٣٩٠.

جۆرە جلوبەرگە بەتەواوی لە پەیکەرە برۆنزیەکەیی 'شامی'[١٢٥] دەبیندرێت (وێنەی ٦).[١٢٦] لە هاتراش زۆر نمـوونەی هـونەری ئەشـکانی دۆزراونەتەوە، زۆرێـک لە پەیکەرەکـان پۆشـینی جلـوبەرگی رۆژهەڵاتـی و شـێوازی قژی نـاوچەیی نیشـان دەدات، خشـڵ و زیـو پێگەی کۆمەڵایەتی کەسـەکان دەردەخـات، بۆیە دەوڵەمەنـدەکان هەندێک جـار جلـوبەرگی ئاوریشـم بە خشـڵ و پڵ پڵەی زێڕین ڕازەوەیـان دەپۆشـی، ئەو پۆشـاکانەی کە بـۆ دەوڵەمەنـدەکان دروسـتیان کـردوون، شـریتی زێڕ و زیویان لە دروستکردنی پۆشاکەکەدا بەکار هێناوە.[١٢٧]



وێنەی ٦ پەیکەرە برۆنزییەکەی شامی بە جلوبەرگی ئەشکانییەوە وەرگیراوە لە

Invernizzi A., Parthian Art – Arsacid Art, *op. cit.*, p. 192

---

[١٢٥] پەیکەری برۆنزی' شامی' کە خانەدانێکی ئەشکانییە، شەش پێ بەرزە وردەکاری جلوبەرگی ئەشکانیەکان نیشـان دەدات. لە شـامی لە خوزسـتانی ئێسـتا لە سـاڵی ١٩٣٥ دۆزراوەتەوە ئێسـتا لە مۆزەخـانەی ئێرانـی باسـتانە، پەیکەرەکەی شامی هەر لە ناوی شوێنەکەوە ناونراوە، مێژووی پەیکەرە برۆنزیەکەی شـامی بۆچونی جیاوازی لە سەرە، بەڵام بە ئەگەرێکی زۆرەوە بۆ سەردەمی یەکەمی زاینی دەگەڕێتەوە. بڕوانە:

Kawami, T. S., “ShamiStatue”, *EncyclopaediaIranica*,http://www.iranicaonline.org/articles/shami-statue, (**Accessed**: 5\7\2022, 12:30 AM.).

[126] Parthian tunic and trousers - The Parthians: The Forgotten Empire (ebrary.net) .(**Accessed:** 24\7\2022, 4:30 PM.).

[127] Burgan, *op. cit.*, p. 117.

لە سـەردەمی ئەشـکانییەکاندا دووجـۆر لە سەربەسـت (تـاج/کڵاو) هەبـووە، هەمیشـە لە ڕووی پێشـەوەی سـکەکان وێنـەی سـەری پادشـا نیشـان دەدات کە سەربەسـتێک 'دیـادێم diadem'[١٢٨]ی لەسـەری بەسـتووە لە دواوە گرێـی داوە، یـان 'تیـارا tiara'ی شـاهانەی ئێرانـی لەسـەر کـردووە و سەربەستی لەسەر کڵاوەکە بەستووە.[١٢٩] سکەکانی سەرەتا ئەرشـاکی یەکەم کڵاوێکی لەسـەر بـوو، زۆر لە سـەرپێچ (کـڵاوی) سـاتراپەکانی هاخامەنشـی دەچـوو، لەسـەر شـێوەی هاخامەنشـی یـان هێلێنیستی بوون، ئەم کڵاوە هەمیشە لەگەڵ سەرپێچ بەسترابوو (**بڕوانە:** وێنەی ٣).[١٣٠] لە سـکەکانی میهردادی دووەم جۆرێک لە کڵاو دەردەکەوێت، کە لێوار و ناوەڕاسـتی کڵاوەکە بە وێنە و هێمـای ئەسـتێرە و مـرواری ڕازێندراوەتەوە و سـەرپێچێک بە دەووریدا بەسـتراوە (وێنەی ٧)، ئەم جـۆرە کـڵاوە لە دواتـردا دەبێـتە تایبەتمەنـدییەکی ئەشـکانی تـا کۆتـایی سـەردەمی ئەشـکانی لە لایەن پادشـاکانەوە بەکارهـاتووە، تەنـانەت ئەردەشـێری ساسـانی لەسـەر سـکەکان ئەم جـۆرە کـڵاوەی ئەشکانییەکانی بەکار هێناوە.[١٣١]



وێنەی ٧ دراخمی میهردادی دووەم وەرگیراوە لە

Magub, A., *op. cit.*, p. 334.

**<u>پەیکەرسازی:</u>** ئەشکانییەکان لە سەرەتادا لە ژێر کاریگەریی هونەری هێلێنیستیدا بوون، بە تایبەت ئەو پەیکەرە گڵێنەییانەی لە هۆڵی بازنەیی و هۆڵی چوارگۆشـەیی قەڵای نایسـادا دۆزراونەتەوە بە تەواوی هونەری هێلێنیستی نیشان دەدەن، بە شێک لە پەیکەرەکانی هۆڵی چوارگۆشە بە جلوبەرگی ئەشکانییەوە، بەشێکی تریان بە جلوبەرگی یۆنـانییەوە دەردەکەون.[١٣٢] دۆزینەوەی دوو پەیکەری لە مەڕمەڕ دروسـتکراو ئەوەمـان نیشـاندەدات کە ئەمـانە بە تەواوی هـونەری هێلێنیسـتین و لە لایەن

---

[١٢٨]جۆرێکە لەسەر بەست، کە پادشایانی ئەشکانی لە ناوچەوانیان دەبەست. لە کۆندا سەربەست وەکو نیشـانەیەکی ئـازادی بەکارهـاتووە، لەکاتێکدا کۆیلەکـان نەیـان دەتـوانی سەربەسـت ببەسـتن، چـونکە ئـازاد نەبـوون. بۆزانیـاریی ووردتر دەربارى مەبەست و بەکارهێنانی ناوی سەربەست بڕوانە: ئەحمەد، ک.، سەربەست پێشمەرگەیە، نێزەکەی دەمەزەرد دەکاتەوە!، گۆڤاری بابان، ژ. ٢٣ (٢٠١٧) ، ل. ٣-٤.

[129] Curtis, ‹The Parthian Costume and Headdress, *op. cit.*, p. 61.

[130] Olbrycht, M., J., *Parthian King's Tiara- Numismatic Evidence And Some Aspects of Arsacid Political Ideology*, Notae Numismatic, Zapiski Numizmatyczne, tom 2, Karakow, 1997, p. 29.

[131] Curtis, The Iranian ..., *op. cit.*, p. 15.

[132] Downey S. B., "Art in Iran iv. Parthian Art" *Encyclopædia Iranica*, ART IN IRAN iv. PARTHIAN Art – Encyclopaedia Iranica (iranicaonline.org), 2011, (**Accessed**: 20\10\2021. 2:15 PM.).

هونەرمەندانی یۆنـانی دروسـتکراون، مێژووەکەشـیان بـۆ سـەدەی ٢پ. ز. دەگەڕێنەوە، لەو کـاتەدا بـووە کە هـونەری هێلێنیسـتی گەشەسـەندنێکی زۆری بە خـۆیەوە بینیـوە، پەیـکەری خواوەنـد لە مەرمەڕ دروسـتکراوەکانیش نـوێنەرایەتی خواوەنـدەکانی یۆنـانی دەکەن (وێـنەی ٨).[١٣٣] یەکێـک لە دۆزراوە هەرە گرنگەکـانی نایسـا گەنجینەیەکی لە عـاج دروسـتکراو بـوو، مێژووەکەی بۆ سـەدەی ٢پ. ز. دەگەڕێتەوە.[١٣٤] لە نیـو ئەوانە ژمـارەیەک ڕایتـۆنن چەنـد کەلتـورێکی جیـاواز نیشـاندەدەن، پەیکەرەکـانی بەشـی سـەرەوەی ڕایتـۆنەکە شـێوازێکی تەواو یۆنـانیین، لەسـەر بنەمـای هـونەری هێلێنیستیە، بەشێک لەو ئاژەڵە ئەفسانەییانەی لە بەشی کۆتایی ڕایتۆنەکە دروسـتکراون شـێوازێکی هاخامەنشـیین، وەک 'شـێری قۆچدار' (وێنەی ٩).[١٣٥] پەیکەرە دۆزراوەکـانی شـاری هـاتراش زیـاتر خـانەدانی نـاوخۆی نیشـان دەدات کە جلـوبەرگ و شـێوازی قژیـان تـایبەت بـووە بە ئەشـکانییەکان، پەیکەرەکـان نمـوونەیەکی پێشـکەوتوومان لە بەرهەمهێنانـدا نیشـاندەدان، کە بابەتەکانیـان زۆر بە ڕوونـی لەسـەر پەیـکەرە بەردینەییەکانـدا دەردەکەون.[١٣٦] لەگەڵ ئەمانەشـدا چەنـدین پەیـکەری نێـر دۆزراونەتەوە کە پانتۆڵ و کراسێکی تا سـەر ئەژنۆ و پێڵاویـان لەپێدایە کە ڕووەوڕوو وێنەکراون ئەم شێوەیە بە هونەرێکی تەواو ئەشکانی دادەنرێت (وێنەی ١٠).[١٣٧]

لە 'تیراکۆتـا Teracotta'[١٣٨] هەمـان ئەو جیـاوازییە لە شـێوازی هێلێنیسـتی و ناوخۆیـدا دەبینـدرێت، ئەو تێراکۆتـانەی کە بەرهەمهێنـدراوی نـاوخۆیین لە سـلوکیە، و لە وولاتـی بابـل دۆزراونەتەوە، بە تەواوی لە ژێـر کـاریگەریی هـونەری یۆنانیـدان، ژن و پیـاو بە جلـوبەرگی یۆنـانیەوە دەردەکەون، بـابەتە خۆماڵیەکـان وەکـو تیراکۆتـای مێـینەی ڕووت بە شـێوازێکی هێلێنیسـتی کـراون، لە ڕێگـای بەکارهێنـانی دووقـالبەوە دروسـتکراون (وێـنەی ١١).[١٣٩] و لە تـابوتەکەی قەسـری شــەماموک لە کوردسـتانی باشـور وێـنەی پەیـکەری مێـینەی ڕووت نەخشـێنراوە، کەواتە پەیکەرەکـان لە نـاو گۆڕەکانیشدا گرنگی تایبەتی هەبووە گرنگییەکەشی زیاتر بە هۆی کاریگەری ئایینی بووە.

---

[133] Invernizzi A., Parthian Art – Arsacid Art. In: *Topoi*, vol. 17/1, 2011, p. 195.

[134] Schilumberger, *op.* cit., p. 1040- 1041.

[135] Downey, *op. cit.*, (**Accessed**: 20\10\2021. 2:15 PM.).

[136] Burgan, *op. cit.*, p. 117.

[137] Hauser, The Arsacid (Parthian) Empire..., *op. cit.*, 2012, p. 1018.

[١٣٨] Teracotta پەیـکەری گڵێنەیـی: مەبەسـت لە پەیـکەری بچـوکی گڵێنەیـیە، کە چەنـدین دیـمەن و بـابەتی جۆراوجۆری لەخۆ دەگرێت، بە نیگاری دەرتۆقیو لە ڕێگای قاڵبەوە دروستدەکران.

[139] *Ibid*. p. 1019.





وێنەی ٨ پەیکەرە مەرمەڕەکانی نایسا وەرگیراوە لە:        وێنەی ٩ ڕایتۆن لە نایسا وەرگیراوە لە

Invernizzi, A., Parthian Art ..., *op. cit.*, p.195; 205.





وێنەی ١٠ پەیکەری شاری هەترا بە جلوبەرگی ئەشکانییەوە    وێنەی ١١ پەیکەری مێینەی ڕووت لە بابل.

. Curtis, J. E., Loftu's Prthian ..., *op. cit.*, p.312.        *Ibid*. p. 192.

## نەخشی هەڵکۆڵدراوی سەر ڕووی چیا:

لە کوردستانی باشوور چەند هەڵکۆڵدراوێکی سەردەمی ئەشکانیمان هەن تەنها بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەین. لەوانە هەڵکۆڵدراوی میرقوڵی کە دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی سلێمانی-دوکان بەدیاریکراوی دەکەوێتە چیای پیرەمەگرون، وە هەڵکۆڵدراوی ڕەبەنەش دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای هەڵکۆڵدراوەکەی میرقوڵی بە دووری ٤کم لە ڕۆژهەڵاتی گوندی 'قەرەچەتان'ەوەیە، بە پێی بەراوردکاری و جلوبەرگیان ئەم هەڵکۆڵدراوانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان بۆ ساڵی ١٤٨پ. ز.-٢٢٦ز. کە دوو فەرمانڕەوای ئەشکانین[١٤٠] یان دوو فەرمانڕەوای شانشینی ئەدیابینەن [١٤١] (وێنەی ١٢)، دووریش نییە فەرمانڕەوای ناوچەی سلێمانی سەردەمی ئەشکانی بووبێتن.



وێنەی ١٢ نەخسی هەڵکۆڵدراوی میر قوڵی، ڕەبەنە وەرگیراوە لە

زاموا، د.، ئامیدي، أ. ٢٠١١، *مصدر نفسة*، ض. ٢٣١؛ ٢٣٤.

---

[١٤٠] زاموا، د.، ئامیدي، أ. ٢٠١١، "منحوتي میرقولی و ربەنە في جبل پیرەمەگروون( دراسة تحلیلة – مقارنة)"، *سۆبارتو ،٥-٤*، هەولێر، ص. ٢٣٠؛ ٢٣٣؛ ٢٣٦.

[١٤١] مصدر نفسة، ص. ٢٣٦.

بۆ زانیاری زیاتریش لەم بارەیەوە بڕوانە:

Brown, M., et. al., Portraits of A Parthian King: Rock- Reliefs and the Mountain Fortresses of Rabana-Merquly in Iraqi Kurdistan, *Iraq* (2018), 80; Khounani, A., Mohammadifar, Y., Two Parthian Period Rock Reliefs From Iraqi Kurdistan, *Parthica*, vol., 20, 2018.

نەخشی هەڵکۆڵدراوی هەریر-باتاسیش دەکەوێتە نزیک گوندی ئێستای باتاس لە هەریر بە دووری ٧٤کم لە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەولێر، لەسەر بنەمای تایبەتمەندی و شێوازی جلوبەرگی، بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە، بە یەکێک لە پادشایانی ئەدیابینە دادەنرێت، بەڵام سەبارەت بە پادشاکە بۆجونی جیاواز هەیە لە نێوان پادشا ’ ئیزاتیسی دووەمIzates II یان ئەبدسیارِی Abdissari‘ یەکەم پادشای ئەدیابینە.[١٤٢] چەند هەڵکۆڵدراوێکی تری ئەشکانی لە کوردستانی باشوور دۆزراونەتەوە کە دەکەونە بناری شارۆچکەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک نزیک سنوری باکووری کوردستان، مێژووی ئەم هەڵکۆڵدراوەنەش بۆ سەردەمی ئەشکانی دەگەڕێنەوە.[١٤٣] و بۆچوونی تریش هەن سەبارەت بە مێژووی ئەم هەڵکۆڵدراوانە، دڵشاد زاموا پێی وایە ئەم پەیکەرانە پەیکەری سەرکردەی سەربازی یان جەنگاوەری سەردەمی ساسانییەکانن ئەوەش دوای بەراوردکردنیان بە وێنەی جەنگاوەرانی سەر سکەی پادشایانی ساسانی.[١٤٤]

**__وێنەکێشان:__** بە پێی ئەو پاشماوە شوێنەواریانەی دۆزراونەتەوە ئەشکانییەکان دیواری کۆشک و پەرستگاکانیان بە وێنەی سەر دیوار ڕازاندۆتەوە، هەم لە ڕووی بابەتەوە، هەم لە ڕووی پێکهاتەو شێوازی جێ بەجیکردن گەشەسەندنێکی زۆری بە خۆییەوە بینیوە.[١٤٥] لەوانە کۆشکی ’کوهی خواجە Kuh-I khwaja‘ لە ناوچەی سیستان (وێنەی ١٣).[١٤٦] لە هەڵکۆڵینەکانی دورا-یۆرۆپس ژمارەیەکی زۆر وێنەی سەر دیوا دۆزراونەتەوە، بۆ چەند سەردەمێکی جیاواز دەگەڕێنەوە، بەشێکیان لە ژێر کاریگەریی ڕۆمانەکان، بە شێکیشیان بە شێوازی خۆماڵی وێنە کراون.[١٤٧] لە مێسۆپۆتامیا دیواری کۆشکەکانیان بە گەچ دەڕازاندنەوە، لە کۆشی قەڵای یەزدەگرد گەچیان بۆ ڕازانەوەی دیوار بەکارهێناوە، بە نەخشی ڕووەکی ستایلدار لە ناو چوارچێوەیەکی بازنەیی یان چوارگۆشەدا بەکارهاتووە، بە هەمان شێوە لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەشکانییەکان لە ئاشور و

---

[١٤٢] زاموا، د.، " نەخشەی چیای هەریر – باتاس"، *سوبارتو*، ژ.٣، ٢٠٠٩، ل. ٨٥.

Marciak, *op. cit.*, p. 337-338; Grabwoski, M., "Abdissares of Adiabene and the Batas- Herir Relief", *Światowit*, ed., Franciszek M. Stępniowski, vol, IX (L)/A, Warsaw, 2012, p. 117.

[143] Bahrani, Z., et. al., the Parthian Rock Relief s and Bahdinan Gate in Amadiya\ Amedi: A PreliminaryReport from the Columbia University Mapping Mesopotamian Monuments Survey, *Iraq*, 81, (2019), p. 47; 51-60.

[١٤٤] زاموا، د.، " المنحوتات الصخرية القديمة فی مدينة (ئاميدي) العمادية، *سوبارتو*، ژ. ٢، ٢٠٠٨، ل. ١١٧.


[١٤٥] گرشاسبی، *منبع سابق*، ص.٣٤٠.

[146] Schlumberger, *op. cit.*, p. 1044.

[147] Lucinda, *op. cit.*, p. 79-80.

وەركا نەخشی سەر گەچیان بەكار هێناوە بەشێك لە ڕازاندنەوەكانیان لە هونەری یۆنانی و ڕۆمانی وەرگرتووە (وێنەی ١٤).[١٤٨]





وێنەی ١٣ ڕازانەوی دیوار بە وێنەكێشان لە كوهی خواجە. وێنەی ١٤ ڕازنەوەی دیوار بە نەخشی گەچ لە سلوكییە.

گرشاسبی، اشكان، *سەرچاوەی پێشوو*، ص. ٣٤٢ نوراللهی، ع.، معماری و شهرسازی اشكانیان در بین النهرین و سوريه، *دوفصلنامه تخصصي دانش مرمت و ميراث فرهنگي*، س. ٣، ش. ٦، پاییز و زمستان ١٣٩٤، ص. ٦٩.

**دەفری شووشەیی:** دروستكراوە شوشەكان لە سەردەمی ئەشكانییەكاندا بە زۆری لە ناو گۆڕەكاندا دۆزراونەتەوە لە 'قەسر شەمامۆك، ئاشور،هاترا، سەرقەلا و وێرا تەپە... ' زۆرجار ئەم شوشانە بە هاوردەی ڕۆمانەكان دادەنرێن یان بۆ ساسانییەكانیان دەگەڕێنەوە، ئەم شوشانە لە ناو گۆڕەكاندا زیاتر بۆ هەلگرتنی شلەمەنی وەكو عەتر، زەیت، شەراب بەكارهاتوون. بەڵام بوونی بەرهەمێكی جیاواز بەتایبەتی لەگەنی دەماردار و ئەو شوشانەیی لە ڕێگای فووتیكردن دروستكراون، لەوانە 'قاپی قول، بەلساماریەBalsamaria[١٤٩]، گۆزە، ئاوڕێژ (ئافتاو)' بە شێوازی فووتێكردنی ئازاد یان بە فووتێكردن بە ناو قاڵب دروستكراون.[١٥٠]

---

[148] Keall E. J., Architecture ii. Parthian Period, *Encyclopædia Iranica*, [ARCHITECTURE ii. Parthian Period – Encyclopaedia Iranica (iranicaonline.org)](iranicaonline.org), 2011. (**Accessed**: 22\10\2021, 12: 40 am); Downey, *op. cit.*, 2011.

[١٤٩] Balsamaria بەلسەماریا جۆرە دەفرێكی شووشەیە، سەرەتاییترین جۆرەی ئەم دەفرانە بۆ سەردەمی هێلێنیستی و ڕۆمانەكان دەگەڕێنەوە، شێوەیان بریتییە لە دەفرێكی مل درێژ و بێ دەسك، بە پشت بەستن بە جۆر و شێوەی جەستەیان بەسەر نۆ گروپدا دابەشكراون. زیاتر لە ناو گۆڕەكاندا دۆزراونەتەوە، بەڵام پرسی بەكارهێنانیان لە ناو گۆڕەكاندا ڕوونەكراوەتەوە، زیاتریش بۆ هەڵگرتنی زەیت بەكاریان هێناوە، لە دواتردا بەلسەماریا شوێنی دەفری سیرامیكی گرتەوە، چونكە شووشە باشتر تایبەتمەندی زەیتەكان دەپارێزێت.
Nikolić, S., Raičković, A., Ceramic Balsamaria- Bottles: the Example of Viminacium**,** *Starinar*, ed., Slaviša Perić, vol., LVI\2006, Belgrade, 2008, p. 327; [Balsamaria and glass bottle. 1st – 2nd century (nmiu.org), (](nmiu.org)**Accessed:** 25\7\2022, 9: 00 PM.).

**مۆر:** لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا، مۆرە ڕووتەختەکانیان زیاتر لە شێوەی تەشیلەیی یان نیمچە گۆیی دروست دەکران، مۆرەکانیان لە بەردی بەنرخ دروست دەکرد کە بە دیمەنی جۆراو جۆر دەڕازێنرانەوە، بابەتەکانیان وەکو دیمەنی (مرۆڤی، ئاژەڵی، ئاژەڵی ئەفسانەیی، ئەندازەیی و ڕووەکی) لە خۆدەگرێت (وێنەی ١٥).[١٥١] سەبارەت بە مۆرەکانی سەردەمی ئەشکانی کێشەی بەراوردکارییان هەیە، کە بە ئاسانی ناتواندرێت لە مۆرەکانی سلوکی پێش ئەشکانیەکان یان مۆرەکانی ساسانی کە دوای ئەشکانیەکان حوکمیان کردووە جیابکرێنەوە.[١٥٢]



وێنەی ١٥ دیمەنی جۆراوجۆر لەسەر مۆری ڕووتەختی ئەشکانی وەرگیراوە لە

محمدفر, ی.، باباکمال، ی.، دولتی، م.، مهرهای اشکانی: نگرشی بر سبک هنری و کارکردن، *پژوهش های ایرانشناسي*، سال ٣، ژ. ٢، پاییس و زمستان، ١٣٩٢، ص. ١٠٠؛١٠٢؛ ١٠٣.

**گڵێنە:** بە شێوەیەکی گشتی گڵێنەی سەردەمی ئەشکانی بە گوێرەی ئەوەی لە گۆڕەکان و شوێنی تردا دۆزراونەتەوە پێشکەوتنیکی زۆری بەخۆیەوە نەبینیوە. گڵێنەکانی ئەم سەردەمە زیاتر بەشێوەی سادە دروستکراون، چونکە وەک پێداویستیەکی پڕکردنەوەی ڕۆژانە بەکاریان هێناوە، هەشیانە نەخشی لەسەرە. بەشێک لەو گڵێنانەی لە گۆڕەکاندا دۆزراونەتەوە گلجۆش (ڕوو شوشە) کراون. هونەرمەندانی ئەشکانی زیاتر لەسەر دەفرە کانزایەکان نەخشیان بەکاردەهێنا.[١٥٣] ئەشکانییەکان بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵە کووپەی گەورەیان لە قوڕ دروستدەکرد بە شێوەیەکی سادە، بە مەبەستی هەڵگرتنی ڕۆن یان شلەمەنی تر. هەندێک جاریش ئەم کووپە گەورانە بە مەبەستی مردوو ناشتن بەکارهاتوون.[١٥٤] پێشکەوتنی گڵێنە چەند جیاوازیەکی ناوچەیی ئاشکرا دەکات لە

---

[150] Huser, The Arsacid (Parthian) Empire..., *op. cit.*, 2012, p. 1017.


[١٥١] سەرفرازی، ع.، فەیروزمەندی، ب.، *دێرینە ناسی و هونەر لەسەردەمی مێژووییەکانی دەوڵەتی مادو هەخامنیشی و ئەشکانی و ساسانی*، و: وریا قانیع، چ، یەکەم، چاپخانەی شفان، ٢٠١٣،ل. ٤٨٢-٤٨٣.

[152] Huser, The Arsacid (Parthian) Empire..., *op. cit.*, 2012, p. 1017.

[١٥٣] تاج بەخش، أ.، *مێژوویەکی کورتی شارستانیەت و فەرهەنگی ئێران لەپێش ئیسلامدا*، و: وریا قانیع، چ. یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١١، سلێمانی، ل. ٣١٠.

[١٥٤] سەرفرازی، فەیروزمەندی، *سەرچاوەی پێشوو*، ٢٠١٣، ل. ٤٧٢-٤٧٣.

سوسه و سلوکیه و وولاتی بابل و کوردستان (هەولێر، کەرکوک و گەرمیان). جۆرەکانی سلوکیه لەسەر شێوازی هونەری هێلێنیستی بەردەوام بوون، بە تایبەتی شێوە ئەمفۆرەی دەسکدار[155](وێنەی ١٦) و شێوە دەفری ماسی. کە ژمارەیەکی زۆر بە ڕووشووشەی ڕەنگی شین وسەوز بەرهەم هێندراون.[156]



وێنەی ١٦ گلێنەی شێوە ئەمفۆرا وەرگیراوە لە

Twede, D., *op. cit.*, p. 103.

**زمان ونووسین:** لە سەردەمانی حوکمڕانی ئەشکانییەکان زمانی یۆنانی یەکێک بووە لەزمانە باوەکان، لەسەر زۆربەی سکەکان خەتی یۆنانی بەرچاو دەکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا لەو سەردەمەدا خەتی ئارامی زیاتر بەکار هاتووە نەک خەتی مێخی، هەرچەندە لەو ڕۆژگارەدا خەتی مێخی بە تەواوی لە ناو نەچوو بوو، چونکە لە وڵاتی بابل چەندین تابلێت دۆزراونەتەوە کە هی سەردەمی ئەشکانین، بە خەتی مێخی نوسراون.[157] وە زمانی پەهلەویی ئەشکانی زۆر پەرەی سەند کە زمانی دانیشتوانی باکووری ئێرانە لە ڕۆژهەلاتەوە تا ڕۆژئاوا، بە میدیاشەوە، لە نوسینەکاندا هەر وەک زمانی فارسی ناوەڕاست بە خەتی ئارامی دەنوسرا (وێنەی ١٧).[158] ئەو سکانەشی کە لە گۆڕەکانی سەرقەڵا دۆزراونەتەوە بە هەمان شێوە نوسینی یۆنانی و پەهلەوی ئەشکانی لەسەرە. و چەند

---

[155]ئەمفۆرە، مەبەستی ئەو گۆزە گلێنەییە کە دوو دەسکی هەیە، لە کۆندا بۆ هەڵگرتنی شەڕاب و زەیت، شیر و دانەوێڵە بەکارهاتوون. بۆیەکەمجار لە کەنارەکانی فینیقیا سەریهەڵداوە، یۆنانییەکان و ڕۆمانەکان ئەم جۆرە گلێنەیان لە ڕۆژهەلاتی دەریای ناوەڕاست بەکارهێناوە، بەلام وشەی ئەمفۆرا لە وشەی یۆنانی amphi-phoreu سەرچاوەی گرتووە بە واتای " لە هەردوو لا هەڵگیراوە". ئەمفۆرا بەگشتی شێوەی مل درێژو و کورتی هەیە کە دوو دەسکی ڕاست پێوەیە بنکەکەی نووکدارە. ڕۆمانەکان بە مەبەستی گواستنەوەی شلەمەنی بۆ شوێنی دوور لە ڕێگای دەریایی یان وشکانی بەکاریان دەهێنا. بۆ ووردەکاری زیاتر بڕوانە:

Libbie, Aggran, Amphora: Earliest Pottery Vessels | Wine History Project of San Luis Obispo County, 2021, (**Accessed**: 25\7\2022, 12:00 PM.); Twede, D., Commercial Amphoras: the Earliest Consumer Packages, in *Journal of Macromarketing*, vol. 22 No. 1, 2002.

[156] Hauser, *op. cit*., p. 1018.

[157] تاج بەخش، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٣٢٧.

[158] غلامی، ک.، *سکهای آشکانی*، تهران، پازینه، ١٣٩٢، ص. ٢٥.

بەڵگەیەک لە نایسا دۆزراوەتەوە کە سوودیان لە زمانی ئەشکانی و خەتی ئارامی وەرگرتووە بۆ نووسین، هەرچەندە بە دەقی ئارامی دەنوسران، بەڵام بەزمانی پەهلەویی ئەشکانی دەخوێندرانەوە، لەسەدەی یەکەمی ز. زمانی یۆنانی لەسەر سکەکانی ئەشکانی نەما، لە کاروباری دەوڵەتدا خەتی پەهلەویی ئەشکانیان بەکارهێناوە، ئەمەش بەپێی ئەو پاشماوە شوێنەوارییانەی لە ناوچەی هەورامان و دورا- یۆرۆپس و سوسە دۆزراونەتەوە کە بەو زمانە نوسراون[١٥٩] فەرمانڕەواکانی ئەشکانی و پیاو ماقوڵانیان زمانی یۆنانییان بەکاردەهێنا، بەڵام ڕەمەی ئەشکانییەکان بۆ ئەدەبیاتەکەیان زیاتر پشتیان بە چیرۆک و شێعر و گێڕانەوەکان بەستووە.[١٦٠] لەسەردەمی ئەشکانیدا ئەدەبیات بە شێوەی زارەکی پارێزراوە، چیرۆک و گێڕانەوەی ئەفسانەکان لە لایەن کۆمەڵێک کەس دەوترایەوە کە بە 'گۆسان Gosan' ناودەبران. مێژوونووسان زۆر دەربارەی گۆسانەکان نازانن، بەڵام چیرۆکەکان بە ئەگەری زۆرەوە نەوە دوای نەوە بە شێوەیەکی پشتاوپشت گواستراوەنەتەوە.[١٦١]



وێنەی ١٧ أ نووسراوی ئەرتەبانۆسی دووەم بە زمانی یۆنانی لە سوسە.

Gregoratti, L., the Arsacid Empire, *op. cit.*, p. 143.



وێنەی ١٧ ب نووسراو بە زمانی پەهلەوی ئەشکانی لە هەورامان

Kiani, M., The Aspects of Iranian Art in the Parthian Period, World Applied Sciences Journal 18 (8), 2012, p. 1117

---

[١٥٩] سەرفرازی، فەیروزمەندی، *سەرچاوەی پیشوو*، ل. ٤٣٧-٤٣٨.

[160] Burgan, *op. cit*., p. 117.

[١٦١] محمدی فر، ی.، *باستان و شناسی هنر اشکانی*، تهران، ١٣٩٧، ص. ٦١.

# تــەوەرەی ســێیـەم

## بیرۆباوەڕی ئایینی و شێوازی ناشتنی مردوو لە سەردەمی ئەشکانی

## تـــەوەرەی سێیەم

## بیروباوەڕی ئایینی و شێوازی ناشتن لە سەردەمی ئەشکانییەکان

### بیروباوەڕی ئایینی:

بیرو باوەڕی ئایینی لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا جۆراو جۆر بووە، بەڵام سەبارەت بە ئایینی ڕەسەنی خۆیان هیچ تۆمارێکی مێژووییان جێ نەهێشتووە، تا لەو ڕێگایەوە بتوانین شارەزای داب و نەریت و کلتووریان ببین، بە تایبەتیش مەسەلەی مردن و گۆڕ و بابەتە پەیوەندیدارەکانی، بەڵام لەگەڵ ڕامالینی دەسەلاتی سلوکییەکان، ئەشکانییەکان ڕێگەیان بە مانەوەی داب و نەریتی یۆنانی داوە، بە گشتی لەسەردەمی ئەشکانییەکاندا چەند بیرو باوەڕی ئایینی هەبوون ئەوانیش، ئایینی میثرایی، ئایینی زەردەشتی و ئایینی یۆنانی، ئاینی جو و مەسیحی بوون.

لە دوای داگیرکارییەکانی ئەسکەندەر هەرچەندە کاریگەریی ئایینی هێلێنیستی لە ناوخۆی ئێران کەمتر دیاربوو، بەڵام بوو بە بەشێکی دانەبڕاو لە ئایینی ئێرانی.[١٦٢] ئەشکانییەکان دووبارە هانی لە دایکبوونەوەی هۆشیاری ئایینی ئێرانی بە زاری نەتەوەیی، زمانەوانی و کەلتوری و بارودۆخی نیشتیمانی داوە. ئەمەش بە تەنیا گەڕانەوەی نەریتە کۆنەکانی ئایینی زەردەشتی نەبوو، بەڵکو پەیوەندی ئایینە ڕەسەنەکانی لەگەڵ ئایینە نامۆکان بردە قۆناغێکی نوێوە.[١٦٣] دەتوانین بڵێین ئایینی ئێرانی لەم ماوەیەدا بۆ سێ قۆناغ دابەشبووە. ڕەنگە لەسەرەتادا ئایینی زەردەشتی ملکەچی دەسەلاتی یۆنان- مەکەدۆنی بووبێت، بۆ نمونە لە سوسا کە پایتەختێکی کۆنی هاخامەنشییەکانە ئاهورامزدا ئاینێکی خۆجێی نەبووە، سکەکانی سلوکی و ئەشکانی لەوکاتەدا نوێنەرایەتی هیچ خواوەندێکی ئایینی ئێرانیان نەکردووە، هێلینزم تەنیا گرنگی بە تاکە ئایینێکی ناوخۆیی داوە ئەویش ئایینی عیلامی بوو نەک ئایینی ئاریایی ئێرانی.[١٦٤] قۆناغێکی تر لە مێژووی ئێراندا لەو سەردەمە خوایەکانی ئێران و خوایەکانی یۆنانییان بەیەک چواندووە، لە ژێر ناوی جیاوازدا پەرستوویانن وەکو خوایەکی تاک (زیۆوس بە ئاهورامەزدا، ئاپۆلۆ بە میثرا، ئەثینا بە ئاناهیتا). وە خواوەندەکانی بابلیان بە خواوەندەکانی ئێران هاوسەنگ کردووە، (بێل (مەردووک) بە ئاهورامەزدا، شەمش بە میثرا، ئیشتار بە ئاناهیتا).[١٦٥] لە قۆناغی سێیەمدا ئەشکانییەکان دانیان بە ئایینی زەردەشتیدا ناوە. بە

---

[162] Colpe, C., Development of Religious Thought, *The Cambridge History of Iran*, ed., Ehsan Yarshater, New York, vol. 3, Part 2, 2008, p. 819.

[163] *Ibid*, p. 820.

[164] Duchesne-Guillemin, J., "Zoroastrian Religion" *The Cambridge History of Iran*, ed., Ehsan Yarshater, New York, vol. 3, Part 2, p.866.

[١٦٥] کریستینسین، ئا.، *ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان*، و. سەلاحەدین ئاشتی، سلێمانی، چاپخانەی شڤان، بنکەی ژین، ٢٠٠٦، ل. ٤٢.

گوێرەی زانیاریەکانی (دێنکەرد DĒNKARD)[١٦٦] لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پادشا ڤەلاخش بە ووردی دەستکرا بە سەرلەنوێ کۆکردنەوە و نووسینەوەی ئەو بەشانەی ئاڤێستا و زەند کە ماونەتەوە وە ئەوانەشی کە دەماودەم دەگێڕدرانەوە.[١٦٧] بەڵام دڵنیانین لە سەردەمی کام ڤەلاخش دا بووە، ڤەلاخشی یەکەم کە زمانی ئارامی لەسەر سکەکانی بەکارهێناوە، یان ڤەلاخشی چوارەم کە لە پشتی سکەکان وێنەی ئاتاشگەی کردووە.[١٦٨] لە بەڵگەنامەکانی نایساشدا بۆمان دەردەکەوێت ئەشکانییەکان ڕۆژمێری زەردەشتییان شان بەشانی ساڵنامەی سلوکی بەکارهێناوە، وە بە پێی بەڵگەنامەکانی هەورامانیش ئەشکانییەکان داب و نەریتی زەردەشتیان لە هاوسەرگیری خوشک و برا جێبەجێ کردوە.[١٦٩] پەروانە پورشەریەتی پێی وایە کە سەرەڕای جێبەجێ کردنی نەریتی زەردەشتی لەلایەن بەشێک لە خانەدانانی ئەشکانییەکانەوە، بەڵام هەندێک بەڵگە نوێ هەن کە دووبارە هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە، و ئەوە دەخەنە ڕوو کە ئایینی میثرایی بەربڵاوترین ڕەوتی پەرستن بووە لە ناوچە بنەڕەتییەکانی ئەشکانیدا.[١٧٠] لە سەرەتاشدا تاوەکو چوونیان بۆ ناو خاکی پارثی هیچ شتێک دەربارەی ئایینی ئەشکانییەکان نەزانراوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ماوە درێژەی دەسەڵاتیان، بەڵگەکانیان سەبارەت بە ئایینەکەیان کەم ماونەتەوە. لایەنی ئایینی ئەشکانییەکان هەروەک لایەنی مێژوویی و هونەری زانیاری زۆری لەسەر نییە.[١٧١] ئەشکانییەکان لەو کاتە کۆنەی کە هێشتا لە ڕۆژهەڵات بوون ئایینێکی دەسنیشانکراویان نەبوو، لەو ڕۆژگارەدا خۆر و مانگ و ئەستێرەیان دەپەرست، لەگەڵ پارثی زەردەشتی تێکەڵ بوون ستایشی ئاهورامەزدایان کردووە، بە تێکەڵ بوونیان لەگەڵ یۆنانییەکان و سلوکییەکان هەموو جۆرە خوایەکانیان پەرستووە.[١٧٢]

---

[١٦٦] دێن کەرد/ دێن کەرت: یەکێک لە کتێبە ئایینییە گرنگییەکانی ئایینی زەردەشتییە و هەندێک بە "ئینسکلۆپیدیای مەزدیەسنا"ی دەناسێنن. بە مانای "کردەوەکانی ئایینی" دێت، بە زمانی پەهلەویی نووسراوە، کورتەیەکە لە زانستی سەدەی دەیەم لە بارەیی ئایینی مەزدەیی. سەر نووسەرەکەی 'ئادورباد ئیمەدان Ādurbād Ēmēdān'ە، کتێبەکە گەورەیە و لە چەند بەشێک پێک هاتووە. ئەوەی کە ئێستا لێی ماوەتەوە، ١٦٩،٠٠٠ وشە لە خۆی دەگرێت. ناونیشانی وەشانی کۆتایی بە ناوی "دینکاردی هەزار بابەتی" ناونرا. بۆ زانیاریی وورد تر بڕوانە:

Gignoux, P., Dēnkard, *Encyclopaedia Iranica*, [DĒNKARD – Encyclopaedia Iranica (iranicaonline.org)](), (**Accessed**: 30\7\2022, 12: 45 AM.).

[167] Duchesne-Guillemin, *op. cit.*, p. 867.

[168] *Ibid.*

[169] Boyce, M., "Arsacids iv Arsacid Religion", *Encyclopaedia Iranica*, http://www.iranicaonline.org/articles/arsacids-iv, (**Accessed**: 26\7\2022, 6: 30 PM.).

[170] Pourshariati, *op. cit.*, p. 359.

[171] Boyce, *op. cit.*

[١٧٢] تاج بەخش، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٢٩٢.

Mohammadifar, Y., Sarraf, M., R., A Glance At Burial Rites In Pithos of Arsacids era Located in Western Region of Central Zagros (Marivan), *J., Humanities*, vol. (13) 3, 2006, p. 53.

لەسەردەمی ئەشکانییەکاندا هەریەک لە ' میثرا[١٧٣] و ئاناهیتا[١٧٤] ' دەپەرستران، کە دوو پەرستراوی کۆنی سەردەمی هاخامەنشی بوون.[١٧٥]جولەکەکان لەسەردەمی ئاشوری نوێدا کاتێک دەوڵەتەکەیان ڕووخێنرا ژمارەیەکی زۆریان ڕاگوێستران بۆ کوردستان لەو ڕێگایەوە ئایینی جولەکە لە ناو زاگرۆسدا دەرکەوت.[١٧٦] لە ڕۆژئاوا لە دوای جولەکە ئایینی مەسیحیەت پەرەی سەندوو کەسانی زۆر باوەڕیان پێی هێنا.[١٧٧] لە ڕۆژهەڵاتیش ڕووبەڕووی ئایینی بوودایی بوونەوە.[١٧٨] بەم شێوەیە بیرو باوەڕی ئاینییان جۆراو جۆربوو، ئازادیی ئایینی بە شێوەیەکی گشتی لە ئارادابوو.[١٧٩] کۆمەڵێک ئاینی نائێرانیش کاریگەریان لەسەرنەریتی ئێرانی هەیە لەوانە ئایینی (هیندی و یۆنانی و، ئایینەکانی مێسۆپۆتامیا).[١٨٠] یەکێک لە سیفەتە جوانەکانی ئەشکانییەکان نەبوونی دەمارگیریی ئایینی بوو، هەڵگرانی بیرو باوەڕی جۆراوجۆر، بەبێ ئەوەی لە ژێرگوشاردابن، لە ئەنجامدانی داب و نەریتی خۆیان ئازاد بوون، وەک لەسەر سکەی ئەشکانییەکان وێنەی خواوەندەکانی یۆنانی دەبینین، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ڕێزیان لە خواوەندە یۆنانییەکان گرتووە.[١٨١] یەکێک لەو هۆکارانەی وایکردووە توێژەران بڕوایان بە ئازادیی ئایینی هەبووە لەو سەردەمە، بوونی شێوازی جۆراو جۆری ناشتنە.

---

[١٧٣]میثرا خواوەندی خۆر بوو، لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کۆندا، بە تایبەت کوردستانی دێرین، خواوەندێکی زۆ گرنگ بووە وە ئایینی میثرایی لەسەر پەرستنی ئەم خواوەندە بنیات نراوە، لە دواتردا ناوەکە بووە بە میهر. بڕوانە: پەراوێزی ژ. ١ (کۆزاد ئەحمەد) لە زەکی، محمد ئەمین، خولاصەیەکی کورد و کوردستان، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٩٢.

[١٧٤] ئاناهیتا خواوەندی ئاو و زۆری و بە پیت و هاوسەرگیری و خۆشەویستی و منداڵبوون و سەرکەوتن بووە. هەر لە دێر زەمانەوە لە ئێرانی کۆندا ستایشکراوە. پەرستنی ئاناهیتا لە ژێر کاریگەریی پەرستنی خواوەند ئیشتاردا بووە، وە لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران پەرەستگای بۆ دروستکراوە، یەکێک لە گرنگترین پەرستگاکانی پەرستگای ئاناهیتا لە کانگاوەر. بڕوانە: خیز، أ.، *گور خمره های ایران*، چ. ١، سمیرا، تهران، ١٣٨٤، ص. ٢٧-٢٨.

[١٧٥] سەرفرازی، فەیروزمەندی، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٤٣٠.

[١٧٦] غەفوری، ڕ. ق.،"شاژن هێلینا ئەستێرەی درەوشاوەی مێژووی ئەربیلا و ئەدیابین"، *سوبارتو* ٨، (٢٠١٤)، ل. ٣٣.

[١٧٧]محمدی فر، *سەرچاوەی پێشوو*، ص. ٤٨.

[١٧٨]کالێج، م.، *ئەشکانییەکان (پارتەکان)*، و. سەلاحەددین ئاشتی، سلێمانی، بنکەی ژین، ٢٠١٠، ل. ١٤٣.

[١٧٩] تاج بەخش، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٢٩٢.

[180] Canepa, “The Parthian and Sasanian Empire”, *op. cit.*, p. 311.

[١٨١]کالێج، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٤٢.

## شێوازی ناشتنی مردوو لە لای ئەشکانییەکان:

لەگەڵ هاتنی یۆنانییەکان بۆ ئێران و دوای دامەزراندنی جێنشینەکانی ئەسکەندەر، گۆڕانکاری لە شێوازی ناشتن و دانانی کەلوپەلی مردووله گۆڕەکاندا ڕوویداوه.[١٨٢] به تایبەتی بەشی باشووری ڕۆژئاوای ئێران گۆڕانکاریەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کلتووری بەخۆیەوە بینی، لەم کاتەدا چەندین جۆری نوێی ناشتن سەریهەڵدا.[١٨٣] ئەشکانییەکان شێوازی جیاوازیان بەکارهێناوە بۆ مردوو ناشتن، ناشتنەکانیان بە شێوەیەکی تاکە کەسی یاخود خێزانی بووە، مردووەکانیان بە تابوت و بەبێ تابوت ناشتووە، یاخود لە گۆڕی بەردیندا، بەشێوەی پاڵکەوتن یان بەشێوەی چەمێنراوە دانرابوون. کۆمەڵێک کەلوپەلیان وەک دیاری لە ناو گۆڕەکە داناوە.[١٨٤] هەروەها کووپەیان بۆ ناشتن بەکارهێناوە بە تایبەتی بۆ منداڵ دەمی کووپەکەیان دادەخست.[١٨٥] بەهۆی فراوان بوونی قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکان ئەو جیاوازییە سیاسی و کلتووری و کۆمەڵایەتییانەی لەگەڵ دراوسێییەکانیان و نەریتە ڕەسەنەکانیان کە هەیان بووە، یاخود بەهۆی جیاوازی بیرو باوەڕی ئایینی لە ناو ئیمپراتۆرەکەیاندا وای کردووە شێوازی ناشتی مردوەکانیان جیاواز بێت.[١٨٦] شێوازیی ناشتن لە نەریتی زەردەشتیدا بە شێوەیەک بوو ئەبوایە ڕێگری بکات لە بەرکەوتنی توخمە پیسەکانی مردوو لەگەڵ خاک و ئاو و هەوا و ئاگر، لە ئایینی زەردەشتیدا لاشەی مردوو نابێت بسوتێنرێت و بخرێتە نا خاکەوە یان فڕێ بدرێتە ناو ئاوەوە، چونکە بەرکەوتنی لاشەی مردوو و زڕین لەگەڵ ئاو و هەوا و ئاگر و خاک کە بە توخمی پیرۆز دادەنرێن دەبێتە هۆی پیسبوونیان.[١٨٧] لە یەکێک لە دەقەکانی ئاڤێستادا هاتووە کە ئاهورامەزدا فەرمان دەکات تەرمی مردووەکان لە سەر لوتکەی چیاکان دابنرێن تا لە لایەن سەگ و باڵندەکانەوە بخورێن. پاشان ئێسکەکان کۆدەکرانەوە و دەکرانە نا ئەستۆدانە "Astodan"[١٨٨]وە.[١٨٩]

---

[١٨٢]کامبخش فرد، س. گور *خمرەهای اشکانی*، مرکز نشر دانشگهای؛ ٨٩١ مجله باستان شناسی و تاریخ ، ژ. ١، چ ١، تهران. ١٣٧٧، ص. ٤٣.

[183] Farjamirad, M., Burial Customs During the Seleuco-Parthian Period of Iran; Greek or Local Culture ?, *Cultural & Material Contacts in the Ancient Near East*, ed., E. Foietta, C. Ferrandi, E. Quirico, F. Giusto, M. Mortarini, J. Bruno, L. Somma apice, 2014, Torino, p. 129.

[١٨٤] سەرفرازی، فەیروزمەندی، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٤٣٢.

[١٨٥]کالێج، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٤٥.

[١٨٦] مازیار، سپیده،" مدیریت فضایی و سیاسی کرانه های جنوبی درۀ ارس در دورۀ اشکانی"، *آفرین نامه*؛ مقاله هایی در نکوداشت استاد مهدی رهبر، به کوشش :یوسف مرادی، چ.١، تهران، ١٣٩٨ (٢٠١٩)، ص. ٢٠٥.

[١٨٧] خیز، منبع سابق، ص. ٢٤.

[١٨٨] Astōdān ئەستودان: زاراوەیەکی فارسی ناوەڕاستە، وەکو ووشە بە مانای وەرگری ئێسک یان کۆگای ئێسک دێت، ئاماژەیە بۆ کووپە یان دنێکی پتەو کە لە لایەن زەردەشتییەکانە بۆ هەڵگرتنی ئێسکی مردوو بەکاردەهات. هەروەک لە ئاڤێستادا باس ناشتنی مردوو دەکرێت کە نابێت جەستەی مردوو بەر خاک و ئاو و هەوا و ئاگر

لە ئەنجامی کنەوپشکنینەکان و پاشماوەی گۆڕە ئەشکانییەکان بۆمان دەردەکەوێت وەک لایەنەکانی تر شێوازی ناشتن لە نێوان هەرێمەکاندا جیاوازی هەیە، چەند جۆرێک لە ناشتنیان پەیڕەو کردووە. شێوازەکانیان سەرچاوەیەکی گرنگن، یارمەتیمان دەدەن بۆ ناسینەوەی دابونەریت و کلتوورەکەیان. بە پێی هەڵسەنگاند و دۆزینەوەکان چینی دەسەڵاتدار و خانەدانەکان لە ژووری گۆڕەکاندا لەناو تابوتدا بەخاک سپێردراون، بە بەراورد بە کەسانی ئاسایی کە لەناو کووپە و چاڵ بەخاک دەسپێردران. ئەم توێژنەوەیەش تایبەتە بە شێوازی ناشتنی گۆڕی خانەدانانی ئەشکانی لە کوردستانی باشوور (بڕوانە بەشەکانی دواتر).

**شێوازی ناشتن لە چاڵدا:**

شێوازی ناشتن لە چاڵدا یەکێکە لەو ڕێگایانەی ئەشکانییەکان پەیڕەویانکردوە بۆ ناشتنی مردووەکانیان، بەتایبەت بۆ کەسانی ئاسایی. لە ناوچەی (خانەقای گیلڤان Khaneghah Gilvan) لە هەرێمی ئەردەبیل لە ئەنجامی دروستکردنی ڕێگایەکی گشتی پاشماوەی گۆڕستانێک دۆزراوەتەوە کە گۆڕستانی سەردەمی بڕۆنز تا سەردەمی ئەشکانییەکان لەخۆ دەگرێت، چوار گۆڕیان بۆ سەردەمی ئەشکانی دەگەڕێنەوە.[١٩٠] بە شێوەیەکی گشتی شێوازی ناشتن لەو ناوچەیە بە شێوەی چاڵ بووە، چاڵەکان سادە بوون یان بە بەرد هێلکاریان بۆ کراوە، لەدوای هەڵکەندنی چاڵەکان مردووەکانیان ناشتووە (وێنەی ١٨)، ئەندازەی چاڵەکان بەپێی لاشەی کەسەکە هەڵکەندراوە. مردووەکانیان بە ئاڕاستەی باشوور-باکوور بووە، سەریان یاخود پێیان بە ڕێکەوت لەلای باشوور و باکوور بووە. لە چاڵەکاندا ناشتنەکانیان بەشێوەیەکی تاک بووە، ئەمەش یەکێکە لەو ڕێگایانەیی ئەشکانییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاریان هێناوە لەگەڵ دانانی دیاری بۆ


---

بکەون تا نەبنە هۆی پیسبوونی تەخمەکانی ژینگە. بەڵکو ئەبێ جەستەی کەسەکە لەسەر لوتکەی چیا دابنرێ تا گۆشتەکەی لە لایەن پەلەوەر و ئاژەڵە وە بخورێت، لە پاشان ئێسکەکانیان کۆبکرێتەوە بخرێتە ئەستودانەوە، لە شوێنێک دادەنرێت کە سەگ و گورگ و ڕێوی و ئاوی باران دەستی پێنەگات *(Vendidad, 5. 44-51)*. زاراوەکە لە پەهلەویدا بە ( uz.dāna) \ uzdahist وەرگێردراوە، لە ڤێندیداد Vendidad بە astōdān ڕوونکراوەتەوە. ، سەرەتای زاراوەی ئەستۆدان بۆ سەرەتای سەدەی چوارەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە. بڕوانە:
Shahbazi, A. Sh., Astōdān, *ASTŌDĀN – Encyclopaedia Iranica (iranicaonline.org)*, (**Accessed**: 8\8\2022, 2:00 AM.).

[189] Vendidad (Vidēvdād) or Laws against the Demons Avesta — The Sacred Books of Zoroastrianism, Book 3, Translated by James Darmesteter, ed. Joseph H. Peterson, p. 52-53; Olbrycht, M. J., “Slipper Coffins and Funerary Practices in Parthia”, *Anabasis 8*, 2017, p. 305.

[190] Rezaloo, Reza, “Parthian Burials at Khaneghah Gilvan Cemetery in Ardabil Province”, *Intl. J. Humanities*, 2012, vol. 19 (1), p. 103.

مردووەکـان. کە دیاریەکانیـان بەپێـی گۆڕەکـان جیـاوازبوون وەکـو گـۆزەی مـل کـورت و دەفـر و موستیلەیان تێدابووە.[191]



وێنەی ١٨ شێوازی ناشتن لە چاڵدا


Rezaloo, Reza, *op. cit.*, p. 104. کامبخش فرد، منبع سابق، ص. ١٨.

**شێوازی بەخاک سپاردن لە کووپە و دن(Pithoi):**

بەکارهێنانی کووپە و کوپەڵەی گڵێنەیی لە هەردوو شارستانییەتی یۆنان و ئێران بۆ ناشتنی مردوو بەکارهـاتوون، کووپەکـان لە شـێوە و پێـوانەدا جیـاوازن، کـووپەی گەورەی ڕازێنـراوە بـۆ ناشـتنی کەسـی گەورە بەکارهــاتوون، ئەم جۆرەیــان تەنهــا لە بــاکووری ڕۆژئــاوا و ڕۆژئــاوای ئێــران دۆزراونەتەوە.[192] یەکەم شـێوازی ناشـتنی کـووپە لە سووسـە لە لایەن شـاندێکی فەرەنسـییەوە دۆزرایەوە، کە ژمــارەیەکی زۆر لە کــووپەی گڵێنەییــان دۆزیــیەوە کە بــۆ ســەردەمی ئەشــکانی دەگەڕێنەوە. کە شـێوەی کووپەکـان جۆراو جـۆرە و هەنـدێک جـار چێوەکەیـان بە هێڵـی سـادە یـان لـوول پـێچ ڕازێنـراونەتەوە.[193]شـێوەیەکی تـری کووپەکـان شـێوە درێژکـۆڵەی بـوون، لە باشـووری ڕۆژئاوای ئێران و بە تایبەت لە سوسە باو بووە. کە دەمێکی بچوک و بنکەیەکی بازنەییان هەبوو، ئەم شـێوەیە زیـاتر بـۆ بەخــاک سـپاردنی منـداڵ بەکاردەهــات. ناشــتنی جــۆری کــووپە لەگەڵ شێوازەکانی تری ناشتن لە ناوچەکانی ئەشکانی لە (کەنگاوەر، سـەنگی شـیر، ڤەلیران، سووسـە،...) دۆزراونەتەوە (وێنەی ١٩)[194]

---

[191] *Ibid*. p. 104; 105; 106.
[192] Farjamirad, *op. cit*., p. 133; محمدی فر، *منبع سابق*، ص. ٥١-٥٢
[193]خیز، *منبع سابق*، ص. ٦٢.
[194] Farjamirad, *op. cit*., p. 133.



وێنەی١٩ شێوازی ناشتن لە کووپە و دندا.

خیز، *منبع سابق*، ص. ١٠٥.

## **شێوازی ناشتن لە گۆڕی ژێر زەوی Subterranean tombs:**

ئەم جۆرە گۆڕانە لەژێر زەوی لە ژوورێکی لاکێشەیی یان شێوە نارێکدا بوون.[١٩٥] ژووری ناشتنەکە لە ناو خاکدایە. دیواری ژوورەکە لە خشت و بەردی لایمیستۆن دروستدەکران، بە بەکارهێنانی گەچ بەیەکەوە دەلکێنران.[١٩٦] نموونەی ئەم شێوازی ناشتنە لە گۆڕی چەرام لە پارێزگای کۆگیلو وبویر ئەحمەد لە باشووری چیای زاگرۆس دۆزراونەتەوە. لەکاتی کنەوپشکنینەکاندا ژوورێکی گۆڕی ئەشکانی دۆزرایەوە کە شێوازی ناشتنەکەیان لە ژوورێکی لە خشت دروستکراوبوو، کۆمەڵێک پاشماوەی شوێنەواری کووپە و دن و ئامرازی کانزایی تێدا دۆزراونەتەوە.[١٩٧] نمونەیەکی تری ئەم جۆرە ناشتنە لە ناوچەکانی ڤەلیران دۆزراوەتەوە. ڕووبەری گۆڕەکە نزیکەی ١٢م$^{٢}$و سێ سەکۆی لە خۆگرتووە بە مەبەستی دانانی تەرمەکان دروستکراون، ئێسکەپەیکەرەکان لەسەر پشت دانرابوون، لەسەر سەکۆکان ئێسکی ڕەگەزی نێرینەیەک و مێینەیەک هەن ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ نەریتی ناشتنی هاوشێوە بۆ هەردوو ڕەگەز.[١٩٨]

---

[١٩٥] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شێوازی تەلارسازی گۆڕی ئەشکانییەکان بڕوانە:
سبحاني، فرزانە، رضايي نيا، عباسعلي، *منابع سابق*؛ واستانی، سهیل احمدی، "کندو کاری بر الگوهای تدفین ایران در دوره اشکانی و ساسانی با استناد به کاوش های"، *باستان شناسی*، تهران، ١٣٩٩.

[196] Farjamirad, *op. cit.*, p. 132.

[197] Roustaei, K., Azadi, A., Discovery of A Parthian Tomb Chamber in Cheram, Kohgiluye, SWIran, *Iranica Antiqua*, vol. XLVI, 2011, p. 196-197.

[198] Farjamirad, *op. cit.*, p. 133.

## گۆڕ بە تاقی ژێر زەوی Underground vaulted tombs:

ئەم شێوازی گۆڕانەش لە ژێر زەوی دروستدەکران، دوو بۆ سێ سەکۆیان تێدایە، بانی ژوورەکەش بە تاقێکی لە خشت دروستکراو دەگیران. لە ڕێگایی پلیکانەوە دەتوانرا بە ژوورە سەرەکییەکە بگەیت. مردوەکان لە تابوتی شێوە هێلکەیی یان مرۆڤیدا نێژراون. پاشماوەیی ئێسکەکان ئاماژە بەوە دەکەن مردووەکانیان لەسەر پشت بە درێژکراوی دانراون، نموونەی ئەم جۆرە ناشتنە لە باشووری ڕۆژئاوا و سوسە دۆزراونەتەوە (وێنەی ٢٠).[١٩٩]



وێنەی٢٠ ناشتن لە ژووری گۆڕی تاقی کەونەیی

Farjamirad, M., *op. cit*., p. 134

## گۆڕی هەڵکۆڵدراو لە چیا Rock cut chambers:

ئەشکانییەکان لە باشووری ئێران شێوازیی هەڵکۆڵدراوی چیایان بەکار هێناوە بۆ ناشتنی مردووەکانیان.[٢٠٠] جگە لەوەش پێوانەی ژوورەکان ئەوە نیشاندەدەن کە گۆڕەکان بۆ ناشتنی تاکە کەسی کراون نەک بۆ ناشتنی دووکەسی.[٢٠١] شایەنی باسە ئەم جۆرە گۆڕانە لە سەردەمی ئوراڕتییەکان دەرکەوتون، هەندێک لە پادشا ئوراڕتییەکان لە گۆڕی هەڵکۆڵدراو لە چیادا نێژراون، لەوانەیە ئەم جۆرە گۆڕانە لە لای ئەوانەوە گواسترابێتنەوە بۆ زاگرۆس و میدییەکان.[٢٠٢] لە دواتریشدا بۆ سەردەمەکانی تر گواستراوەتەوە و ئەشکانییەکانیش ئەم جۆرە گۆڕانەییان بەکارهێناوە.

---

[199] Farjamirad, *op. cit*., p. 134; محمدی فر، منبع سابق، ص. ٥٣-٥٤.

[٢٠٠] مەبەست لەم شێوازی گۆڕانە هاوشێوەیی گۆڕی ئەشکەوتی قزقاپانە لە کوردستانی باشوو. بەڵام هیچ نموونەیەکی هاوشێوەی سەردەمی ئەشکانی لە کوردستانی باشوور نەدۆزراوەتەوە.

[201] Farjamirad, *op. cit*., p. 134.

[202] Marf, Dlshad, *Cultural Interaction between Assyria and the Zagros*, Ugarit-Verlag Münster, 2023, p. 440-441.

## بەکارهێنانی تابوت:

لەناوەڕاستی سەدەی دووەمی پ. ز. ناشتنی مردوو لە تابوتدا بۆ ڕۆژئاوای ئێران بڵاوبۆوە.[٢٠٣] تابوتی هێلکەیی لە کەنگاوەر و تاقی بۆستان لە پارێزگای کرمانشان، لە گۆڕستانی سەنگی شیر لە هەمەدان دۆزراونەتەوە.[٢٠٤] تابوتەکان هەمان تایبەتمەندیی تابوتی سلوکییان هەیە، کە پێشووتر لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران بڵاوببوونەوە.[٢٠٥] تابوتە قوڕینەییەکان پێش سەردەمی ئەشکانی لە مێسۆپۆتامیا، باشووری ئەنادۆڵ، سووریا لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پ.ز. تا سەدەی ٣ ز. بەکارهاتوون. لە سەردەمی هاخامەنشی و سلوکی تابوتی شێوە مرۆڤ (Anthropoid coffin) لە بابل و باشووری ڕۆژئاوای ئێران بە کارهاتوون. تابوتی شێوە'بانیۆ 'Bathtub coffin'، لە مێسۆپۆتامیا و ناوچەکانی کەنداو و فەڵەستین، لە کۆتایی ئاشوورییەکانەوە تا سەردەمی هاخامەنشییەکان بڵاوبونەتەوە.[٢٠٦]

## تابوتی شێوە مرۆڤی Anthropoid sarcophagus:

ئەم شێوازە تابوتانە درەنگ لە ڕۆژئاوای ئێران دەرکەوتوون. لە سەردەمی هاخامەنشیشدا بەکارهاتوون، بە هۆی بوونی ئێسک لە دەوروبەری گۆڕەکانی سوسە، گومان دەکرێت لەسەردەمی سلوکی و ئەشکانی دووبارە ئەم تابوتانە بەکارهێنرابنەوە. ئەم شێوەیەش لە هەمەدان لە گڵ یان لەبەرد دروستکراون. دەرکەوتنی ئەو جۆرە تابوتانە لە سوسە لە سەرەتای سەدەی سێیەمی پ. ز. دەگەڕێنەوە بۆ سەر شێوازی میسری، بەڵام دەستکاری کراون بە گونجاندن لەگەڵ کەرەستە ناوخۆیەکان (وێنەی ٢١).[٢٠٧]



وێنەی ٢١ تابووتی سەرقاپداری شێوە مرۆڤ

Farjamirad, M., *op. cit*., p. 131.

[203] Farjamirad, *op. cit*., p. 132.
[204] *Ibid*.
[205] *Ibid*., p. 132; محمدی فرمنبع سابق، ص. ٤٩-٥١
[206] Olbrycht, "Slipper Coffins and Funerary Practices in Parthia, *op. cit.*, p. 304.
[207] Farjamirad, *op. cit*., p.132; Mohamadifar, Y., et. al., Parthian Burials in the Hamedan City, Western Iran, *Iran*, 2019, p. 6-8.

## تابوتی شێوە نەعلی slipper coffin:

تابوتی شێوە نەعلی slipper coffin[٢٠٨] (وێنەی ٢٢) لە بابلی سەردەمی ئەشکانیدا بەکارهاتووە، لە ناوەڕاست و باشووری مێسۆپۆتامیا بۆ نمونە لە وەرکا لە 'تەل عمران، کۆشکی باشوور لە بابل، مەشکان-شاپیر، تەل ئەلمەدائین، نیپور، سلوکییە' دۆزراونەتەوە.[٢٠٩] بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٨٥٠ لە وەرکا لە باشووری عێراق، لەلایەن شوێنەوارناسی بەریتانی ' ولیام لۆفتس William Kenneth Loftus'ەوە دۆزراوەتەوە، بە تابوتی شێوە نەعلی "slipper coffin" ناساندی.[٢١٠] بەکارهێنانی تابوت بە یەکێک لە نەریتەکانی بەخاک سپاردنی ئەشکانییەکان دادەنرێت. لە گڵێنە دروستدەکران بە ڕەنگاوی سەوز یان شین ڕووشووشە دەکران، درێژییەکەیان نزیکەی ١،٥-٢،٢١م دەبوون، مردووەکانیان بەڕێکی تیادا ڕادەخست.[٢١١] لای سەرەوەیان بەرین و هێلکەیی بوون لە ئاستی سەریان کرانەوەیەک هەبوو سەرقاپێکیان دەخستە سەری، لای خوارەوەیان تەسکتر بوون کونێکی تێدا هێشترابۆوە هەتا هەڵمی و بۆنی ناخۆشی لاشەکەی پێدا دەربچێت. زۆربەی ئەم تابوتانە سەرقاپەکانیان و بەشی سەرەوەیان دەکرا بە چەند چوارگۆشەو هەر بەشێکیشیان بە پەیکەری سەربازی ئەشکانی یان وێنەی مێینەی ڕووت ڕازێنرابوونەوە،[٢١٢] ئەگەری هەرە زۆری ئەوەیە خواوەند ئەناهیتا بووبێت، لە وەرکاش باوترین مۆتیف وێنەی جەنگاوەر بووە.[٢١٣]

---

[٢٠٨] ئۆلبریخت لە درێژەی بابەتەکەی سەبارەت بە تابوتە دۆزراوەکانی وەرکا، ئاماژە بەوە دەکات کە 'ریختەر Richter' پێی وایە تابوتی شێوە پێڵاو لە تابوتی شێوە مرۆڤی میسری بەتلیمۆسییەوە سەرچاوەی گرتووە. بەڵام دڵنییا نییە کەوا چۆن ئەم ئیلهامی تابوتە لە میسرەوە گەیشتۆتە بابل. پێی وابووە لە ڕێگای پەیوەندیە بازرگانییەکانی بابل لە بەندەرەکانی میسر، ڕێگای وشکانی لە خاکی ئەنباط و تەدمورەوە هۆکاربوون بۆ کاریگەریی بەکارهێنانی ئەم جۆرە تابوتە. بڕوانە: Olbrycht, "Slipper Coffins and Funerary Practices in Parthia, *op. cit.*, p. 304.


[209] Middleton, A., St John Simpson, Antony p., The Manufacture and Decoration of Parthian Glazed, Slipper Coffins' from Warka, *The British Museum, Thichnical Research Bulletin*, vol. 2, 2008, p. 30.

[210] Curtis, J. E., Loftu's Prthian Cemetery at Waraka, *Archäologesche Mitteilungen Aus Iran Ergänzungsband 6, Akten Des,* vol. VII, München, 1976, p. 309.

[211] Middleton, A., St John Simpson, p., *op. cit.*, p. 34; Curtis, Loftu's Prthian Cemetery at Waraka...,*op. cit.*, p. 309-310.

[٢١٢] کالێج، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٤٦.

[213] Middleton, A., St John Simpson, p., *op. cit.*, p. 34.



وێنەی ٢٢ تابوتی شێوە نەعلی
Curtis, J. E., Loftu’s Prthian Cemetery at Waraka, *op. cit.*, p. 310.

**تابوتی شێوە لاکێشەیی بەردین:**

تـابوتە دۆزراوەکـان لە ڕووی نەخـش و ئەو مـادانەی تێـدا بەکارهـاتوون جیـاوازن. لە شـاری قودس(ئورشـەلیم) گۆڕسـتانێکی شـاهانەیی دۆزرایەوە، کە بە "گـۆڕی فەرمانڕەواکـان" ناسـراوە.[214] چەنـد تـابوتێکی بەردیـن دۆزراونەتەوە، یەکێکیـان بە تـابوتی شـاژنە هێلینـای شـاژنی شانشـینی ئەدیـابینە دادەنرێـت، نەخشـی ئەنـدازەیی بـۆ ڕازانـدنەوەی بەکـارهێنراوە، و بە خەتـی سـریانی نووسراوی لە سەرە (وێنەی ٢٣).[215] هەرچەندە دڵنیان نین ئەم تابوتە بە ئەشکانی ناو بەرین، هەم لە بەرئەوەی لە قەڵەمڕەوی ڕۆمـانی دا بـووە و هەم لە بەرئەوەی ئـایینەکەی جوو بـووە، ڕەنگە بە پێی نەریتی ئەو ئایینە و ئەو ناوچەیە ئەم تابوتە دروستکرابێت.



وێنەی ٢٣ تابووتی بەردینەیی شاژنە هێلینا لە مۆزەخانەی ئورشەلیم.

غەفوری. *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٣٦.

---

[214] Ilan, Tal. "Helene, Queen of Adiabene.", Shalvi/Hyman Encyclopedia of Jewish Women, Helene, Queen of Adiabene | Jewish Women's Archive (jwa.org), **(Accessed:** 6\11\2022, 10:00 PM.).

[215] غەفوری، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٣٤-٣٦.

**تابوتی شێوە لاکێشەیی گڵێنەیی:**

لە کوردستانی باشووریش لە قەسری شەمامۆک (کیلیزو)،[٢١٦] پاشماوەی چەند گۆڕێک دۆزراونەتەوە لەگەڵ دوو تابوتی گڵێنەیی بە ڕەنگی سەوزو شین ڕووشووشەکراون، ئەمانەش شێوەیەکی لاکێشەیان هەیە کە لە لا کورتەکانی کەوانەیی بوونەتەوە. چێوەی تابوتەکان بە وێنەی مێینەیەکی ڕووت لە ناو لاسکێکی چەماوەیی مێودا ڕازێنراونەتەوە.[٢١٧] (بڕوانە تابوتەکانی بەشی دووەم، چوارەمی توێژینەوەکە).

**تابوتی گڵێنەیی شێوە هێلکەیی:**

ئەم جۆرە تابوتە لە کوردستانی باشوور لە ناحیەی سەرقەڵا و گوندی بەرلووت لە گەرمیان دۆزراونەتەوە کە بە پێی پاشماوەکان بۆ سەردەمی ئەشکانی دەگەڕێنەوە و بە گۆڕی خانەدانی ئەشکانی دادەنرێن لە ناوچەی گەرمیان. تابوتەکان شێوەیەکی هێلکەییان هەیە کە بە نەخشی لوول پێچ ڕازێنراونەتەوە لە شێوە و قەبارەدا تابوتەکان جیاوازیان هەیە. ئەم جۆرە ناشتنەش لە زۆرێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکان دۆزراونەتەوە بە گشتی دانانی لاشەی مردووەکە لەم جۆرە تابوتانەدا لەسەر لا بە شێوەیەکی چەماوە دادەنران.[٢١٨]

---

[٢١٦] بڕوانە بەشی چوارەمی توێژینەوەکە بۆ شیکردنەوەی گۆڕەکەی قەسری شەمامۆک و پارچە دۆزراوەکانی.

[217] Invernizzi, A., "Kilizu", *Encyclopaedia Iranica*, KILIZU – Encyclopaedia Iranica (iranicaonline.org) (**Accessed**: 8\11\2021. 12:45 PM.).

[٢١٨] بڕوانە بەشی دووەم و بەشی سێیەم تەوەرەی یەکەم، شیکردنەوەی تابوتی شێوە هێلکەی لە گۆڕەکانی گەرمیان، توێژینەوەی مەیدانی .

# بــەشــی دووەم

# گۆڕە گــردۆڵکەی ســەرقــەڵا

# تــەوەرەی یــەکــەم

## شوێن و بارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکان و پێکهاتەی تەلارسازی

١-١ شوێنی جوگرافی و بارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکە

١-٢ پێکهاتەی تەلارسازی و ئەوماددانەی لە دروستکردنیدا بەکارهێنراون


# تــەوەرەی یەکــەم

## شوێن و بارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکان و پێکهاتەی تەلارسازی گۆڕەکان

### ١- شوێن و بارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکان

**<u>شـوێنی جوگـرافی:</u>**

شـوێنەوارەکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتـی شـاری کفرییەوە (نەخشـەی ٢)، بە دیـاری کـراوی ئەم گـۆڕە دەکەوێتە لای خۆرهەڵاتی ناحیەی 'سەرقەڵا'وە[٢١٩] لە بەشی سەرەوەی گردێکی سروشـتی بە نـاوی 'گردە گولە'[٢٢٠] (وێنەی ٢٤). شوێنەوارەکە بە گۆڕە گردۆڵکەی سەرقەڵا ناسراوە.[٢٢١]




نەخشەی٢، نەخشەی: سهیل خورشید عەزیز، تایبەت بە توێژینەوەکە

---

[٢١٩] ناحیەی سەرقەڵا: ئەم ناحیەیە یەکێکە لە ناحیەکانی سنوری ئیداری قەزای کفری، بە دووری ١٢کم.

[٢٢٠] قادر، مجید، (چاوپێکەوتن)، ٦٥ساڵ، پیشەی، کەسایەتی کۆمەڵایەتی ناحیەکە، دانیشتووی ناحیەی سەرقەڵا، ٢٠٢٢\٣\٢٩ سێشەمە، کات: ١٠بەیانی، شوێنی چاوپێکەوتن، ناحیەی سەرقەڵا.

[٢٢١] بەشی دووەمی توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە لایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە، تەنیا ئەو زانیارییانەی وەرگیراون لە پەراوێزە ئاماژەیان پێکراوە.



وێنەی ٢٤ گردە گولە (توێژەر)

**بـارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکە:**

دوا بە دوای ئەنجامدانی پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری لە ناحیەی سەرقەڵا لە مانگی ٥ ساڵی ٢٠١٣ ز. لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیانەوە. لە بەشی سەرەوەی گردێکی دەوروبەری ناحیەکە، لە لایەن تیمی ئەندازیاری دەست دەکرێت بە هەڵکەندنی بناغەی پڕۆژەکە، هەر لە سەرەتای کارکردنیانەوە کاتێک بە ئامێری هەڵکەندن بە نزیکەی ٥٠سم سەرەوەی گردەکە قوڵ دەکەن کۆمەڵێک خشتی کۆن دەردەکەون، بەڵام بەهۆی قورسی و پەستانی ئامێری هەڵکەندنەکەوە بەشێکی بچووک لە میچی شوێنەوارەکە دەڕوخێت، هەر بەوهۆیەشەوە بەشێک لە پاشماوە و شوێنەوارەکانی ناو گۆڕەکە ڕووبەڕووی تێکچوون دەبنەوە (وێنەی ٢٥). دواتر لە لایەن تیمی دروستکردنی پڕۆژەکەوە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان لەم هەواڵە ئاگادار دەکەنەوە، لەوکاتە بە دواوە کارکردن لەو پڕۆژەیە ڕادەگیرێت. تیمی هەڵکۆڵینی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیانەوە دەست دەکەن بە کاری کنەو پشکنین لە شوێنەوارە دۆزراوەکە.[٢٢٢]

---

[٢٢٢] سەمین، صالح، محەمەد (چاوپێکەوتن)، بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان، ٢٠٢٢\٣\١٥، سێشەمە، کات: ١٢ نیوەڕۆ، شوێنی چاوپێکەوتن، بەڕێوەبەرایەتی شوینەواری گەرمیان.

وێنەی ٢٥ ساتی دۆزینەوەی گۆڕەکە، وێنەکە وەرگیراوە لە

(دۆسییەی بەڕیوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، وێنەی )

## ٢- پێکهاتەی تەلارسازی گۆڕەکە

شوێنەوارەکە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی گردێکی سروشتی بەناوی 'گردە گولە' بەشی پشتەوەی گردەکە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیانەوە پەرژین کراوە بەمەبەستی پاراستن و مانەوەی (وێنەی ٢٦). بۆ ئاسانکاری هاتووچۆکردن و گەیشتن بەو شوێنەوارە لەکاتی نۆژەنکردنەوەیدا پلیکانەی بۆ دروستکراوە (وێنەی ٢٧). ژمارەی پلیکانەکان ٤٩ دانەیە، بە شێوەیەکی گشتی هەموویان پێوانەیەکی یەکسانیان هەیە، پانی هەر یەکێکیان ٢,٣٠م، بەرزی ١٩،٥سم. دوای تەواو بوون و سەرکەوتن دەگەین بە گۆڕەپانێکی شێوە چوارگۆشە، بە پێوانەی درێژی١٠ م و پانی ٩،٩م، گۆڕەپانەکەش لەهەر چوار لایەوە دیوار ڕاگری بۆ دروستکراوە (وێنەی ٢٨)، (هێڵکاری ١).



وێنەی ٢٦ پەرژینکردنی پشت و سەربانی گۆڕەکە (توێژەر)






وێنەی ٢٧ پلیکانەی ژووری گۆڕەکە  (توێژەر)





وێنەی (٢٨) دروستکردنی گۆڕەپان بۆ پاراستنی ژووری گۆڕەکە، (توێژەر).




هێڵکاری (١) پلێکانەو گۆڕەپانی چوارگۆشەیی،
هێڵکاری و گرافیک (ئارام محەمەد مەجید، ئەندازیار لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان)

.

هەر لەم گۆڕەپانەشــەوە بە دەروازەی گـۆڕەکە دەگەیـن، بە دەرگـایەکی دوولا بە پێـوانەی ١,٨٠م بەرزی، ١م پـانی (وێـنەی ٢٩). دوای چـوونە ژورەوە لەو دەرگـایەوە دەگەیـن بە ژوورێکـی شـێوە لاکێشـەیی بە پێوانەی٢,٦٠م پانی، ٤,١٥م درێژی، ٢,٢٥م بەرزی (وێـنەی ٣٠)، (هێڵکاری ٢). میچـی ئەم ژووره بە شێوەیەکی نیوه بازنەیی دروستکراوە، ئەرزەکەشی بە خشتی سور ڕوپۆشکراوە. لە دیـواری بـاکوور و باشـووری ئەم ژووره دوو تـاقچە هەن کە شـێوەکەیان نـیمچە چوارگۆشـەییە و بەشی سەرەوەشیان بە شێوازێکی نیوه بـازنەیی دروسـتکراوە، ئەم تاقچـانە هەمـان پێوانەیـان هەیە بەرزی هەریەکەیان ٥٠سم، پانی٥٦سم، قوڵی ٢٠سم (وێنەی ٣١)، (هێڵکاری٣). [٢٢٣]




وێنەی (٢٩) دەرگای نوێی ئاسنی پاراستنی ژووری گۆرەکە، (توێژەر).





وێنەی (٣٠) ژووری لاکێشەیی بۆ پاراستنی ژووری گۆڕەکە، (توێژەر).

[٢٢٣]ئەم بەشانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیانەوە بۆگۆڕەکە دروستکراوە وەک پارێزییەک بۆ پاراستنی ژووری گۆڕەکە و ئاسانکاری هاتووچۆو.





هێڵکاری (٢) پلێکانەو گۆڕەپانی چوارگۆشەیی،

هێڵکاری و گرافیک (ئارام محەمەد مەجید)





وێنەی (٣١) تاقی باکوور و باشووری ژووری پاراستنی گۆڕەکە، (توێژەر).




هێڵکاری (٣)، هێڵکاری و گرافیک (ئارام محەمەد مەجید)

## پێکهاتەی ژووری سەرەکی گۆڕەکە:

تەلارسازی گۆڕەکە بریتییە لە یەک ژوور کە دەروازەیەکی بچووک و کراوەی هەیە، دەروازەکە ڕووی لە دیواری خۆرئاوای گۆڕەکەیە کە بەشی سەرەوەی بە شێوەیەکی نیوە بازنەیی دروستکراوە بە پێوانەی بەرزی ١م، پانی ٦٧سم، دەروازەکەش لە کاتی دۆزینەوەیدا بە ووشکە چندراوی هەمان خشت داخرابوو (وێنەی ٣٢)، (هێڵکاری٤). لە دەرەوەی گۆڕەکە بەدووری ١،٧٠م، لە بەرامبەر دەروازەکە گۆزەیەک دۆزرایەوە، وەکو هێمایەک بۆ ئاڕاستەی دەروازەی گۆڕەکە دانرابوو، گۆزەکە لە گڵێکی پوخت و لە گەرمییەکی زۆردا سوورکراوەتەوە، بەڵام بەشی هەرە زۆری گۆزەکە شکابوو، هەندێک لە پارچەکانی بەسەریەکەوە دانرابوو، لەگەڵ بوونی بەردێکی خڕ بە مەبەستی دۆزینەوەی ئاڕاستەی گۆڕەکە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە چەند جارێک گۆڕەکە


بەکارهـاتووە تەوە(وێـنەی ٣٣).[٢٢٤] لەڕێـگەی ئەو دەروازەیەشـەوە دەگەیـن بە ژووری گـۆڕەکە. ئەم ژوورە لە سـەرەتادا ڕووبەرەکەی بچـووکتر بـووە لەو ڕووبەرەی کە ئێسـتا هەیەتـی، شـێوەیەکی چوار گۆشەیی بووە، بەڵام دواتر ژوورەکە گەورەکراوە، چوونکە دیواری ژوورەکە بەدوو بەشی جیاواز بنیات نراوە بەبێ ئەوەی تەواوی بەردی دیوارەکانی هەردووبەشەکە تێکهەڵکێش کرابێت.[٢٢٥] لە ئێستادا ژوورەکە  شێوەیەکی کەمێک لاکێشەیی وەرگرتووە پانی ٣م، درێژی ٢,٤٠م، بەرزیەکەی ٢,١٠م (وێنەی٣٤)، (هێڵکاری ٥). شێوازی میچەکەشی بە شێوەیەکی نیوە بازنەیی دروستکراوە. لە دیواری بەشی باشووری ئەم ژوورە تاقچەیەک دروستکراوە بە شێوەیەکی چوارگۆشەیی و بەشی سـەرەوەی بە شـێوەی نیـوە بـازنەیی دروسـتکراوە بە پێـوانەی بەرزی٦٤سـم، پـانی  ٥٨سـم، قوڵی٤٤سم. بەهەمان شێوەی دیواری باشوور لە دیواری باکووریشـیدا تـاقچەیەک دروستکراوە بە پێوانەی بەرزی ٥٩سـم، پانی ٥٤سـم، قـوڵی٤٠سـم (وێـنەی ٣٥)، (هێڵکـاری ٦). لە ئەرزەی گـۆڕەکە سەکۆیەک بە هەر چوارلای ژوورەکە دروستکراوە بە پێوانەی بەرزی ٣٦سم، پانی٦٠سم.



وێنەی (٣٢) دەروازەی سەرەکی ژووری گۆڕەکە. (توێژەر).



دەروازەی گۆڕەکە بە هەمان خشت داخراوە. وەرگیراوە لە (دۆسییەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان).




هێڵکاری (٤) دەروازەی گۆڕەکە، هێڵکاری و گرافیک (ئارام محەمەد مەجید

---

[٢٢٤] عەلـی، مـحەمەد (چـاوپێکەوتن)، سـەرۆکی تیمـی کـنەو پشـکنینی گـۆڕگردۆلکەی سـەرقەڵا لە بەرێـوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، ٢٠٢٢\٣\١٥، سێشەمە، کات، ١٠بەیانی، شوێنی چاوپێکەوتن، مۆزەخانەی گەرمیان.


[٢٢٥] لەتیـف، نەوزاد، (چـاوپێکەوتن)، ئەنـدامی کـنەو پشـکنین گـۆڕگردۆلکەی سـەرقەڵا، ٢٠٢٢\٣\١٥، سێشـەمە، ١١ نیوەڕۆ، شوێنی چاوپێکەوتن، بەڕێوەبەرایەتی شوینەواری گەرمیان.



وێنەی (٣٣) گۆزەی بەرامبەر ئاراستەی دەروازەی گۆڕەکە، وەرگیراوە لە (دۆسیەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان).



وێنەی (٣٤) ژووری گۆڕەکە، (توێژەر).





هێڵکاری (٥) ژووری گۆڕەکە، هێڵکاری و گرافیک (ئارام محەمەد مەجید

وێنەی (٣٥)

تاقی باشووری ژووری گۆڕەکە.　　　　　تاقی باکووری ژووری گۆڕەکە. (توێژەر)




هێڵکاری (٦)، هێڵکاری (ئارام محەمەد مەجید)

## ئەو ماددانەی لە دروستکردنیدا بەکار هاتوون:

هەڵکەوتە و سروشتی ناوچەکە ڕەنگدانەوەی تەواوی لە دروستکردنی ئەم گۆڕەدا هەیە، سروشتی ناوچەکە بەشێوازێک هەڵکەوتووە کە بەردەکانی شێوازێکی لمینیان هەیە، بۆیە دەبینین بەردی لمین یەکێکە لەو کەرەستەو ماددە سەرەکیانەی لە دروستکردنی ئەم گۆڕەدا بەکارهاتووە. جگە لەوەش گیراوەی قسڵ و خشتی سوور بەکارهاتووە لە دروستکردنی بیناکەدا. ئەو خشتانەی لە دروستکردنی ئەم شوێنەواردا بەکارهاتوون شێوەیەکی چوارگۆشەییان هەیە بە پێوانەی پانی ٣٠سم، درێژی ٣٠سم، ئەستووری ٧سم.

# تــەوەرەی دووەم

# تـــابووت و کـەلـوپـەلـە دۆزراوەکان

# (شووشە، گڵێنە، کانزا)

٢-١ تابووتە دۆزراوەکان

٢-٢ کەلوپەلە وردەکان (شووشـە، گڵێنە و کانزا)

## تــەوەری دووەم

## تابوت و کەلوپەلە دۆزراوەکان

### ١- تابوتە دۆزراوەکان


ئەم گۆڕ گردۆڵکەیە دوو تابوتی گەورەی گڵێنەیی تێدابووە، لێرەدا بە درێژی باسیان دەکەین.

**<u>تابوتی یەکەم:</u>**

تابوتێکی گڵێنەیی شێوە لاکێشەییە، درێژیەکەی ١,٩٢م، پانی ٤٩سم، بەرزیەکەی بەبێ سەرقاپەکە ٤٦سم، بەرزیەکەی بەسەرقاپەکەوە ٦٤سم. جگە لە سەرقاپەکانی ئەستوری لایەکانیشی ٨سم، تابوتەکە بە تەواوەتی بەشی ناوەوە و دەرەوەی ڕووشووشە کراوە بە شووشەیەکی تەنکی سەوزباو جگە لە بەشێکی کەمی سەرقاپەکانی نەبێت، لایە درێژەکانی تابوتەکە بە دوو ستوون ڕازێنراونەتەوە لە ناو ستوونەکانیش سێ هێڵی ستوونی چاڵ هەن، لە بەشی سەرەوەی ستوونەکانیش تاج هەیە. لا کورتەکانیشی بە ستوونی تر ڕازێنراونەتەوە، بەڵام ئەم ستوونانە ڕووەکانیان جیاوازە لە ستوونی لاییەکان، ستوونی لا کورتەکان تاڕادەیەک شێوەیەکی کەوانەیی بە تابوتەکە داوە (وێنەی ٣٦)، (هێڵکاری ٧).



وێنەی (٣٦) تابوتی لاکێشەیی، وەرگیراوە لە (دۆسییەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، وێنەی مەحمەد عەلی).




هێڵکاری (٧) (توێژەر)

سـەرقاپی ئەم تـابوتە لە دوو بەش پێکـدێت بەشـی یەکەمـی سـەرقاپەکە ڕووشووشـەکراوە. درێـژیەکەی ١،٦م، پـانییەکەی ٥٧سـم، ئەستوریەکەشـی ٣سـم دەبێت، دیـوی نـاوەوەی ئەم بەشـە ڕووچـاڵە و لە هەر چـوار لاوە دێـتەوە یەک، کۆتـا بەشـی ئەم سـەرقاپە بە ئاڕاسـتەی ناوەڕاسـتی سـەرقاپەکە نـزم بـوونەوەیەک بە خـۆیەوە دەبینێت، هۆکـاری ئەم نـزم بـوونەوەیەش کە بەنـزیکەی ١٠سم دەبێت، بۆئەوەیە کە بکەوێتە ژێر بەشی دووەمی سەرقاپەکە. ڕووی سەرقاپەکە بە کۆمەڵێک هێڵـی دەرکەوتـوو ڕووچـاڵ ڕازێنـدراوەتەوە، چێـوەکەی بە هێڵـی چـاڵ ڕازێنـدراوەتەوە، لە بەشـی ناوەڕاست هێڵێکی ڕاست لەشێوەی پیتی ( T ) دەبینـدرێت کە بە هێڵی ئاسـۆیی ڕازینـراوەتەوە. ئەوەی کە ئەم بەشـە لە بەشـی دووەمـی سـەرقاپەکە جیادەکـاتەوە ئەوەیە کە دوو دەسـکی بـۆ دروسـتکراوە، ئەم دەسـکانە بە شـێوەیەکی دەرتۆقیـو دروسـتکراون درێژیەکەیـان نـزیکەی ٢٣سـم دەبێت.

بەشـی دووەمـی ئەم سـەرقاپە بە هەمـان شـێوەی بەشـی یەکەمـی بە شـێوەیەکی لاکێشـەیی دروسـتکراوە و تەواوکەری بەشـی یەکەمـی سـەرقاپەکەیە. ڕووی ناوەوەشـی بە هەمـان شـێوەی بەشـەکەی تـر ڕووچـاڵە، بەڵام ئەم بە شـەیان لە سـێ لاوە هـاتۆتەوەیەک، یەکێـک لە لاکـانی لەبەرئەوەی کە کۆتا بەشی یەکەمی سەرقاپەکەی تری دەکەوێتە ژێری تاڕادەیەک دەم کراوەیە. درێـژی ئەم بەشـە ٩٣سـم، پـانییەکەی ٥٤سـم، ئەستوریەکەشـی دەگـاتە نـزیکەی ٢،٧سـم. ڕووی دەرەوەی ئەم سـەرقاپەش بە کۆمەڵێـک هێڵـی لـوول پێچـی دەرتۆقیـو ڕازێنـدراوەتەوە کە بە دیـاریکراوەی هەر چوارلای سـەرقاپەکە و ناوەڕاستەکەشی گرتـۆتەوە (وێنەی ٣٧)، (هێڵکاری ٨). تـابوتەکە جـگە لەسـەر قاپەکـانی تەواوی بەشـەکانی شـکابوون، بەڵام خۆشـبەختانە تیمـی شوێنەوارناسی بەڕێوەبەرایەتی شـوێنەواری گەرمیـان توانیویـانە بە شـێوەیەکی دروسـت نۆژەنـدی بکەنەوە. بە پێی بۆ چوونی ئەندامانی تیمەکە پێدەچێت ئەم تـابوتە لە نـاو گـۆڕەکە دروسـتکرابێت، پاساویشـیان بـۆ ئەم بۆچـوونە ئەوەیە کە بـنکەی تـابوتەکە زۆر تەنـکە و بە سـەکۆی گـۆڕەکەوە نووسابوو.



وێنەی (٣٧) سەرقاپی تابوتە لاکێشەییەکە، (دۆسییەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، وێنەی محەمەد عەلی).




هێڵکاری (٨ ) (توێژەر)

## تابوتی دووەم:

تابوتێکی شێوە نیوە هێلکەییە. لەکاتی دۆزینەوەی گۆڕەکە تەواوی بەشەکانی بەهۆی ڕووخانی میچی گۆڕەکەوە شکاوە، بەشەکانی تریشی پێشتر شکاون. درێژی ئەم تابوتە ١،١٧م، پانییەکەی پێوانەیەکی یەکسانی نییە، بەڵام لە فراوانترین شوێنیدا دەگاتە ٧٠سم، قوڵیەکەشی بە هەمان شێوەی پانییەکەی پێوانەیەکی یەکسانی نییە، بەڵام قوڵترین شوێنی کە چەقەکەیەتی دەگاتە ٣٥سم. تابوتەکە سەرقاپی نەبووە، ڕووەکەی بە هێڵێکی پچڕ پچڕی دەرکەوتوو ڕازێندراوەتەوە، ئەم هێڵانە لە ژێر لێواری تابوتەکەوە دەست پێدەکات وتەواوی چێوەی قەدی تابوتەکە دەبڕێت. جگە لەمانە تابوتەکە چوار دەسکی هەیە دوو لا بەرامبەرن، کە بە شێوەیەکی دەرچەی ئەستوور بەڕووی دەرەوەیدا دەرپڕیوون. پێکهاتەی تەواوی تابوتەکە گڵێکی لاواز و فشەڵ بووە، ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ شکانی بەشێکی زۆری (وێنەی ٣٨)، (هێڵکای ٩).[٢٢٦]





وێنەی (٣٨) تابوتی دووەم،وەرگیراوە لە (دۆسییەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، وێنەی، جەمال محەمەد).

هێڵکاری (٩)، هێڵکاری (محەمەد عەلی کەریم)

[٢٢٦] عەلی، محەمەد، (چاوپێکەوتن)، سەرۆکی تیمی کنەو پشکنینی گۆڕگردۆلکەی سەرقەڵا لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، ٢٠٢٢\٣\١٥، سێشەمە، کات، ١٠بەیانی، شوێنی چاوپێکەوتن، مۆزەخانەی گەرمیان.

## ٢- دۆزراوە وردەکـان

لە گۆڕە گردۆڵکەی سەرقەڵا کۆمەڵێک پاشماوەی شوێنەواری دۆزراونەتەوە، پارچەکانیش خۆیان لە چەند بابەتی جیاواز دەبینەوە لەوانە گڵێنە و شووشە و سکە و پاشماوەی شوێنەواری بابەتی جوانکاری لە کانزایی جۆراو جۆر دروستکراون و بۆ مەبەستی جیاواز بەکارهاتوون، پارچەکانیش بەپێی ڕەگەزی مردووەکە لە گۆڕێکەوە بۆ گۆڕێکی تر جیاوازە، لە ئێستاداش پارچە شوێنەوارییەکان لە مۆزەخانەی گەرمیان پارێزراون.

**<u>پاشماوە شووشەییەکان:</u>**


ئەم پاشماوانە لە کۆمەڵێک شووشەی تەنک لە شێوەی کەمۆڵەی بچووک و قەد درێژ پێکهاتوون، زۆربەیان لە دۆخێکی باشدان جگە لە ڕەنگەکانیان نەبیت کە بەهۆی کارلێکەوە تاڕادەیەک گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە. گرفتی ڕزین و درزیان زۆر کەمە. ئەم پارچانە زۆربەیان ڕەنگیان سەوز و سەوزباوە. ئەم کەمۆڵە شووشەیانە لە لای سەری گۆڕەکە و بەشێکیشیان لە لای قاچی ئێسکەپەیکەرەکان دانراون. شووشەکان بە مەبەستی هەڵگرتنی شلەمەنی وەک (شەراب و زەیت، عەتر...) بەکارهاتوون، بۆ ئەوەی مردووەکان لە جیهانی دواتردا بەکاریان بهێنن.

**شووشەی یەکەم: (وێنەی ٣٩)، (هێڵکاری١٠)**

کەمۆڵە شووشەیەکی درێژکۆڵەیە، ڕەنگی سەوزێکی کاڵە. بەرزی کەمۆڵەکە ١٢،٧سم، تیرەی دەمی کەمۆڵەکە ٣،٥سم و ئەستوری لێوەکەشی کە بەڕووی دەرەوەدا چەماوەتەوە ٥ملم، کەمۆڵەکە ملێکی درێژی هەیە بە پێوانەی ٨،٥سم، بە سەر قەدێکی گەورەوە کە لە فراوانترین شوێنیدا پێوانەکەی دەگاتە ٧،٢سم، وە بەرزی قەدەکەشی ٦،٩سم، بنکەیەکی ڕووچاڵی هەیە تیرەی بنکەکەی ٧،٢سم.




وێنەی (٣٩) شووشەی یەکەم (توێژەر).



هێڵکاری (١٠)، توێژەر.

**شووشەی دووەم: (وێنەی ٤٠)، (هێڵکاری ١١)**

کەمۆڵە شووشـەیەکی درێژکۆڵەیە، ملێکـی درێـژ و ڕەنگێکـی سـەوزی تێـری هەیە، بەڵام بەهـۆی کاریگەریە سروشتیەکانەوە توشی ژەنگ هەڵهێنان بۆتەوە. بەرزی ئەم کەمۆڵەیە ١٦،٢سم، تیرەی دەمی کەمۆڵەکە ٣،٥سم، ئەستوری لێوەکەشی کە بەڕووی دەرەوەدا چەماوەتەوە ٦ملم، درێژی ملەکەی ١٢،٢سم، بەرزی قەدەکەشی ٤سم. پێوانەی چێوەی قەدەکەی لە فراوانترین شوێندا دەگاتە٤،٤سم، بنکەیەکی ڕووچاڵی هەیە پێوانەی تیرەی بنکەکەی ٤،٤سم.



هێڵکاری (١١)، توێژەر



وێنەی (٤٠) شووشەی دووەم، (توێژەر).

**شووشەی سێیەم: (وێنەی ٤١)، (هێڵکاری ١٢)**

کەمۆڵە شووشـەیەکی درێژکۆڵەیە، بەرزیەکەی دەگاتە ١١،٤سم، تیرەی دەمی کەمۆڵەکە ٤،٣سم، ئەستوری لێوەکەشی کە بەڕووی دەرەوەدا چەماوەتەوە ٧ملم، ملێکی درێژی هەیە بەسەر قەدێکی بچووکەوە پێوانەی درێژی ملەکەی ٨سم، چێوەی ملەکەی ١،٩سم، بەرزی قەدەکەی ٣،٤سم. بنکەیەکی شێوە ڕووچاڵی هەیە تیرەکەی دەگاتە ٤،١ سم.



هێڵکاری (١٢) توێژەر




وێنەی (٤١) شووشەی سێیەم، (توێژەر).

### شووشەی چوارەم: (وێنەی ٤٢) (هێڵکاری ١٣)

کەمۆڵە شووشـەیەکی درێژکـۆڵەیە، بەرزی کەمـۆڵەکە ١٥سـم، تیـرەی دەمـی کەمـۆڵەکە ٤،٦سـم، ئەستوری لێوەکەشی بەڕووی دەرەوەدا چەماوەتەوە ٨ ملم، ملێکی درێژی هەیە بەسەر قەدێکی بچووکەوە بە پێوانەی ١١سم، چێوەی ملەکەی٢،١سم، پێوانەی بەرزی قەدەکەی ٤سم، چێوەی قەدەکەی لە فراوانترین شوێنیدا دەگاتە ٤،٥سم، بنکەیەکی شێوە ڕووچاڵی هەیە، تیرەکەی دەگاتە ٤،٥سم.



وێنەی (٤٢) شووشەی چوارەم، (توێژەر).



هێڵکاری (١٣)، توێژەر.

### شووشەی پێنجەم: (وێنەی ٤٣) (هێڵکاری ١٤)

کەمۆڵە شووشـەیەکی درێژکـۆڵەیە، بەرزی کەمـۆڵەکە ١٥سـم، پێـوانەی تیـرەی دەمـی کەمـۆڵەکە ٤،١سم، ئەستوری لێوەکەشی کە بەڕووی دەرەوەدا چەماوەتەوە ٦ملم، ملێکی درێژی هەیە بەسەر قەدێکی بچووکەوە، درێژی ملەکەی ١١،٩سم، چێوەی ملەکەی ١،٨سم، بەرزی قەدی کەمۆڵەکە ٣،١سـم. بنکەیەکـی شـێوە ڕووچـاڵی هەیە پێـوانەی تیـرەکەی ٤،٦سـم، بەهـۆی کـاریگەرییە سروشتییەکانەوە بەشێکی ئەم شووشەیە ژەنگی گرتووە.



وێنەی (٤٣) شووشەی پێنجەم،


(توێژەر).




هێڵکاری (١٤)، توێژەر

**شووشەی شەشەم: (وێنەی ٤٤)، (هێڵکاری ١٥)**

کەمۆڵە شووشـەیەکی شـێوە لـوولەکی درێژکـۆڵەیە، ئەم پـارچەیە بـێ ڕەنـگە و بە ئاسـانی لەهەر لایەکەوە تەماشـای بـکەی دێـوەکەی تریشـی دەبینـی، بەڵام بەهـۆی کـارلێکەوە بەشـێکی کەم لە ڕووەکەی ژەنگـی گرتـووە. بەرزی ئەم کەمـۆڵەیە ١٢،٦سـم، تیـرەی دەمەکەی ٢،٥سـم، لێوەکەشـی بەڕووی دەرەوەدا کـراوەتەوە و ئەسـتورییەکەی ٢،١ملـم، درێـژی ملـی کەمـۆڵەکە ٦،٩سـم، چێـوەی ملەکەی ٢،١سم، پێوانەی بەرزی قەدەکەی ٥،٧سم، چێوەی قەدەکەی ٦،٣سم، بنکەکەشی تاڕادەیەک شێوە گۆییە.






وێنەی (٤٤) شووشەی شەشەم، (توێژەر).

هێڵکاری (١٥)، توێژەر.

**شووشەی حەوتەم: (وێنەی ٤٥)، (هێڵکاری ١٦)**

کەمۆڵە شووشەیەکی دەسکداری قەبارە بچووکە، هەردوو دەسکەکەی بە قەدو ملەکەیەوە لکاون و دەسـکەکانی بەرامـبەر یەکن، لە قەدەکەیـدا دووپـارچەی شـکاوە و نەمـاوە، بنکەکەشـی شـێوەیەکی نیمچە گۆییە. لە ئێسـتادا ڕەنگێکی سـەوزی کاڵی وەرگرتـووە. بەرزی ئەم کەمۆڵەیە ٦سـم، تیـرەی دەمـی شووشـەکە ٣سـم، ئەسـتوری لێوەکەشـی بە ڕووی دەرەوەدا چەمـاوەتەوە ٥ملـم، درێـژی ملەکەی ٢،٥سم، چێوەی ملەکەی ١،٦سـم. پێوانەی بەرزی دەسـکەکانی ١٩ملم، وە ئەسـتوریەکەی ٤ملم. بەرزی قەدەکەشی ٣،٥سم، پێوانەی چێوەکەی لە فراوانترین شوێندا ٤،٧سم.







هێڵکاری (١٦)، توێژەر.

وێنەی (٤٥) شووشەی حەوتەم، (توێژەر)

## شووشەی هەشتەم: (وێنەی ٤٦)، (هێڵکاری ١٧)

شووشــەیەکی شــێوە لــوولەیی درێژکــۆڵەیە، بەرزیەکەی ١٣،٣ســم، تیــرەی دەمەکەشــی ٤،٣ســم، ئەستوری لێوەکەشی کە بەڕووی دەرەوەدا چەماوەتەوە ٥ملم. ملێکی دریژی هەیە بەسەر قەدیکی بچووکەوە پێوانەی درێژی ملەکەی ١١،٣سم، چێوەی ملەکەی ١،٢سم. پێوانەی بەرزی قەدەکەی ٢سم، چێوەی قەدەکەشی ٢،٨سم. بنکەیەکی شێوە ڕووچاڵی هەیە کە تیرەکەی دەگاتە ٢،٨سم، ئەم کەمۆڵەیە بە پێچەوانەی بەشێک لە کەمۆڵەکانی تر، تیرەی دەمەکەی لە تیرەی بنکەکەی گەورەترە.






هێڵکاری (١٧)، توێژەر.


وێنەی (٤٦) شووشەی هەشتەم، (توێژەر).


## پاشماوە گڵێنەییەکان:

پاشماوە گڵێنەییەکانی گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵا بریتین لە کۆمەڵێک گڵێنە کە بەشێکیان ڕوو شووشەکراون بە گیراوەی سەوز، بە شێکی تریشیان بە سادەیی دروستکراون، بەشێک لە گڵێنەکان درزیان تێکەوتووە، بەڵام ئەو گڵێنانەی کە ڕوو شووشەکراون ڕووشووشەیەکانیان توشی ڕزین و تێکچوون هاتوون و پێویستیان بە چارەسەر هەیە، پاشماوە گڵێنەییەکان هەر وەک لە زۆربەی گۆڕی ئەشکانییەکاندا دۆزراونەتەوە بریتین لە ( گۆزەی دوو دەسک، گۆزەی یەک دەسک، قاپ، پەرداخی سادە و پەرداخی دەسکدار). بە مەبەستی هەڵگرتنی خواردن و خواردنەوە دروستکراون.

**گڵێنەی یەکەم: (وێنەی ٤٧)، (هێڵکاری ١٨)**

گۆزەیەکی قەد فراوانە، بە گیراوەیەکی شووشەی ڕەنگ شین ڕوو شووشەکراوە. بەرزی گۆزەکە ٢٧سم، تیرەی دەمەکەی ١١،٦سم، ئەستوری لێوەکەی ١سم. دەمەکەی بە هێڵی بازنەیی ڕووچاڵ ڕازێندراوەتەوە و بەتەواوی بە دەوری دەمی گۆزەکەدا هاتووە. درێژی ملەکەی ٧سم، چێوەی ملەکەی ١٠سم، بەرزی قەدەکەی ٢٠سم، چێوەی قەدەکەی لە فراوانترین شوێندا ٢٠سم. دوودەسکی هەیە دەسکەکانی بە مل و قەدی گۆزەکەوە لکێندراون، پێوانەی دەسکی گۆزەکە پانی ٣سم، بەرزی ٦سم، ئەستوری ١،٤سم. گۆزەکە بنکەیەکی بازنەیی هەیە تیرەکەی دەگاتە ٩،٤سم، بەرزی بنکەکەی ١سم.






هێڵکاری (١٨)، توێژەر.


وێنەی (٤٧) گڵێنەی یەکەم، (توێژەر).

**گڵێنەی دووەم: (وێنەی ٤٨)، (هێڵكاری ١٩)**

ئەم پـارچە گڵێنەیـیەش بە هەمـان شـێوەی گڵێـنەی یەكەم گـۆزەیەكی شـێوە هێلكەیـی، گـۆزەكە ڕووشووشـە كـراوە بە ڕەنگێكـی شـینی كـاڵ. بەرزی گـۆزەكە ٢٤،٣سـم. دەمیكـی كـراوەی هەیە تیرەكەی دەگاتە ٦،٥سم، ئەستوری لێوەكەی ١،٨سم، درێژی ملی گۆزەكە ٥،٩سـم، چێوەی ملەكەی ٣،٤سم. پێوانەی بەرزی قەدەكەی ١٨،٤سـم، چێوەی قەدەكەی لە فراوانترین شوێنیدا ١٧سـم. دوو دەسكی بچووكی هەیە لە ملی گۆزەكەوە لكێنراوە بە قەدەكەیەوە، پێوانەی دەسكی گۆزەكە بەرزی ٤سم، پانی ٢سم لەسەر بنكەیەكی بازنەیی ڕووتەخت ڕاگیراوە، پێوانەی تیرەكەشی ٩،٩سم، بەرزی بنكەكە ١،٤سم.




وێنەی (٤٨) گڵێنەی دووەم، (توێژەر).



هێڵكاری (١٩)، توێژەر.

**گڵێنەی سێیەم: (وێنەی ٤٩)، (هێڵكاری ٢٠)**

گۆزەیەكی دەسكدار كە قەدێكی فراوان و ملێكی كورتی هەیە، بەرزی گۆزەكە ١٢،٣سـم، دەمێكی فراوانـی هەیە تیـرەی دەمەكەی ٦،٤سـم، ئەسـتوری لێـوەكەی ٦ملـم، درێـژی مـلەكەی ٣،٤سـم، بە چواردەوری ملەكەیدا چەند هێڵك هەن كە تەواوی ملەكەی دەگرن، یەک دەسكی هەیە لە ملەكەیەوە بە قەدەكەی لكێنـراوە (وەكو شـێوەی كـوپی ئێسـتا) بەرزی دەسـكەكەی ٤،٩سـم، ئەستورییەكەشـی ١سـم ، پیـوانەی بەرزی قەدەكەی ٨،٩سـم، چێـوەكەی لە فراوانتـرین شـوێندا ١٠سـم. لە دەوری قەدەكەشی چەند هێڵێک هەن بە دوەری چێوەكەیدا، بنكەیەكی چاڵی هەیە تیرەكەی ٥،١سم.




هێڵکاری (٢٠)، توێژەر.



وێنەی (٤٩) گڵێنەی سێیەم، (توێژەر).

## گڵێنەی چوارەم: (وێنەی ٥٠)، (هێڵکاری ٢١)

ئەم پارچە گڵێنەییە گۆزەیەکی یەک دەسکە کە قەدێکی فراوان و ملێکی تەسکی هەیە، گۆزەکە بە ڕوو شووشەی شینی سەوز باو کراوە. بەرزی گۆزەکە ٢٤سم، دەمی گۆزەکە لە ملەکەی فراوانترە و تیرەکەی ٦،٤سم، لێوەکەشی بە ڕووی دەرەوەدا چەماوەتەوە، درێژی ملەکەی ٥سم وە چێوەی ملەکەی ٤،٣سم، بەرزی قەدەکەی ١٩سم، قەدەکەی لە فراوانترین شوێنیدا دەگاتە ١٥،٦سم، پێوانەی دەسکی گۆزەکە بەرزی ٨سم، ئەستوری ٢سم، پانی ٢،١سم. بنکەکەی ڕوو تەختی هەیە، پێوانەی تیرەی بنەکەکەی ١٣،١سم.




هێڵکاری (٢١) توێژەر.




وێنەی (٥٠) گڵێنەی چوارەم، (توێژەر).

## گڵێنەی پێنجەم: (وێنەی ٥١)، (هێڵکاری ٢٢)

ئەم پارچە گڵێنەییە جیاوازتر لە پارچەکانی تر قاپێکی گڵێنەییە، کە دەمێکی گەورەی کراوەی هەیە، لێوی قاپەکە هیچ دەرچوونێکی نییە، قاپەکە لەکاتی دۆزینەوەیدا بەشی هەرە زۆری شکابوو، بەڵام خۆشبەختانە لە لایەن تیمی شوێنەوارناسی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان چاککراوەتەوە و ئێستا لە مۆزەخانەکەیان نمایشکراوە. بەرزییەکەی بە گشتی ٦،٥سم، ئەستورییەکەی ٦ملم، پێوانەی تیرەی دەمی گڵێنەکە یەکسانە بە ١٦سم، بنکەیەکی بازنەیی ڕووچاڵی هەیە، بنکەکەی بە بەراورد لە قەدەکەی بچووکترە، پێوانەی تیرەی بنکەکەی یەکسانە بە ٥،٨سم، ئەستوری بنکەکەی ٧ملم.




هێڵکاری (٢٢)، توێژەر.



وێنەی (٥١) گڵێنەی پێنجەم، (توێژەر).

## گڵێنەی شەشەم: (وێنەی ٥٢)، (هێڵکاری ٢٣)

پەرداخی گڵێنەیی، ملێکی کورتی هەیە لەگەڵ قەدێکی ڕێکدا، لە خوار ملەکەیەوە بە هێڵێکی ڕووچاڵ ڕازێنـــدراوەتەوە، بەشـــێک لە لێـــوارو قەدی پەرداخەکە شـــکاوە، پەرداخەکە ڕووی دەرەوەی ڕووشووشـەی تـێکەڵ لە ڕەنگی شینی کاڵ و سـەوز کراوە. پێوانەی بەرزی پەرداخەکە ٩،٨سـم. تیـرەی دەمەکەی یەکسـانە بە ٤،٢سـم، لێـواری دەمەکەی بە ڕووی دەرەوەیـدا دەرچـوونێکی هەیە ئەسـتوریەکەی دەگـاتە ٤ملـم، ملێکـی کـورتی هەیە لەگەڵ قەدێکـی ڕێکـدا درێـژی ملـەکەی ٢،١سـم، پێوانەی چێوەی قەدەکەی ٥،٣سم، بەرزی قەدەکەی ٧،٧سم، لەسەر بنکەیەکی بازنەیی دروستکراوە تیرەکەی ٣،٤سم، بەرزی بنکەکە ١،٢سم.






وێنەی (٥٢) گڵێنەی شەشەم، (توێژەر).

هێڵکاری (٢٣)، توێژەر.

## گڵێنەی حەوتەم: (وێنەی ٥٣)، (هێڵکاری ٢٤)

بە هەمـان شـێوەی گڵێنەی پێشـووتر ئەم پـارچەیەش پەرداخێکـی گڵێنەییە، بە گشـتی ئەم پـارچەیە ڕووی دەرەوەی ڕووشووشـەی تێکەڵ لە ڕەنگی شین و سەوز کراوە، بەشێکی بچووکی لێوارەکەی شـکاوە، بە هـۆی کـاریگەرییە سروشـتییەکانەوە ئەم پەرداخە بە شـێک لە ڕووە شووشـەیەکەی لێبۆتەوە. پێوانەی بەرزیەکەی ٩،٣سم. تیرەی دەمی ٤،٢سـم، لێواری دەمەکەی بە ڕووی دەرەوەیدا دەرچوونێکی هەیە ئەستوریەکەی دەگاتە ٤ملم، چێوەی مـلەکەی ٣،٣سـم، چێوەی قەدەکەی ٥،٥سـم، لەسەر بنکەیەکی بازنەیی دروستکراوە تیرەکەی ٣،٢سم، بەرزی بنکەکە ١سم.



هێڵکاری (٢٤) توێژەر.




وێنەی (٥٣) گڵێنەی حەوتەم، (توێژەر).

## گڵێنەی هەشتەم: (وێنەی ٥٤)

ئەم پارچە گڵێنەییە بە پێی بۆچوونی ئەندامانی تیمی شوێنەوارناسی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیـان ئەگەری ئەوە دەخـاتە ڕوو لەوەی کە وەک تابوتێـک بەکـار هاتبێـت، شـێوە و چـۆنیەتی بەکارهێنـانەکەی ئەوە دەخـاتە ڕوو، چـونکە کۆمەڵێـک ئێسـکی ناسـک ووردبـووی تێـدا دانـراوە، ئێسـکەکان پێدەچێت ئێسـکی باڵندەبووبێت لە هەمـان کاتدا لە تەنیشـت ئێسـکە کۆکراوەکـانی تـاقی باشــووری گــۆڕەکە دانرابــوون. پێکهــاتەکەی لە گڵێکــی گیــراوەی ئاســایی و بەبــێ ســووتاندن دروستکراوە. [٢٢٧] بەڵام بەهۆی بچووکی قەبارەکەی و گەڕان و بەدوا داچوونەکان، بە باوەڕی ئێمە ئەم پارچەیە وەکو ڕووناککەرەوە (چرا)/ ئاگردانبەکارهاتبێت، هەرچەندە ڕوونـاک کەرەوەکە یـاخود ئـاگردانەکەی گۆڕگردۆڵکەی سـەرقەڵا هـیچ جۆرێک لە پاشـماوەی سـووتاوی پێوە دیـارنییە، بەڵام

---

[٢٢٧] محەمەد، ص.، ئەوانی تر.، (٢٠١٣)، سەرچاوەی پێشوو.

ئەمە واتای ئەوەنییە کە ئەمە ڕووناککەرەوە نەبێ، چونکە لەسـەردەمی ئەشکانییەکان ئەم شێوازە چرایـانە زۆربەکارهـاتوون، بەڵام لەوەدەچێت کە ئەم ڕوونـاک کەرەوەیە بەکـار نەهاتبێـت و وەک ئامرازێـک لەگەڵ مـردووەکە ناشـتوویانە هەرچەنـدە بە شـێوەیەکی تەواو نەدۆزراوەتەوە، چـونکە پارچە چراکە شکاوە. پێوانەی درێژی ئەو پارچەیەی ماوەتەوە ١٤سـم، و بەرزی قەدەکەی ٨،٥سـم، ئەستوری قەدەکەی ١،٨سـم، دەمەکەی کراوەیە بە پێوانەی ٦،٦سـم. لە بەشـی خوارەوەیدا کونێکی بچووک هەیە بە پێوانەی ٢،٣سم، بنەکەکەی ڕووتەختە.







وێنەی (٥٤) (أ) گڵێنەی هەشتەم، (توێژەر).



(ب) نموونەیەک لە شێوەی چرا، ڕووناککەرەوە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە. لە میسۆپۆتامیا، لە تەیسفون دۆزراوەتەوە.

Lamp | Parthian | Parthian | *The Metropolitan Museum of Art (metmuseum.org)*, (**Accessed:** 26\6\2022, 11:00 p.m).

## پاشماوە کانزاییەکان:

کۆمەڵێک پاشماوەی کانزایی دۆزراونەتەوە کە زیاتر بۆ مەبەستی جوانکاری بەکارهاتوون لە کانزایی (زێڕ، زیو، مس، ئاسن و برۆنز) دروستکراون.

**موستیلە: (وێنەی ٥٥)**

لەم گۆڕەدا تەنها یەک موستیلەی لە زێڕ دروستکراو دۆزراوەتەوە، بە دیاریکراوی لەناو تابوتە گەورەکەدا. ئەم مستیلەیە هیچ نەخش و هێمایەکی لەسەر نییە کێشەکەی ٣،٤٣گم. بەشێوەیەکی سادە دروستکراوە، بەڵام شێوازی دروستکردنەکەی بازنەییەکی تەواو نییە و لە چەند گۆشەیەکەوە لاربوونەوەی تێدا بەدی دەکرێت، تیرەکەی ١،٧سم، ئەستوری لە فراوانترین شوێندا ٣ملم.

**گوارە: (وێنەی ٥٦)**

جوتێک گوارەی لە زێڕ دروستکراو لە ڕۆژئاوای گۆڕەکە دۆزراونەتەوە، لەسەرەوە شێوەکەیان بازنەییە و لە خوارەوەش شێوازێکی نووک تیژیان هەیە، کە شێوەکەی دەچێتەوە سەر تاقێکی نوک تیژ. کێشی هەردوو گوارەکە ٢،٣٦گم، کێشی یەکێک لە گوارەکان ١،١٧گم، گوارەکەی تر ١،١٩گم. پێوانەی گوارەکان تیرە ١،١سم، بەرزی ١،٥سم. ئەم گوارانە لە تەنیشت سەری ئێسکە پەیکەرێکی ڕزیوی قەبارە بچووک دانرابوون.

**مووروی زێڕ: (وێنەی ٥٧)**

ئەم پارچەیە تاکە مووروی دۆزراوەیە لە گۆڕەکەدا کە لە زێڕ دروستکراوە، بەڵام ئەوەی کەجێی تێڕامانە هیچ کونێکی بۆ دروستنەکراوە، بە مەبەستی جوانکاری بەکارهاتووە، کێشی ئەم مورووە ٦٢سەنت، تیرەکەی ١سم، بەرزییەکەی ٨ملم، ڕەنگەکەی بەهۆی کاریگەریی سروشتییەوە جۆرێک لە ڕەشبوونەوەی پێوە دیارە.




وێنەی (٥٥) ئەڵقەی زێڕ، (توێژەر).




وێنەی (٥٦) گوارەی زێڕ، (توێژەر).




وێنەی (٥٧) مورووی زێڕ،(توێژەر).

**پارچە زێڕی تەنک: (وێنەی ٥٨)**

لە گۆڕەکەدا چوار پارچە پارچە زێڕی زۆر تەنک دۆزراونەتەوە، دوانییان هەمان پێوانە و کێشیان هەیە کە درێژییەکەیان ٤سم ،پانییەکەشیان ٣،١سم، کێشی هەردوو پارچە گەورەکە ١،٥٦گم، دووپارچەکەی تریشیان هەمان پێوانە و کێشیان هەیە درێژیان ٣،٤سم، پانییەکەشیان ٢،٣سم، کێشیشیان ١،٢٦گم.

پارچەی یەکەمیان کە کێش و پێوانەکەیان گەورەترە لە بەشی سەرەوەی سەکۆی ڕۆژهەڵات دۆزراونەتەوە، لە نێوان ئێسک و پروسکی کۆکراوەی مردوویەک و سەری ئێسکە پەیکەری مردوویەکی تردا دانرابوون. دووپارچەکەی تریان لەسەر سەکۆی باشوور دۆزراونەتەوە، بەڵام بەهۆی خراپی و دارمانی بانی ئەو بەشەی گۆڕەکە بە شێوەیەکی تەواو نازانرێت لە چ شوێنێکی مردووەکە دانراوە.[228] هەریەکێک لەم پارچانە لەهەر لایەکەوە دووکونی بۆکراوە بە شێوازێک کە شێوەی هەر یەکێک لەم پارچانە شێوە لاکێشەیە، واتە هەر گۆشەیەکی پارچەکان دوو کونیان تێداکراوە، کەواتە هەر پارچەیەک هەشت کوونی تێداکراوە، لێرەشەوە دەردەکەوێت ئەو کونانە بەمەبەستی پێکەوە بەستنی پارچەکان دروستکراون، ئەمەش توێژەر دەگەیەنێت بەچەند بۆچوونێک:

یەکەم: دەکرێت وەکو گەردنبەند بەمەبەستی جوانکاری بەکارهێنرابن.

دووەم: دەکرێت وەکو سینەبەند بەکارهێنرابن.

سێیەم: دەکرێت بە مەبەستی جوانکاری تێکەڵکێشی پشتێن کرابێت.

چوارەم: دەکرێت بەمەبەستی جوانکاری لە نێو چاوانیان بەستبێت.

پێنجەم : لە زۆربەی سکەکانی ئەشکانی دا وەک گەردنبەند بەکارهاتووە لەملی پادشاکاندا.




وێنەی (٥٨) چوار پارچەی زێڕ، (توێژەر).

---


[228] دۆسیەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، ٢٠١٣.

**دەستبەندی یەکەم (بازن): (وێنەی ٥٩)، (هێڵکاری ٢٥)**

لە مس دروستکراوە، کە بە شێوەیەکی لوول پێچ ڕازێندراوەتەوە، ئەم شێوە لوول پێچیە بە شێکی زۆری دەست بەندەکە پێکدەهێنێت، بەڵام لەبەشی خوارەوەیدا دوو ئەڵقەی بەرامبەر دروستکراون بە شێوەیەکی بازنەیی کە کۆتا بەشی دەستبەندەکەیە، تیرەی ئەم دەست بەندە ٩سم، ئەستوری بەشە لوول پێچیەکەی ١،٧سم. ئەستوری بەشی کۆتاییەکەی ٧ملم. لە هەر لایەکی دەست بەندەکە بە ٤هێڵی بازنەیی ڕازێندراوەتەوە. کیشی دەست بەندەکە ١٠٠،٢٠گم.



وێنەی (٥٩) دەستبەندی یەکەم، (توێژەر) .




هێڵکاری (٢٥)، توێژەر.

**دەستبەندی دووەم (بازن): (وێنەی٦٠)، (هێڵکاری ٢٦)**

لە مس دروستکراوە، بە شێوەیەکی لوول پێچ ڕازێندراوەتەوە، ئەم شێوە لوول پێچیە بە شێکی زۆری دەستبەندەکە پێکدەهێنێت، بەڵام لەبەشی خوارەوەیدا یەکێک لە تەلەکان کە پێی دروستکراوە ئاڵێنراوە لە بازنەکە لە شێوەی (قولاب)، مەبەست لەمەش تێکهەڵچوون و لەیەکتر گیربوونی دەستبەندەکەیە، بۆئەوەی کاتێک بەکارهێنراوە لەدەستدا بەرنەبێتەوە. تیرەی ئەم دەست بەندە ٨سم، ئەستوری بەشە لوول پیچەکەی ١،١سم، ئەستوری بەشە باریکەکەی ٦ملم.



وێنەی (٦٠) دەست بەندی دووەم، (توێژەر).



هێڵکاری (٢٦)، توێژەر.

### دەستبەندی سێیەم: (وێنەی ٦١)

دەستبەندێکی کانزای بچووک لە مس دروستکراوە، بەشی سەرەوەی فراوانترە لە لایەکانی، بەڵام بەشیکی شکاوە و پارچە شکاوەکەشی لەناو چووە و نەماوە، تیرەی دەستبەندە ٣،٩سم، ئەستوریەکەشی لە فراوانترین شوێنیدا ٥ملم. کێشی دەستبەندەکە ٦،٤٦گم. ئەم دەستبەندە بەپێی قەبارە و پێوانەکەی بێت پێدەچێت بۆ کەسانی تەمەن منداڵ بەکارهێنرابێت، بەو پێیەی لەناو گۆڕەکەدا ئێسکە پەیکەری منداڵی بچووکی تێدا دۆزراوەتەوە، بەڵام بەهۆی دارمانی بەشێک لە بانی ژووری گۆڕەکە نازانرێت شوێنی ڕاستەقینەی دەستبەندەکە لەکوێ بووە.




وێنەی (٦١) دەست بەندی سێیەم، (توێژەر).

### ئەڵقەی کەمەربەندی یەکەم: (وێنەی ٦٢)، (هێڵکاری ٢٧)

ئەڵقەی کەمەربەندێکی شێوە بازنەیی لە بڕۆنز دروستکراوە، ئەم ئەڵقەیە دووسەری شێوە ئاژەڵی (بزنە کێوی) پێوەیە کە ڕووەکانیان بۆ دەرەوەیەو پشتیشیان لە یەکترە، هەردوو سەری ئاژەڵەکە بە یەک شێوە لەیەک ئاستدا دروستکراون. تیرەکەی ٤،٢سم، تیرەی بەشی ناوەوەی ٣،٩سم. ئەستوریەکەشی ٥ملم، بەرزی سەری ئاسکەکە ١،٨سم. ئەڵقەی کەمەربەندەکە لەناو تابوتە گەورەکە دۆزراوەتەوە و بە دیاری کراوی لە تەنیشت ڕانی ئێسکە پەیکەرەکە.




وێنەی (٦٢) ئەڵقەی کەمەربەندی یەکەم، (توێژەر).



هێڵکاری (٢٧)، توێژەر.

## ئەڵقەی کەمەربەندی دووەم: (وێنەی ٦٣)، (هێڵکاری ٢٨)

ئەڵقەی کەمەربەندێکی شێوە بازنەیی لە برۆنز دروستکراوە. بەهۆی داخورانەوە بەشێکی زۆری پێکهاتەو شێوەکەی لەدەستداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وا دەردەکەوێت لەلایەکەوە سەری ئاژەڵێکی پێوەیە بەهەمان شێوەی ئەڵقەی کەمەربەندی یەکەم، بەرامبەر ئەم سەرە ئاژەڵەش پارچەیەکی تر لەسەر تیرەی ئەڵقەی کەمەربەندەکە دروستکراوە کە شێوەکەی لە شێوەی (چەتر یاخود کارگ)ە. تیرەکەی لە فراوانترین شوێنیدا ٣،٥سم، ئەستوریەکەشی ٥ملم. بەرزی سەری ئاژەڵەکە ١،٣سم. پانییەکەی ١،٤سم.



هێڵکاری (٢٨)، توێژەر






وێنەی (٦٣) ئەڵقەی کەمەربەندی دووەم، (توێژەر).

## ئەڵقەی کەمەربەندی سێیەم: (وێنەی ٦٤)، (هێڵکاری ٢٩)

لە مس دروستکراوە. ئەڵقەی کەمەربەندە شێوەی کلیلێکی لوولە درێژ دەردەکەوێت، بەڵام لوولەکەی بەتەواوەتی قوپاوەتەوە بۆسەر بەشە بازنەییەکە، تیرەی ئەڵقەکە ٣،٢سم، ئەستوریەکەی ٤ملم. درێژی ئەو بەشەی کە لە دەسکەکەی ماوە ٣،٩سم، ئەستوریەکەشی ٥ملم. کێشی ئەڵقەکە ٩،٢٤گم.



هێڵکاری (٢٩)، توێژەر.





وێنەی (٦٤) ئەڵقەی کەمەربەندی سێیەم، (توێژەر).

**موستیلە: (وێنەی ٦٥)، (هێڵکاری ٣٠)**

موستیلەیەک لە برۆنز دروستکراوە، شێوەیەکی نیوە بازنەیی هەیە لەبەشی سەرەوەیدا فراوان بوونەوەی تیدایە کە پانییەکەی ١٤ملم، لەڕووی دەرەوەیدا کۆمەڵێک هێما و نەخش و هێڵی جۆراوجۆری ئەندازەی نەخشێنراون کە یەکێک لە هێماکان پێدەچێت وێنەی باڵندەبێت، ئەم موستیلەیە لەناو تابوتە گەورەکە دۆزراوەتەوە، کە پێدەچێت تایبەت بووبێت بە میر یاخود ئەوکەسە خانەدانەی ناو گۆڕەکە. کێشی موستیلەکەیە ٣،٥٧گم، تیرەکەی ٢٠ملم، ئەستوریەکەشی ٢ملم.





وێنەی (٦٥) موستیلەی برۆنز، وەرگیراوە لە(دۆسییەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان). هێڵکاری (٣٠ )، توێژەر.

**ئەڵقەی یەکەم: (وێنەی ٦٦)**

ئەڵقەیەکە بەشێوەیەکی سادەی لاکێشەیی لە مس دروستکراوە، کێشی ٩٧سەنتە، بەڵام بە هۆی داخوران و ژەنگهێنانەوە بە تەواوەتی ڕەنگ و شێوازی ڕاستەقینەی خۆی لە دەستداوە. پێوانەکەی بەرزی ١،٤سم، پانی ١،٨سم، ئەستوریەکەی ٢ملم.

**ئەڵقەی دووەم: (وێنەی٦٧)**

ئەڵقەیەکی سادەی شێوە بازنەیی لە ئاسن دروستکراوە، بەڵام بەهۆی داخوران و ژەنگهەڵهێنانەوە ڕەنگ و شێوە ڕاستە قینەکەی لەدەستداوە. کێشەکەشی ٢،٧١گم، تیرەکەی ٢سم، ئەستوریەکەشی بە هۆی ژەنگەکەوە ٥ملم.



وێنەی (٦٦) ئەڵقەی یەکەم، (توێژەر).




وێنەی (٦٧) ئەڵقەی دووەم، (توێژەر).

**ئەسكۆ: (وێنەی ٦٨)، (هێڵكاری ٣١)**

ئەسكۆیە لە مس دروستكراوە، بەشێكی تووشی شكان و داخوران بووە، تیرەی دەمی ئەسكۆكە ٣،٨سم، درێژی ٣،٢٠سم، دەسكێكی باریكی هەیە، درێژی دەسكەكەی بەتەنها ١٤،٣سم، ئەستوری دەسكەكەی ٦ملم، لە كۆتای دەسكەكەیدا ئەڵقەیەكی شێوە بازنەیی بە دەسكەكەوە نووساوە، تیرەكەی ٢،٤سم كە پێدەچێت ئەم ئەڵقەیە بە مەبەستی هەڵواسین یاخود لەكاتی بەكارهێنیشدا بۆ یەكێك لە پەنجەكانی دەست دروستكرابێت. ئەسكۆیەكە لەبەشی باكووری گۆڕەكە دۆزراوەتەوە بە دیاریكراوی لە ژێر تابوتە شێوە هێلكەییەكەدا.




وێنەی (٦٨) ئەسكۆ، (توێژەر).



هێڵكاری (٣١)، توێژەر.

**دەسكی ئەسكۆ: (وێنەی ٦٩)**

ئەم دەسكە لە مس دروستكراوە. دەسكی ئەسكۆیە كە زیاتر لە شێوەی كلیلێكی لوولە درێژ دەردەكەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا هەمان شێوازی دەسكی ئەو ئەسكۆیەی هەیە كە لە گۆڕەكەدا دۆزراوەتەوە، ئەم دەسكە بەشی خوارەوەی لێبۆتەوە و لەناو چووە. درێژی دەسكەكە ١٠،٣سم، تیرەی ئەڵقەكەی ٢،١سم، ئەستوری ئەڵقەكە ٣ملم، ئەستوری كلكی دەسكەكە ٣ملم.




وێنەی (٦٩) دەسكی ئەسكۆ، (توێژەر).

### دەسکی ئەسکۆ: (وێنەی ٧٠)

ئەم دەسکە لە ئاسن دروستکراوە شێوەی کلیلی هەیە، بەڵام بەهۆی داخورانەوە توشی ژەنگ هەڵهێنان و شکان بووە. درێژی دەسکەکە ٤سم، پێوانەی تیرەی بازنەکەی ٣،٥سم، ئەستوری بەشە ئەڵقەیەکە ٧ملم، ئەستوری کلکەکەی ٩ملم.



وێنەی (٧٠) دەسکی ئەسکۆ، (توێژەر).


### گوارە: (وێنەی ٧١)

چوار پارچە گوارەی کانزایی شێوە بازنەیین. لە مس دروستکراون، کە پێوانەی جیاوازیان هەیە، ئەم پارچانە بە مەبەستی جوانکاری (خشڵ) بەکارهێنراون.

پێوانەی گوارە بچووکەکە تیرەکەی ٢،٢سم، ئەستوری لە فراوانیترین شوێنیدا ٤ملم. بەشی سەرەوەی بە پارچەیەک بە پێوانەی ئەستوری ٥ملم داپۆشراوە. کێشی گوارەکە ٣،٣٣گم.

پێوانەی گوارە دووەم، تیرەکەی ٣،٨سم. ئەستوری لە فراوانیترین شوێنیدا ٦ملم. بەشی سەرەوەی بە پارچەیەک بە پێوانەی ئەستوری ٥ملم داپۆشراوە. کێشی گوارەکە ١١،٣٦گم.


پێوانەی گوارە سێیەم، تیرەکەی ٤،١سم. ئەستوری لە فراوانیترین شوێنیدا ٧ملم. بەشی سەرەوەی بە هۆی ژەنگ هەڵێنانەوە ڕوون نییە. کێشی گوارەکە ١٥،١٨گم. گوارە گەورەکە لەڕووی دەرەوەی هێڵێکی ڕووچاڵ نەخشێندراوە کە بە پێوانەیەکی یەکسان تەواوی تیرەی گوارەکە دەبڕێت، بەهۆی داخوران و ژەنگ هەڵێنانەوە ڕەنگە ڕاستەقینەکەی لەدەستداوە. تیرەکەی ٤،٥سم، ئەستوریەکەشی ٦ملم. کێشی ٢٢،٦٠گم



وێنەی (٧١) چوار گوارەی کانزای، (توێژەر).

**پارچە کانزا: (وێنەی ٧٢)**

ئەم پارچە کانزایە شێوەیەکی نیوە بازنەیی هەیە لە مس دروستکراوە، نازانرێت بۆچی مەبەستێک بەکار هاتووە، چونکە تەنها پارچەیەکە و بەشەکەی تری نەماوە، بەپێی بابەتەکانی ناو گۆڕەکە پێدەچێت پاشماوەی جوانکاری گوارە یان ملوانکە بێت، کە وەکو جوانکاری بەکاریانهێنابێت لەشێوەی خڕخال بە ناوەڕاستی گوارەکەوە یان ملوانکەکەوە کرابێت. چێوەکەی ١،٦سم. بەرزی ٨ملم، ئەستوری ٢ملم. کێشی ١،١٤گم.



وێنەی (٧٢) پارچە کانزا، (توێژەر).

**موورو و ملوانکە:**

دوو پارچە ملوانکە بە هەمان شێوە لە موروو دروستکراون لە ناو گۆڕەکەدا دۆزراونەتەوە، کە لە لای دەست و ملیانەوە دانرابوون.

**ملوانکەی یەکەم: (وێنەی ٧٣)**


ئەم ملوانکەیە کۆمەڵێک مورووی بچووک وجۆراوجۆری ڕەنگ جیاوازی تێدا بەکارهاتووە، ژمارەی موروەکان ٢٠ دانەیە، گەورەترینیان تیرەکەی ١٧ملم، تیرەی بچووکترینیان ٧ملم. لە ڕەنگی (سور، پرتەقاڵی، شووشەی(ئاوی)، ڕەش، سەوز، خاکی) پێکهاتوون، لە مادەی جۆراوجۆری وەک (کانزا، شوشە و بەردی گرانبەهای عەقیق) دروستکراون.



وێنەی (٧٣) ملوانکەی یەکەم، (توێژەر).

**ملوانکەی دووەم: (وێنەی ٧٤)**

ئەم ملـوانکەیەش بە هەمـان شـێوەی ملـوانکەکەی پێشـوتر لە کۆمەڵێـک مـورووی بچـووک و جۆراوجـۆر دروسـتکراوە بەڵام ژمـارەی موروووەکـانی ١٧ دانەیە، گەورەترینیـان تیـرەکەی ١،٤سـم، بچووکترینیان تیرەکەی ٠،٤سم، لە هەمان مادە دروستکراوە ڕەنگەکانیـان (پرتەقاڵی، کەوەیی کاڵ، کەوەیی تۆخ، قاوەیی، سەوز، ڕەش، سور، شین، خاکی و ڕەشی تێر).



وێنەی (٧٤) ملوانکەی دووەم، (توێژەر).


**کلدان: (وێنەی ٧٥)، (هێڵکاری ٣٢)**

کلدانێکی کانزایی لە مس دروستکراوە، شێوەیەکی لوولەی هەیە و لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشـی سەرەکی ئەو بەشەیە کە کلەکەی لی دادەنرێت، بەرزی کلدانەکە ٧،٧سـم، بەرزی قەدەکەی ٥،٧سـم. لەبەشی سەرەوەیدا لێوارێکی ئەستوری هەیە کە بەڕووی دەرەوەیدا دەرچووە، ئەستوری لیوەکەی ٣ملم، تیرەی دەمەکەی ٢،٧سم، چێوەی قەدی کلدانەکە لە فراوانترین شـوێندا ٢،٧سـم، ڕووەکەشـی بە سێ بەش دەبەشکراوە بە هێڵێکی ڕێکی ڕووچاڵ و شێوە بـازنەیی ڕازێندراوەتەوە و ئەم هێڵە تەواوی چێوەی کلدانەکە دەگرێت. بەشـی خـوارەوەی کلدانەکە کە بنکەکەیەتی شـێوەیەکی بـازنەیی ڕووتەختـی هەیە، تیرەی بـنکەکەی دەگـاتە ١،٩سـم، بەرزی بـنکەکەی ٢سـم، چێـوەی ملـی بـنکەکەی ١سم، لە ژێر بنکەکەی کونێک هەیە بە پێوانەی ٧ملـم. لە بەشـی خـوارەوەی کلدانەکە دەرچەیەکی لێـوە دەرچـووە کە کـونێکی بـازنەیی تیـدایە بە پێـوانەی درێـژی ١،٣سـم، ئەسـتوری ٣ملـم، بەکـار هێنراوە بۆ ڕاگرتنی ئەو بەشەی کە چاویـان پێڕشـتووە. بەشـێکی تـری کلدانەکەش سـەرقاپەکەیەتی کە بنکەیەکی بازنەیی تەواو ڕووتەختی هەیە تیرەکەی ٢،٥سـم، ئەستوریەکەشـی ٢ملـم. کۆتـا بەشـی ئەم کلـدانەش میلەکەیەتـی شـێوەیەکی درێـژی لـوولەیی کە نـووکێکی پـانی هەیە درێـژی ئەم پـارچە کـانزایە ١٢،٥سـم، بەشـە گەورەکەی لە خـوار دەسـکەکەیەوە تـا بەشـی خـوارەوە بە چـوار هێـڵ

ڕازێندراوەتەوە، بەرزی دەمە پانەکەی ٣،٨سم وئەستوری ٢ملم. بەرزی کلەکە باریکەکەی ٨،٧سم، تیرەکەی ٢ملم. بەڵام بەشێکی خوارەوەی لێبۆتەوەو ئەو بەشەشی کە لێبۆتەوە درێژیەکەی ٤سم، کلدانەکەش لە ناو تابوتە هێلکەییەکەدا دۆزراوەتەوە.



وێنەی (٧٥) کلدان، (توێژەر).



هێڵکاری (٣٢)، توێژەر.

**کارد/ کێردی یەکەم: (وێنەی ٧٦)**

لە ئاسن دروستکراوە، شێوەکەی هەمان شێوەی چەقۆیەکی ئاسایی سەردەمی ئێستای هەیە، بەڵام بەهۆی داخوران و ژەنگ هەڵهێنانەوە بەشێک لە دەسکەکەی تووشی شکان بووە. درێژییەکەی ١١،٥سم، دەسکەکەی کە ماوەتەوە ٢،٤سم. درێژی دەمەکەی ٩،١سم و ئەستوری ٥ملم.

**کارد/ کردی دووەم: (وێنەی ٧٧)**

لە ئاسن دروستکراوە، شێوەکەی هەمان شێوەی چەقۆیەکی ئاسایی سەردەمی ئێستای هەیە، قەبارەکەی لە کاردی یەکەم بچووکترە، بەڵام بەهۆی داخوران و ژەنگهەڵهێنانەوە بەشێک لە دەسکەکەی تووشی شکان بووە. درێژییەکەی ٨،٩سم، درێژی دەسکەکەی ١،٩سم. درێژی دەمەکەی ٧سم و ئەستوری ٥ملم.



وێنەی ٧٦ کاردی یەکەم، (توێژەر)



وینەی ٧٧کاردی دووم، (تویژەر)

# تـــەوەرەی ســێیـــەم

# ســـکە و ئێسکەپەیکـەرە دۆزراوەکان و شیکـاری مێژوویی

٣-١ سکەکان

٣-٢ ئێسکەپەیکەرەکان

٣-٣ شیکاری مێژووی

## تـــــەوەرەی سێیـــــەم

## سـکە و ئێسکەپەیکەرە دۆزراوەکان و شیکاری مێژوویی

### ١- سکەکان

ژمـارەی سـکە دۆزراوەکـان ١٢ سـکەیە ئەم سـکانە لە چەنـد شـوێنێکی جیـاوازی نـاو گـۆڕەکە دۆزراونەتەوە، کە لەسـەر سـک و سـنگی ئێسـکەپەیکەرەکان دانرابـون، لەکـاتی دۆزینەوەیانـدا هـیچ نیشـانە و ئامـاژەیەکی سـەر سـکەکان دیـار نەبـوو، بەڵام دواتـر لەلایەن تیمـی شوێنەوارناسـی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان تاڕادەیەکی باش توانراوە پاکبکرێنەوە[٢٢٩]

سـکەکان لەلایەن'مەسـێجی گراپۆس Maciej Grab' پسـپۆڕی بـواری دراو لە زانکۆی وارشـۆ لە پۆڵەندا خوێندنەوەیان بۆکراوە[٢٣٠]. کە سکەکان بۆسـەردەمی پێنج پادشـای ئەشکانی دەگەڕێنەوە. بەڵام ئێمە سەبارەت بە سکەکانی پادشـا ڤەلاخشـی سێیەم بۆچوونمـان جیاوازترە، پێمـان وایە ئەم سکانە سکەی پاکۆرۆسی یەکەم بن ئەمەش بە پشت بە ستن بە گەڕانەوە بۆ سکەکانی پادشـایانی ئەشکانی و بەراووردکردنیان.[٢٣١]

یەکەم: Orodes II ئۆرۆدی دووەم ٥٧ -٣٨پ. ز.

دووەم: Artabanus III ئەردەوانی سێیەم (ئەرتابانۆسی سێیەم) ١١- ٣٨ ز.

سێیەم: Vologases I ڤۆلگاشی یەکەم (ڤەلاخشی یەکەم) ٥١ -٧٨ز.

چـوارەم: Vologases III ڤۆلگاشـی سـێیەم (ڤەلاخشـی سـێیەم) ١١٣-١٤٦ز. / Pacorus I پاکۆرۆسی یەکەم ٧٨ ز. – ١١٣ ز.

پێنجەم: : Vologases IV ڤۆلگاشی چوارەم (ڤەلاخشی چوارەم) ١٤٧- ١٩١ز. [٢٣٢]

شەشەم: نەخشەی شوێنی لێدانی سکەکان. (پاشکۆ ٢)

---

[٢٢٩] دۆسیەی بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، ٢٠١٣.

[٢٣٠] لە رۆژی ٣ی حوزەیرانی ٢٠١٣دا داوام لە هاوڕێم ماسێجی گاراپۆس کرد کە سکەکانی گەرمیان بخوێنێتەوە و ئەویش هەموویانی خوێندەوە. زاموا، د.، (چاوپێکەوتن)، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی شوێنەوار، ٢٠٢٣/٥/٧، یەکشەمە، شوێنی چاوپێکەوتن، زانکۆی سلێمانی.

[٢٣١] بروانە: غلامی، *منبع سابق*، ص. ٧١٨-٧٢٢.

[٢٣٢] کریم، م.، عبدلکریم، ن.، "شوێنەواری گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵاو پاشماوەکانی (٥٧ پ.ز. – ٢٠٧ز.)" *پڕۆسیدینگی سێیەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی شوێنەوار وکەلەپووری کوردستان*، سەرۆکی کۆنفرانس، زێدان برادۆستی، ز. سەلاحەدین، (٢٠١٩) هەولێر، ل. ١٣٦-١٤٧.

**سکەی ژ. ١:**

| شوێنی لێدان | ناوی پادشا | ئەستوری | تیرە | کێش | کانزا | سکە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەی | ئۆرۆدی دووەم | ٢،٥ملم | ٢١ملم | ٣،١٢گم | زیو | دراخم |



وێنەی ٧٨ وەرگیراوە لە (کریم، م.، عبدلکریم، ن.، "شوێنەواری گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵاو پاشماوەکانی،...*سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٤٤)

**ڕووی پێشەوە:** چوارچێوەیەکی بازنەیی دنکداری بۆ دروستکراوە. بەدیاری کراوی ناوەڕاستی سکەکە سەری پادشا کە بەتەواوی لەگەڵ مل و سنگیدا ڕووی لە لای چەپکردووە، پادشا پرچێکی مامناوەندی لوول و ڕیشێکی کورتی هەیە سەربەستێکی بە ناو چەوانەوە بەستووە. ملوانکەی لەملدایە.

**ڕووی پشتەوە:** ناوەڕاستی بەشی پشتەوەی وێنەی تیرهاوێژێکە لەسەر کورسیەک دانیشتووەو کڵاوی شێوە ( bashlyk)[٢٣٣] لەسەرە، کەوانێکی بە دەستەوەیە ڕووی لەلای ڕاستە، جگە لە وێنەی تیر هاوێژەکە کۆمەڵێک نوسراوی لەسەرە، لە چوار دەوری تیر هاوێژەکە بە ئەلف و بێی یۆنانی نوسراوە،

ΒΑΣΙΛΕΩΣ ΒΑΣΙΛΕΩΝ ΑΡΣΑΚΟΥ ΕΥΕΡΓΕΤΟΥ ΔΙΚΑΙΟΥ ΕΠΙΦΑΝΟΥΣ ΦΙΛΕΛΛΗΝΟΣ.

پادشای پادشاکان، ئەرشاک، بەخشندەکە، دادپەروەرەکە، دۆستی یۆنانییەکان.

[٢٣٣] جۆرێکە لە کڵاو لە چەرم دروستدەکرا هەروەکو سەرپێچ/کڵاوی ساتراپەکانی هەخامەنشی یان هێلێنیستی بوو، ئەم کڵاوە هەمیشە لەگەڵ سەرپێچ دەبەسترا. لە تەوەرەی دووەمی بەشی یەکەم لە باسی سکەکان و جلوبەرگی ئەشکانییەکان ئاماژەمان بەو شێوە کڵاوە کردووە.

نموونەیەک لە دراخمی  پادشا ئۆرۆدی دووەم لە ئەکبەتانە لێدراوە.



غلامی، *منابع سابق*، ص. ٤٥٨.

**<u>سکەی ژ. ٢:</u>**

| سکە | کانزا | کێش | تیرە | ئەستوری | ناوی پادشا | شوێنی لێدان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دراخم | زیو | ٣،٥گم | ٢٠ملم | ٣ملم | ئەرتابانۆسی سێیەم/ ڤەلاخشی یەکەم | ئەکبەتانە |



وێنەی ٧٩ وەرگیراوە لە (کریم، م.، عبدلکریم، ن.، "شوێنەواری گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵاو پاشماوەکانی،...*سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٤٦)

**ڕووی پێشەوە:** چوارچێوەیەکی دنکدار بە دەوری سکەکەدا هاتووە، ئەم سکەیە بەهۆی داخورانێکی زۆرەوە ناتواندرێت بە تەواوی وێنەی پادشاکە ببینرێت، هەروەک سکەکانی تر پادشا ڕووی لە لای چەپە سەربەستێکی بەستووە لە دواوە گرێدراوە، ڕیش و سمێڵی مامناوەندی هەیە، بەڵام بەتەواوی ناتوانرێت وێنەکە ببینرێت.

**ڕووی پشتەوە:** ڕووی پشتەوەشی بەشێکی زۆری داخوراوە و تێکچووە جگە لە دەرکەوتنی چەند پیتێکی ئەلف و بێی یۆنانی لە بەشی سەرەوە و لای چەپ سکەکە، بەشێکی کەم لە وێنەی تیرهاوێژەکەش دەرکەوتووە.

**سکەی ژ. ٣:**

دەربارەی سکەی سێیەم و چوارەم خوێندنەوەی بۆکراوە بە دراخم ناسێنراوە، بەڵام بەپێی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەمان لەسەر سکەکانی ئەشکانی ئەم سکانە تێترادراخمن کە کێشیان چوار ئەوەندەی کێشی دراخمە. بۆ زانیاری دەربارەی سکەکانیان لەبەشی دووەمی توێژینەوەکە ئاماژەم بە سکەکانیان کردوە.[٢٣٤]

| سکە | کانزا | کێش | تیرە | ئەستوری | ناوی پادشا | شوێنی لێدان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تیترادراخم | زیو/ برۆنز | ١٣،٢١گم | ٢٨ملم | ٣ملم | ڤەلاخشی یەکەم | سلوکییە |



وێنەی ٨٠ وەرگیراوە لە (کریم، م.، عبدلکریم، ن.، "شوێنەواری گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵاو پاشماوەکانی،...*سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٣٧)

**ڕووی پێشەوە:** سەرو بەشێک لە سنگ و شانی پادشا دەرکەوتوەو جەستەی ڕووی لە بەردەمە، بەڵام پادشا سەری بەلای چەپە سووڕاندووە، سەربەستێکی (جۆرێکە لەتاج لەسەردەمی هێلینستی بەکارهاتووە) بە ناو چەوانەوە بەستووەو لە پشتە سەرییەوە گریداوە ئەوەی ماوەتەوە شۆڕبۆتەوە بۆ خوارەوە. پادشا پرچێکی درێژی شێوە لوولی بە چوار قەد هەیە گوێچکەکانی داپۆشراوە، ڕیش و سمێڵێکی کورتی هەیە، ملوانکەیەکی پانی لەمل کردوە، ملوانکەکە سێ هێڵە لە ناوەڕاستی پارچەیەکی شێوە چوارگۆشەیی هەیە، کە لە هەردوولاوە ملوانکەکەی پێوە بەستراوەتەوە. ئەو بەشەی لە سەرشان و سنگی پادشا کە دەرکەوتووە جلێکی نەتەوەیی شێوە یەخە حەوت بە چەندین هێڵی ئەندازەی جیاواز لەسەرەوە بۆ خوارەوە ڕازێندراوەتەوە.

[٢٣٤] بۆ خوێندنەوەی زیاتر **بڕوانە:** غلامی، *سەرچاوەی پێشوو*، ص. ٦٦٨-٦٧٨؛ بیانی، م.، *تاریخ سکە دورە پارتی*، ج. ٢، چ.٥، دانشگاە تهران، تهران، ١٣٧٤.

**ڕووی پشتەوە:** جگە لە ناوەڕاستی پارچەکە وبەشێکی کەمی خوارەوەی تەواوی بۆشایەکانی تر بە ئەلف و بێی یۆنانی پڕکراوەتەوە، ناوەڕاستی پارچەکە وێنەی دوو کەسە، یەکێکیان وێنەی پادشایە لەسەر کورسییەک دانیشتووە و دەستی ڕاستی بۆ خوارەوە شۆڕ کردۆتەوە، بەڵام دەستی چەپی بۆ وەرگرتنی هێمایەک لە خواوەند'توخێ Túkhē'[٢٣٥] بەرزکردۆتەوە، خواوەند بە پێوە بەرامبەر پادشا ڕاوەستاوە. لە نێوان سەری پادشا و خواوەند تایخە (ΓΞΤ) نووسراوە (٣٦٣)ی ساڵنامەی سلوکی پێوەیە کە دەکاتە ساڵی (٥٢/٥١ ز.). نووسینەکان بە ئەلف و بێی یۆنانی نوسراوەتەوە.

[Β]ΑΣΙΛΕ[ΩΣ]/ ΒΑΣΙΛΕΩΝ [ΑΡΣΑΚΟΥ] ΕΥΕΡΓ[ΕΤΟΥ [ΔΙΚΑΙΟΥ] ΕΠΙΦΑ[ΝΟΥΣ] [ΦΙΛΕΛΛΗΝΟΣ].

پادشای پادشاکان، ئەرشاک، بەخشندەکە، دادپەروەکە، بە ناوبانگ، دۆستی یۆنانییەکان.

__**سکەی ژ. ٤:**__

| سکە | کانزا | کێش | تیرە | ئەستوری | ناوی پادشا | شوێنی لێدان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تیترادراخم | زیو/برۆنز | ١٣،٢٤گم | ٢٦ملم | ٤ملم | ڤەلاخشی یەکەم | سلوکییە |



وێنەی ٨١ وەرگیراوە لە (کریم، م.، عبدلکریم، ن.، "شوێنەواری گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵاو پاشماوەکانی،...*سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٤٠)

ئەم سکەیەش هەمان سکەی ژمارە سێ یە بۆ شیکردنەوەی سکەکە بڕوانە سکەی ژمارە سێ.

---

[٢٣٥] توخێ Tuxn= Túkhē لە یۆنانی کۆندا. بە خواوەند ' توخێ Túkhē' ناسراوە، خواوەندی بەخت و چارەنووس بوو، ئەم خواوەندە بە تەنها لایەنی ئەرێنی بەخت و چارەنووس نەبوو، بەڵکو لایەنی نەرێنیشی نیشان دەدا. یۆنانییەکان پێیان وابوو ئەو خواوەندە هۆکاری ڕووداوی چاوەڕوان نەکراوی جاکە وخراپە بوو لە ژیانیاندا. **بڕوانە** :

https://greekgodsandgoddesses.net/, (**Accessed**: 26\3\2022, 11:00 PM.).

**بەراوردکاری:**

نموونەیەک لە تیترادراخمی پادشا ڤەلاخشی یەکەم. شوێنی لێدانی سکە شاری سلوکییە ئەم سکەیە تاڕادەیەک بەهەمان شێوەی ئەو دوو سکە لێدراوە کە لە گۆڕ گردۆڵکەی سەرقەڵا دۆزراوەتەوە. پادشا بە هەمان شێوە ڕووی لە لای چەپە، قژ و ڕیش و سمێڵی کورتی هەیە بە هەمان شێوە ملوانکەیەکی سێ هێڵی لەملدایە، جلوبەرگەکەشی هەمان شێوە جلوبەرگی نەتەوەیەی یەخە حەوتە. ڕووی پشتەوەشی وێنەی پادشا و خواوەندە ئەمەشیان هەر لە سلوکییە لێدراوە هەمان ساڵنامەی سلوکی ساڵی ٣٦٣ لەسەرە.



غلامی، منبع *سابق*، ص. ٦٦٩.

**سکەی ژ. ٥:**

| سکە | کانزا | کێش | تیرە | ئەستوری | ناوی پادشا | شوێنی لێدان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دراخم | زیو | ٢،٢٥گم | ٢٠ملم | ٢ملم | ڤەلاخشی سێیەم/ پاکۆرۆسی یەکەم | ئەکبەتانە |



وێنەی ٨٢ وەرگیراوە لە (کریم، م.، عبدلکریم، ن.، "شوێنەواری گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵاو پاشماوەکانی،...*سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٣٩)

**ڕووی پێشــەوە:** ســکەکە بەهــۆی داخــورانەوە بەشــێکی شــکاوە، بەشـــی ســـەرەوەی ســـکەکە چوارچێوەیەکی دنکداری دروستکراوە. لەم ڕووەدا سـەرو ملـی پادشـا دەرکەوتـووەو ڕووی لەلای چەپکردووە. پادشـا سـەربەسـتێک (دیـادێمی) بە سێ تـاڵ لە نـاو چەوانـی بەسـتووە لەدواوە بە دوو گرێـی شـێوە ئەڵقە گرێدراوە ئەو بەشـەی مـاوەتەوە بۆ خـوارەوە شـۆڕبۆتەوە، جگەلەوەش پادشـا پرچێکی درێژی لولی هەیە و گوارەی لەگوێیە و سمێڵ و ڕیشێکی تەنکی هەیە.

**ڕووی پشتەوە:** لەناوەڕاستی ڕووی پشتەوە وێنەی تیر هاوێژیک هەیە لەسەر کورسێک دانیشتووە و کەوانێکی بە دەستەوەیە. تەواوی بەشەکانی تری ئەم ڕووە بە ئەلف و بێی یۆنـانی پڕکراوەتەوە، بەڵام بەهـــۆی داخـــورانی زۆرەوە تەنهـــا لەبەشـــی ســـەرەوەی تیـــر هـــاوێژەکە نووســـراوە (ΒΑΣΙΛΕΩΝ) (king) بە واتای "پادشا" دێت بەڵام ئەوانیتر داخوراون و ڕوونیین.

<u>**سکەی ژ. ٦:**</u>

| سکە | کانزا | کێش | تیرە | ئەستوری | ناوی پادشا | شوێنی لێدان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دراخم | زیو | ٣،١١گم | ١٨ملم | ٢ملم | ڤەلاخشی سێیەم/ پاکۆرۆسی یەکەم | ئەکبەتانە |



وێنەی ٨٣ وەرگیراوە لە (کریم، م.، عبدلکریم، ن.، "شوێنەواری گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵاو پاشماوەکانی،...*سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٤١)

**ڕووی پێشەوە:** سکەکە چوارچێوەیەکی دنکداری بۆ دروستکراوە. سەرو ملی پادشـا دەرکەوتـووەو ڕووی لەلای چەپکــردووە. سەربەســتێکی (دیــادێمی) بە ســێ تــاڵ لە نــاو چەوانــی بەســتووە لەدواوەشــەوە بە دوو گرێــی شــێوە ئەڵــقە گرێــدراوە، ئەو بەشەشــی مــاوەتەوە بــۆ خــوارەوە شۆڕبۆتەوە، جگەلەوەش پادشا پرچێکی درێژی شـەپۆلاوی و ڕیشـێکی نوک درێژی سێگۆشـەیی هەیە، ملوانکەیەکی سێ تاڵی لەمل کردووە.

**ڕووی پشتەوە:** لەناوەڕاستی ڕووی پشتەوە وێنەی تیر هاوێژیک هەیە لەسەر کورسێک دانیشتووە و کەوانێکی بە دەستەوەیە. لەسەرووی تیر هاوێژەکە بەشێک لە نووسین دەبیندرێت. کە بە هەمان شێوەی سکەی پێشوترە کە بۆ هەمان پادشاش دەگەڕێتەوە، بەهۆی داخورانەوە ناتوانرێت ڕووی پشتەوەی بەتەواوی بخوێنرێتەوە.

**<u>سکەی ژ. ٧:</u>**

| سکە | کانزا | کێش | تیرە | ئەستوری | ناوی پادشا | شوێنی لێدان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دراخم | زیو | ٢،٩٠گم | ١٩ملم | ٢ملم | ڤەلاخشی سێیەم/ پاکۆرۆسی یەکەم | ئەکبەتانە |



وێنەی ٨٤ وەرگیراوە لە (کریم، م.، عبدلکریم، ن.، "شوێنەواری گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵاو پاشماوەکانی،...*سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٤٣)

**ڕووی پێشەوە:** وەکو سکەکانی پێشووتر چوارچێوەیەکی دنکداری بۆ دروستکراوە. سەرو ملی پادشا دەرکەوتووە و ڕووی لە لای چەپکردووە. سەربەستێکی (دیادێمی) بە سێ تاڵ لە ناو چەوانی بەستووە لە دواوەشەوە بە شێوەی ئەڵقە گرێدراوە و ئەو بەشەشی ماوەتەوە بۆ خوارەوە شۆڕبۆتەوە، جگەلەوەش پادشا پرچێکی درێژی شەپۆلاوی و ڕیشێکی درێژی سێگۆشەیی و سمێڵێکی تەنکی هەیە.

**ڕووی پشتەوە:** لە ناوەڕاستی ڕووی پشتەوە وێنەی تیر هاوێژیک هەیە لەسەر کورسێک دانیشتووە و کەوانێکی بە دەستەوەیە. لە تەواوی بەشەکانی تردا نووسینی ئەلف و بێی یۆنانی دەبیندرێت. لە بەشی سەرەوە نووسراوە(ΒΑΣΙΛΕΩΣ) واتا پادشا، بە دەورلای چەپ نوسراوە(ΕΠΙΦΑΝΟΥΣ) (بەناوبانگ)، لای ڕاست نووسراوە(ΑΡΣΑΚΟΥ) (ئەرشاک). لەبەشی خوارەوەی سکەکە بەهۆی داخورانەوە هەندێک لە نووسینەکان بەهۆکاری ئەوەی ڕوون نین ناتوانرێت بخوێنرێنەوە.

**سکەی ژ. ٨:**

| سکە | کانزا | کێش | تیرە | ئەستوری | ناوی پادشا | شوێنی لێدان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دراخم | زیو | ٢،٨١گم | ١٩ملم | ٣ملم | ڤەلاخشی سێیەم/ پاکۆرۆسی یەکەم | ئەکبەتانە |




وێنەی ٨٥ وەرگیراوە لە (کریم، م.، عبدلکریم، ن.، "شوێنەواری گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵاو پاشماوەکانی،...*سەرچاوەی* *پێشوو*، ل. ١٣٧)

**رووی پێشـەوە:** سـکەکە بەهـۆی داخـورانی زۆرەوە بەشـی هەرە زۆری شـێوازەکەی ڕوون نیـیەو نابینرێـت، ئەوەی کە بەتەنهـا دەبینـدرێت بـریتییە لەسـەری پادشـا کە ڕووی لە لای چەپکـردووە. سەرپێچێکی بە ناو چەوانەوە بەستووە پرچ و ڕیشێکی دریژی هەیە.

**رووی پشتەوە:** لە بەشی پشتەوەی بەهۆی داخورانی زۆرەوە بە تەواوەتی شـێوازەکەی لە دەسـت داوە. لەناوەڕاسـتی ڕووی پشـتەوە وێـنەی تیـر هاوێژیـک هەیە لەسـەر کورسـێک دانیشـتووە و کەوانێکی بە دەستەوەیە.

**سکەی ژ. ٩:**

| سکە | کانزا | کێش | تیرە | ئەستوری | ناوی پادشا | شوێنی لێدان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دراخم | زیو | ٣،٢٩گم | ١٩ملم | ٣ملم | ڤەلاخشی سێیەم/ پاکۆرۆسی یەکەم | ئەکبەتانە |



وێنەی ٨٦ وەرگیراوە لە (كريم، م.، عبدلكريم، ن.، "شوێنەواری گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵاو پاشماوەکانی،...*سەرچاوەی* پێشوو، ل. ١٤٧)

**ڕووی پێشەوە:** سکەکە چوارچێوەیەکی دنکداری بۆ دروستکراوە، پادشا دەرکەوتووەو ڕووی لە لای چەپکردووە. سەربەستێکی سێ تاڵی لە ناو چەوانەوە بەستووە لەدواوە بەشێوەیەکی دووتاڵی ئەڵقەی گرێدراوە، ئەو بەشەشی ماوەتەوە بۆ خوارەوە شۆڕبۆتەوە، جگەلەوەش پادشا پرچێکی درێژی شەپۆلاوی و ڕیشێکی نوک درێژی سێگۆشەی وسمیڵێکی تەنکی هەیە.

**ڕووی پشتەوە:** لەناوەڕاستی ڕووی پشتەوە وێنەی تیر هاوێژیک هەیە لەسەر کورسێک دانیشتووە و کەوانێکی بە دەستەوەیە. لە سەرووی تیرهاوێژەکە بەشێک لە نووسین (ΒΑΣΙΛΕΩΣ ΒΑΣΙΛΕΩΝ) (پادشای پادشاکان) دەبیندرێت، لەلای چەپەوە پارچەیەک نووسین دەبیندرێت کە نووسراوە (ΕΠΙΦΑΝΟΥΣ) ( بەناوبانگ)، بەڵام نووسینەکان لەلای ڕاست و ناوەڕاستی سکەکە ناخویندرێتەوە.

**سکەی ژ. ١٠:**

| سکە | کانزا | کێش | تیرە | ئەستوری | ناوی پادشا | شوێنی لێدان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دراخم | زیو | ٣،٢٩گم | ١٨ملم | ٣ملم | ڤەلاخشی سێیەم/ پاکۆرۆسی یەکەم | ئەکبەتانە |



وێنەی ٨٧ وەرگیراوە لە (كريم، م.، عبدلكريم، ن.، "شوێنەواری گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵاو پاشماوەکانی،...*سەرچاوەی* پێشوو، ل. ١٤٧)

**ڕووی پێشـەوە:** سکەکە چوارچێوەیەکی دنکداری بۆ دروستکراوە. سـەری پادشـا دەرکەوتـووەو ڕووی لە لای چەپکردووە. سەربەست (دیادیم)ی لەسەرکردوە لە نـاو چەوانـی بەسـتوویەتی بەسێ تاڵ لەدواوە بە شێوەی ئەڵقە گریداوە، جگەلەوەش پادشـا پرچێکی درێـژی شـەپۆلاوی و ڕیشـێکی درێژی هەیە.

**ڕووی پشــتەوە:** لەناوەڕاســتی ڕووی پشــتەوە وێــنەی تیــر هاوێژیــک هەیە لەســـەر کورســـیەک دانیشـتووە و کەوانێکی بە دەسـتەوەیە. لە چـوار دەوری تیـر هـاوێژەکە چەنـد پیتێکی ئەلـف و بێی یۆنانی دەبیندرێت، بەڵام بەهۆی داخورانی زۆرەوە ناتوانرێت بخوێندرێتەوە.

**سکەی ژ. ١١:**

| سکە | کانزا | کێش | تیرە | ئەستوری | ناوی پادشا | شوێنی لێدان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دراخم | زیو | ٢،٤٩گم | ١٨ملم | ٣ملم | ڤەلاخشی سێیەم | --- |



وێنەی ٨٨ وەرگیراوە لە (کریم، م.، عبدلکریم، ن.، "شوێنەواری گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵاو پاشماوەکانی،...*سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٤٦)

**ڕووی پێشەوە:** بەشی هەرە زۆری ڕووی پێشەوەی تێکچووە داخوراوە، ئەوەی کە ڕوونە سـەری پادشـایە کە سـەرو مل و سنگی ڕووی لەلای چەپکردووە. پادشـا سربەسـتی (دیـادیم)ی بەسـتووە پرچ و ڕیشێکی نوک درێژی سێگۆشەی هەیە. ملی بەرزە پێدەچێت ملوانکەی لەمل دابێت. هەروەک سکەکانی تری ڤلاخشی سێیەم قژێکی درێژو ریشێکی نوک درێژی هەیە

ڕووی پشتەوە: ئەم بەشە بەهۆی داخورانەوە بە تەواوەتی تێکچووە و هیچ دیمەنێک بەدی ناکرێت ناتوانرێت بخوینرێتەوە.

**سکەی ژ. ١٢:**

| سکە | کانزا | کێش | تیرە | ئەستوری | ناوی پادشا | شوێنی لێدان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دراخم | زیو | ٣،٢٤گم | ١٨ملم | ٢ملم | ڤەلاخشی چوارەم | ئەکبەتانە |



وێنەی ٨٩ وەرگیراوە لە (کریم، م.، عبدلکریم، ن.، "شوێنەواری گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵاو پاشماوەکانی،...*سەرچاوەی پێشوو*، ل. ١٤٢)

**ڕووی پێشـەوە:** ئەم سـکەیە شـێوازیکی بـازنەیی نـاڕێکی هەیە، لەبەشـی سـەرەوەی سـکەکە چوارچێـوەیەکی دنکـداری بـۆ دروسـتکراوە. لە ناوەڕاسـتی سـکەکە وێـنەی پادشـایە ڕووی لای چەپکردووە. کڵاوێکی لەسەرە لە کڵاوی پادشـاکانی تر جیاوازە، ئەم کڵاوە دواتریش لەسـەردەمی ساسانییەکان بەتایبەت لەسەردەمی ئەردەشێری یەکەم بەکاردەهات، لە بەشی سـەرەوەی کڵاوەکە ڕازینراوەتەوە بە یانزە (دەرچە)، گوێکانی بە کڵاوەکە داپۆشـراوە، سـەربەسـتێکی چوار تـاڵی لە نـاو چەوانـی بەسـتووە لەدواوە لە شـێوەی ئەڵـقە گرێـدراوە ئەو بەشەشـی مـاوەتەوە بـۆ خـوارەوە شۆڕبووەتەوە، جگەلەوەش پادشا سمێڵ و ڕیشێکی درێژی هەیە، ملوانکەیەکی لەملە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕێشێکی درێژی هەیە شێوازی ملوانکەکە بە تەواوی دیار نییە.

**ڕووی پشتەوە:** لەناوەڕاستی ڕووی پشتەوە وێنەی تیر هاوێژیک هەیە لەسەر کورسیەک دانیشتووە و کەوانێکی بە دەستەوەیە. لە ژێرەوەی کورسی تیر هاویژەکە هێمایەک هەیە لەسەر شێوەی ($\Delta$). لەسەرووی تیر هاویژەکە بە نووسینی پەهلەوی نوسراوە (ولگاش مەلکە) واتا (ڤۆڵگاش، پادشا)، پاشان بە نوسینی ئەلف و بێی یۆنانی نووسراوە،

ΒΑΣΙΛΕΩΝ ΑΡΣΑΚΟΥ ΕΥΕΡΓΕΤΟΥ ΔΙΚΑΙΟΥ ΕΠΙΦΑΝΟΥΣ ΦΙΛΕΛΛΗΝΟΣ .

به شێوەیەکی گشتی سکەکان لە ڕووی پێشەوە وێنەی پادشا بە سەربەستێکی دیادێم ‘diadem شێوە (هێلێنستی)دەردەکەون. جگە لە پادشا ڤەلاخشی چوارەم کە کڵاو یان تاجی ’تیارە ‘Tiara ی لەسەرە کڵاوێکی ڕۆژهەڵاتییە. لە ڕووی پشتەوەی سکەکەکان وێنەی تیرهاوێژێک/ وێنەی خواوەند و پادشا هەیە، بە ئەلف و بێی یۆنانی نووسینی لەسەرە، نووسینەکە بەم شێوەیە لە بەشی سەرەوەی تیرهاوێژەکە نووسراوە (ΒΑΣΙΛΕΩΣ ΒΑΣΙΛΕΩΝ) واتا (پادشای پادشاکان)، لە لای ڕاستی سکەکە نووسراوە (ΑΡΣΑΚΟΥ) واتا (ئەرشاک) لەلای چەپی نووسراوە ( ΕΠΙΦΑΝΟΥΣ ΦΙΛΕΛΛΗΝΟΣ) واتا (دۆستی یۆنان/ ئەوەی یۆنانی خۆشدەوێت)، لە بەشی خوارەوە نووسراوە (ΕΥΕΡΓΕΤΟΥ ΔΙΚΑΙΟΥ) واتا (خێرومەند)، پادشای پادشاکان، ئەرشاک، تەنها خێرومەند، بەناوبانگ دۆستی یۆنانییەکان). بەڵام لە بەشی دواوەی سکەکەی ڤەلاخشی چوارەم نووسینی پەهلەوی لەگەڵ نووسینی یۆنانی دەردەکەوێت لەسەر ڕووی دواوەی سکەکە نووسراوە (ولگاش مەلکا) واتا (پادشا ڤۆلۆگاش).

ΒΑΣΙΛΕΩΣ ΒΑΣΙΛΕΩΝ ΑΡΣΑΚΟΥ ΕΥΕΡΓΕΤΟΥ ΔΙΚΑΙΟΥ ΕΠΙΦΑΝΟΥΣ ΦΙΛΕΛΛΗΝΟΣ


(The King of Kings, Arsaces, the munificent, the just, the illustrious, the Philhellene)[236]

(پادشای پادشاکان، ئەرشاک، بەخشندەکە، دادپەروەرەکە، بەناوبانگەکە، دۆستی یۆنانییەکان).

[236] Rezakhani, *op. cit*., p. 5.

## ٢-٣ ئێسـکە پەیـکـەرەکان

ئەم گۆڕە گۆڕسـتانێکی بنەمـاڵەییە، دە ئێسـکەپەیکەری تێدا دۆزراوەتەوە (وێنەی ٩٠). بەڵام لە ئێسـتادا ئێسـکەپەیکەرەکان بەشـێکیان لەنـاو چـوون، و بەشـێکی کەمیشـیان مـاونەتەوە و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیانەوە لە گردی قەڵای شێراونە نێژراون. بەشێک لە ئێسکەکانیش لەلایەن تیمــی کــنەو پشــکنینی بەڕێــوەبەرایەتی شــوێنەواری گەرمیــانەوە لە ژووری گــۆڕەکە بەجێهێڵـدرابوون بـۆ پیشـاندانی دیمەنـی گۆڕسـتانەکە بۆهەرگەشـتیارێک کە سـەردانی ئەو گـۆڕەی دەکرد، بەڵام بەداخەوە دواتر لەلایەن کەسـانی نەناسـراوەوە ئەو ئێسکەپەیکەرانە لەنـاوچوون و لە ژوورەکەدا نەمــاون. بەشــێوەیەکی گشــتی ئەو ئێســکەپەیکەرانە لە تەواوی بەشــەکانی ژوورەکە دانرابوون.



وێنەی (٩٠) گۆڕسـتانی بنەمـاڵەیی، (وێنەیەکـی دروسـتکراوە: لە لایەن نەوزاد لەتیـف، ئەنـدامی تیمـی کنەوپشـکنین گۆگردۆڵکەی سەرقەڵا).

ئێسکە پەیکەرەکان بەپێی ئەو بەڵگانەی کەماون تاڕادەیەک لەسـەر پشت نێژراون، بەڵام سـەریان بەلایەکـدا سـوڕاندوە، لە ئێســکەپەیکەرەکانی نــاو تــابوتە گەورەکە و ئێســکی سەرســەکۆیەکان دەبینـدرێت. بەشــی بــاکووری گــۆڕەکە تــابوتێکی گەورەی شــێوە لاکێشــەیی دانرابــوو بەســەر ســەکۆکەوە، ئەم ئێسـکەپەیکەرە ئێسـکی کەسـێکی گەورەیە کە کەسـێکی خـانەدان یـان گەورەی خێزانەکە بووە، کە لەسەر پشت لە تابوتەکە دانرابوو، بەڵام ئاڕاستەی سەری ڕووەو باکوور بووە (وێنەی ٩١).



وێنەی (٩١) ئێسکەپەیکەری تابوتە لاکێشەییەکە، وەرگیراوە لە (دۆسییەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان).

تابوتی دووەمی گۆڕەکەش کە تابوتێکی شێوە نیوە هێلکەیی بووە لە ئێستا لەناوچووە، کۆمەڵێک ئێسک و پروسکی تێکەڵی تێدا دانراوبوو. ئەم تابوتە لەخوار تابوتی یەکەمەوە لەسەر ئەرزەی گۆڕەکە دانرابوو، سەرەڕای تێکچوونی شێوازی دانانی جەستەکە بەڵام بەپێی بەراوردکاری ئێسکەپەیکەری ناو تابوتە هێلکەییەکە لەسەرلا بە شێوەی چەماوە دانرابوو بەهۆی تێکچوونی ئێسکەکان نازانرێ ئاڕاستەکەی بەرەو کوێ بووە (وێنەی ٩٢).




وێنەی (٩٢) ئێسکەپەیکەری تابوتە هێلکەییەکە، (وێنەیەکی دروستکراوە: لە لایەن نەوزاد لەتیف، ئەندامی تیمی کنەوپشکنینی گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵا).

لەهەردوو دیواری باکوورو باشووری گۆڕەکە تاقچە هەن، لەهەر تاقچەیەک پاشماوەی دوو ئێسکەپەیکەری سەری مرۆڤ و کۆمەڵێک ئێسکی کۆکراوەو تێکەڵی لێ دانرابوون، کە وەکو دن یان گۆڕ بەکارهاتوون (وێنەی ٩٣).



وێنەی (٩٣) ئێسکەپەیکەر تاقی باکوور، وەرگیراوە لە ( دۆسییەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان).

جگە لە سەکۆی باکووری گۆڕەکە کە تابوتە لاکێشەیەکەی لەسەر دانرابوو، لە سێ بەشی تری سەکۆکە  چوار ئێسکەپەیکەر لەسەر سەکۆکان بەبێ تابوت دانرابوون. بە پێی بەڵگەکانی تیمی کنەو پشکنینی بەڕێوەبەرایەتی گەرمیان ئێسکەکان لەسەر پشت دانرابوون. [٢٣٧] بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو ئێسکانە لە تابوتدا دانەنراون ئێسکەکان وورد بوون و لە شوێنی خۆیان بە تەواوی نەماون،  بۆیە نازانرێت ئاڕاستەی سەریان بەرەو کوێ بووە. سەبارەت بە زانینی تەمەنی ئێسکەپەیکەرەکان زانیاری زۆرمان نییە، بەهۆی ئەوەی بەشێک لەئێسکەکان لە ئێستادا نەماون، ئەوەشی کە ماوەتەوە دووبارە نێژراونەتەوە، ئەمەش دوو بارە بەهۆی کاریگەریی سروشتەوە ناتوانرێت تەمەنی ئێسکەکان بە تەواوی بزانرێت (وێنەی ٩٤).



وێنەی (٩٤) ئێسکەپەیکەرەکانی سەر سەکۆی ناو ژووری گۆڕەکە،  وەرگیراوە (وێنەیەکی دروستکراوە: لەلایەن نەوزاد لەتیف، ئەندامی تیمی کنەوپشکنینی گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵاوە).

[٢٣٧] دۆسیەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، ٢٠١٣.

## ٣-٣ شیکاری مێژوو و گرنگی و پێگەی گۆڕەکە:

مێژووی ئەم گۆڕە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە، لەو ماوەیەی کە حوکمڕانی ئەو ناوچانەیان کردووە، ئەشکانییەکان هێزێکی سەرەکی بوون لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی کۆندا، کاتێک میهردادی یەکەمی پادشای ئەشکانی دەسەڵاتی ئەم ئیمپراتۆرییەتەی فراوان کرد، گەرمیانیش بوو بە یەکێک لە ناوچە گرنگەکانی ئەشکانی.[٢٣٨] کاتێک ئەشکانییەکان لە ساڵی ١٣٨ پ. ز. دەوڵەتی سلوکی دەڕوخێنن تا ساڵی ٢٢٦ز. فەرمانڕەوای ناوچەکانی زاگرۆس و ئێران و میسۆپۆتامیا دەکەن، بە تایبەتیش کاتێک ئەشکانییەکان پایتەختەکەیان لە نایساوە بەرە ئەکبەتەنا دەگوازنەوە دواتریش بەرەو تەیسەفون، ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی ناوچەکانی گەرمیان لەم سەردەمەدا گرنگییەکی تایبەتیان هەبووبێت، بەهۆی ئەوەی لە تەیسەفونی پایتەختی ئەشکانییەکان لە مێسۆپۆتامیا زۆر دوورنەبووە، لەو کاتەدا زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەشکانی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی خۆیان هەبووە.[٢٣٩]'پلینی Pliny' لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە "هەرێمەکانی سەردەمی دەسەڵاتی ئەشکانی لە هەژدە شانشین پێکهاتوون، یازدەیان شانشینی سەروو حەوتیشیان شانشینی خواروو بوون" گەرمیانیش یەکێک بووە لە حەوت شانشینەکەی خواروو (کتێبی شەشەم، چاپتەری ٢٥، ل. ١٣٨ book VI, Chp. XXV, p. 138).[٢٤٠] بە زمانی پەهلەوی ئەشکانی پێی وتراوە "گەرمیکان Garmikān" وە بە ئارامیش " بێث گەرمای bēth Garmai" پێی وتراوە.[٢٤١] وە پەتلیمۆس Ptolemy ناوی گەرمیانی بە "گەرەمایی Garamaei" هێناوە، شانشینێک بووە پایتەختەکەی "کەرخا د بێث سلۆک Karkha de bēth Slōk" بوو کە دەکاتە کەرکووک.[٢٤٢] بەپێی بۆ چوونی فرەی ئەم شانشینە تا هاتنی ساسانییەکان بەردەوام بووە دواتر خراوەتە سەر شانشینی ئاسورێستان ( ناوەڕاستی مێسۆپۆتامیا) یان شانشینی ئەدیابینە لە باکوور.[٢٤٣] هەروەک چۆن شانشینی ئەدیابین پایتەختەکەی لە ئەربێلا بوو لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی حوکمی دەکرد گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەبوو بێگومان گەرمیانیش لەوکاتەدا گرنگی و پێگەی تایبەتی خۆی هەبووە لەلایەن پادشا و فەرمانڕاوەکانی ئەشکانی. کە زۆرێک لە میرو خانەدانانی ئەشکانی لەو ناوچەیە بوون، جگەلە پاشماوەی گۆڕی میرو خانەدانەکان لە ناوچەکانی گەرمیان زۆرێک لە گۆڕی ئاسایی و شوێنەواری ئەشکانییەکان

---

[٢٣٨] بڕوانە: بەشی یەکەمی توێژینەوەکە باس لە مێژوو و حوکمڕانی و فراوانبوونی دەسەڵاتی ئەشکانییەکان کراوە.

[٢٣٩] زاموا، د.، "کرۆنۆلۆجییای مێژوو شارستانییەتی گەرمیان لەژێر ڕۆشنایی بەڵگەوشوێنەواری و تۆمارە کۆنەکاندا (چاخی بەردین تا کۆتایی سەردەمی ساسانی)"، *گۆڤاری زانکۆی گەرمیان*، ژ. ٥، (٢٠١٨)، ل. ١٥٧.

[240] Pliny's, *Natural History in Thirty- Seven books*, Translation by, Philemon Holland, ed. 1601, Vol. I, 1847- 1848, p. 138.

[٢٤١] ئەحمەد، کەرکووک و گەرمیان ....، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٤.

[242] Ptolemy, C., *Geographia* 6.1.1. *op. cit*., p. 133.

[243] Frye, *op. cit.*, p. 222.

دەدۆزرێنەوە، بێگومان ئەوەش ئەوە دەردەخات کە گەرمیان ناوچەیەکی فراوان و گرنگ بووە لەسەردەمی ئەشکانییەکان. بۆچوونێک هەیە کە  لە گەرمیان دوو بنەماڵەی خانەدان و دەسەڵاتدار هەبوون، ئەوانیش بنەماڵەی 'بەرزین' و بنەماڵەی 'یەزدین' بوون، وە بنەماڵەی یەزدین لە نەوەی بنەماڵەی 'ئیزات'ی پادشای ئەدیابیینێ بووە، هەر لەبەر ئەمەش دۆزینەوەی گۆڕێک، لە گۆڕە گەورە و تێروتەسەلەکانی ئەم سەردەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەم ناوچەیە لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا جێگای بنەماڵەیەکی دەسەڵاتداری ناوچەکە بووە، دوور نییە ئەم گۆڕە خانەدانە پەیوەندی بە یەکێک لەو بنەماڵە دەسەلات ڕۆیشتووە نەبێت.[٢٤٤]

گرنگی و پێگەی جوگرافی ناوچەی گەرمیان هۆکارێک بوون بۆ ناشتنی میرو خانەدانان و فەرمانڕاوەکانی ئەشکانی لە ناوچەکەدا، ئەو پاشماوە شوێنەواریانەی لە ناو گۆڕەکاندا دەدۆزرێنەوە گرنگیی ناوچەی گەرمیان دەردەخات، کە چۆن دەسەڵاتداران و خانەدانان لەو ناوچانە بە شێوەی خێزانی لەناو ژووری گۆڕدا نێژراون. گۆڕ گردۆڵکەی سەرقەڵاش یەکێک بووە لە گۆڕی میر یاخود خانەدانێکی ئەشکانی کە لەگەڵ خێزانەکەی لەوناوچەیە نێژراون، بە تایبەتی دۆزراوەکانی ناو گۆڕەکە دەوڵەمەندی و دەست ڕۆیشتوویی و پلەی کۆمەلایەتی خاوەنەکەی دەردەخات. لە هەمووشی گرنگتر بوونی یەکەیەکی تەلارسازی لە ژووری گۆڕ و تابوتە لەکاتی ناشتنیان دا.

---

[٢٤٤] ئەحمەد، کەرکووک و گەرمیان ...، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٦.

# بــەشــی سێــیــەم

# گـۆڕەکانی بەرلــــووت و قەسری شەمامۆک و وێران تەپە

# تەوەرەی یـەکـەم

# گـۆڕەکانی بەرلـووت

١-١ شوێنی جوگرافی و بارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکە

١-٢ ناساندنی گۆڕەکان و شیوازی ناشتن و ئێسکەپەیکەرەکان

١-٣ پاشماوە دۆزراوەکان


# تەوەرەی یەکەم

## گۆڕەکانی بەرلووت

### ١-١ شوێن و بارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکان

**<u>شوێنـی جوگرافی:</u>**

گۆڕەکە دەکەوێتە گوندی بەرلوت،[٢٤٥] بە دووری ٧ کم لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەلار(نەخشـەی ٣). سەبارەت بەناوی گوندەکە خەڵکەکەی پێیان وایە ناوی گوندەکەیان لەو گردە سروشتیانەوە هاتووە کە ماڵەکـان لەبەری هەڵکەوتـوون. لەبەرئەوەی زۆرجـار وشــەی لـووت بـۆ گـردی بەرز و دەرکەوتـوو بەکارهاتووە، هەر لەو سۆنگەیەوە بەو ماڵانە وتراوە "ماڵەکانی بەر لووتەکە" دواتر بووە بە 'بەرلـووت'،[٢٤٦] (وێنەی ٩٥).




نەخشـەی (٣) گۆڕەکـانی بەرلووت.

نەخشـەی سـهیل خورشـید قـادر تـایبەت بە توێژینەوەکە.

---

[٢٤٥] تەوەرەی یەکەمی بەشی سێیەم توێژینەوەیەکی مەیدانییە، لە لایەن توێژەرەوە ئەنجامدراوە، هەر زانیارییەک وەرگیرابێت لە پەراوێزە ئاماژەی پێکراوە.

[٢٤٦] برایم، نوری عیسا، (چاوپێکەوتن)، تەمەن، ٥٣ساڵ، باخەوانی ناوچەکە، ٢٠٢٢ \٤\٢٦، سێشەم، کاتژمێر، ١،٣٠ نیوەڕۆ، شوێنی چاوپێکەوتن، بەرلووت.



وێنەی ٩٥، گردی بەرلووت

(توێژەر)

**<u>بـارودۆخـی دۆزینـەوەی گۆڕەکـان:</u>**

**دۆزینەوەی گۆڕی یەکەم:** دوای ئەوەی لەلایەن هـاولاتێکی گوندەکەوە بەمەبەسـتی دروسـتکردنی خـانوو پـارچە ئەرزێـک بە ئـامێری گەورە ڕێکـدەکاتەوە ئەم تـابوتە دەردەکەوێـت، بەداخەوە بەهۆکـاری ئەوەی پاشماوەیەکی زۆر لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگاداردەکرێتەوە نەتوانراوە بەپێی پێویست و لەکاتی خۆیدا بەوردی توێژینەوەو هەڵکۆڵین لەسەر شوێنی پاشماوەکان بکرێت. بەهـۆی پاڵە پەسـتۆی ئامێرەکانەوە لە ئەنجـامی کارکردنـدا تـابوتەکە دەشـکێت و بەشـێک لەو پاشـماوەنە لەنـاو دەچـن، بەڵام خۆشـبەختانە ئەو هـاولاتیە بەشـێک لەو پاشـماوەنە دەپارێزێـت و دەیگەیەنێتە دەسـت لایەنـی پەیوەندیـدار، دواتـر لەلایەن دەستە و لیژنەی هەڵکۆڵینی بەڕێوەبەرایەتی شـوێنەواری گەرمیانەوە تـوانرا پاشـماوەی تـابوتە شکاوەکە دەربهێنـدرێتەوە، بەڵام بەهـۆی ئەوەی بەشـێکی زۆری خـۆڵی نـاو تـابوتەکە دەرهێنـدرابوو نەتوانـدرا پاشـماوەیەکی وەهـا لە ئێسـک وپروسـکی مـرۆڤە نێـژراوەکە جـگە لە چەنـد پـارچە ئێسـکی بچـووک و شکاو.[٢٤٧]

**<u>دۆزینەوەی گۆڕی دووەم:</u>**

دوای دۆزینەوەی گۆڕی یەکەم لەنزیکی هەمان شوێن بەهۆی گۆڕانکاریە سروشتییەکان و باران بارین و داخورانی ڕووی زەویەوە ئەم گۆڕەش دەردەکەوێت، بەڵام بەداخەوە پاش کارکردن تێیدا دەردەکەوێت کە گۆڕەکە لەماوەکانی پێشووتردا هەڵدراوەتەوە، ئەمەش بە پشت بەسـتن بە بەڵگەی نەبوونی ئێسک و پروسک و هیچ پاشماوەیەک لەو گۆڕەدا، جگە لە مورویەکی گڵێنەیی لەبەشەکانی سەرەوەدا، کە پێدەچێت لەکاتی هەڵدانەوەی گۆڕەکە ونکرابێت یاخود نەزانرابێت یان گرنگی پێنەدرابێت. بەڵگەیەکی تریش کە جەخت لە هەمان باوەڕ دەکاتەوە شێوازی ئەو گڵ و وردە بەردانەیە کە گۆڕەکەی پێ پڕکراوەتەوە.[٢٤٨]

---

[٢٤٧] عەلی، م.، ڕشید، س.، محەمەد، ج.، *ڕاپۆرتی بەشی پشکنین*، لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، ٢٠١٢.
[٢٤٨] محەمەد، ص.، ڕشید، س.، عەلی، م.، *ڕاپۆرتی بەشی پشکنین*، لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، ٢٠١٣.


## ٢-١ ناساندنی گۆڕەکان و شێوازی ناشتن و ئێسکە پەیکەرەکان

دوو تابوتی گڵێنەیی شێوە هێلکەیی کە لە گوندی بەرلووت دۆزراونەتەوە. یەکێک لە گۆڕەکان کۆمەڵێک پاشماوەی شوێنەواری وەکو: کلچێو، مۆر، ئەڵقەی کەمەربەند، هتد... تێدا دۆزراوەتەوە. مێژووی ئەم گۆڕانە بۆ سەردەمی ئەشکانی دەگەڕێنەوە، ئەمەش بەپێی پاشماوە دۆزراوەکان و بەراودکردنیان بە پاشماوەی گۆڕەکانی تری سەردەمی ئەشکانی.

**<u>گۆڕی یەکەم: تابوتی یەکەم</u>**

تابوتێکی شێوە هێلکەییە، لە گڵێکی خاوێن دروستکراوە و پاشان لەپلەیەکی گەرمی بەرزدا سورکراوەتەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە لەو گۆڕەدا ئەوەیە کە تابوتەکە بەسەرەو نخونی دانراوە. ئەمەش پێدەچێت لە پێشدا چاڵەکە ئامادە کرابێت کاتێک مردوەکەیان تێدا ناشتووە پاشان تابوتەکەیان بەسەرەو نخونی لەسەر داناوە، چونکە لە کاتی تێبینی کردنی شوێنی تابوتەکە و ئەو پارچانەی کە ماون لە تابوتەکە هەڵگیراونەتەوە، وا دەردەکەوێت کە بە پێچەوانەی تابوتی دووەم دانرابێت، ئەو پاشماوەنەی لەم گۆڕەدا دۆزراونەتەوە بریتین لە چەند پارچە ئێسکی بچووک و شکاو، کلچێو، ئەڵقەی کەمەربەند، قاپی گڵێنەیی، مورو، مۆری بەردین، ... هتد.[٢٤٩]

شێوەی تابوتەکە شێوەیەکی نیوە هێلکەیی هەیە درێژیەکەی ٩٠سم، پانییەکەشی لە فراوانترین بەشیدا دەگاتە ٦٠سم، ئەستووری لێوەکەشی ٤،٤سم، دەرچونێکیشی هەیە بەڕووی دەرەوەیدا، بەگشتی ئەستووری بەشەکانی تری دەگاتە ٢سم، بەڵام بەهۆی نەمانی بەشێکی زۆریەوە نەتوانراوە پێوانەی قوڵیەکەی بزانرێت. ئەم تابوتە هیچ نەخشێکی لەسەر هەڵنەکۆڵدراوە و شێوەیەکی سادەی هەیە[٢٥٠] ئەم تابوتە لە ئێستادا نەماوە بۆیە تەنها هێلکاریمان بەکارهێناوە (هێلکاری ٣٣).



هێڵکاری ٣٣ تابوتی یەکەم، هێڵکاری (محەمەد عەلی کەریم)


[٢٤٩] ڕەشید، س. (چاوپێکەوتن)، شوێنەوارناس، ئەندامی کنەوپشکنین لە دۆزینەوەی گۆرەکانی بەرلووت، کاتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢\٤\١١، دووشەمە، کاتژمێری: ١٠بەیانی، شوێنی چاوپیکەوتن، لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان.

[٢٥٠] عەلی، م.، ڕەشید، س.، محەمەد، ج.، *ڕاپۆرتی بەشی پشکنین*، لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان.٢٠١٢.

## گۆڕی دووەم: تابوتی دووەم

ئەم تابوتەش تابوتێکی گڵێنەییە لە شێوەی نیوە هێلکەیی. لە گیراوەی گڵێکی پاک دروستکراوە و پاشان لە پلەیەکی گەرمی بەرز سورکراوەتەوە. تابوتەکە لێویکی ڕووتەختی هەیە هەندێک دەرچوونی بەرووی دەرەوەدا هەیە لە هەمان ئاستدا چوار دەسکی دوولا بەرامبەری بۆ دروستکراوە ئەم دەسکانە لەسەر شێوەی لیوارێکی ئەستور لەبەرزترین بەشی تابوتەکە دروستکراون و شۆڕدەبنەوە تا ئاستی ئەو هێڵە نەخشێنراوەی کە لەبەشی سەرەوەی تابوتەکە دروستکراوە. ئەم تابوتە لەبەشی سەرەوەشیدا بە دیاریکراوی لەبەشی خوارەوەی دەسکەکان هێڵێکی نەخشداری بۆ دروستکراوە بە شێوەی هێڵێکی لوول پێچ بە هەموو لایەکانیدا بە شێوەیەکی ئاسۆیی بە ئەستوری ٣،٥سم. پێوانەی تابوتەکە لە درێژترین بەشی دا ١م، پانییەکەشی لە فراوانترین شوێن ٧٠سم، قوڵیەکەشی ٦٥سم، لێوی تابوتەکە دەرچونێکی هەیە بە ڕووی دەرەوەیدا، ئەستوری تابوتەکە لە لێوەکەیدا ٤،٤سم، بەڵام لەبەشەکانی خوارەوەیدا ئەم ئەستوریە کەم دەبێتەوە بۆ ٢سم، تابوتەکە لە کۆتاییەکەیدا شێوەیەکی قۆقزی هەیە، بەڵام بنکەکەی شێوەیەکی بازنەیی ڕووتەختی هەیە کە پێدەچێت ئەمەش بۆ ڕاگرتنی تەواوەتی تابوتەکە دروستکرابێت بە بەرزی ٢سم، تیرەکەشی ١٠سم (وێنەی ٩٦)، (هێڵکاری ٣٤).[٢٥١]





وێنەی (٩٦) تابوتی دووەم، هێڵکاری (٣٤)، هێڵکاری (محەمەد عەلی کەریم).

وەرگیراوە لە ڕاپۆرتی تیمی کنەوپشکنینی بەڕێوەبەرایەتی شوینەواری گەرمیان.

---

[٢٥١] ئەم تابوتە لە ئێستادا نۆژەند نەکراوەتەوە لە کۆگای مۆزەخانە دانراوە، کۆی زانیارییەکان لە ڕیگەی چاوپێکەوتن بەدەست هاتوون: عەلی، محەمەد (چاوپێکەوتن)، شوێنەوارناس، ئەندامی تیمی کنەوپشکنین، ١١\٤\٢٠٢٢ دووشەمە، کاتژمێری: ١١ بەیانی، شوێنی چاوپێکەوتن: لە مۆزەخانەی گەرمیان.

## شێوازی ناشتن و ئێسکەپەیکەرەکان:

شێوازی ناشتنی گۆڕەکانی بەرلووت بەپێی ڕاپۆرتی تیمی کنەو پشکنینی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان بە دوو شێوەی جیاوازبووە. بارودۆخی ناشتنی گۆڕی یەکەم، بە پێچەوانەی ناشتنی گۆڕی دووەم بووە، کە لەم گۆڕەدا تابوتە گڵێنەییەکە بە شێوازی سەرەونخون دانراوە واتا لەسەرەتادا چاڵێکیان هەڵکەندووە، کە مردووەکەیان تێدا ناشتووە دواتر تابوتێکی گڵێنەییان لەسەر چاڵەکە داناوە، بەو شێوەیە مردووەکەیان تێدا ناشتووە. سەبارەت بە ئێسکەپەیکەری گۆڕی یەکەم تەنها چەند ئێسکێکی شکاو وردبووی تێدا دۆزراوەتەوە، بەڵام بە بەراورد بە ئەم شێوازە ناشتنە لە گۆڕەکانی تر، دەردەکەوێت ئێسکەپەیکەرەکە بە شێوەیەکی چەمێنراوە لەسەر لادانراوە.

شێوازی ناشتنی گۆڕی دووەم بە شێوەیەک بووە کەوا لاشەی مردووەکە کراوەتە ناو تابوتێکی گڵێنەیی و دواتر خۆڵکراوە بەسەر تابوتەکە، لەم گۆڕەدا هیچ پاشماوی ئێسکەپەیکەر نەدۆزراوەتەوە، لەبەرئەوەی پێشتر ئەم گۆڕە لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە هەڵدراوەتەوە پاشماوەکانی لەناوچوون.[٢٥٢]

بەڵام بە پێی هەڵسەنگاندن و توێژینەوە لە سەر گۆڕەکە و پاشماوەکان ئەکرێ بۆ چونێکی جیاوازتر بخرێتەڕوو لە بۆچونی تیمی کنەو پشکنینی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەمیان. ئەم گۆڕە پێدەچێت یەک گۆڕبێت، گۆڕی کەسێکی پلەداری ناوچەکە بووبێت، تابوتەکەش یەک تابوت بووبێت لەگەڵ سەرقاپەکەی، بەپێی ئەوەی یەکێک لە تابوتەکان، کە سەرقاپەکەی بووە سەرەو نخون دانراوە، کۆمەڵە پاشماوەیەکی ئێسک و کەلوپەلی تێدا دۆزراوەتەوە. هۆکارێکی تریش شوێنی ناشتنی گۆڕەکان زۆر لەیەکەوە نزیک بووە، پێدەچێت سەر قاپەکە بەهۆی هۆکاری سروشتی و مرۆیی لە سەر تابوتەکە نەمابێت. وە هۆکارێکی تر شێوازی جیاوازی تابوتەکانە یەکێک لە تابوتەکان نەخشی لەسەرە، و دەسکی هەیەبە مەبەستی هەڵگرتنی تابوتەکە، بەڵام تابوتەکەیتر شێوەیەکی هێلکەیی سادەی هەیە بەبێ هیچ دەسک و ڕازانەوەیەک وەکو سەرقاپ کراوەتە سەر تابوتەکە.

---

[٢٥٢] عەلی، محەمەد (چاوپێکەوتن)، شوێنەوارناس، ئەندامی تیمی کنەوپشکنین، ٢٠٢٢\٤\١١ دووشەمە، کاتژمێر:١٢ نیوەڕۆ، شوێنی چاوپێکەوتن: لە مۆزەخانەی گەرمیان.

## ١-٣ پاشــماوە دۆزراوەکان

پاشـماوەی پـارچە شـوێنەواریەکانی گۆڕەکـانی بەرلـووت پێکهـاتوون لە مـۆر و ئەڵـقەی کەمەربەند و موستیلە و کلچێو و چەند بابەتی تر، لە گڵێنە و کانزایی جۆراو جۆر دروستکراون، لە ئێستادا لە مۆزەخانەی گەرمیان پارێزراون.

### مــۆرەکــان:


**مۆری یەکەم: (وێنەی ٩٧)، (هێڵکاری ٣٥)**

ئەم مۆرە لە جۆرە بەردێکی ئاسایی و باو دروستکراوە، جۆری بەردەکەشی بەردێکی ڕەنگ قاوەیی تێـرە، شـێوەیەکی گـۆیی هەیە و جەمســەرەکانی کەوانەیـن، بە نەخشـی ئەنـدازەیی ڕازێنـدراوەتەوە. نەخشـــی ســـەر مـــۆرەکە نەخشـــێکی ڕووچـــاڵە و بەســـەر دوو بەشـــی یەکســـاندا دابەشـــبووە، دابەشـــبوونەکەش لە ناوەڕاســـتی مـــۆرەکە بە هێڵێکـــی ڕووچـــاڵی ڕاســـت دابەشـــکراوە، تەواوی نەخشەکەش کە بەدیاری کراوی پێکدێت لە ٨ هێڵی ستوونی ٣ هێڵی ئاسۆیی، کە پێنج هێڵی ستوونی و دوو هێڵـی ئاسـۆیی دەکەونە لایەکەوە و سـێ هێڵـی سـتوونی و سـێ هێڵـی ئاسـۆیی تـر دەکەونە لایەکەی تـرەوە، لە ئەنجـامی یەکتـر بڕینـی ئەم هـێڵانە چەنـدین لاکێشـە و چوارگۆشـەیی ناڕێـک دروستبوون. کونی مۆرەکە لەسەر ڕووە پانەکەی هەڵکۆڵدراوە تیرەی ئەم کونە تەنیا ٧ملمە. پێوانەی مۆرەکە درێژی ٤،٢سم، پانی ٢،٣سم، ئەستوری ١،٥سم. وە کێشی مۆرەکە ١٦،٣٦گم.


کونی مۆرەکان لە سەر ڕووەکانی هەر مۆرێک کە دروستدەکران بە مەبەستی پاراستنیان بووە لە ونبـوون و لە نـاوچوون، بـۆیە زۆرکـات پەتێـک دەکـرا بە کـونی مۆرەکـانەوە و لە لایەن کەســی خاوەندارەوە لە مل دەکرا.



وێنەی (٩٧) مۆری یەکەم، (توێژەر)



چاپی مۆر (توێژەر)




هێڵکاری (٣٥)، توێژەر.

### مۆری دووەم: (وێنەی ٩٨)، (هێڵکاری ٣٦)

ئەم مۆرە شێوەیەکی قوچەکی ڕووتەختی هەیە، جۆری بەردەکەشی یەشمە، ڕەنگەکەی ڕەنگێکی ڕەشی تۆخە، بنکەکەی شێوەیەکی هێلکەیی ڕووتەختی هەیە، کونی ئەم مۆرە لە سەر ڕووی لاکانی هەڵکەنراوە، تیرەکەشی تەنها ٣ملمە، نەخشی مۆرەکە لەسەر ڕووە هێلکەییەکەی هەڵکۆڵدراوە بە شێوەیەکی ڕووچاڵ، نەخشەکان نەخشی ئاژەڵە، لە بەشی سەرەوەی مۆرەکە وێنەی ئاژەڵێک هەڵکۆڵراوە، کە پێدەچێت ڕێوی بێت، ئەم ئاژەڵە لە حاڵەتی جووڵە و ڕۆیشتندایە. لەبەشی خوارەوەشی چەند دیمەنێکی تر هەڵکۆڵراون، بەڵام بەهۆی ڕووشان و تێکچوونەوە هیچ دیمەن و وێنەیەک پیشان نادەن، پێشدەچێت تەنها وەک ڕووشاندن دروستکرابێت بەبێ بوونی هیچ نەخشەیەک. پێوانەی مۆرەکە تیرەی ڕووی مۆرەکە ١،٥سم، بەرزی مۆرەکە ١،٥سم. ئەستورییەکەی لە فراوانترین شوێندا ٦ملمە. کێشی مۆرەکە ٥،٧٤گم.



وێنەی (٩٨) مۆری دووەم، (توێژەر).



چاپی مۆر (توێژەر)



هێڵکاری (٣٦)، توێژەر.

**<u>پاشماوەی کۆمەڵێک پارچەی گڵێنەیی و بەرد ئامادەکراو:</u>**

ئەم پارچانە بەشێوە و قەبارەی جیاوازن، پێدەچێت بۆ کێشانەکردن ئامادەکرابن، هیچ نەخش و هێمایەکیان لەسەر نییە.

**پارچە گڵێنەیی یەکەم: (وێنەی٩٩)**

پارچە گڵینەیەکی ئامادەکراوە شێوەیەکی دریژکۆڵەی هەیە، لە گڵ دروستکراوە بەبی هیچ نەخشێک وە هیچ کونێکی بۆنەکراوە، ڕەنگێکی سورباوی هەیە، کێشی پارچە گڵێنەییەکە ٢٤،٧گم. وە پیوانەکەی بەرزی ٨،٢سم، ئەستوری ١،٣سم، پانییەکەی لە فراوانترین شوێنیدا ٢سم.

**پارچە گڵێنەیی دووەم: (وێنەی ١٠٠)**

پارچە گڵینەیەکی شێوە بازنەیی ڕووتەختە، کە ئەمەش لەگڵ دروستکراوە ڕەنگێکی سووورباوی هەیە، هیچ نەخش وهێمایەکی لەسەر نییە، بەهەمان شێوە هیچ کونێکیشی بۆ نەکراوە. کێشی پارچە گڵێنەییەکە ٥گم. تیرەی پارچەکە ٢،٣سم. ئەستوری ٨ملم.



وێنەی (٩٩) پارچە گڵێنەیی یەکەم، (توێژەر).



وێنەی (١٠٠) پارچە گڵێنەیی دووەم، (توێژەر).

**پارچە بەردی یەکەم: (وێنەی ١٠١)**

پارچە بەردێکی ئامادەکراو شێوەیەکی بازنەیی ڕووتەختی هەیە، ڕەنگێکی سووورباوە، بە هەمان شێوەی پارچە گڵێنەییەکان ئەمەش بە شێوەیەی سادە بەبێ هیچ نەخش و هێمایەک دروستکراوە هیچ کوونێکی بۆ نەکراوە، کێشی بەردەکە ٣٩گم. وە پێوانەکەی تیرەی ٤سم، ئەستوری ٢سم.

**پارچە بەردی دووەم: (وێنەی ١٠٢)**

پارچە بەردێکی ئامادەکراوە، شێوەیەکی گۆیی هەیە، ڕەنگێکی خاکی کاڵی هەیە، دوو کونی بچووکی هەیە، بەڵام هیچ نەخش و هێمایەکی لەسەر نییە. کێشی ١،١٣گم. پێوانەی ئەم پارچەیە تیرەکەی ١سم، پانی٨ملم.



وێنەی (١٠١) پارچە بەردی یەکەم، (توێژەر).



وێنەی (١٠٢) پارچە بەردی دووەم، (توێژەر).

**مورووی یەکەم: (وێنەی ١٠٣)**

دەنکۆڵە موروویەکی تاڕادەیەک گەورەیە و ڕەنگێکی کەوەیی و ڕەش باوی هەیە، ئەم مورووە لە مادەی شووشە دروستکراوە، ڕووەکەی بە هێڵێکی ستوونی دابەشکراوە بەسەر دوو بەشدا هەر یەکێک لەم بەشانە سێ هێڵی کەوانەی لەسەریەک لەخۆدەگرێت. کێشی مووروەوەکە ٨،٤١گم. تیرەکەی ٢،٢سم، تیرەی کونەکەی ٩ملم، ئەستوریەکەی ٩ملم.



وێنەی (١٠٣) مووروی یەکەم، (توێژەر).

**مووروی دووەم: (وێنەی ١٠٤)**

مـوورویەکی لـوولەیی لە گڵێـنە دروسـتکراو، مـوورووەکە ڕەنگێکـی زەردبـاوی هەیە، پێکهـاتەی دروستکردنی مووروکە گڵە کە وردە بەردی زۆر تێدایە، بەڵام لە گەرمێکی بەرزدا سورکراوەتەوە، ئەم مووروە هیچ نەخشەیەکی لەسەر نییە و شێوەیەکی سادە لەخۆی دەگرێت، کێشی مووروەوەکە ١٤،٤٠گم. لە ناوەڕاستی لاتەنیشتی مووروەکەوە کونێکی بۆکراوە بە تیرەی ٩ملم، تیرەکەی ٢،٥سم، ئەستوری ٨ملم. تاکە پاشماوەی دۆزراوەی گۆڕی دووەم.

**مووروی سێیەم: (وێنەی ١٠٥)**

مـوورویەکی سـادەی شـێوە درێژکـۆڵە لە بەرد دروسـتکراوە، ڕەنـگەکەی ڕەنگێکـی ڕەشـی تـۆخە، لەبەشـی سـەرەوەیدا کـونێکی تێکـراوە تیـرەی کـونەکە تەنهـا ٧ملـمە، کێشـی مـووروەوەکە ٤٣،٥گـم. پێوانەی ئەم مووروە یەکسانە بە درێژی ٧،٥سم، پانییەکەشی ٢،٤سم، ئەستوریەکەشی تەنها ١،٢سم. پێـدەچێت ئەم پـارچەیە ئامادەکرابێـت بـۆ ئەوەی نەخشـی لەسـەر هەڵبکۆڵـدرێت، بەڵام بە هەر هۆکارێک بێت بە تەواو نەکراوی کراوەتە ناو گۆڕەکەوە.



وێنەی (١٠٤) مووروی دووەم، (توێژەر) .




وێنەی (١٠٥) مووروی سێیەم، (توێژەر).

## کلدان: (وێنەی ١٠٦)، (هێڵکاری ٣٧)

کلدانێکی کانزایی لە مس دروستکراوە، لە ئێستادا ڕەنگێکی سەوزباوی هەیە، بەڵام بەهۆی کارلێک و ژەنگ هەڵهێنانەوە بەشێک لە ڕەنگەکەی ڕووبەڕووی تێکچوون بۆتەوە، سەرقاپی کلدانەکە بەهۆی ژەنگ هەڵهێنانەوە لەگەل دەمی کلدانەکە یەکی گرتووە، لە ئێستادا شێوەکەی لەوەدەچێت سەرقاپی نەبێت. کلدانەکە شیوەیەکی درێژکۆڵەی هەیە، لەسەرەوە پانە و لە خوارەوە باریکترە، بەرزی کلدانەکە ٧،٨سم، تیرەی دەمەکەشی دەگاتە ٢،٤سم، چێوەی قەدەکەی لە فراوانترین شوێندا ٢،٣سم، قەدەکەی بە ١٥ هێڵی ڕاستی ئاسۆیی ڕووچاڵ ڕازێندراوەتەوە کە تەواوی قەدی کلدانەکە دەگرێت، قەدی کلدانەکە لەسەرەوە بۆ خوارەوە وردە وردە تەسک دەبیتەوە، پێش گەیشتن بە بنکەکەی دەرچوونێکی هەیە بەڕووی دەرەوەیدا. بنکەکەشی شێوەیەکی بازنەیی ڕووتەختی هەیە، قەبارەی بنکەکەی بەبەراورد بە دەمی کلدانەکە زۆر بچووکترە، کە تیرەکەی تەنها ١،٤سم، بەرزی بنکەکەی ١،٩سم. لە ناوەڕاستی بنکەی کلدانەکە کونێکی بچووک هەیە تیرەکەی ٥ملم. بەشێکی تری کلدانەکە میلەکەیەتی کە بۆ تێکدانی کلەکە و ڕەشکردنی چاو بەکارهاتووە، کە شێوەیەکی درێژکۆڵەی هەیە بە پێوانەی ٧،٣سم، تیرەی ٦ملم، لە نووکەکەیدا پانبوونەوەیەکی تاڕادەیەک کەم دەبیندرێت، لە بەشی ناوەڕاستدا شەش هێڵی بازنەیی ئاسۆیی دەبیندرێت کە تەواوی تیرەی میلەکە دەبڕن. لە بەشی خوارەوەی شکاوێک دەبیندرێت کە پێدەچێت تەواوکاری دەسکەکەی بێت بەڵام لە ئێستادا لە ناو چووە.



وێنەی (١٠٦) کلدان، (توێژەر).



هێڵکاری (٣٧)، توێژەر.

**قاپی گڵێنەیی: (وێنەی ١٠٧)**

قاپێکی گڵێنەیی بچووک، دەمێکی کراوەی هەیە بەسەر بنکەکەی شێوە نیمچە قووچەکی، تیرەی دەمی ئەم قاپە ٨سم، ئەستوریەکەشی ٥ملم، بە ڕەنگێکی ڕەش ڕووپۆشکراوە، پێدەچێت وەک قاپی زەیت یان تێکدانی کل یان بۆ ڕێوڕەسمێکی ئایینی بەکارهاتبێت.



وێنەی (١٠٧) قاپی گڵێنەیی، (توێژەر).

**مەنجەڵ: (وێنەی ١٠٨)**

لەمادەی مس دروستکراوە، ڕەنگێکی سەوزی هەیە، سەرقاپێکی بازنەیی ڕووتەختی دەسکداری هەیە. بەرزی مەنجەڵەکە ١١،٦سم، دەمەکەی بەڕووی دەرەوەیدا کراوەتەوە تیرەکەی ١٢سم، ئەستوری دەمەکەشی ١،٨سم، چێوەی قەدەکەی ١٢سم، لە ناوەڕاستی قەدەکەشیدا چوار تاج بە ڕووی دەرەوەیدا کراوە کە شێوەیان لە شێوەی نووکی ڕم دەچێت، بەرزی هەریەک لەو تاجانە ٤،٢سم. پانییەکەیان لە فراوانترین شوێندا دەگاتە ١،٦سم، پێش گەیشتن بە بنکەکەشی تەسک بوونەوەیەکی تێدایە، هێڵێک تەواوی چێوەی مەنجەڵەکە دەگرێت، پاشان لەو چاڵەوە بەڕووی دەرەوەیدا دەکرێتەوە و دەگات بەبنکەی مەنجەڵەکە، بنکەی مەنجەڵەکە شێوەی بازنەیی ڕووتەختی هەیە تیرەی بنکەکەی دەگاتە ١٣سم.[٢٥٣]

سەرقاپی مەنجەڵەکەش ڕەنگەکەی هەمان ڕەنگی مەنجەڵەکەیە و ڕەنگی سەوزە، لەهەمان کانزای مەنجەڵەکە لە مس دروستکراوە. تیرەی ڕووەکەی ١٤سم، ئەستوریەکەشی ٤ملم، لە ڕووی دەرەوەشیدا دەسکێکی باریکی بۆ دروستکراوە، مەبەست لەو دەسکەش بۆ هەڵگرتنی سەرقاپەکە بەکارهاتووە، درێژی ئەم دەسکە ١١،٩سم، بەرزی ٣،٧سم، ئەستوریەکەشی ٦ملم.

[٢٥٣] ئەم پارچە شوێنەوارییە دڵنیانین لەکام گۆڕەدا دۆزراوەتەوە، چونکە دواتر لەلایەن کەسێکەوە هێنراوە بۆ مۆزەخانەی گەرمیان.





وێنەی (١٠٨) مەنجەڵی کانزایی، (توێژەر).

**ئەڵقەی کەمەرەبەند: (وێنەی ١٠٩)، (هێلکاری ٣٨)**

ئەڵقەیی کەمەربەندێکی شێوە بازنەیی لە بڕۆنز دروستکراوە، ئەم ئەڵقەیە دووسەری شێوە گیانەوەری بەرامبەر یەکی پێوەیە، بە پێچەوانەی یەکتری یەکێکیان لە ڕووی سەرەوەی بازنەکە، یەکێکی تریان لە ڕووی خوارەی بازنەکە دروستکراوە، ڕوویان لەناوەوەی بازنەکەیە. شێوەی گیانەوەرەکە لە شێوەی مار دەچێت. بەڵام بەهۆی داخورانەوە سەری یەکێک لە گیانەوەرەکان ڕووبەڕووی تێکچوون بۆتەوە. تیرەکەی ٣،٥سم، ئەستوریەکەشی ٣ملم.






وێنەی (١٠٩) ئەڵقەی کەمەربەند، (توێژەر).

هێڵکاری (٣٨)، توێژەر.

**موستیلە: (وێنەی ١١٠)**

لە بڕۆنز دروستکراوە، کە بەهۆی داخوران و تێکچوونەوە ناتوانرێت هیچ نەخشە یان هێمایەکی لەسەر ببینرێت، تیرەی موستیلەکە ٢سم، ئەستوریەکەی ٣ملم، لەبەشی سەرەوەیدا فراوانبوونەوەیەکی تیدایە تیرەکەی ١سم، ئەستوریەکەشی ١ملم.



وێنەی (١١٠) موستیلەی کانزایی، (توێژەر)

# تــەوەرەی دووەم

# گــۆڕەكـانی قەسر شـەمـامـۆك

٢-١ شوێنی جوگرافی و بارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەكان

٢-٢ ناساندنی گۆڕەكان

٢-٣ پاشماوە دۆزراوەكان


# تـــەوەرەی دووەم

## گۆڕەکانی قەسر شـەمامـۆک

### ٢-١ شـوێن و بارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکان

**<u>شوێنی جوگرافی:</u>**

قەسری شـەمامۆک دەکەوێتە باشـووری ڕۆژئـاوای شـاری هەولێر بە دوری ٣٠کم، لە نیوەی ڕێگـای نێـوان شـاری هەولێـر و نـاحیەی گـوێر لە سـەر ڕووبـاری زێـی گەورە (نەخشــەی ٤).[٢٥٤] گردێکـی گەورەیە (وێـنەی ١١١)، ڕووبەرەکەی زیـاتر لە ٧٠ هێکتـارە (بەو شـارۆچکەیەشـەوە کە لە خوار گردەوەیە). لە سەرەتادا وەک شارۆچکەی 'کاکزو Kakzu'ی ئاشـووری نـوێ ناسـێنرا، دواتـر خوێندنەوەی نـاوەکە لە دەقە مێخییەکانـدا بە شـێوەی 'کیلیـزو Kilizu' ڕاسـتکراوەتەوە، ئێسـتاش بە شوێنەوارەکەی دەووترێت 'قەسری شـەمامۆکQaṣr Šemāmok'.[٢٥٥]




نەخشەی (٤) قەسری شەمامۆک. لەم سەرچاوە وەرگیراوە: (وەرگێڕانی توێژەر)

Jason UR, et. al., The Erbil Plain Archaeological Survey: Preliminary Results, 2012-2020, *Iraq*, 83, 2021, p. 206.

---

[254] Invernizzi, A., [KILIZU – Encyclopaedia Iranica (iranicaonline.org)](), *op. cit., (***Accessed:** 30\7\2022, 2:05 PM.).

[255] Masetti-Rouault, M. G., Calini, I., Materials from French Excavations in Erbil Area (2011-2013): Qasr Shemamok, *The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions*, 2016, p. 207 .

وێنەی (١١١) گردی قەسری شەمامۆک.

Jason UR, et. al., *op. cit.*



**<u>بارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕی قەسری شەمامۆک:</u>**

بۆ یەکەم جار ئەم ناوچە شوێنەوارییە لە سەدەی نۆزدە لە لایەن 'هێنری لایاردە'وە دۆزراوەتەوە.[256] لە ساڵی ١٩٣٣ 'جۆزێپی فورلانی Giuseppe Forlani' لە زانکۆی (فلۆرێنس Florence)ی ئیتاڵی هەڵکۆڵینی تێدا ئەنجامداوە، دوایین هەڵکۆڵین لە قەسری شەمامۆک لە ساڵی ٢٠١١ لە لایەن زانکۆی (لیۆن Lyon و سۆربۆنEPHE-Sorbonne)ی فەرەنسییەوە دەستی پێکردووە هەڵکۆڵینەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەر چینەکانی ئاشوری ناوەڕاست و نوێ و چینی هێلێنستی بەردەوامە.[257] هەڵکۆڵینەکانی فورلانی بە هاوکاری شوێنەوارناس 'دۆرۆ لیڤی Doro Levi'، دوو مانگی خایاندووە لە ٢٤ی شوبات تا مانگی نیسانی ١٩٣٣.[258] ئەنجامی سەرەکی دۆزینەوەی گۆڕستانێکی گەورەبوو لە لای ڕۆژئاوای گردەکە، بە شێوەیەکی سەرەکی مێژووەکەیان بۆ سەردەمی ئاشوری(ناوەڕاست و نوێ) و ئەشکانی دەگەڕێتەوە.[259] ژمارەیەکی زۆر گۆڕ و شێوازی ناشتن دۆزراونەتەوە لە نێویشیاندا دوو تابوت هەن کە شێوەیەکی ڕوونی سەردەمی ئەشکانی پیشان دەدەن.[260] بە پێی ئەو یاسا شوێنەوارییەی لە ساڵی ١٩٣٣ کاری

---

256 Othman, A. B., "The Pottery of Nuzi in the Erbil plain", *Arbela Antiqua, Proceedings of the International Conference held in Erbil (7-10 April 2014)*, Beyrouth 2020, p. 90.

257 Masetti, Rouault, Calini, *op. cit.*, p. 207.

258 Martini, A., The Glazed Parthian Sarchphagi of the Museo Archeologico Nazional Di Firenze: Rites and the Use of "Bathtub" Coffins, *In Gremium*, vol. 15, 2021, p. 55.

259 Marciak, *op. cit.*, p. 292.

260 Furlani, G., "Sarcofaghi Partici Di Kakzu", *Iraq*, vol. 1, No 1, 1934, p. 90.

پێدەکرا، ڕێگەی بە دابەشکردنی پاشماوە دۆزراوەکان داوە کە بە شێکیان بۆ مۆزەخانەی بەغداد و بەشێکیشیان بۆ ئیتاڵیا بگوازرێنەوە، لە کۆتایی هەڵمەتی کنەوپشکنیندا ٢١ سندوق نێردران بۆ ئیتاڵیاو لە مۆزەخانەی شوێنەواری فلۆرێنس هەڵگیراون، لە کاتێکدا ١٠ سندوق لە مۆزەخانەی عێراق لە بەغداد ماونەتەوە.[٢٦١] لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی زۆربەی بەڵگەنامەکانی کاتی هەڵکۆڵینەکە لە ناوچوون، ئەمەش دووبارە پێویستی بە وەرگرتنەوەی پلانی ناوچەکە و هەڵکۆڵینەکان بوو بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە جۆرا و جۆرەکان وە ئەو کەلووپەلانەی لە گۆڕەکانی تردا دۆزراونەتەوە.[٢٦٢] فورلانی لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بە ژمارەی گۆڕە دۆزراوەکان کردووە، بەڵام ئاماژەی بە ژمارەی کەرەستەکانی پەیوەندیدار بە گۆڕەکان نەکردووە. خۆش بەختانە لیڤیی هاوکاری، وێنەکانی کاتی هەڵکۆڵینی لەبەرگرتبووەوە، لە پشتی وێنەکان هەمان وەسفی پارچەکان و گۆڕەکان و پێکهاتەکانی تری نووسیبوو، ئەمەش یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ ناسینەوەی کەرەستەکان.[٢٦٣] پاشماوەکانی مۆزەخانەی فلۆرێنس بۆ یەکەمجار لە دوای جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی ١٩٤٩ کرانەوە، لە ساڵی ١٩٦٠ پارچەکان تۆمارکران و نمایشکران، ئەمەش لە لایەن 'پێکۆرێلا Paolo Emilio Pecorella'[٢٦٤] بوو کە لەو کاتەدا لێپرسراوی کۆمەڵەی ڕۆژهەڵات بوو لە مۆزەخانەی فلۆرێنس. پێکۆرێلا هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاری داوە لەسەر پارچە شوێنەواییەکانی قەسری شەمامۆک کە لە مۆزەخانەی بەغداد هەڵگیراون، بۆ ئەوەی بیان خاتە ناو پرۆژەی بڵاوکردنەوەی کارەکانی هەڵکۆڵینی زانکۆی فلۆرێنس.[٢٦٥] دواتر بەشێک لە پاشماوەکانی مۆزەخانەی فلۆرێنس لە لایەن 'ستیفانۆ Stefano'وە بڵاوکراونەتەوە کە بەڵگەی گرنگ نیشاندەدەن بۆ لێکۆڵینەوەی شوێنەواری لەو شارە گەورەیە.[٢٦٦] سەبارەت بە کەرەستە پاشماوەکانی مۆزەخانەی بەغداد، بە پێی دۆسییەکەی پێکۆرێلا فۆڵدەرێکی تێدابوو ٥٣ چاپی وێنەی ڕەش و سپی

[261] Anastasio, S., The Italian Archaelogical Expedition to Qasr Shamamuk- Kilizu, Iraq, 1933. Notes on the Excavation Finds at the Iraq Museum in Baghdad, *Ash- shraq*, vol 1, no 2, 2017, p. 275.

[262] Anastasio, S., ''Assyrian Pottery between the Middle-and Neo-Assyrian periods: *The case of Qaser Shamamuk-Kilizu'', Between the Cultures. The Central Tigris Region from the 3rd to the 1st Millennium BC (HSAO 14)*, ed., Miglus p., Mühl S., Heidelberg, Heidelberger Orientverlag, 2011, p. 344.

[263] Anastasio, S., "La missione archeologica italiana in Mesopotamia del 1933 e lo scavo di Kilizu (Qasr Shamamuk, Iraq): I materiali conservati a Firenze", *in Annuario della Scuola Archeologica Italiana di Atene*, vol, LXXXIII, Serie III, 5- Tomo,-II, 2005, p. 557.

[٢٦٤] پێکۆرێلا لە ساڵی ١٩٨٤ تا ٢٠٠٥ پرۆفیسۆری شوێنەوارناسی ڕۆژهەڵاتی نزیک بوو لە زانکۆی فلۆرێنس. لە میانەی هەڵمەتی هەڵکۆڵین لە تەل بەڕی Tell Barri لە سوریا کۆچی دوایکرد.

[265] Anastasio, The Italian Archaelogical ..., *op. cit.*, p. 276.
[266] Masetti-Rouault, M., Calini, *op. cit.*, p. 207.

لەخۆ گرتبوو، لەگەڵ لاپەڕەیەکی دەست نووس و لیستی شتە دۆزراوەکان و ووردەکاریی هەڵکۆڵینەکانی ساڵی ١٩٣٣ کە تۆمار کرابوون بە کۆدی KZ. کەلوپەلی مۆزەخانەی عێراق کۆدی IM یان لەسەرە، کە هەمان کۆد لە پشتی وێنەکان ئاماژەی پێکرابوو، لەگەڵ بوونی لاپەڕەیەکی ئیمزا کراو کە لە لایەن پرۆفیسۆر 'کلاودیۆ ساپۆریتی Claudio Saporetti' نووسرابوو.[٢٦٧] لیستەکە بە گشتی ئاماژە بە ٢٤٢ کەرەستەی هەڵگیراو دەکات لە مۆزەخانەی بەغداد (کەرەستەکان پاشماوەی سەردەمانی ئاشووری ناوەڕاست و نویێ و ئەشکانی لە خۆ گرتووە).[٢٦٨] کەرەستە پارێزراوەکانی مۆزەخانەی فلۆرێنس بە گشتی ٣٢٧ پارچەی جۆرا و جۆرن کە لە هەڵکۆڵینەکانی قەسری شەمامۆک دۆزراونەتەوە.[٢٦٩] دواتر پارچەکانی سەردەمی ئەشکانی ڕووندەکەینەوە.

## ٢-٢ ناساندنی گۆڕەکان

لە تەوەرەی پێشوتردا ئاماژە بەوە کراوە کە گۆڕستانێکی گەورە لە بەشی ڕۆژئاوای گردەکە دۆزراوەتەوە، بەشێک لە گۆڕەکانی بۆ سەردەمی ئاشووری و بەشێکیان بۆ سەردەمی ئەشکانی دەگەڕێنەوە. کرۆکی باسەکەی ئێمە تایبەتە بە گۆڕی خانەدانانی ئەشکانی، بوونی تابوت لە بەکارهێنانی ناشتندا گرنگی ئەو گۆڕ و ناوچەیەمان بۆ پشت ڕاست دەکاتەوە. بە تایبەتی کە شانشینی ئەدیابینە لەو ناوچەیە حوکمێکی ئۆتۆنۆمی هەبوو لە سایەیی ئیمپراتۆریەتی ئەشکانی. پادشایانی ئەشکانی ئازادییەکی زۆریان بەو شانشینە داوە، بۆ نموونە ڕێگەیان بە فەرمانڕەوای ئەدیابینە 'ئیزاتی سێیەم' داوە کە خۆی بە پادشا ناوبنێت، لەسەر تەختی شاهانە دابنشێت وە تاجی شاهانە لەسەربکات کە لە لایەن هاوشانەکانییەوە بەو شێوەیە ناسراوە.[٢٧٠]

لێرەدا وەسفی تابوتەکان دەکرێت، تەنها بۆ پێوانە و ژمارەی تۆمار و ناشتنەکان گەڕانەوە بۆ سەر سەرچاوەکە بە پێویست زانراوە.

---

267 Anastasio, The Italian Archaelogical..., *op. cit.*, p. 276.
268 *Ibid.*, p. 277.
269 Anastasio, "La missione archeologica ..., *op. cit.*, p. 561.

270 Sellwood, D., "Adiabene", *Encyclopaedia Iranica*, at http://www.iranicaonline.org/articles/adiabene, (**Accessed:** 30\8\2022, 9:18 PM.).

**تابوتی یەکەم:**

تابوتێکی گڵێنەیی ڕووشووشەکراو بە ڕەنگی سەوزباو، ئێستا لە مۆزەخانەی بەغداد لە عێراق بە کۆدی ١٥٤١٨ IM و بە تابوتی ژمارە ٢٦٢ و ناشتنی ژمارە ٢٤٦ تۆمارکرابوو.

تابوتەکە شێوەیەکی لاکێشەیی (بانیۆ) هەیە، لا کورتەکانی نیوە بازنەیین. سەرقاپێکی هەیە لە دوو بەش پێکـدێت هەردوو بەشـەکەی شـکاوییان هەیە، بەشـێکیان لێـواری ناوەڕاسـتی بەرزتـر دروسـتکراوە بـۆ ئەوەی نیـوەی بەشـەکەی تـری بکەوێتە ژێـری لە کـاتی داخسـتندا. سـەرقاپەکە شـێوەکەی لاکێشـەییە لا کورتەکـانی کەوانەیـین، بە درێـژای لا درێـژەکەی بە چەنـد هێڵێـک ڕازێندراوەتەوە، پێوانەی درێژی هەر بەشێکی سەرقاپەکە ٩٩سم. و پانی ٦٦سم. سەرقاپەکە لە تابوتەکە پانترە و لیوارەکەی لە تابوتەکە دەرچووە.


پێوانەی تـابوتەکە درێژیەکەی ١،٩٠م و پانییەکەی ٦٣سـم و بەرزیەکەی ٥٠سم.[271] هەر لایەک لە لایەکانی تابوتەکە نەخشی سێ تاقی لەسەرە کە تاقەکان بە لاسکی مێو جیاکراونەتەوە. تاقەکان لە دوو هێڵی پان پێکهاتوون، لایەکانی تاقەکە بە دوو بازنەی بچووکی هاوبەرامبەر ڕازێندراونەتەوە. لەناو هەریەک لەو تاقەنەدا پەیکەری مێینەی ڕووت هەیە کە پێدەچێت خواوەند بێت. زیاتر لەوە دەچێت ئاناهیتا بێت، پەیکەرەکان ڕووتن، پۆشاکیکی قوچەکیان لەسەر کردوە کە ڕەنگە تارا بێت. لە لایەکـی تـابوتەکە پەیکەرەکـان دەسـتی چەپیـان لەسـەر سـنگیان دانـاوە و دەسـتی ڕاسـتیان درێژکـردووە بـۆ خـوارەوە لەسـەر ڕانیـان دانـاوە. لە لایەکەی تـر دەسـتی ڕاسـتیان لەسـەر ڕانـی چەپیان داناوە. مەودای تاقەکان شێوەی دار مێوە کە لە خوارەوە لە ئاستی تاقەکان بەرز دەبنەوە بۆ سەرەوە پاشان بەرەو خوارەوە دێنەوە کە بە شێوەی ژمارە (٨)ی کوردی ڕازێندراونەتەوە، لە هەردوو لای تەرزی دار مێوەکان هێشووە ترێ هەن، بەگشـتی ٨ هێشـووە تـرێ لە خـۆ دەگرن لە هەر لایەکـی چـوار هێشـوو هەن، چـوار هێشـوو لە بەشـی خـوارەوە و چـوار هێشـوو لە بەشـی سەرەی بۆ لای ڕاست و چەپ دروستکراون، بەڵام دارەکە هیچ گەڵایەکی پێوە نییە. بە درێژایی لێـواری سـەرەوە و خـوارەوەی تـابوتەکە شـرێتیک دروسـتکراوە، کە شـێوەکەی لە وەدەچێـت بە کـاریگەریی پەنـجەی گەورەی دەسـت دروسـتکراو ڕازێندراوەتەوە. لە بەشـی سـەرەوە و کۆتـایی تابوتەکە دەرچوونێک بەدی دەکرێت کە وەکو لێوارێک بە چوار دەوری تەواوی چێوەیی تـابوتەکە دروستکراوە (وێنەی ١١٢).

سەبارەت بە شـێوازی جوڵەی دەسـتی پەیکەری مێینەی ڕووتەکـان، هاوشـێوەی جوڵەی دەسـتی پەیـکەرە سـکیثییەکانی سـدەکان-مجێسـەرە کە لە ئێسـتادا لە مۆزەخـانەی سـلێمانی و هەولێـر پـارێزراون، ئەم پەیـکەرانەش بە قەبـارەی مـرۆڤ دروسـتکراون کە هەموویـان لە ڕەگەزی نێـرن

---

[271] Furlani, *op. cit.*, p. 91.

بەشێکیان بە ڕووتی وێنەکراون بە پێی لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کە ئەم پەیکەرانە وەکو کێلی گۆڕ لەسەر گۆڕەکان دانراون، کە هەمان شێوە بە دەستی ڕاستیان کوپیان هەلگرتووە و دەستی چەپیان لەسەر سکیان داناوە،[٢٧٢] کە لە ڕووی ئایکۆنۆگرافییاوە لەگەڵ پەیکەرە مێینە ڕووتەکەی سە لێواری تابووتەکەی قەسر شەمامۆک لەیەک دەچن، ئەوەش ئەوە دەردەخات ئەشکانییەکان لە بنەڕەتدا سەر بە سکیثییەکان بوون بە هەمان شێوە داب و نەریتیان لە گۆڕەکاندا پەیڕەوکردووە.



وێنەی (١١٢) تابوتی یەکەمی قەسری شەمامۆک، لە مۆزەخانەی بەغداد.

Furlani, G., *op. cit.*, plate, XII.

---

272 Marf, Dlshad, "Back to the Land of Muṣaṣir/Ardini: Preliminary report on fieldwork (2005-2012)", *The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions, ed.* Kopanias, K. and MacGinnis, J., The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent, Oxford, 2016, 192-193.

## تابوتی دووەم:

ئەم تابوتە هەمان شێوەی تابوتی یەکەمە لە شێوە و ڕازاندنەوەدا. ئێستا لە مۆزەخانەی فلۆرێنسە لە ئیتاڵیا بە ژمارە ٩٣٨٠٥ و بە تابوتی ١٠٩ و ناشتنی ٥ تۆمارکرابوو. بە بەراورد بە تابوتەکەی مۆزەخانەی بەغداد کەمێک بچووکترە، درێژیەکەی ١،٨٨م و پانییەکەی ٦٢سم و بەرزییەکەی ٤٠سم.[٢٧٣] هەروەک تابوتەکەی پێشووتر لە هەر لایەک لە لایەکانی سێ تاق هەیە کە بە تەرزی مێو لە یەکتر جیاکراونەوە، جیاوازییەکەیان لەگەڵ تابوتەکەی بەغداد ئەوەیە ئەم تاقانە لە سەر ستوون ڕاگیرکراون، ستوونەکانیش بە هێڵی چاڵی ستوونی ڕازێنراونەتەوە، بەشی خوارەوە و سەرەوەی ستوونەکە تاجە، تاجەکانیش بە هێڵی چاڵی ئاسۆی ڕازێنراونەتەوە. بە هەمان شێوە سێ پەیکەری مێینەی ڕووت لەناو تاقەکاندا هەن کە پۆشاکێکیان لەسەرە بە قەبارەیەکی بچووکتر، دەستی ڕاستیان خستۆتە سەر ڕانی چەپی و دەستی چەپیان لەسەر سنگیان داناوە. لاسکی دار میوەکان لە سەرەوە پاشان بەرەو خوارەوە دەست پێدەکات بە شێوەی ژمارە (٧)ی کوردی ڕازێندراونەوە، جگە لە هێشووە ترێیەکان کۆمەڵە گەڵای بچووکیش لە شێوەی بازنە هەن. ژمارەی هێشووە ترێیەکان و گەڵاکان لە لقێکەوە بۆ لقێکی تر دەگۆڕێن. لە لقی یەکەم دوو هێشوە ترێ بۆ لای ڕاستی و دوو گەڵا لە ڕاستی و چەپیدا هەن، بەڵام لە لقەکەی بەرامبەری سێ هێشوو و گەڵایەک هەن کە هێشوویەک لە لای ڕاستیەتی و دوو هێشوو گەڵایەکەشی لە لای چەپی دروستکراون، لقی دووەم سێ هێشووی هەن کە بۆ لای ڕاستی دروستکراون لەگەڵ گەڵایەک لە لای چەپی. لقی بەرامبەری تەنها دوو هێشوو دەبینرێت لە لای ڕاست و چەپی. ڕازاندنەوەی لقەکان لە دیوەکەی تری تابوتەکە کەمێک جیاوازی هەیە لە ژمارەی هێشووە ترییەکان و گەڵایەکان. لە بەشی سەرەوە و خوارەوەی شریتێک هەیە لە شێوەی لوولپێچ تەواوی چێوەی تابوتەکە دەبڕێت پێدەچێت بە کاریگەری پەنجەی گەورەی دەست دروستکرابێت بە مەبەستی ڕازانەوە (وێنەی ١١٣).

سەبارەت بە لێکدانەوەی ئەو پەیکەرە مێینە ڕووتە بۆچوونی جیاواز هەیە. فورلانی دەربارەی ئەو پەیکەرە بچووکانەی کە لە ناو تاقە کەوانەییەکە دروستکراون بە (پەیکەری مێینە) لێکیداوەتەوە کە ئەمەش وەکو هێمایەکە بۆ خواوەند[٢٧٤] ئەم نیشاندانە بە شێوەیەکی بەر فراوان لە مێسۆپۆتامیادا لە سەردەمی ئەشکانییەکان بڵاوبۆتەوە، فورلانی جگە لەو بەراورد کاریانەی کە کردوویەتی بۆ بوکەڵەی مێینەی ڕووت، وێنەیەکی نێرینەشی پێشنیار کردووە، بەڵام لە لایەن توێژەرانی دواتر ئەم پێشنیارە پشت ڕاستنەکراوەتەوە.[٢٧٥]

---

[273] Furlani, *op. cit.*, p. 91

[274] *Ibid.*

[275] Martini, *op. cit.*, p. 62-63.





.

وێنەی (١١٣) تابوتی دووەمی قەسری شەمامۆک لە مۆزەخانەی فلۆرێنس.

Anastasio, S., "La missione, *op. cit.*, p. 591; Marciak, M., *op. cit.*, p. 537.

## ٢-٣ پاشماوەی پارچە دۆزراوەکانی قەسری شەمامۆک:

لێرەدا وەسفی ئەو پارچانە دەکەین کە لە مۆزەخانەی فلۆرێنس پارێزراون،[٢٧٦] ئەمانەش هەموویان وەسفی توێژەرن تەنیا بۆ ڕەنگەکان و ماددەکان و قیاسەکان چووینەتەوە سەر سەرچاوەکە.

### پاشماوەی چەند پارچە تابوتێکی گڵێنەیی کە لە مۆزەخانەی فلۆرێنس پارێزراون:

پاشماوەی هەشت پارچە گڵێنەی ڕوو شووشەکراو، لە مۆزەخانەی فلۆرێنس کە بە ژمارە 57959 A-H تۆمارکراون، توێژینەوەیان لەسەرکراوە بەپێی توێژینەوەکە سەرچاوەی پارچەکان نازانرێت، بەڵام ئەگەری ئەوەی هەیە لە کاتی هەڵکۆڵینی گۆڕستانی ئەشکانی لە قەسری شەمامۆک دۆزرابێتنەوە، ئەمەش بە پشتبەستن بە ووتەکانی فورلانی. لە کاتی هەڵکۆڵیندا بۆ ئەوەی گۆڕستانەکە تەواو بخرێتە ڕوو کاری کنە و پشکنینی لە زەوی و لە چاڵەکانی D,C دەست پێکردووە، ژمارەیەک پارچە گڵێنەیی ڕووشووشەکراو وە ڕازێنراوە بە نەخشی ئەندازیی و ڕووەکی دۆزراونەتەوە. ئەگەری زۆرە پارچە تابوت بن بۆیە بە گونجاو زانراوە کە لێرەدا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

### وەسفی پارچە گڵێنەییەکان:

**پارچەی یەکەم:** پارچە تابوتێکی شێوە بانیۆییە بەرزی پارچەکە ١٥،٥سم، پانییەکەی ٢٨،٠سم، ئەستوورییەکەی لە فراوانترین شوێنیدا ٥،٣سم، لە تەنکترین شوێنیدا ٣،٢سم. ڕووە شووشەییەکەی ٢ملمە. پارچەکە تارادەیەک شێوەیەکی سێ گۆشەیی نارێکی هەیە، لە بەشی سەرەوەی لێوەکەی شریتێک دروستکراوە کە پێدەچێت بە کاریگەری پەنجەی دەست دروستکراو ڕازێنرابێتەوە. لە خوار لێوارەکەی هەمان شریتی ڕازێنراوە بە درێژای لێوارەکەی دەبیندرێت (وێنەی ١١٤).



وێنەی (١١٤) پارچە گڵێنەی یەکەم.

Martini, A., *op. cit.*, p. 59.

---

[٢٧٦] زانیاری سەرجەم پاشماوەی پارچە تابووتەکان وەرگیراوە لە:
Martini, A., The Glazed Parthian Sarchphagi..., *op. cit.*, p. 57-62.

**پارچەی دووەم:** پێ دەچێت پارچە لێواری تابوت بێت، بەرزیەکەی ١٩،٠سم، درێژییەکەی ١٥،٤سم، زۆرترین ئەستووری ٥،٥سم، کەمترین ئەستووری ٢،٩سم. ڕووە شووشەییەکەی ڕەنگی پیرۆزەییە ئەستووری ١ملم. شریتێک (باند) لە بەشی سەرەوەی پارچەکە دەبیندرێت هەروەکو پارچەکانی تر کە بە کاریگەری پەنچە دەست دروستکراو بە دەوری تابوتەکە ڕازێندراوەتەوە (وێنەی ١١٥).



وێنەی (١١٥) پارچە گڵێنەی دووەم.

Martini, A., *Ibid.*, p. 59.

**پارچەی سێیەم:** پێ دەچێت پارچەیەک بێت لە سەرقاپی تابوت. درێژیەکەی ٢١سم، پانییەکەی ٨سم، ئەستوورییەکەی ٥،٢سم. ڕوو شووشە کراوە بە ئەستووری ١ملم. پارچەیەکی شێوە کەوانەییە، لە بەشی سەرەوەیدا دوو هێڵی چاڵی هاوتەریب هەن کە شان بە شانی یەکتری لەسەر پارچە گڵێنەییەکە دروستکراون. ئەم جۆرە هێڵانە کە بە مەبەستی ڕازانەوە بەکارهێنراون بە هەمان شێوە لەسەر قاپی ئەو تابوتەدا دەبینرێت کە لە مۆزەخانەی بەغداد دانراوە (وێنەی ١١٦).



وێنەی (١١٦) پارچە گڵێنەی سێیەم.

Martini, A., *Ibid.*, p. 59.

**پارچەی چوارەم:** پێ دەچێت پارچە لێواری سەری تابوت بێت. درێژیەکەی ١٠سم، پانییەکەی ١٦،٣سم، ئەستورییەکەی لە زۆرترین شوێنیدا ٥،٥سم، لە کەمترین شوێنیدا ١،٩سم. ڕووی دەرەوەی سافکراوە ڕووی ناوەوەی تا ڕادەیەک زبرە. ڕووی دەرەوەی ڕوو شووشە کراوە بە ڕەنگی سەوزباو بە ئەستووریی ٢ملم پارچەکە بە دوو هێڵی چاڵی هاوتەریب شان بەشانی یەکتری ڕازێندراوەتەوە (وێنەی ١١٧).



وێنەی (١١٧) پارچە گڵێنەی چوارەم.

Martini, A., *Ibid.*, p. 60.

**پارچەی پێنجەم:** پێ دەچێت پارچە سەرقاپی تابوت بێت. درێژییەکەی ١٠سم، پانییەکەی ١١سم، زۆرترین ئەستورری ٤،٣سم، کەمترین ئەستووریشی ١،٦سم. ڕوو شووشەیەکەی سەوز-شینی کاڵە تەنها بەشی دەرەوەی کراوە بەشی ناوەوەی چەند دلۆپەیەکی کەمی پێوەیە. بە دوو هێڵی چاڵی هاوتەریب، لێوەکانی بە شێوەی چەماوە ڕازێندراوەتەوە (وێنەی ١١٨).



وێنەی (١١٨) پارچە گڵێنەی پێنجەم.

Martini, A., *Ibid.*, p. 60.

**پارچەی شەشەم:** پێ دەچێت پارچە دیواری تابوت بێت. بەرزی ١٠،٥سم، پانییەکەی ١٢سم، ئەستووری لە فراوانترین شوێنیدا ٥،٣سم. ڕوو شووشەیەکەی لەدەرەوە ڕەنگی پیرۆزەیی لە سەر ڕوویەکی ساف بە ئەستووری ١ملم، لە ڕووی ناوەوەی ئەستووری ڕووپۆشەکە کەمترە ڕەنگی زەرد-پیرۆزەیی کاڵ لە سەرە ڕوویەکی زبرکراوە. دیواری تابوتەکە بە ستوونیک ڕازێندراوەتەوە کە دوو هێڵی چاڵی ئەستوونی لە خۆدەگرێت بەشی خوارەوەی لە شێوەی تاج، لە لای چەپی ستوونەکە کۆمەڵێک وێنەی دەنکە ترێ هەن (وێنەی ١١٩).



وێنەی (١١٩) پارچە گڵێنەی شەشەم.

Martini, A., *Ibid.*, p. 61.

**پارچەی حەوتەم:** پێ دەچێت پارچە دیواری تابوت بێت. بەرزی ١١سم، پانی ١٨سم، ئەستووری ٣،٢سم، زۆرترین ئەستووری ڕازانەوەکەی ٤ملم. بەشی ناوەوەی کەمێک سافکراوە کەمێکیشی بە زبری جێهێڵدراوە. ڕوو شووشەیەکەی بەشی دەرەوەی بە ڕەنگێکی پیرۆزەیی کراوە، بەڵام بەشی ناوەوەی دیوارەکە زەردباوە. پارچەکە بە دوو هێشووە ترێی بەرامبەریەک ڕازێندراوەتەوە کە هێشووە ترێیەکان بە پێچەوانەی یەکەوە دروستکراون ڕوویان لای ڕاست و چەپە (وێنەی ١٢٠).



وێنەی (١٢٠) پارچە گڵێنەی حەوتەم.

Martini, A., *Ibid*., p. 61.

**پارچەی هەشتەم:** پێدەچێت پارچە دیواری تابوت بێت. بەرزی ٨،٥سم، پانی ١٨سم، ئەستوریەکەی ٣،٧\٣،٠سم، زۆرترین ئەستووری ڕازانەوەکەی ٩ملم. ڕووی ناوەوەی تاڕادەیەک سافە وە دەرەوە و ناوەوەی ڕووپۆشی شووشەیی بە ڕەنگی شینی سەوزباو کراو. ڕازانەوەکەی لە هێڵی کێشراو پێکدێت وەک لاسکی داری مێو، هیچ لق و پۆپ و گەڵای پێوە نییە (وێنەی ١٢١).



وێنەی (١٢١) پارچە گڵێنەی هەشتەم

Martini, A., *Ibid*., p. 61.

## گـلێنــەکان:

پــارچە گڵێنەییەکـانی قەسـری شـەمامۆک بە شـێوەیەکی گشـتی دەسـکدار و بـێ دەسـکن. ئەو گڵێنانەی بۆ کاروباری ماڵ یان بۆ ناشتن بەکارهـاتوون، بە نەخشی جیاواز ڕازێنراونەتەوە، کە هێڵی ئاسۆیی و ستوونی و زیگزاگ لە خۆ دەگرن. گڵێنەکان زیاتر ڕووشووشـە کراون بە ڕەنگی پیرۆزەیی.

### گڵێنەی یەکەم: (وێنەی ١٢٢)


بەپێی بەڵگەکانی لیڤیی ئەم پارچەیە سەر بە گۆڕی ژمارە ٢٥ی ئەشکانییە، بە ژمارە ٩٣٧٨٥ تۆمارکراوە. بە ڕەنگی شین ڕوو شووشەکراوە.[٢٧٧] گۆزەیەکی دەسکدارە، دەمێکی فراوانی هەیە، بە دەوری ملەکەیدا دوو هێڵی تەریب هەیە کە تەواوی چێوەی ملەکەی دەبڕن، دەسکەکەی لە ملەکەیەوە بە قەدەکەیەوە لکێنراوە، قەدەکەی فراوانە و بە دوو هێڵی تەریب دوور لەیەکتر ڕازێندراوەتەوە. بنەکەیەکی ڕووچاڵی بازنەیی هەیە.

### گڵێنەی دووەم: (وێنەی ١٢٣)

گۆزەیەکی دەسکداری شێوە هێلکەییە، بە ڕەنگی پیرۆزەیی ڕوو شووشەکراوە، بە ژمارە ٩٣٨٠٣تۆمارکراوە.[٢٧٨] دەمێکی بچووکی سێ پەلکی لە شێوەی پەڕەی گوڵ هەیە بەسەر قەدێکی فراواندا، ملێکی تەسک و کورتی هەیە کە دەسکەکەی لە ملەکەیەوە بە قەدەکەیەوە لکێنراوە، لە خوار ملەکەیەوە دوو هێڵی تەریب هەن تەواوی چێوەکەی دەبڕن، لە قەدەکەشییەوە هێڵێکی تر هەیە تەواوی چێوەی گۆزەکە دەبڕێت و بنکەکەی ڕووتەختە.



وێنەی (١٢٢) گۆزەی یەکەم.



وێنەی (١٢٣) گۆزەی دووەم.


Anastasio, S., "La missione archeologica italiana ..., *op. cit.*, p. 581.

---

277 Anastasio, "La missione archeologica ..., *op. cit.*, p. 567.
278 *Ibid.*

### گڵێنەی سێیەم: (وێنەی ١٢٤)

لە گۆڕەکانی قەسری شەمامۆک سێ ئەمفۆرای گڵێنەیی دۆزراونەتەوە کە ڕووشوشەکراون بە ڕەنگی پیرۆزەیی بە ژمارە ٩٣٧٨٦، ٩٣٧٨٧، ٩٣٧٩٩ تۆمارکراون.[٢٧٩] ئەمفۆراکان لە شێوە و قەبارەدا لەیەکدەچن تەنها چەند جیاوازێکی کەم لە ڕازانەوەیاندا هەیە، ئەمفۆراکان دەمێکی کراوە و ملێکی ڕێک و درێژیان هەیە، دوو دەسکی هاوبەرامبەریان بۆ دروستکراون و بە مل و قەدەکەیانەوە لکێندراون. لێواری دەمەکەیان ئەستوورە و بەشی سەرەوەیان و ناوەڕاستی ملەکەیان بە جووت هێڵی تەریبی چاڵ ڕازێنراونەتەوە، وە لە کۆتایی دەسکی گڵێنەکە چەند هێڵی تر هەن تەواوی چێوەی قەدەکەیان دەبڕن، لە بەشی خوارەوەی دەسکەکانیان لە هەر دوو لایەکەوە بەرزبوونەوەیەک هەیە بە شێوەی نوک تیژ. قەدەکەشیان شێوە گۆییە و بنکەکەیان تەختە.




وێنەی ١٢٤ ئەمفۆرای گڵێنەیی

. Anastasio, "La missione archeologica ..., *op. cit.* p 582.

### گڵێنەی چوارەم: (وێنەی ١٢٥)

مەنجەڵێکە ڕوویەکی سادەیی هەیە هێچ ڕازانەوەیەکی لەسەر نەکراوە، ڕووی دەرەوەی بە ڕوو شووشەی شین کراوە، ڕەنگەکەی کاڵ بۆتەوە. بە ژمارە ٩٣٧٩٨ تۆمارکراوە.[٢٨٠] دەمێکی گەورەی هەیە کە لێواری دەمەکەی ئەستوورە. ملەکەی بە بەراورد بە قەدەکەی تەسکترە، قەدەکەی شێوەیەکی گۆییە و بنکەیەکی ڕووچاڵی هەیە.




وێنەی ١٢٥ مەنجەڵی گڵێنەیی

*Ibid*., p. 581.

[279] Anastasio, "La missione archeologica ..., *op. cit.*, p. 567.
[280] *Ibid.*

**گڵێنەی پێنجەم: (وێنەی ١٢٦)**

مەنجەڵێکی گڵێنەییە، ڕووی دەرەوەی ڕوو شووشەی سەوز کراوە. بە پێی بەڵگەکانی لیڤیی ئەم پارچەیە سەر بە گۆڕی ٢٥ی سەردەمی ئەشکانییە، بە ژمارە ٩٣٨٠٠ تۆمارکراوە.[٢٨١] دەمێکی کراوەی هەیە لەگەڵ ملێکی کورت دەمەکەی لە ملەکەی فراوانترە، قەدەکەشی فراوانە و شێوەی گۆیی هەیە، هیچ ڕازانەوە و دەسکی نییە، بنکەکەشی تەختە.




وێنەی ١٢٦، مەنجەڵی گڵێنەیی.

Anastasio, "La missione archeologica ..., *op. cit.*, p. 581.

**گڵێنەی شەشەم: (وێنەی ١٢٧)**

دەفرێکی قوڵە ڕوو شوشە کراوە، بە ژمارە ٩٣٧٩٤ تۆمارکراوە.[٢٨٢] دەمێکی گەورەی هەیە لێوەکەی هیچ دەچوونێکی نییە، دەفرە گڵێنەییەکە شکاوە و دووبارە پارچەکانی بە یەکەوە لکێنراوە و چاککراوەتەوە، ئەستووریەکەی زۆر نییە.



وێنەی ١٢٧، دەفری گڵێنەیی.


*Ibid.*, p. 581

**گڵێنەی حەوتەم: (وێنەی ١٢٨)**

دوو پارچە گڵێنەیی ڕوو شووشەکراون ڕووی دەرەوەیان سافکراوە، بە ژمارە ٩٥١٨١ تۆمارکراون.[٢٨٣] یەکێک لە پارچە گڵێنەییەکان بە مۆر و نەخشی ئەندازەیی ڕازێندراوەتەوە، نەخشەکانیش شێوەی بازنەی و پاقلاوەین لە ناوەڕاستیان نەخشی نارێک هەیە. شوێن مۆرەکان ژمارەیان ١٠دانەیە و شێوەیەکی سێگۆشەییان پێکهێناوە. پارچە گڵێنەکەی تر بە نەخشی ئەندازەیی شێوە بازنەیی ڕازێندراوەتەوە لە ناو یەکتریدا وەکو شێوەی تۆڕێک دەردەکەوێت.

---

281 Anastasio, "La missione archeologica ..., *op. cit.*, p. 567.
282 Anastasio, "La missione archeologica ..., *op. cit.*, p. 567.
283 *Ibid.*, p. 568.



وێنەی (١٢٨) دوو پارچە گڵێنە.


Anastasio, "La missione archeologica ..., *op. cit.*, p. 585.

**چرای گڵێنەیی: (وێنەی ١٢٩)**

دوو پارچە چرای گڵێنەیی ڕووشووشەکراو، لە قەبارەدا جیاوازن.

یەکێک لە چراکان ڕووی دەرەوەی بە شووشەیەکی ڕەنگ شین ڕووپۆشکراوە و ڕەنگە شووشەیەکەی کاڵ بۆتەوە، بە ژمارە ٩٤٤٧١ تۆمارکراوە.[٢٨٤] شێوەیەکی هێلکەیی هەیە دەمی کراوەیە، قەدەکەی فراوانترە بە بەراورد بە دەمی چرادانەکە، لە قەدەکەیەوە لوولەیەکی بۆکراوە بەداخەوە بەشێک لە لوولەکەی شکاوە.

چرا گڵێنەیەکەی تر بە ژمارە ٩٥١٩١ تۆمارکراوە، لە قەبارەدا گەورەترە.[٢٨٥] دەمێکی بچووکی بازنەیی هەیە، قەدەکەی فراوان دەبێتەوە شێوەی بازنەییە دەسکێکی بچووک بە پشتی قەدەکەیەوە لکێندراوە، بنەکەکەی ڕووتەختە لە قەدەکەیەوە لوولەیەکی بۆکراوە بەڵام لوولەکەی شکاوە.



وێنەی (١٢٩)، چرای گڵێنەیی

*Ibid.*, p. 587.

[284] Anastasio, "La missione archeologica ..., *op. cit.*, p. 569.
[285] *Ibid.* p. 569.


## کانزا:

### دەفری برۆنزی: (وێنەی ١٣٠)


دەفرێکی برۆنزییە بە ژمارە ٩٤٤٣٦ تۆمارکراوە.[٢٨٦] دەمەکەی و قەدەکەی یەکسانن و بنکەکەشی ڕووتەختە.

### مەنجەڵی برۆنزی: (وێنەی ١٣١)

مەنجەڵێکی برۆنزیە، بەپێی توێژینەوەکەی ستیفانۆ ئەگەری هەیە ئەشکانی بێت بە ژمارە ٩٤٤٣٨ تۆمارکراوە.[٢٨٧] دەمێکی گەورە و لێوێکی ئەستوور و دەرچووی هەیە بە ڕووی دەرەوەیدا، دەمەکەی بە ملێکی زۆر کورت لە قەدەکەی جیاکراوەتەوە، قەدەکەی لە خوار ملەکەیەوە فراوان بووە و لە خوارەوە کەمێک تەسک بۆتەوە، بنکەکەی ڕووتەختە، لە لێوارەکەیدا سێ کونی بچووک هەن، کە پێدەچێت بە مەبەستی هەوا گۆڕکێ دروستکرابێت.



وێنەی (١٣١) مەنجەڵی برۆنزی.



وێنەی (١٣٠) قاپی برۆنزی.

Anastasio, "La missione archeologica ..., *op. cit.*, p. 588.

### چرای برۆنزی: (وێنەی ١٣٢)


دوو چرادانی برۆنزی دۆزراونەتەوە ئەگەری هەیە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان بگەڕێنەوە. یەکێک لە چراکان بە ژمارە ٩٣٧٦٩ تۆمارکراوە.[٢٨٨] شێوەیەکی بازنەیی هەیە دەمێکی یاخود نووکێکی تیژی بۆکراوە، دەسکەکەی لە لاوە وەک جێ پەنجە وایە لە بەشی سەرەوەی شوێن پەنجەی بۆ کراوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی هەڵبگیرێت. بنکەکەشی شێوەیەکی بازنەیی ڕووتەختی هەیە.

چرادانەکەی تر بە ژمارە ٩٣٧٧٠ تۆمارکراوە.[٢٨٩] شێوەیەکی بازنەیی و لێوێکی ئەستوری هەیە، لە قەدی چراکەوە کە سێ دەمی بچووک و تیژی بۆ دروستکراوە، دەسکی درێژی هەیە کە بە

---

[286] Anastasio, "La missione archeologica ..., *op. cit.*, p. 569.
[287] Anastasio, "La missione archeologica ..., *Ibid.*, p. 569.
[288] *Ibid.*
[289] *Ibid.*

تەواوی چراکەوە لکێنراوە لە بنکەکەیەوە تاوەکو بەشی سەرەوەی، بنکەکەشی شێوەیەکی بازنەیی ڕووتەختی هەیە.




وێنەی (١٣٢) چرای برۆنزی.

Anastasio, "La missione archeologica ..., *op. cit.*, p. 588.

**دەستبەندی برۆنز: (وێنەی ١٣٣)**

دەستبەندێکی برۆنزییە، بە ژمارە ٩٤٤٤٣ تۆمارکراوە.[٢٩٠] بەشی هەرە زۆری بە شێوەیەکی لوولپێچ ڕازێندراوەتەوە، لە بەشی کۆتایدا دوو ئەڵقەی بەرامبەر یەک هەن یەکێک لە تەلەکان کە دەستبەندەکەی پێ دروستکراوە لە بازنەکە ئاڵێندراوە، بەشی کۆتاییەکەی هەر لایەکی لە چوار ئەڵقە پێکهاتووە بە شێوەیەکی بازنەیی لوولپێچ.



وێنەی (١٣٣)، دەستبەندی برۆنزی

*Ibid.*, p. 588.

[290] Anastasio, "La missione archeologica ..., *op. cit.*, p. 569.

**ملوانكە: (وێنەی ١٣٤)**

ئەم ملوانکەیە بە ژمارە ٩٤٤٥٠ تۆمارکراوە.[291] لە کۆمەڵێک مووروی بچووک و جۆرا و جۆر پێکهاتووە، کە ڕەنگی جیاوازی تێدا بەکارهاتووە. ژمارەی مووروەکان نزیکەی ٦٧ دانەیە، پارچە سەرەکییەکەی کە بەشێوەی ئەستوونی ئاوێزان کراوە لە چوار موورو پێکدێت قەبارە و شێوەی کۆتا مورویان جیاوازە لە تەواوی مورەکانی ملوانکەکە.



وێنەی (١٣٤) ملوانکە.

Anastasio, "La missione archeologica ..., *op. cit.*, p. 591.

**<u>شــووشــە:</u>**

شووشــەکانی قەسـری شــەمامۆک هەر وەکـو شووشــەکانی تـری ســەردەمی ئەشـکانی شـێوە جیاوازن، بەپێ ناوچەکانی تر زیاتر بۆ هەڵگرتنی شلەمەنی (ڕۆن، عەتر و شەراب) بەکارهاتوون.

**شووشەی یەکەم: (وێنەی ١٣٥)**

دوو بتڵــی شووشــەیین کە بــۆ ســەردەمی ئەشــکانی دەگەڕێــنەوە، بە ژمــارە ٩٣٧٧٢، ٩٣٧٧٤ تۆمــارکراون.[292] کە هەمــان قەبــارە و شــێوەیان هەیە، دەمێکــی کراوەیــان هەیە و لێوەکەیــان بە شـێوەیەکی ڕێـک بـۆ دەرەوە دەرچـووە، وە ئەم دەرچـوونە وای کـردووە شـێوەی دەمەکەیـان لە ملەکەیــان فراوانتــر بێــت. ملێکــی کورتیــان هەیە، دەســکەکانیان بە شــێوەیەکی پــان و گەورە دروســتکراون و لە بەشــی ســەرەوەی ملەکانیــانەوە بە قەدی بتڵەکــانەوە لکێنــدراون. هەردوو بتڵەکەش قەدێکی فراوان و شێوە چوارگۆشـەییان هەیە بنەکەکانیشـیان شێوەیەکی چوارگۆشـەی ڕووتەختە.

[291] Anastasio, "La missione archeologica ..., *op. cit.*, p. 570.
[292] *Ibid.*

**شووشەی دووەم: (وێنەی ١٣٦)**

ئەم پارچە شووشـەیە بە ژمـارە ٩٣٧٧٣ تۆمـارکراوە.[٢٩٣] شـێوەیەکی بەرزتـری هەیە بە بەراورد بە دوو پارچەکەی تر، بەڵام بە هەمان شێوە دەمێکی بچووکی هەیە و لێوارەکەی بە شێوەیەکی ڕێک بە ڕووی دەرەوەیدا دەرچووە، ملێکی باریکی هەیە. دەسکەکەشـی بە شـێوەیەکی پـان و گەورە بە مـلەکەیەوە لکێنـراوە لە خـوارەوەش بە قەدەکەی، قەدەکەشــی شــێوەیەکی درێـژی لـوولەی هەیە بنکەکەی ڕووتەختە.



وێنەی (١٣٥) شووشەی یەکەم.



وێنەی(١٣٦) شووشەی دووەم.


Anastasio, "La missione archeologica ..., *op. cit.*, p. 591

[293] Anastasio, "La missione archeologica ..., *op. cit.*, p. 569.

## پاشماوەی پارچەکانی مۆزەخانەی بەغداد.

### چرای برۆنزی: (وێنەی ١٣٧) (هێڵکاری ٣٩)

چرایەکی برۆنزییە لە ڕۆژئاوای گردەکە لە گۆڕستانەکە دۆزراوەتەوە. ئەم پارچەیە بە ژمارە ١٥٤٠٤ لە مۆزەخانەی عێراق و KZ 8 تۆمارکراوە. درێژیەکەی ١٩،٥سم. لە پشتی وێنەکە دەست نووسێک هەیە "چرای برۆنزی ئەشکانی لە لایەن تیمی هەڵکۆڵینی ئیتاڵی دۆزراوەتەوە (لیڤیی) لە کیلیزو لە مۆزەخانەی بەغداد".[٢٩٤] چراکە شێوەیەکی درێژکۆڵەی هەیە کە بەشێکی شێوە بازنەیی و نووکەکەی درێژکراوەتەوە، دەسکێکی هەیە بە پشتیەوە نووساوە و بەرزبۆتەوە و شێوەیەکی کەوانەیی وەرگرتووە. سەرەکەی بە وێنەی سەری ئەسپ ڕازێندراوەتەوە، یاڵی ئەسپەکە بە شێوەیەکی وردو ڕێک دەردەکەوێت لەگەڵ دوو چاو دەمی ئەسپەکە بە ڕوونی کراوە، سەری ئەسپەکە خوار بۆتەوە بۆ سەر قوڵکی چراکە، وە بنکەیەکی بازنەیی هەیە کە چراکەی لەسەر ڕاگیرکراوە.




هێڵکاری (٣٩)، توێژەر                    وێنەی (١٣٧) چرای برۆنزی.

Anastasio, S., The Italian Archaelogical ..., *op. cit.*, p. 281.

### ئەمفۆرا: (وێنەی ١٣٨)

ئەمفۆرایەکە ڕووشووشەکراوە بە ڕەنگی سەوز، مێژووەکەی بۆ سەردەمی ئەشکانی دەگەڕێتەوە، لە گۆڕی ژمارە ١٨ دۆزراوەتەوە. بەرزی ئەمفۆراکە ٢٢سم، تیرەکەی لە فراوانترین شوێن ١٦سم. بە ژمارە ١٥٣٩٦ لە مۆزەخانەی بەغداد و١٣٥ KZ تۆمارکراوە.[٢٩٥] هەمان شێوەی ئەمفۆراکەی مۆزەخانەی فلۆرێنسە. دەمێکی گەورە و لێوێکی ئەستوور و تاڕادەیەک دەرچووی هەیە بە هێڵێکی چاڵ ڕازێندراوەتەوە، ملێکی کورتی هەیە دوو هێڵ تەواوی چێوەی ملەکەی دەبڕن، لەگەڵ دوو دەسک کە دەسکەکانی بە مل و قەدەکەیەوە لکێندراو، لە ئاستی دەسکەکانی لە هەردوو لای ئەمفۆراکە دوو بازنەی بچووکی دەرتۆقیوی لەسەر دروستکراوە، لە خوار دەسکەکەشییەوە لە

---

[294] Anastasio, The Italian Archaelogical..., *op. cit.*, p. 281.
[295] *ibid.*, p. 282.

هەردوو لایەکەوە بەرزبـوونەوەیەک بە شـێوەی نـوک تیـژ هەیە، ئەمفـۆراکە لەسـەر بنکەیەکـی بازنەیی بچووک ڕاگیرکراوە.



وێنەی (١٣٨) ئەمفۆرای گڵێنەیی.

Anastasio, The Italian ..., *op. cit.*, p. 282.

**گۆزە: (وێنەی ١٣٩)**

گۆزەیەکی دەسکدارە، ڕووشووشەکراوە، بەرزییەکەی ٣٣،٣سـم، تیرەکەی لە فراوانترین شـوێنیدا دەگـاتە ٢١،٨سـم. بە ژمـارە ١٥٤٠٨ و١٠٣ KZ تۆمـارکراوە، لە ناشـتنی ١٨دا دۆزراوەتەوە.[٢٩٦] دەمێکـی بچـووک و لێـوێکی ئەسـتوور و دەرچـووی هەیە بە ڕووی دەرەوەیـدا، دەمەکەی بە بەراورد بە مـلەکەی گەورەتـرە، یەک دەسـکی پـانی هەیە کە هێڵێکـی ڕووچـاڵ لە ناوەڕاسـتی دەسکەکەی دروستکراوە، دەسکەکەی لە ملەکەیەوە بە قەدەکەیەوە لکێنراوە، بە هێڵێکی دەرچوو ملەکەی و قەدەکەی جیاکراوەتەوە، قەدەکەشی شێوەیەکی بازنەیی هەیە دوو هێڵی چاڵی یەکسان تەواوی چێوەی قەدەکەی دەبڕن، بنکەکەشی شێوەیەکی بازنەیی ڕووتەختە. ئەم پارچە گڵێنەییە شکاوە و چاککراوەتەوە.



وێنەی (١٣٩) گۆزەی گڵێنەیی.

Anastasio, The Italian, *op. cit.*, p. 283.

[296] Anastasio, The Italian Archaelogical, *op. cit.*, p. 283.

# تــەوەرەی ســێیـەم

# گــۆڕەکــانی وێــران تــەپــە

٣-١ شوێنی جوگرافی و بارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکان

٣-٢ ناساندنی گۆڕەکان و شێوازی ناشتن و ئێسکە پەیکەرەکان

٣-٣ پاشماوە دۆزراوەکان


# تــەوەرەی سێیەم

# گۆڕەکانی وێران تەپە (یۆرگان تەپە/ نوزی)

## ٣-١ شـوێن و بـارودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکان

**شـوێنی جوگرافی:**

وێران تەپە دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای شاری کەرکوک لە ناوەڕاستی کوردستانی باشوور (نەخشــەی ٥). ئەم نــاوچە شــوێنەوارییە بە 'یۆرگــان تەپە Yorghan tepe'[٢٩٧] تۆمــارکراوە، لە کۆمەڵە گردێک پێکهاتووە (وێنەی ١٤٢).[٢٩٨]





نەخشەی (٥) وێران تەپە (یۆرغان تەپە). لەم سەرچاوە وەرگیراوە: Starr, R. F. S., Nuzi, *op. cit.*, P. plane No. 1.

---

[٢٩٧] کورد شاروێرانی پێ دەڵێن.

[298] Chiera, E., *Excavation at Nuzi*, vol. I, London, 1929, p. v.



وێنەی (١٤٠) وێران تەپە (شار وێران): وەرگیراوە لە

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations at Yorgan Tepa Near Kirkuk, Iraq,* Conducted By Harvard University in Conjunction With the American Schools of Oriental Research and the University Museum Of Philadelphia 1927-1931, vol.II, Plates and Plans, , London, Cambridge, Massachusetts Harvar University Press, 1937, P. PLATE 1.

**باروودۆخی دۆزینەوەی گۆڕەکە:**

ناوچە شوێنەوارییەکە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٥ کاری کنە وپشکنینی لە لایەن پرۆفیسۆری ئەمریکی 'ئێدوارد کییرا Edward Chiera'وە بۆ یەکێک لە بچووکترین تەپۆلکەکان ئەنجامداوە. لە پاشاندا لە ساڵی ١٩٢٧ تا ١٩٣٠ کاری کنەو پشکنین بەردەوام بوو لە لایەن پرۆفیسۆر کییراوە بە یارمەتی پرۆفیسۆر 'شپایزەر، ڕیچارد ستار و ئیمانوێل وێڵنسی' لە ژێر چاودێریی هاوبەشی مۆزەخانەی 'سامیSemitic Museum' و مۆزەخانەی ' فۆگ ئارت Fogg Art' لە زانکۆی هارڤارد و قوتابخانەی ئەمریکی بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵات لە بەغداد، کاری لەسەر کراوە. پاشماوەی شوێنەواری سەردەمی پێش مێژوو تا سەردەمی ئەشکانییەکان و ساسانییەکان و سەردەمی ئیسلامی[٢٩٩] تێدا دۆزراوەتەوە.[٣٠٠] زۆربەی هەرە زۆری پاشماوە شوێنەوارییەکان دەگەڕێنەوە بۆ

[٢٩٩] لە ڕاپۆرتی کنەو پشکنینەکاندا مێژووەکەیان بەم شێوەیە دابەش کردووە (سەردەمی پێش مێژوو، ئەکەدی (شاری گاسور)، خوری (شاری نوزی)، سەردەمی درەنگ (ئەشکانی و ساسانییەکان و ئیسلامی))، بەو پێیەی لە سەردەمی ئەکەدییەکاندا بەو ناوچەیە ووتراوە 'گاسور Gasur'، بەڵام لە سەرەتای هەزاری دووەمی پ. ز. خورییەکان لە باکووری میسۆپۆتامیا شارەکەیان داگیرکرد و ناوەکەیان گۆڕی بۆ 'نوزی Nuzi'.

سەردەمی خورییەکان، لە دۆزراوە گرنگەکاندا پاشماوەی سەردەمی ئەشکانی تێدا دۆزراوەتەوە.[301] لە کنە و پشکنینەکانی ساڵی ١٩٢٩-١٩٣٠ گۆڕستانێک دۆزرایەوە لەسەر پاشماوەی چینی نوزی کە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە، گۆڕەکان لە قوڵایی جۆرا و جۆردا لە ژێر زەویدا بنیاتنراون، قوڵییەکانیان لە ٢٥سم دەست پێدەکات تا ٢م.[302]

## ٣-٢ ناساندنی گۆڕەکان و شێوازی ناشتن و ئێسکە پەیکەرەکان

لە تەوەرەکانی پێشووتر ئاماژە بەوە کراوە، کە کەرکوک پایتەختی هەرێمی گەرمیان بووە لەسەردەمی ئەشکانییەکاندا، هەر لەبەر ئەمە دۆزینەوەی گۆڕی خانەدانانی ئەشکانی لەو ناوچەیە گرنگیی ئەوە دەردەخات کە دەسەڵاتداران و میر و خانەدانەکان توانیویانە ئەو هەرێمە بەڕێوەبەرن و ببێتە هەرێمێکی گرنگ لە ژێر دەسەڵاتی پادشایانی ئەشکانیدا.

لە وێران تەپە دوو گۆڕستانی ئەشکانی دۆزراونەتەوە. یەکێکیان لەسەر گردەکەیەو ١٠٣ گۆڕ لە خۆدەگرێت. بە گشتی لە زەویدا لە چاڵی سادەدا نێژراون و هەشیانە لە کووپەدا نێژراون، تیاشیاندایە لە تابوتدان. کە بە دیوار و لاوانە بۆکراو بە خشت دەوریان گیراوە. گۆڕسانەکەی تر لە دەرەوەی گردەکەیە و بەپێی ڕاپۆرتەکانی لەبەر دەستن لانیکەم سێ تابوت هەن کەوتوونەتە ڕۆژئاوا و باشووری گردەکە.

ئاڕاستەی دانانی مردووەکان بە شێوەیەکی گشتی جیاواز بوو، ٨٧ گۆڕ بە ئاڕاستەی باکووری ڕۆژئاوا- باشووری ڕۆژهەڵات بوون، تەنها نۆ گۆڕ ئاڕاستەکانیان لە باکووری ڕۆژهەڵات بۆ باشووری ڕۆژئاوا بوون، ئەوانی تر ئاڕاستەکانیان ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا یان باکوور بۆ باشوور بوون. ئاڕاستەی سەری مردووەکان جیاوازە لە ٤٢ گۆڕدا سەریان بەرەو باکووری ڕۆژئاوایە، ٤٥ گۆڕ سەریان بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتە، پێدەچێت باکووری ڕۆژهەڵات گرنگییەکی تایبەتی

---

300 *Ibid.* p. v.

301 Starr, R. F. S., *Nuzi, Report On the Excavations At Yorgan Tepa Near Kirkuk, Iraq*, vol. I, Texst, 1939, London, Cambridge, Massachusetts Harvar University Press, P. XXXVi.

302 Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe, Nuzi, Report On the Excavations At Yorgan Tepa Near Kirkuk, Iraq*, vol. 1, 1939, London, Cambridge, Massachusetts Harvar University Press, p. 545.

هەبووبێت چـونکە زۆرتـرین حـاڵەت بەو ئاڕاسـتەیەدا بـووە.[303] لە وێـران تەپە چەنـد شـێوازێکی ناشتن بەکارهاتووە لەوانە:


## گۆڕی سادە/ ناشتن لە چاڵدا:

ئەم جۆرە گۆڕانە هیچ پێکهاتەیەکی تەلارسازییان تێدا نییە. ٧٢ گۆڕی لەم شێوەیە دۆزراونەتەوە، کە ٤٩ گۆڕیان هێچ کەلوپەلێکی تێدا نەبووە، شێوازی دانانی لاشەیان بە زۆری لە سەر پشت بووە لە دۆخی پاڵکەوتن دابوون، لە هەندێک کاتیش دا لەسـەر لای ڕاسـتی خۆیـان دانـراون، لە هەندێک حاڵەتـدا لاشـەکە بە لای چەپـدا بـووە بە درێژکـراوەی دانـراون، تەنهـا لە٤ گـۆڕدا لاشـەکان چەمێنرابوونەوە. دانانی قۆڵیان جیاواز بووە، ئەگەر لاشەکە لەسەر پشت بوایە زۆرجار قۆڵی ڕاست بەسەر لاشەکەدا دەچەمێنرایەوە، قۆڵی چەپ بە درێژکراوی لای لاشە دادەنرا. ئەگەر لاشـەکە لەسـەر لا بـووایە دەسـتی زیـاتر بە چەمـاوەیی لەسـەر لاشـەی دادەنـرا. وە هەندێک کـاتیش هەردوو قۆڵەکە بەسەر لاشەکەدا دەچەمێنرانەوە، بە دەگمەن هەردوو قۆڵەکە لە تەنیشـتییەوە درێژدەکران. بە گشـتی ٣٢ گۆڕ لەسەر پشت، ٢١ گۆڕ بەسەر لای ڕاست، ١٧ گۆڕ بەسـەر لای چەپدا نێژراون. لە کۆی ٧٢ گـۆڕ ٤٩ گۆڕیـان ڕوویـان لە بـاکووری ڕۆژهەڵات بـووە. زۆربەی پـارچە دۆزراوەکـانی نـاو گـۆڕە سادەکان پێکهاتبوون لە (کەلووپەلی شووشە، بەرد، ئاسن، مس، بابەتی جوانکاری گوارە و ملوانکە، ... هتد).[304]

## گۆڕی  لاوا نەدار/ لاوانە بۆکراو لە خشتی قوڕ: (وێنەی ١٤١)

ئەم شـێوازی ناشـتنە لە ١٧ گـۆڕدا بەکارهـاتووە، قەبـارەی تەلارسـازی ئەم گـۆڕانە یەکسـانە بە قەبـارەی لاشــەی مـردووەکە، واتــا هەر گۆڕێـک بە پێـی گەورە و بچـووکی لاشــەی مـردووەکە دروسـتکراوە، ئەو خشـتانەی بـۆ دروسـتکردنی ئەو گـۆڕانە بەکارهـاتوون لە گڵ دروسـتکراون بە شـێوەیەکی چوارگۆشـەیی پێـوانەی هەر خشـتێکیان ٤٥سـم بە ٥٠سـم بـووە، ئەسـتووریان ٨ بـۆ ١٠سم. لاوانەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ناشتنەکەوە دانرابوون. ئاڕاسـتەی گۆڕەکـان بـاکووری ڕۆژئاوا- باشووری ڕۆژهەڵات بوو. لاشـەی مردووەکـان بە ئاڕاسـتەی جیـاواز بـوون کە چـواردە گۆڕیان ڕوویان لە بـاکووری ڕۆژهەڵاتە، دوو گـۆڕیـان ڕوویـان لە سـەرەوەیە، یەکێکیـان ڕووی لە خوارەوەیە. ئاڕاستەی سەریشیان جیاوازە، هەشت گۆڕیان ئاڕاستەی سەریان باکووری ڕۆژئـاوا، نۆ گۆڕیشیان سەریان بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتە. هیچ کەلووپەلێکیان تێدا نەدۆزراوەتەوە[305].

[303] Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe, Nuzi..*, *op. cit.*, p. 545-546.
[304] *ibid.*, p. 546.
[305] *ibid.*, p. 546; 552.



وێنەی (١٤١) گۆڕی لاوانەکراو بە خشتی قوڕ.

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.,* pl. 34, E.

## گۆڕی تاقدار بە خشت: (وێنەی ١٤٢)

گۆڕێکی لەو شێوە هەیە بە گۆڕی ژمارە ١٣ دیاریکراوە لەسەر گردەکە دۆزراوەتەوە، بە خشتی قوڕ دروستکراوە، ئاڕاستەکەی باکووری ڕۆژهەڵات- باشووری ڕۆژئاوایە، لە خشتی قوڕی تەخت دروستکراوە. خشتەکان بە دوو ڕیز زەوی گۆڕەکەیان پێکهێناوە، لایەکانی لە هەمان ماددە دروستکراون، خشتەکان بە تەنیشت یەکەوە لە لایەکانییەوە هەڵدەچێنرا بەرەو سەرەوە دواتر بەهەمان خشتی کاڵ بانی گۆڕەکەشیان دەگرت و شێوەیەکی لاکێشەیی پێکدەهێنا. درێژی گۆڕەکە ١،٦٠م، پانییەکەی ٧٥سم، بەرزی ٧٣سم. لاشەی مردووەکە لەسەر لای ڕاستی خۆی دانراوە، ڕووی باکووری ڕۆژئاوابوو. گۆڕەکانی ژمارە ٨ و ٨٩ بەنزیکەی هەمان پێکهاتەی بیناسازییان هەیە، گۆڕی ژمارە ٥ لەگەڵ ئەم گۆڕانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ سەرەڕای ئەوەی هیچ پێکهاتەیەکی بیناسازی نییە. ئەم شێوازە گۆڕانە لە بەشی سەرەوەکەی گردە پەرش وبڵاون.[٣٠٦]



وێنەی (١٤٢) گۆڕی تاقدار بە خشت.

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.,* Pl. 35, C.

[306] Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe, Nuzi.., op. cit.,* p. 546-547.

## گۆڕی بە خشتی سوور بان جزیری[٣٠٧]: (وێنەی ١٤٣)

سێ گۆڕی لەم شێوەیە دۆزراونەتەوە (گۆڕی ژمارە ١٥، ٩٩، ١٠٥)، لە چوار چێوەیەکی لاکێشەیی لە خشت دروستکراو، یەکێک لە گۆڕەکان تابوتی گڵێنەیی تێدابوو. پێوانەی خشتەکان ٣٥سم بە ٤٥سم، شێوە چوارگۆشەیی بوون، لە هەموو لایەکانەوە دادەنرا بۆ ئەوەی بتوانن پشتگیریی یەکتربکەن لە پێکهێنانی بانی گۆڕەکە، کە بانەکەی شێوەیەکی نووک تیژ پێکدەهێنێت.[٣٠٨]



وێنەی (١٤٣) گۆڕی بەخشتی سوور بان جزیری.

.Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.*, pl. 37, A

## ڕەگەزی گۆڕەکان

| جۆری ناشتن | ژمارەی گۆڕ | ڕەگەزی نێر | ڕەگەزی مێ | منداڵ | ڕەگەزی نەزانراو |
|---|---|---|---|---|---|
| ناشتن لە چاڵدا | ٧٢ | ٢٤ | ٢٠ | ٢٤ | ٤ |
| گۆڕی بە لاوانە لە خشتی قوڕ | ١٧ | ٨ | ٧ | ١ | ١ |
| گۆڕی تاقدار بە خشت | ٤ | ٣ | ١ | --- | --- |
| گۆڕی بە خشتی سووری بان جەزیری | ٣ | ٢ | --- | ١ | --- |

## تابوتــەکان:

[٣٠٧] مەبەست لەم جۆرە گۆڕانە ئەوەیە کە بانەکەیان بە خشت دەگیرا بەڵام خشتەکان لە بەشی سەرەوە شێوەیەکی نوک تیژیان پێکدەهێنا.

[308] Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe, Nuzi.., op. cit.*, p. 547-548.

**تابوتی یەکەم: (وێنەی ١٤٤)**

ئەم گۆڕە لە چینی یەکەمی بەشی سەرەوەی گردی وێران تەپە لە چوارچێوەیەکی لاکێشەیی دۆزراوەتەوە، کە بە خشتی قوڕی چوارگۆشەیی لە سێ لاوە داپۆشراوە، پێوانەی هەر خشتێک ٣٥سم بە ٤٥سم، خشتەکان لە لاتەنیشتەکانییەوە دادەنران بە دەوری تابوتەکەدا وەکو پارێزەرێک بۆ تابوتەکە. بانی گۆڕەکە بە شەش جووت خشتی هەمان جۆر بە شێوەیەکی جزیری داپۆشرابوو. پێوانەی تەواوی دەرەوەی گۆڕەکە، ٢،١٥م درێژە و ١،١٥م پانە. گۆڕەکە بە ئاڕاستەی باکوور-باشوور کەوتووە.

ئەوەی زۆر گرنگە لە ناو گۆڕەکەدا تابوتێکی کراوەی گڵێنەیی دۆزراوەتەوە، شێوەکەی لاکێشەییە، لا کوورتەکانی نیوە بازنەییە، درێژیەکەی ١٤٠سم، پانی ٥٨سم، قوڵی ٢٩سم، لاشەکە لەسەر پشت دانراوە ڕووی لە باشووری ڕۆژهەڵاتە، ئەژنۆکانی چەماوەتەوە بەرەوە لێواری سەرەوەی تابوتەکە، قۆڵی ڕاستی لە تەنیشتیەوە بە درێژکراوی دانرابوو لە کاتێکدا قۆڵی چەپی بە چەماوەیی لەسەر لاشەی دانرابوو.[٣٠٩] بەداخەوە هیچ زانیارێک یان وێنەیەکی تایبەت بە شێوازی ڕازانەوەی تابوتەکە بەر دەستنییە کە بتوانین وردەکاری زیاتری لەسەر بنوسرێت.

سەبارەت بەم شێوازە ناشتنە دوو گۆڕی تر هەیە، بەڵام ئەم گۆڕانە هیچ تابوتێکیان تێدا نەبووە تەنها گۆڕەکان لە خشتی قوڕ دروستکرابوون، بە هەمان شێوەی گۆڕی یەکەم بانەکەی بە خشتی قوڕ داپۆشرابوو. بە گۆڕی ژمارە (٩٩، ١٠٥) دیاری کراون. ئاڕاستەی ئەم گۆڕانە ڕوویان لە باکووری ڕۆژهەڵات بوو، بەڵام ئاڕاستەی سەریان جیاوازبوو لە گۆڕی ژمارە ٩٩ بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات بوو لاشەکە بەلای ڕاستدا دانراوبوو، گۆڕی ژمارە ١٠٥ سەری بەرەو باکووری ڕۆژئاوا بوو وە لاشەی بە لای چەپدا بوو.[٣١٠]

---

[309] Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe, Nuzi...*, *op. cit.*, p. 548.

[310] *Ibid.*, p. 547, 548; 550,551.

وێنەی (١٤٤) تابوتی یەکەم.

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.*, Pl. 37, A.




**تابوتی دووەم: (وێنەی ١٤٥)**

لە گردێکی بچووکی باشووری وێران تەپە، چەند گۆڕێک دۆزراونەتەوە کە تابوتیان بۆ ناشتنی مــردوو بەکــار هێنــاوە. ناشــتنەکەیان لە بــاکووری ڕۆژئــاوا-باشــووری ڕۆژهەڵات بــووە. لە دروستکردنیاندا هاوشێوە بوون.

گــۆڕی یەکەم لە باشــووری گــردەکە لە خەنــدەقی یەکەم لە چینــی ســێیەم دۆزرایەوە. لاشــەی مــردووەکە لەســەر لای چەپــی بــووە ڕووی لە باشــووری ڕۆژئــاوایە، ئاڕاســتەی ســەری بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتە. لە لای پێیەکانی دوو پارچە گڵێنە دۆزراونەتەوە.[٣١١] تابوتێکی گڵێنەیی لە ناو چوارچێــوەیەکی لاکێشــەیی بە قــوڕ داپۆشــراو دانرابــوو، تــابوتەکە شــێوەی لاکێشــەییە و لا کوورتەکانی لە گۆشەکانییەوە کەمێک کەوانییە. تابوتەکە هیچ نەخش و ڕازانەوەیەکی لەسەر نییە و بەشێوەیەکی سادە دروستکراوە، سەرقاپێکی سادەی هەیە کە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمــی ســەر قــاپەکە کەمێــک بەرزبــوونەوەی تێــدایە، بــۆ ئەوەی بەشــی دووەمــی ســەرقاپەکەی بکەوێتە ژێری. بەداخەوە تابوتەکە لە چەند لایەکەوە شکاوە و درزی بردوە.

[311] Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe, Nuzi..., op. cit.*, p. 555.




وێنەی (١٤٥) تابوتی دووەم.

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.*, pl. 38, A,C.

**<u>تابوتی سێیەم: (وێنەی ١٤٦)</u>**

ئەم تابوتەش بە هەمان شێوە لە چینی سێیەم لە باشووری وێران تەپە دۆزراوەتەوە بە گۆڕی دووەم دیاریکراوە. ئاڕاستەی سەری بەرەو باکووری ڕۆژئاوابوو.[312] کە چوارچێوەیەکی لاکێشەیی بە قوڕ بۆ دروستکراوە، لە شێوەدا تابوتەکە لاکێشەییە، گۆشەکانی لە ڕووکاری دەرەوە تاڕادەیەک چەماوەیین. ئەم تابوتە جیاواز لە تابوتەکەی تر بە نەخشی هێڵی لوول پێچ کە بە پەنجەی دەست دروستکراوە ڕازێندراوەتەوە. هێڵەکە تەواوی چێوەی قەدی تابوتەکەی گرتووەتەوە بە شێوەیەکی ڕاست لەلایەکانییەوە دروستکراوە، لە گۆشەکانییەوە چەماوەتەوە بۆ بەشی خوارەوەی تابوتەکە کە هەردوو لای کورتی تابوتەکە بە هەمان نەخش بە دووهێڵی یەکتربڕ لە شێوەی X دا دەڕازێنرێتەوە، سەرقاپەکەی لە دووبەش پێکدێت بە قۆقزی دروستکراوە و لەم سەر و ئەوسەرەوە لێژکراوەتەوە. ئەمیش بە هەمان هێڵی لوول پێچ ڕازێندراوەتەوە، کە چوار دەوری سەرقاپەکە دەبڕێت دواتر لە ناوەڕاستیەوە هێڵێکی ڕاست لەم سەر بۆ ئەو سەری سەرقاپەکە دەبڕێت، دوو هێڵی تریش سنورەکانی ئەم سەر و ئەو سەرە لێژەکەی دیاری دەکەن و هێڵێکی کورتی کەوانەیش کونجەکانیان بەیەک دەگەیێنێت (بڕوانە: وێنەی ١٤٦).

[312] Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe, Nuz.., op. cit.*, p. 555.




وێنەی (١٤٦) تابوتی سێیەم.

Starr, R. F. S., *Nuzi*, *Report on the Excavations*, *op. cit.*, pl. 38; plan. No 42.

**تابوتی چوارەم: (وێنەی ١٤٧)**

لە چاڵی یەکەمی باشووری وێران تەپە دۆزراوەتەوە، کە چوارچێوەیەکی لە خشتی سوور بەشێوەیەکی کەوانەیی بۆ دروستکراوە، لەم گۆڕەدا ئێسکەکان زۆر وورد بوو بوون، بەڵام ئاراستەی سەری بەرەو باکووری ڕۆژئاوا بووە.[٣١٣] تابوتێکی شێوە لاکێشەیی تێدایە. تابوتەکە لە کۆتایی بەشی سەرەوەیدا شێوەیەکی چەماوەیی هەیە، بەشی سەرەوەی لێواری تابوتەکە بە شریتێک ڕازێندراوەتەوە لە شێوەی هێڵی لوولپێچ کە بە جێ پەنجەی دەست دروستکراوە کە تەواوی چێوەی تابوتەکە دەگرێتەوە، لا کوورتەکانی تابوتەکەش بەو هێڵە ڕازێندراوەتەوە لەسەرەوە بۆ خوارەوە. تابوتەکە سەرقاپی هەیە و لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی سەرەوەی بە هێڵی ستوونی و ئاسۆیی ڕازێندراوەتەوە کە چەند خانەی چوارگۆشە پێکدەهێنن کە هێڵەکان لە شێوەی جێ پەنجەی دەست دروستکراون، سەرقاپەکە لە لایەکانییەوە شێوەیەکی نیوە قۆقزی هەیە.



وێنەی (١٤٧) تابوتی چوارەم.

*Ibid*., pl. 37, D.

313 Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe*, *Nuz..*, *op. cit.*, p. 555

## ٣-٣ پاشماوە دۆزراوەکان

### پارچەی دۆزراوەی ئەشکانی لە وێران تەپە:

کۆمەڵێک پاشماوەی شوێنەواری لە گۆڕەکانی وێران تەپە دۆزراونەتەوە هەر وەکو زۆربەی گۆڕەکانی تری سەردەمی ئەشکانی پێکهاتوون لە گڵێنە و شووشە و کانزای جۆراوجۆر و بابەتەکانی جوانکاری. وەسفی پارچەکان هی توێژەرە تەنها جۆری مادەکان لە سەرچاوەکە وەرگیراون.

**گڵێنە:** پارچە گڵێنەییەکانی وێران تەپە بە شێوەیەکی گشتی دەسکدار و بێ دەسکن. ئەو گڵێنانەی بۆ کاروباری ماڵ یان بۆ ناشتن بەکارهاتوون، بە نەخشی جیاواز ڕازێنراونەتەوە، کە هێڵی ئاسۆیی و ستوونی و شەپۆلدار لە خۆ دەگرن. گڵێنەکان زیاتر ڕووشووشە کراون بە ڕەنگی پیرۆزەیی.


### گڵێنەی یەکەم: (وێنەی ١٤٨)

گۆزەیەکی گڵێنەیی سادەیە، لە گۆڕی ژمارە ٥ شێوە تاقدار دا دۆزراوەتەوە.[٣١٤] قەدەکەی شێوەیەکی گۆیی هەیە، دەمێکی کراوە و لێوێکی ئەستوری هەیە کە بە ڕووی دەرەوەیدا دەرچووە، کە بە هێڵێکی ڕوو چاڵی بازنەیی ڕازێندراوەتەوە، دەمەکەی بەراورد بە ملەکەی گەورەترە، لە قەدەکەیدا فراوان بۆتەوە و بنکەی نییە.


### گڵێنەی دووەم: (وێنەی ١٤٩)

گۆزەیەکی گڵێنەییە لە گۆڕی ژمارە ١٣شێوە تاقدار دۆزراوەتەوە.[٣١٥] شێوە گۆییە، ملێکی کورت و لێوێکی ئەستوری هەیە کە بە ڕووی دەرەوەیدا دەرچووە، گۆزەکە سادەیە و هیچ نەخشێک و دەسکێکی بۆ دروست نەکراوە و بنکەی نییە.

[314] Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe, Nuz.., op. cit.,* p. 547.
[315] *Ibid*. p. 547.



وێنەی (١٤٩) گۆزەی دووەم.




وێنەی (١٤٨) گۆزەی یەکەم.

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.*, Pl. 135, A,B.

**گڵێنەی سێیەم: (وێنەی ١٥٠)**

گۆزەیەکی قەبارە بچووکە لە گۆڕی ژمارە ١٣شێوە تاقدار دۆزراوەتەوە.[٣١٦] لێوارێکی ئەستوری هەیە بە ڕووی دەرەوەیدا دەرچووە، بە دوو دەسکی بەرامبەر یەک ڕازێنراوەتەوە و لە خوار لێوەکەیەوە لکێنراوە بە قەدەکەیەوە، دەسکەکانی لەسەرەوە بە شێوەیەکی ڕێککراوە پاشان چەماوەتەوە بەسەر قەدەکەیدا، لە ئاستی بەشی خوارەوەی دەسکەکەیدا قەدەکەی بە دوو هێڵی بازنەیی ڕازێندراوەتەوە کە تەواوی چێوەی قەدەکەی دەبڕن. بنکەکەی ڕووتەختە ڕووشووشەی پیرۆزەیی.



وێنەی (١٥٠) گۆزەی سێیەم

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.*,


pl. 135, C.

**گڵێنەی چوارەم: (وێنەی ١٥١)**

گۆزەیەکی گڵێنەیی باوە، لێواری دەمەکەی بە ڕووی دەرەوەیدا دەرچووە، ملێکی تاڕادەیەک درێژی هەیە، بە دوو دەسکی بەرامبەر یەک ڕازێندراوەتەوە، لە ملەکەیەوە بە قەدی گۆزەکەوە لکێنراوە. بەشی سەرەوەی ملەکەی بە دیاری کراوی لە ئاستی دەسکەکەیدا ئەم بەرو ئەو بەری بە شێوەیی بازنەیی ڕازێندراوەتەوە، لە بەشی خوارەوەی دەسکەکەشی دەرچوونێک هەیە بە شێوەیەکی نوک تیژ. قەدەکەی شێوەیەکی گۆیی هەیە بنکەکەی بازنەیی بچووکی ڕوو تەختە، تەواوی ڕووی دەرەوەی ڕووشووشەیی پیرۆزەیی کراوە.

---

316 Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe, Nuz.., op. cit.*, p. 547.




وێنەی (١٥١) ئەمفۆرای گڵێنەیی.

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.*,

pl. 136, A

**گڵێنەی پێنجەم: (وێنەی ١٥٢)**

سوراحی گەورەی یەک دەسکە لە گۆڕی ژمارە ١٥ لە تابوتی یەکەم دۆزراوەتەوە.[٣١٧] دەمەکەی فراوانە، لێوەکەی هێڵێکی ڕووچاڵی بە دەوریدا بۆ دروستکراوە، ملەکەی تاڕادەیەک درێژە بە نەخشی جیاواز ڕازێندراوەتەوە، کە چوار تول پێکدەهێنێت بە هێڵی چاڵ جیاکراونەتەوە، تولی یەکەم نەخشی ئەندازەیی شێوە هێلکەیی تەواوی چێوەی ملی گۆزەکە دەبڕین، تولی دووەم لە جووت هێڵێکی شەپۆلدار پێکهاتووە کە چێوەی ملەکەی دەبڕێت، تولی سێیەم کە هەمان نەخشی تولی یەکەم لە خۆدەگرێت، تولی چوارەم کە هیچ ڕازانەوەیەکی لەسەر نەکراوە شێوەیەکی سادەی هەیە، لە کۆتای دەسکەکەیدا هێڵێکی بازنەیی ملەکەی لە قەدەکەی جیادەکاتەوە، دەسکەکەی لە ملەکەیەوە بە قەدەکەیەوە لکێنراوە، قەدەکەی شێوەیەکی گۆیی هەیە، بنکەکەی ڕوو تەختە، بە دەوری بنەکەکەشی هێڵی ڕووچاڵ هەیە.



وێنەی (١٥٢) سوراحی گڵێنەی.

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.*,


pl. 136, F

---

317 Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe, Nuz.., op. cit.*, p. 548.

## گڵێنەی شەشەم: (وێنەی ١٥٣)

کووپەیەکی سادەی بێ دەسکە گۆڕی ژمارە ٣٢ دۆزراوەتەوە.[٣١٨] دەمێکی فراوانی و ملێکی کورتی هەیە، ملەکەی بە بەراورد بە دەم و قەدەکەی تەسکترە، قەدەکەشی شێوەیەکی هێلکەیی هەیە و بنکەکەشی ڕووچاڵە. ڕەنگی گۆزەکە قاوەیی تۆخە بەبی هیچ ڕووپۆشکردنێک (گلجۆش).




وێنەی (١٥٣) کووپەی گڵێنەی.

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.*,

pl. 138, N.

## گڵێنەی حەوتەم: (وێنەی ١٥٤)

کووپەیەکە بۆ ناشتنی منداڵ بەکارهاتووە بە گۆڕی ژمارە ٨٢ دیاریکراوە[٣١٩] دەمێکی کراوە و لێوێکی ئەستوری هەیە، دوو هێڵی بازنەیی تەواوی چێوەی ملەکەی دەبڕن، قەدەکەی شێوەیەکی گۆیی هەیە لە خوارەوە باریکترە، بەشی سەرەوەی بە دوو هێڵی چاڵ ڕازێندراوەتەوە بنکەییەکی ڕووتەختی هەیە.



وێنەی (١٥٤) کووپەی ناشتنی منداڵ.

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.*,

pl. 138, F.


---

[318] Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe, Nuz.., op. cit.*, p. 548.
[319] *Ibid.*, p. 549.

**شووشە:** شووشەکانی وێران تەپەش هەر وەکو شووشەکانی تری سەردەمی ئەشکانی شێوە جیاوازن کە پێکهاتوون لە (کەمۆڵە، کاسە، ...). بەپێ ناوچەکانی تر زیاتر بۆ هەڵگرتنی شلەمەنی (ڕۆن و عەتر...) بەکارهاتوون. بەداخەوە بەهۆی نەبوونی قیاسی شووشەکانی وێران تەپە دڵنیانین بۆ چی مەبەستێک بەکارهاتوون.

**شووشەی یەکەم: (وێنەی ١٥٥)**

کەمۆڵە شووشەیەکی درێژکۆڵەیە لە گۆڕی ژمارە ٣٢ دۆزراوەتەوە.[٣٢٠] ملێکی درێژی هەیە بەسەر قەدێکی بچووکەوە، لێوێکی ئەستوری هەیە بە ڕووی دەرەوەیدا چەماوەتەوە، بەشی خوارەوەی گۆییەکی پانکەلەیە، بنکەکەشی ڕووتەخت.




وێنەی (١٥٥) شووشەی یەکەم

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.,* pl. 140, K.

**شووشەی دووەم: (وێنەی ١٥٦)**

کەمۆڵە شووشەیەکی ڕەنگ سەوزی دەسکدارە، دەمێکی کراوە و لێوێکی ئەستوری هەیە، تاڕادەیەک بەڕووی دەرەوەیدا چەماوەتەوە، دەسکەکانی بە مل و قەدەکەیەوە لکێندراون، بەشی سەرەوەی دەسکەکان چەماوەتەوە بەرەو ناوەوەی دەسکەکە بەسەر قەدەکەیدا لە شێوەی گوێ، ملەکەی بە بەراورد بە قەدەکەی باریکترە، قەدەکەی فراوانە و شێوە گۆییە و بنکەی نییە.




وێنەی (١٥٦) شووشەی دووەم.

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.,* pl. 140, J.

[320] Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe, Nuz.., op. cit.*, p. 548.

**شوشەی سێیەم: (وێنەی ١٥٧)**

کەمـۆڵە شوشـەیەکی بـێ دەسـکە لە گـۆڕی ژمـارە ٥ دۆزراوەتەوە.[321] لێـوێکی ئەسـتوری هەیە تـاڕادەیەک بە ڕووی دەرەوەیـدا چەمـاوەتەوە، دەمەکەی فـراوانە، کۆتـایی مـلەکەی بە هێڵێـک ڕازێنراوەتەو، قەدەکەی شێوەیەکی هەرمێی هەیە بنەکەکەی ڕووچاڵە.




وێنەی (١٥٧) شووشەی سێیەم.

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.*,

pl. 140, M.

**شووشەی چوارەم: (وێنەی ١٥٨)**

کاسـەیەکی شووشـەی سـادەیە لە گـۆڕی ژمـارە ٨ دۆزراوەتەوە.[322] کە هـیچ ڕازانەوەیەکـی بـۆ نەکراوە، دەمێکی گەورە و قەدێکی فراوانی هەیە، قەدەکەی لە خـوارەوە تەسـک ئەبێتەوە، بـنەکەی نییە.



وێنەی (١٥٨) شووشەی چوارەم.

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.*,


pl. 140, N.

---

321 Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe, Nuz.., op. cit.*, p. 547.
322 *Ibid.* p. 547.

**شووشەی پێنجەم: (وێنەی ١٥٩)**

کاسەیەکی شووشەی سەوز لە گۆڕی ژمارە ٥ دۆزراوەتەوە.[٣٢٣] کە دەمێکی گەورە و کراوەی هەیە، لێوەکەی یەک خەتی چاڵ بە دەوریدا ڕازێندراوەتەوە، لە قەدەکەیەوە چوونە ناوەوەیەک هەیە قەدەکەی تا بەرەو خوارەوە بڕوات باریکتر دەبێتەوە شێوەی هەرمێ یەکی بڕاوەی هەیە، لە بنکەکەیەوە تا بەشی ناوەڕاست ڕازانەوەیەکی ئەندازەیی دەرتۆقیو بە هەمان شێوە و پێوانە هەن لە ناو شریتێکدا کە چاڵی درێژکۆڵەی شێوە ئەستوونی لە سەرەوە بۆ خوارە ڕازێندراوەتەوە، بنکەکەی چاڵە.




وێنەی (١٥٩) شووشەی پێنجەم.

.Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.*, pl. 140, O

**شووشەی شەشەم: (وێنەی ١٦٠)**

کاسەیەکی شووشەی سەوز لە گۆڕی ژمارە ١٥ لە تابوتی یەکەم دۆزراوەتەوە.[٣٢٤] وەکو کاسەکانی تر قوڵە و دەمێکی کراوەی هەیە، لێوێکی ئەستوری هەیە تارادەیەک بە ڕووی دەرەوەیدا دەرچووە، قەدەکەی فراوانە و هێڵێک بە دەوریدا ڕازێندراوەتەوە کە تەواوی چێوەی قەدەکەی دەبڕێت، لە خوار هێڵەکەوە ڕازانەوەیەک بە شێوەی دوو هێڵی ستوونی دەرتۆقیو هەن لە نێوان هێڵەکاندا دەرچوون هەن بە شێوەی جێ نقورچ، بنکەکەی ڕووچاڵە، ڕەنگی شووشەی سەوزە.



وێنەی (١٦٠) شووشەی شەشەم.

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.*, pl. 140, P.

---

323 Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe, Nuz.., op. cit.*, p. 547.
324 *Ibid.* p. 547.

**<u>کانزا:</u>** چەند پارچەی کانزایی جیاواز (ئاسن، مس، برۆنز و زێڕ) لە وێران تەپە دۆزراونەتەوە کە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکارهاتوون.

**پارچە کانزا: (وێنەی ١٦١)**

پارچەیەکی کانزایە لە مس دروستکراوە لە تابوتی چوارەم دۆزراوەتەوە.[٣٢٥] شێوەیەکی قووچەقی هەیە، نازانرێ بۆ چ مەبەستێک بەکارهاتووە.



وێنەی (١٦١) کانزا.

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.*, pl. 141, B.


**ئەڵقەی کەمەربەندی یەکەم: (وێنەی ١٦٢)**

لە مس دروستکراوە، شێوەیەکی خەپلەیی هەیە، چێوەی ئەڵقەی کەمەربەندەکە بە نەخشی لووپێچ ڕازێندراوەتەوە، وە لە ناوەوە ٧ بازنەی شێوە لوول پێچ هەن، لەگەڵ بازنەیەکی تر لە ناوەڕستی ٧بازنەکە، لە هەردوو لاوە ئەڵقەی بۆ کراوە بە مەبەستی بەستن بە کەمەربەندەکەوە.

**ئەڵقەی کەمەربەندی دووەم: (وێنەی١٦٣)**

لە مس دروستکراوە، شێوەیەکی چوار گۆشەی هەیە، لە بەشی سەرەوەیدا ئەڵقەی بۆ کراوە لە ناوەڕاستی لاتەنیشتەکەیەوە کونی بۆ کراوە. لە ناوەڕاستی کەمەربەندەکە سێ پیمی بۆ دروستکراوە بە مەبەستی بەستن.





وێنەی (١٦٢) ئەڵقەی کەمەربەندی یەکەم.  وێنەی (١٦٣) ئەڵقەی کەمەربەندی دووەم.

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.*, pl. 141, E, Q.

---

[325] Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe, Nuz.., op. cit.*, p. 565.

**دەستبەندی یەکەم: (وێنەی ١٦٤)**

لە مس دروستکراوە شێوەیەکی نیوە بازنەیی هەیە، لە بەشی سەرەوەیدا کرانەوەیەک هەیە، شێوەکەی لە شێوەی سەری دوو بەرانە ڕوویان لەیەکە.

**دەستبەندی دووەم: (وێنەی ١٦٥)**

دەستبەندێکی قەبارە بچووکی منداڵەنەیە لە مس دروستکراوە لە گۆڕی سێیەمی باشووری گردەکە دۆزراوەتەوە.[٣٢٦] شێوەیەکی بازنەیی هەیە، لە بەشی سەرەوەیدا فراوانبوونەوەیەک هەیە وەکو شێوەی لوولپێچ بە دەوری بازنەکەدا.






وێنەی (١٦٥) دەست بەندی دووەم.    وێنەی (١٦٤) دەست بەندی یەکەم.

.Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.*, pl. 141, F, H

**گوارە: (وێنەی ١٦٦)**

لە مس دروستکراوە، شێوەی بازنەیی ناتەواوە، کۆتاییەکانی بە شێویەکی لوول پێچ هەڵپێچراوە، بە شی سەرەوەی باریکترە و بە مەبەستی داخستنی گوارەکە دروستکراوە کە تێکهەڵکێشی بەشەکەی تری دەکات.



وێنەی (١٦٦) گوارە.

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.*, pl. 141, I.

[326] Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe, Nuz.., op. cit.*, p. 555.

**ئەڵقە: (وێنەی ١٦٧)**

لە مس دروستکراوە لە خەندەقی ٧ لە باشووری گردەکە دۆزراوەتەوە.[327] شێوەیەکی بازنەیی ناتەواوی هەیە. پارچەکە تووشی ژەنگ هەڵهێنان بوووەتەوە، هەر ڕازانەوەیەکی کە هەبوو بێت ئێستا نەماوە. ئەگەری زۆری هەیە مۆر بووبێت بۆیە بەشی سەرەوەی تەختە.



وێنەی (١٦٧) ئەڵقە.

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.*, pl. 14, V.

**ئاگرکێش: (وێنەی ١٦٨)**

لە ئاسن دروستکراوە لە گۆڕی ٣٠ دۆزراوەتەوە.[328] دەسکێکی درێژی هەیە، دەمەکەی پان بۆتەوە.



وێنەی (١٦٨) ئاگر کێش.

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.*, pl. 141, N.

**دوو پارچە زێڕ: (وێنەی ١٦٩)**

دوو پارچەی زێڕ لە ناو گۆڕی سێیەم لە باشووری گردەکە دۆزراونەتەوە.[329] پێدەچێت بۆ داپۆشینی دەم و چاوەی مردووەکان بەکارهاتبێت، کە پارچەیەکی درێژە دوو سەری پانی هەیە هەر لایەک لە سەرەکانی کونی بۆکراوە بەمەبەستی بەستن بە سەرەوە. پارچەی دەمەکەش بە

[327] Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe, Nuz.., op. cit.*, p. 557.
[328] *Ibid.*, p. 546.
[329] *Ibid.*, p.556.

هەمان شێوە دوو کونی بۆ کراوە. ئەم شێوازی پارچە زێڕە بە هەمان مادە لە قەڵای شێروانە لە گۆڕێکی ئەشکانیدا دۆزراوەتەوە. دیارە ئەشکانییەکان تەقالیدێکیان هەبووە بۆ داپۆشینی دەم و چاوی مردووەکان.






وێنەی (١٦٩) أ، داپۆشەری چاو *Ibid*., pl. 142, B.    ب، قەڵای شێروانە (توێژەر).

### سەربەست/ گەردنبەند/ سینەبەند: (وێنەی ١٧٠)

ئەم پارچەیە وەکو سەربەست یان گەردنبەند یان سینەبەند بەکارهاتووە لە گۆڕی ٤٨دا دۆزراوەتەوە.[٣٣٠] کە شێوەی شریتێکی پانی کەوانەیی هەیە لە شێوەی دوو هێڵی لوول پێچ، لە نیوان دوو هێلەکە لە ناوەڕاستدا بازنەیەک هەیە کە تیایدا ٧ بازنە بە دەوری بازنە گەورەکەدا دروستکراون، ئەم لاو لای بازنە سەرەکییەکەش دوو باڵندە پشتیان لە یەکە پێدەچێت لە حاڵەتی فڕیندا بن. ئەم پارچەیە لە ڕاست و چەپەوە شکاوە هەر ئەو بەشەیی ماوەتەوە بەو پێیە ناتوانین زانیاری وورد تر بخەینە ڕوو، ئایا هەمان نەخشە دووبارە ئەبێتەوە یان نەخشی جیاوازتر لەخۆی دەگرێت.




وێنەی (١٧٠) سەربەست\سینەبەند.

*Ibid*., pl. 141, S.

330 Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe, Nuz..*, *op. cit.*, p. 546.

## بووکەڵە: (وێنەی ١٧١)

پاشماوەی بوکەڵەیەکە لە گۆڕ١٠٥ دۆزراوەتەوە، لە ئێسک دروستکراوە.[٣٣١] بە شێوەیی لوولەیی بەشی خوارەوەی دوو لاقی کراوەیە، قەدەکەی کونێکی بچووکی هەیە پێدەچێت ناوک بێت، هەردوو سەری شێوە بازنەییەکە بە جووت هێڵی چاڵ ڕازێنراوەتەوە، لە سەرەکەی ترییەوە پارچەکە شکاوە. لەم شێوازە پەیکەری ئێسک لە سوسە و لە وەرکاش دۆزراوەتەوە.[٣٣٢]



سوسە وەرکا نوزی

وێنەی (١٧١) پەیکەری لە ئێسک دروستکراو.

Ibid., pl. 141, k; Curtis, *op. cit.*, p. 315; محمدی فر، *سەرچاوەی پێشوو*، ص. ٢٧٢

## سوژن قژ/ جل: (وێنەی١٧٢)

لە ئێسک دروستکراوە[٣٣٣] و دەسکەکەی کراوە بە دوو بەشی سەرەکییەوە لە سەری سەرەوە کڵاوەیەک هەیە لە ژێر کڵاوەکەوە شیوەیەکی هێلکەیی بە خەتی ئەستوونی و ئاسۆیی ڕازێنراوە هەیە. بەشەکەی تری لە ژێر ئەودا بریتییە لە پارچەیەک شێوەی ئەستوونی کە لەم لاو و لایەوە بە جووتە خەتی چاڵ و بەرز ڕازێندراوەتەوە. نووکەکەی درێژە لە دەسکەکەی باریکترە. ئەم جۆرە سوژنی قژە لە ناوچەی گەرمیانیش لە یەکێک لە گۆڕە ئەشکانییەکاندا لە پارکی کەلار دۆزراوەتەوە کە تارادەیەک هەمان شێوەیان هەیە و لە ئێسک دروستکراوە، لە ئێستادا لە

---

331 Ehrich, R. W., *Appendix E the Later Culrures At Yorgan Tepe, Nuz.., op. cit.*, p. 548.

٣٣٢ محمدی فر، ی.، *منبع سابق*، ص. ٢٧٢؛ Curtis, J. E., *op. cit.*, p. 315.

333 Starr, R. F. S., *op. cit.*, p. 502-503.

مۆزەخانەی گەرمیان پارێزراوە. بە وتەی یەکێک لە ئەندامانی کنەو پشکنینی ئەم گۆڕە لە کاتی دۆزینەوە ئیسکەپەیکەرە دەرزییەکە بە کەللەسەری مردووەکەوە بووە ئەوەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە وەکو تەوقەی قژ بەکاریان هێناوە.[٣٣٤]





وێنەی (١٧٢)، أ، دەرزی جل/ قژ. ب، دەرزی قژ، پارک کەلار، مۆزەخانەی گەرمیان، (توێژەر)

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.,* pl. 141, T.

**سکە: (وێنەی ١٧٣)**

لە زۆربەی گۆڕە ئەشکانییەکاندا سکە دۆزراوەتەوە لە یەکێک لە گۆڕەکانی وێران تەپە سکەیەک دۆزراوەتەوە لە جۆری تیترادراخم لە زیو دروستکراوە بە سکەی پادشا ڤەلاخشی سێیەم دیاریکراوە.[٣٣٥] بەداخەوە لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە پێوانە و کێش و شوێنی لێدا سکەکە نەکراوە. بەپێی ڕاپۆرتی کنەو پشکنینەکە سکەکە بۆ سەردەمی ڤەلاخشی سێیەم دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەگەر بەراوردکارییەک بۆ ئەم تیترادراخمە بکەین لەگەڵ تیترادراخمەکانی ڤەلاخشی سێیەم و ڤەلاخشی چوارەم دەردەکەوێت سکەکە بۆ سەردەمی پادشا ڤەلاخشی چوارەم دەگەڕێتەوە، ئەویش بە پشتبەستن بە شێوازی سکەکە و وێنەو کڵاوی پادشا. بەپێی بەراوردکاری سکەکانی تر ڕووی پێشەوە و ڕووی پشتەوەی سکەکە لە لایەن توێژەرەوە خوێنەوەی بۆ کراوە.



وێنەی (١٧٣) سکەی پادشا ڤەلاخشی چوارەم.

Starr, R. F. S., *Nuzi, Report on the Excavations, op. cit.,* pl. 142, D1, D2.

---

[٣٣٤] ڕشید، س.، (چاوپێکەوتن) شوێنەوارناس، ئەندامی کنەوپشکنین لە دۆزینەوەی گۆڕی ئەشکانی لە پارکی کەلار، کاتی چاوپێکەوتن ١٦/ ٢/ ٢٠٢٣، ٥شەممە، ١١ بەیانی، شوێنی چاوپێکەوتن، لە مۆزەخانەی گەرمیان.

[335] Starr, R. F. S., *op. cit.*, p. 40.

**ڕووی پێشەوەی:**

ڕووی پێشەوەی سکەکە، چوارچێوەیەکی بازنەی دنکداری بۆ دروستکراوە، پادشا ڕووی لە لای چەپە، کڵاوێکی لەسەرە کە قژ و گوێی پادشای داپۆشیوە وە بە چەند شێوەیەک بەشی سەرەوەی کڵاوەکەی ڕازێندراوەتەوە، سەرپێچێکی لەسەر بەستووە لە دواوە گرێداوە، پادشا ڕیش و سمێڵێکی درێژی هەیە ملوانکەیەکی شێوە جووت هێڵی بازنەیی لە ملدایە. لەپشتی سەری پادشا هێمایەک دەبیندرێت کە وەک هێمایەک یان ئاماژەیەکی ئایکۆنۆگرافیای هێلێنیستی دروستکراوە لە شێوەی کونی کلیل.

**ڕووی پشتەوەی:**

ڕووی پشتەوەی جگە لە ناوەڕاستی سکەکەو بە شێکی کەمی خوارەوەی تەواوی بۆ شاییەکان بە ئەلف و بێی یۆنانی پڕکراوەتەوە، ناوەڕاستی سکەکە وێنەی پادشایەک لەسەر کورسییەک دانیشتووە، دەستی ڕاستی بۆ خوارەوە شۆڕکردۆتەوە، دەستی چەپی بەرز کردۆتەوە بۆ وەرگرتنی هێمای دەسەڵات لە خواوەند'توخێ Túkhē'، خواوەندەکە بە پێوە بەرامبەر پادشا ڕاوەستاوە. لە نێوان سەری پادشا و خواوەندەکە ژمارە ΔΞY یۆنانی نووسراوە، کە دەکاتە ساڵی ٤٦٤ سلوکی واتا ساڵی (١٥٢ ز.).

# بــەشــی چــوارەم

# بــەراووردکــاری

## بەراوردکاری:

ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکاندا بوون چەند شێوەیەکی جیاوازیان بەکارهێناوە بۆ ناشتنی مردووەکان. جیاوازیەکەش هەم لە ڕووی پێکهاتەی تەلارسازی و شێوازی تابوت و دانانی لاشەی مردووەکان دەست پێدەکات تا دەگات بە دانانی کەلووپەلەکانی ناو گۆڕ. بە پێی شیکردنەوە و توێژینەوەکەمان لەسەر گۆڕەکانی ئەشکانی لە کوردستانی باشوور، بەراوردکارییەک لە نێوان بەشە جیاواز و لێکچووەکان دەخەینە بەر باس و شیکردنەوە لە ڕێگەی چەند نموونەیەکی دیاریکراوەوە.

## بەراوردکاری پێکهاتەی تەلارسازی گۆڕەکان:

لە سەرەتای بەراوودکارییەکەدا، ئەگەر ئاوڕێک بۆ مێژووی دوروستبوونی گۆڕی گومەزی لە کوردستان بدەینەوە کۆمەڵێک گۆڕ گومەزە هەن کە مێژوویکی دێرینیان هەیە لەسەر ئەو خاکە، کۆنترین گۆڕ گومەزەش کە دۆزراوەتەوە لە گردی بەکراوەیە مێژووەکەی بۆ سەدەی ١٧-١٨ پ. ز. دەگەڕێتەوە،[٣٣٦] دواتر لە یاسین تەپە دۆزراوتەوە مێژووەکەی بۆ سەدەی ٨پ. ز. دەگەڕێتەوە، وە لە هەر یەکێک لە گۆڕەکانی گەڕەکی عەرەب لە هەولێر بۆ سەدەی ٧-٦پ. ز.،[٣٣٧] لە کلک مشک بۆ سەردەمی ئاشوری نوێ سەدەی ٨پ. ز.، جادەی چۆلی لە هەولێر سەدەی ٨پ. ز. ئەم جۆرە لە تەلارسازییە لە گۆڕەکانیاندا دۆزراوەتەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات مێژووی ئەم گۆڕە گومەزە بۆ ناوچەکانی تر و بۆ سەردەمانی دواتریشدا گواستراوەتەوە.

شێوازی گۆڕ گردۆلکەی سەرقەلا لە ڕووی پێکهاتەی تەلارسازییەوە جیاوازە لە تەواوی ئەو گۆڕانەی کە لە کوردستانی باشوور دۆزراونەتەوە، بە بەراورد بە گۆڕەکانی بەرلوت و قەسری شەماموک و وێران تەپە. چونکە ئەم گۆڕە شێوازێکی تەلارسازی تایبەت بەخۆی هەیە و بە گۆڕی بنەماڵەی ناوچەکە دادەنرێت. گۆڕەکە لە ژوورێکی شێوە لاکێشەیی پێکهاتووە، شێوازی میچەکەشی بە شێوەیەکی تاق دروستکراوە. دەروازەیەکی هەیە ڕووی لە دیواری خۆرئاوایە کە بەشی سەرەوەی بە شێوەیەکی تاق بنیاتنراوە. لە ژوورەکەشدا چەند پێکهاتەییەکی جیاواز هەن لەوانە تاقچە و سەکۆ بۆ دانانی تابوت و لاشەی مردووەکان، هەروەها بۆ دانانی ئەو کەرەستانەی کە تایبەت بوون بە کەسانی مردوو (**بڕوانە:** وێنەی ٣٢، ٣٤،٣٥). تەنانەت ئەو ماددانەشی کە لە دروستکردنی ژووری گۆڕەکەدا بەکارهاتوون جیاوازن لە تەواوی گۆڕەکانی تر کە بەردی لمین و گیراوەی قسڵ و خشتی سوور بەکارهاتوون خشتەکان شێوەیان چوارگۆشەییە. ئەم گۆڕە لە ئێستا دا بە تەواوی پارێزراوە و بەشی هەرە زۆری ئەو

336 Peter A. Miglus et al., “Excavation at Bakr awa 2010 and 2011”, *Iraq*, Vol. LXXV, 2013, p. 56-57.

٣٣٧ زاموا، د. ع.، "کرۆنۆلۆژیای هەولێر لە ٦٥٠٠٠پ. ز. -٢٢٤ی زاینی ....، *سەرچاوەی پێشوو*، ل. ٥٣٥.

کەلووپەلانەشی تێدا دۆزراونەتەوە لە مۆزەخانەی گەرمیانن، بەڵام گۆڕەکەی بەرلووت هیچ جۆرە ژوورێک یــان یەکەیەکــی تەلارســازی تێــدا نەدۆزراوەتەوە ڕەنــگە ئەمە بــۆ هۆکــاری ئەوە بگەڕێــتەوە کە هــیچ هەڵکۆڵینێکی تایبەت بۆ ئەو گۆڕە لە لایەن تیمی شارەزاوە نەکراوە بەهۆی شێوازی دۆزینەوەکەی کە لە بەشی سێیەم ڕوونکراوەتەوە. ئەگەر شێوازی گۆڕی قەسری شەمامۆک بەراورد بکرێت بە گۆڕەکانی تر دەبینرێت کە لە قەسری شەمامۆک گۆڕستانێکی گەورەتر دۆزراوەتەوە کە چەند لاشەی مردووی تێدا نێژراوە، دوو گۆڕی تابوتی ئەشکانی دۆزراونەتەوە بەبێ هەبوونی هیچ پێکهاتەییەکی تەلارسازی. بە پێچەوانەوە گۆڕەکانی وێران تەپە گۆڕستانێکی گەورە پێکدێنن و چەند یەکەیەکی تەلارسازی تایبەتیان بە دانانی تابوت و ناشتنی مردووەکان بنیات ناوە، لە وێران تەپە شێوازی تەلارسازییەکان لە گۆڕێکەوە بۆ گۆڕێکی تر، و لە ڕووی قەبارەشەوە گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە، لەوانە گۆڕی سادە، گۆڕی لاوانە بۆکراو بە خشت، گۆڕی خشتی تاقدار و گۆڕی شێوە بان جزیری، وە چەند گۆڕێک چوارچێوەیەکی لاکێشەیی بە قوڕیان بۆ دروستکراوە وەکو پارێز بەندێک بۆ تابوتەکان. لە وێران تەپە خشتی کاڵ بۆ دروستکردنی ژووری گۆڕ بەکارهاتووە، کە خشتەکان بە تەنیشت یەکە وە لە لایەکانییەوە هەڵدەچێنرا بەرەو سەرەوە دواتر بە هەمان خشتی کاڵ بانی گۆڕەکەشیان دەگرت و شێوەیەکی لاکێشەیی پێکدەهێنا، ئەو خشتە کاڵەی کە بەکاریان هێناوە شێوەیەکی چوارگۆشەییان هەیە ئەم خشتانە لە قەبارەدا لە خشتە چوارگۆشەییەکانی تەلارسازی سەرقەڵا گەورەترن (**بڕوانە**: وێنەی ١٤١-١٤٦). جیاوازی پێکهاتەی تەلارسازییەکانی وێران تەپە لەگەڵ پێکهاتەی تەلارسازی سەرقەڵا ئەوەیە کە گۆڕەکەی سەرقەڵا گۆڕێکی خێزانی بووە، هەر لەبەر ئەمەش لە ژووری گۆڕەکەدا تاقچە و سەکۆ هەن بەمەبەستی دانانی لاشەی مردووەکان، بەڵام گۆڕەکانی وێران تەپە چونکە گۆڕی تاکە کەسی بوون لە ژووری گۆڕەکاندا ئەم پێکهاتە تەلارسازییانەیان بۆ دروست نەکراوە. لە گۆڕەکەی سەرقەڵادا دەروازەی چوونە ژوورەوە بۆ گۆڕەکە دروستکراوە، بەڵام گۆڕەکانی وێران تەپە دەروازەیان نییە.

ئەگەر بەراووردکارییەک لەگەڵ گۆڕەکانی نیپور بکرێت کە بۆ سەردەمی ئەشکانی دەگەڕێنەوە، ناشتنەکان لە ناشتنی سادە دەستپێدەکات تا دەگات بە ژووری تاقدار. لەوانەیە دەوڵەمەنترین گۆڕ لە نیپور گۆڕی ژووری تاقداربێت کە بە خشتی سور دروستکراوە، کە لە ڕێگەی پلیکانەوە دەگەی بە ژووری گۆڕەکە لە نێویشیدا تابوتی شێوە نەعلی دۆزراوەتەوە و تیایدا ئێسکەپەیکەری دوو نێر هەبوون کە شان بە شانی یەکتر لە زەوییەکە دانرابوون. بە پێی کەلووپەلەکانی ناو گۆڕەکە دەردەکەوێ گۆڕەکان گۆڕی کەسانی خــانەدان و دەســەڵاتدار بــووبێتن، تابوتەکــانی نیپــور هەم لە ژێــر دیــوار هەم لە تەنشــت دیوارەکــان دۆزراونەتەوە. تابوتەکان بە شێوەی هاوتەریب لەگەڵ یەکتر دادەندران یان بە گۆشەی ڕاست بە چوار گۆشەیی کۆدەکرانەوە، ئەمەش دەریدەخات لە نیپوریش گۆڕی خێزانی هەبووە ژووری گۆڕ بۆ ناشنی

مردوو بەکارهاتوون، بەڵام تابوتەکان جیاوازییان هەبووە لەگەڵ تابوتەکانی سەرقەڵاو و وێران تەپە کە ئەمەیان چەند تابوتی شێوە نەعلی تێدا دۆزراوەتەوە.[٣٣٨]

**بەراوردکاری شێوازی تابوتی ئەشکانی:**

ئەو تابوتانەی بۆ ناشتنی مردووەکان بەکارهێنراون لە کوردستانی باشوور لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا دوو شێوە بوون (شێوە هێلکەیی و شێوە لاکێشەیی).

تابوتە هێلکەییەکان لە گۆڕگردۆلەکەی سەرقەڵا و گۆڕی بەرلووت دۆزراونەتەوە تاڕادەیەکی زۆر هەمان شێوەیان هەیە و بە شێوەیەکی سادە دروستکراون کە هیچ ڕووپۆشێکی شووشەییان تێدا بەکارنەهێنراوە و لە گڵێنە دروستکراون، بەڵام هەریەک لەم دوو تابوتانە چوار دەسکیان هەیە، لە هەرلایەک دووان بەرامبەر ئەوەی ترن، لا بەرامبەرن، لە خوار لێوەکەشیانەوە بە هێڵێکی لوولپێچی پچڕ پچڕ و دەرتۆقیو ڕازێنراونەتەوە کە ئەم هێڵە تەواوی چێوەی تابوتەکان دەبڕن، بەڵام پێوانەی تابوتەکان جیاوازە تابوتەکەی سەرقەڵا گەورەترە شێوەیەکی نیوە هێلکەیی هەیە. تابوتەکەی بەرلووت لە پێوانەدا بچووک ترە بەڵام قوڵترە تابوتەکە شێوەی نیوە هێلکەییە بنکەیەکی بازنەیی هەیە. تابوتی گۆڕ گردۆڵکەی سەرقەڵا هیچ سەرقاپێکی بۆ دروست نەکراوە، بە پێچەوانەی تابوتەکەی بەرلووت سەرقاپێکی سادەی بۆ دروستکراوە کە شێوازەکەشی کەوانەییە. (**بڕوانە:** وێنەی ٣٨، ٩٦) (هێڵکاری ٩، ٣٣، ٣٤)

تابوتە لاکێشەییەکان کە لە گۆڕەکانی سەرقەڵا و قەسری شەمامۆک و وێران تەپە دۆزراونەتەوە لە ڕووی پێواندا جیاوازن، بەڵام تاڕادەیەک لەڕووی پێکهاتە و ئەو ماددانەی لە دروستکردنیاندا بەکارهاتوون لەیەک دەچن، چونکە سەرجەمی تابوتەکان لە گڵێنە دروستکراون. تابوتەکانی سەرقەڵا و قەسری شەمامۆک ڕوو شووشەی سەوزباو کراون، بە پێچەوانەوە تابوتەکانی وێران تەپە هیچ ڕووشووشەکردنێکیان تێدا بەکارنەهاتووە. بە گشتی تابوتەکانی سەرقەڵا و قەسری شەمامۆک لە ڕووی پێوانەوە کەمێک جیاوازیان هەیە، لە شێوەشدا تابوتەکان شێوەیەکی لاکێشەییان هەیە، تابوتەکانی قەسری شەمامۆک لا کوورتەکانی شێوەیەکی کەوانەیی پێکدەهێنن، لە کاتێکدا تابوتەکەی سەرقەڵا لا کورتەکانی بەهۆی ستوونەکانەوە شێوەیەکی نیوە کەوانەیی وەرگرتووە. تابوتەکانی وێران تەپە کە چوار تابوتی شێوە لاکێشەیین، سیانیان لە شێوەی تابوتەکەی سەرقەڵا لاکێشەیین، لا کوورتەکانیان کەمێک کەوانەیی بوونەتەوە یەکێک لە

---

[٣٣٨] بۆ ووردەکاری زیاتر لەسەر هەڵکۆڵینەکانی نیپور و تابوتە دۆزراوەکان بڕوانە:
Steve, T., Karen, S., “ Parthian Burial Customs” *Journey To The City, A Compannion To the Middle East Galleries At the Penn Museum, University of Pennsylvania Museum of Archaeology and Anthropology*, ed., Steve, T., Karen, S., Philadelphia, 2019.

Richard, L., et al, *The Thrill of Discovery- Penn Museum Excavations in Iraq and Iran*, John P. Peters, American Oriental Society  Meeting, New Haven, 2018.

تابوتەکانیش هاوشێوەی تابوتەکانی قەسری شەماموکە لاکێشەییە و لا کورتەکانی کەوانەیین. (**بڕوانە**: وێنەی ٣٦، ٣٧، ١١٢، ١١٣، ١٤٤-١٤٧)

به شێوەیەکی گشتی نەخش و ڕازانەوەی تابوتەکان لە تابوتێکەوە بۆ تابوتێکی تر جیاوازە. ئەو نەخشانەی کە لە تابوتەکەی سەرقەلادا بەکار هێنراون تەنها نەخشی ئەندازەییە کە لە هێڵی لوولپێچ، هێڵی ڕاست، ستوون و تاج پێکهاتوون. قەدەکەی بە چوار ستوون ڕازێنراوەتەوە کە بنکە و تاجیان هەیە، یەکێک لە سەرقاپەکانیشی بە هێڵی ئەندازەیی دەرتۆقیوی شێوە لوولپێچ ڕازێنراوەتەوە، ئەم تابوتە سەرقاپەکەی لە تابوتەکانی تر جیاوازە هەروەها دەسکی بۆ دروستکراوە (**بڕوانە**: وێنەی ٣٦، ٣٧، هێڵکاری ٧، ٨). بەڵام نەخشی سەر تابوتەکانی قەسری شەماموک نەخشی ئەندازەیی و ڕووەکی و مرۆیی، لە خۆ دەگرن کە ئەوانیش پێکهاتوون لە هێڵی لوولپێچ بە پەنجەی دەست دروستکراو، دار مێو، هێشووە ترێ، ستوون، تاج، کەوان، پەیکەری مێینەی بچووک، کە قەدی تابوتەکەی پێ ڕازێنراوەتەوە (**بڕوانە**: وێنەی ١١٢،١١٣).

ئەم شێوازی ڕازانەوەی تابوتە بە داری مێو و هێشووە ترێ و نەخشی ئەندازەیی بە پەنجەی دەست دروستکراو لە تابوتێکی تر دەردەکەێت کە لە ئاشور دۆزراوەتەوە. بەهۆی ڕازانەوەیەک لە شێوەی هێمای خاچ پەیوەستیان کردووە بە مەسیحییەوە، تابوتەکە بۆ سەدەی دووەم و سێیەمی زاینی دەگەڕێتەوە (**بڕوانە**: وێنەی ١٧٤) و هەروەها دوو لەو تابوتانەی کە لە وێران تەپە دۆزراونەتەوە بە هەمان شێوە بە هێڵی ئەندازەیی لوولپێچ بە پەنجەی دەست دروستکراو ڕازێنراوەتەوە کە ڕازانەوەکە لەسەر قاپ و چێوەی تابوتەکە دەبینرێت. نەخشە ئەندازەییەکان لەسەر تابوتەکانی قەسری شەماموک وویران تەپە لەیەک دەچێت کە شێوەکەی وەکو هێڵی لوولپێچە بەڵام نەخشەکە بە پەنجەی دەست دروستکراوە (**بڕوانە**: ١٤٤-١٤٧)



وێنەی (١٧٤) تابوت نەخشی دار مێوو و هێشووە ترێ لە ئاشوور.

Martini, A., *op. cit.*, p. 67.

لە مۆزەخانەی سلێمانی پارچەیەک لە سەرقاپێکی تابوت هەیە، بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە. بە هەمان شێوەی تابوتەکەی قەسری شەماموک پەیکەری مێینەیەکی ڕووت کە بە خواوەند ئاناهیتا(ئیشتار) دادەنرێت، ڕازێنراوەتەوە لەگەڵ هێڵێکی لوولپێچ لە دەوری پەیکەرە مێینەیەکە، بەڵام ئەم نەخشە لە تابوتەکەی قەسری شەماموک لە لا تەنیشتەکانی تابوتەکە لە ناو تاقێکی کەوانەییدا کراوە. پارچە سەرقاپەکە سەرە تابوتەکەی مۆزەخانەی سلێمانی ڕازانەوەکەی لەسەر سەر قاپەکەیەتی، هەروەها پەیکەرە مێینەییەکە شێوازی قژی جیاوازترە لە پەیکەرە مێینەکەی قەسری شەماموک کە لەو سەرقاپەدا قژی لە شێوەی پرچ دایە بەسەر هەردوو شانەکەیدا هاتۆتە خوارەوە. دەستی ڕاستی لەسەر ڕانی داناوە دەستی چەپی خستۆتە سەر سنگی. پێوانەی ئەو بەشە سەرقاپەی کە ماوەتەوە درێژی ٤٦سم و پانی ٢٧سم وئەستوری سەرقاپەکە ٤سمە، پێوانەی پەیکەرە مێینەکە درێژی ٣٤سم و پانی ١٠سم (**بڕوانە**: وێنەی ١٧٥).



وێنەی (١٧٥) سەرقاپی تابوت، لە مۆزەخانەی سلێمانی.

Osama Shukir, https://www.worldhistory.org, (**Accessed:** 21/12/2022, 7:32 PM.).

تـابوتی ڕازێنـراوە بە پەیـکەری بچـووکی مێینە لە نیپـووریش دۆزراوەتەوە بە هەمـان نەخـش لەسـەر تـابوتی شـێوە نەعـل کە لەگـڵ دروسـتکراون، و زۆرجـار ڕوو پۆشـی شووشـەی کـراون بە ڕەنگـی سـەوزباو، ڕازانەوەی تابوتەکـان لەبەشـی سـەرەوەی تابوتەکـان کـراوە کە بە وێنەی پەیکەری مێینەی ڕووت لە نێو چەند هێڵی شێوە پەت یـان لـوولپێچ دایە. ڕازانەوەکەی لە ڕازانەوەی سـەرقاپی تـابوتەکەی مۆزەخانەی سلێمانی نزیکە (**بڕوانە**: وێنەی ١٧٦). بەپێچەوانەی ئەو ناوچانە لە وەرکا تـابوتی گڵێنەیی ڕوو شووشـەکراو دۆزراوەتەوە کە وێنەی جەنگاوەر لەسـەر سـەرقاپی تابوتەکـان دەبێنرێت بە بەراورد بە تابوتەکانی کوردستانی باشوور و نیپوور کە وێنەی مێینەی ڕووت لەسەر تابوتەکان کراوە (**بڕوانە**: وێنەی ١٧٧).



وێنەی (١٧٦) ڕازانەوەی تابوت بە پەیکەری مێینەی ڕووت لە نیپوور.

Olbrycht, “Slipper ..., *op. cit.*, p. 303.




وێنەی ١٧٧ ڕازانەوەی سەرقاپی تابوت بە پەیکەری جەنگاوەر لە وەرکا

Middleton, A., St John Simpson, p., *op. cit.*, p. 34.

ئەگەر بەراوردێکی گشتی بکەین شێوازی بەکار هێنانی تابوت بەپێی هەرێمەکان و ناوچەکان جیاواز بووە، شاری هەمەدان کە یەکێک بووە لە شارە گرنگەکانی ئەو سەردەمە لە چەند شوێنێکی جیاوازی هەمەدان گۆڕستانی سەردەمی ئەشکانی دۆزراوەتەوە و جۆری جیاوازی ناشتنی تێدا بەدیدەکرێت، ئەو ناشتنانەی کە تابوتی تێدا بەکارهاتووە ژمارەیان ٣٥ گۆڕە، بەشێک لە تابوتەکان لەسەر شێوەی لاشەی مرۆڤ، بەشێکیان لەسەر شێوەی لاکێشەیین، ئەم لاکێشەییانەش بەپێی ناوچەکان جیاوازە لا کوورتەکانیان شێوە کەوانەیین. بەگشتی ٢٨ تابوت لە گڵێنە و ٥ تابوت لە بەرد دروستکراو دۆزراونەتەوە، بەشێک لە تابوتە گڵێنەییەکان بە هەمان شێوە لێواری سەرەوەیان بە ڕازانەوەیەکی شەپۆلدار/ لوولپیچ لەوە دەچێت بە پەنجەیی دەست دروستکراو ڕازێنراونەتەوە، تابوتەکانی تر بە شێوەیەکی سادە و بەبێ ڕازانەوە دروستکراون (**بڕوانە**: وێنەی ١٧٨).[٣٣٩]








وێنەی (١٧٨) تابوتە شێوە جیاوازەکانی هەمەدان.

Mohamadifar, Y., et al., *op. cit.*, p. 3; 7; 9.

[٣٣٩] بۆ وردەکاری زیاتر لەسەر گۆڕەکانی هەمەدان بڕوانە:

Mohamadifar, Y., et. al., “Parthian Burials in the Hamedan City, Western Iran, *Iran*, 2019.

**بەراوردکاری شێوازی ناشتنی لاشەی مردووەکان:**

ناشتنی مردوو یاخود دانانی لاشە لەسەردەمی ئەشکانییەکاندا لە گۆڕێکەوە بۆ گۆڕێکیتر گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە. بە نموونە ئەو مردووانەی لە گۆڕی گردۆڵکەی سەرقەڵا نێژراون ژمارەیان ١٠ ئێسکەپەیکەر بووە. دوو لە مردووەکان لە تابوتی جیاوازدا دانراون، لە تابوتە لاکێشەییەکەدا لاشەی مردووەکە بە شێوازی پشت نێژراوە، بەڵام سەری ڕووەو باکوور دانراوە. لە کاتێکدا جەستەی ناو تابوتە هێلکەییەکە لەسەر لا دانراوە و قەچەکانیان چەماونەتەوە. بە هەمان شێوەیی ئەو گۆڕەی کە لە بەرلووت دۆزراوەتەوە مردووەکە لە تابوتێکی شێوە هێلکەیدا لە سەر لا نێژراوە قاچەکانی چەماوەتەوە. لە گۆڕەکەی سەرقەڵا چوار لە لاشەی مردووەکان لەسەر سەکۆکان دانراون بە شێوەی پشت لەسەر پشت دەستیان لە لا تەنیشتەکانیان بە شێوەی درێژکراوە دانراوە. و چوار لاشەکەی تر بە تێکەڵی لەسەر تاقچەکانی باکوور و باشووری گۆڕەکە دانراون، بەڵام بەهۆی دارمانی بەشێک لە بانی ژووری گۆڕەکە نەزانراوە ئاراستەی سەری مردووەکان ڕووە و کوێ بووە. سەبارەت بە گۆڕەکانی قەسری شەماموک لە توێژینەوەکاندا ئاماژەیان بە شێوازی دانانی لاشەی مردوو و ئاراستەی سەری مردووەکان نەکردووە. بەڵام شێوازی دانانی لاشەی مردووەکان لە وێران تەپە جیاوازە بە بەروارد بە گۆڕەکانی تر کە باسمان کردوون، گۆڕەکان ئاراستەی جیاوازیان هەیە. لە بەشەکانی پێشووتردا ئاماژەمان بە ئاراستەی شێوازی لاشە و دانانی سەر و دەستیان کردووە. گۆڕەکانی هەمەدان ئەوانیش گۆڕەکان زیاتر بە ئاراستەی باکووری ڕۆژهەڵات –باشووری ڕۆژئاوا، باکووری ڕۆژئاوا – باشووری ڕۆژهەڵات بوون، ئێسکەپەیکەرەکانیان بە چەماوەی ڕووەو ڕاست یان چەپ، یان بە شێوەی ڕێک لەسەر پشت دانرابوون.

بەداخەوە نەتوانراوە ڕەگەزی مردووەکانی سەرقەڵا و بەرلووت بزانرێت ئەوەش بەهۆی ئەوەی تا ئێستا هیچ شیکارێکیان بۆ نەکراوە، و دەربارەی ڕەگەزی گۆڕەکانی قەسری شەماموک هیچ زانیارێک نییە پشتڕاستی بکاتەوە کە ڕەگەزەکەیان چییە و تەمەنی مردووەکان چەندە. ڕەگەزی مردووەکانی وێران تەپەش لە پیشووتردا ئاماژەمان پێکردووون.

## بەراوردکاری پاشماوە دۆزراوەکانی تری ناو گۆڕەکان

بەگشتی ئەشکانییەکان بایەخێکی زۆریان بە بابەتی جوانکاری داوە، کە ئەمەش وای کردوە لە پاشماوەکانییاندا تا ڕادەیەکی باش وردەکاری لە دروستکردنی پارچەکاندا بەدی بکرێت. بابەتە جوانکارییەکانی ئەم سەردەمە پێکهاتوون لە گوارە، مستیلە، دەست بەند، ئەڵقە ڕیزی کەمەربەند، کلدان، ملوانکە، ...هتد، لە کانزای زێڕ، مس، زیو، بڕۆنز و ئاسن دروستکراون. ئەو بابەتە جوانکاریانە لە گۆڕەکاندا دەسەلات و پلەی خاوەن گۆڕەکە لە ڕووی کۆمەلاتییەوە دەردەخەن، و ئەوە دەردەخات ئەو ناوچەنە لە ڕووی کانزای جۆراوجۆر دەوڵەمەند بووە چونکە ڕێگای بازرگانی لەسەر بووە، وئەو هەموو کەلووپەلە دەرخەری ئەوەیە لەو سەردەمەدا شارستانییەتی پیشکەوتنی بۆخۆیەوە بینیوە.

گوارەی لە زێڕ ومس و بڕۆنز لە گۆڕەکانی سەرقەلا و وێران تەپەدا دۆزراونەتەوە. بە یەکێک لە بەباتە گرنگەکانی جوانکاری دادەنرێت لە زۆربەی گۆڕەکاندا دەدۆزرێنەوە. گوارەکان لە کانزای جۆراو جۆر دروستدەکران. گوارەکانی سەرقەلا لە زێڕ و مس دروستکراون شێوەیان جیاوازە، هەیانە سادەیە و هەشیانە شێوە نوک تیژە، بەلام جووت گوارەکەی وێران تەپە لە شێوەی بازنەی ناتەواون کۆتاییەکانی بە شیوەیەکی لوولپێچ هەڵپێچراون (**بڕوانە**: وێنەی ٥٦، ٧١، ١٦٦).

بەکارهێنانی دەست بەند لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا شتێکی باو بووە، چونکە لە زۆربەی گۆڕەکاندا دەستبەند دۆزراوەتەوە لە کانزای جۆراوجۆر دروستکراون، لە سەرقەلا و قەسری شەمامۆک و وێران تەپە دەستبەند دۆزراونەتەوە، زۆربەی دەستبەندەکان شێوە بازنەیین بەلام بەشێکی زۆری بازنەییەکەیان بە شێوەیەکی لوولپێچ ڕازێنراونەوە یان کۆتاییەکەیان بە شێوەیەکی لوولپێچ هەلپێچراون. دەستبەندی شێوە بازنەیی سادەش لە هەریەک لە سەرقەلا و وێران تەپە دۆزراونەتەوە کە کۆتاییەکەیان کرانەوەیەک هەیە بەلام شێوازی کرانەوەکەی دەستبەندەکەی وێران تەپە لە شێوەی دوو سەرە بەرانی بەرامبەر یەکن (**بڕوانە**: وینەی ٥٩-٦١، ١٣٣، ١٦٤، ١٦٥).

لە پاشماوەی گۆڕەکان کۆمەڵێک ئەڵقە و موستیلە دۆزراونەتەوە. لە سەرقەلا سێ ئەڵقە هەن یەکێکیان لە زێڕ شێوەیەکی سادەی هەیە، دوودانەکەی تر لە ئاسن و مس دروستکراون، بەلام بەهۆی کاریگەری کەشوو هەوا توشی داخوران بون. لە گۆڕەکانی وێران تەپەش ئەڵقەیەکی لە مس دروستکراو دۆزراوەتەوە شێوەی بازنەی ناتەواوە، بەلام بەشی سەرەوەی فراوان بوونەوەیەکی تێدایە ئەگەری هەیە مۆر بووبێت (**بڕوانە**: وێنەی ٥٥، ٦٦، ٦٧، ١٦٧).

سەبارەت بە موستیلەکان لە هەر یەک لە سەرقەڵا و بەرلووت دۆزراونەتەوە، کە شێوەیان بازنەییە و بەشی سەرەوەیان پان بۆتەوە، موستیلەکەی سەر قەڵا لە برۆنز دروستکراوە بە نەخشی ئەندازەی و هێمایی ئاژەڵی ڕازێنراوەتەوە، بەڵام موستیلەکەی بەرلووت لە زیو دروستکراوە. بەهۆی داخوران و سەوز بوونەوەی ناتوانرێت هیچ ڕازانەوەیەکی لەسەر ببینرێت (**بڕوانە**: وێنەی ٦٥، ١١٠).


ئەڵقەی ڕیزی کەمەربەند لە هەر یەکێک لە گۆڕەکانی سەرقەڵا و بەرلووت و وێران تەپە دۆزراونەتەوە، کە شێوە و ڕازانەوەکانیان جیاوازە، بەڵام زۆربەیان لەسەر شێوەی ئاژەڵی جیاواز ڕازێندراونەتەوە. سێ ئەڵقەی کەمەربەند لە سەرقەڵا بە شێوەی جیاواز دۆزراونەتەوە کە ئەڵقەکانییان شێوە بازنەییە، بەڵام ڕازانەوەکەیان جیاوازە یەکێک لە ئەڵقەکانی کەمەربەندەکە دوو سەری شێوە ئاژەڵی بزنە کێوی پێوەیە کە پشتیان لە یەکترە لە برۆنز دروستکراوە، ئەڵقەیەکی تر بە هەمان شێوە بازنەییە لەسەرێکەوە بە سەری ئاژەڵ ڕازێنراوەتەوە، بەڵام بازنەییەکەی تووشی داخوران هاتووە ئەو بەشەی ڕازێنراوەتەوە بە تەواوی نازانرێت چییە. ئەڵقەی سێیەم هەر شێوە بازنەییە بەڵام لوولەیەکی درێژی بەسەردا چەماوەتەوە لە برۆنز دروستکراوە. لە بەرلوت ئەڵقەیەکی کەمەربەندی شێوە بازنەیی لە برۆنز دروستکراوە دۆزراوەتەوە، ئەم ئەڵقەیە دووسەری شێوە گیانەوەری بەرامبەر یەکی پێوەیە، بە پێچەوانەی یەکتری یەکێکیان لە ڕووی سەرەوەی بازنەکە، یەکێکی تریان لە ڕووی خوارەی بازنەکە دروستکراوە، ڕوویان لەناوەوەی بازنەکەیە. شێوەی گیانەوەرەکە لە شێوەی مار دەچێت، بەڵام بەهۆی داخورانەوە سەری یەکێک لە گیانەوەرەکان ڕووبەڕووی تێکچوون بۆتەوە (**بڕوانە**: وێنەی ٦٢-٦٤، ١٠٩).

بەڵام لە وێران تەپە جیاوازتر لە ئەڵقەی کەمەربەندەکانی پێشووتر دوو ئەڵقەی کەمەربەند دۆزراونەتەوە لە مس دروستکراون. شێوەیان جیاوازە یەکێکیان شێوە خەپلەییە چێوەی کەمەربەندەکە بە نەخشی لوولپێچ ڕازێنراوەتەوە لەم لاو لای ئەڵقەی بۆکراوە. ئەڵقەی کەمەربەندەکەی تر جیاوازتر لە هەموویان شێوەی چوارگۆشەییە ئەڵقەیەکی لە بەشی سەرەوەی بۆ کراوە (**بڕوانە**: وێنەی ١٦٢، ١٦٣). ئەڵقەی کەمەربەندی وێران تەپە لە نەخشدا جیاوازن بە بەراورد بە ئەڵقەی کەمەربەندی سەرقەڵا و بەرلوت، بەنەخشی ئەندازەیی ڕازێنراونەوە لە هەردوو لایەکانی کوونی بۆکراوە بە مەبەستی بەستنی کەمەربەندەکە، بەڵام ئەڵقەی کەمەربەندە شێوە لاکێشەییەکە لە پشتەوەی سێ پیمی بۆ کراوە بە مەبەستی بەستنی کەمەربەندەکە، لە کاتێکدا ئەڵقە کەمەربەندەکانی سەرقەڵا و بەرلوت کونیان بۆ نەکراوە بەڵکو سەری شێوە ئاژەڵەکان وەکو شوێنی بەستنی کەمەربەندەکە بەکارهاتووە. ئەڵقە کەمەربەندەکان بە پێی ناوچە دۆزراوەکان جیاوازن تاکە لێکچوونەکانیان ئەوەیە زۆربەی ئەڵقە کەمەربەندەکان تیرەکانیان بازنەییە.

لە هەر یەکێک لە گۆڕەکانی سەرقەڵا و قەسری شەمامۆک ملوانکەی لە مورووی دروستکراو دۆزراونەتەوە، کە لە قەبارە و شێوازی دروستکردنیان جیاوازیان هەیە، لە سەرقەڵا دوو ملوانکە دۆزراونەتەوە لە مووروی جیاواز دروستکراون پارچە سەرەکییەکانیان بە شێوەیەکی ئەستوونی ئاوێزانکراون لە سێ

مووروی جیاواز پێکدێن، بەڵام ملوانکەکەی قەسری شەمامۆک گەورەترە پارچە سەرەکییەکەی بە شێوەی ئەستوونی ئاوێزان کراوە لە چوار موورو پێکدێت. بەداخەوە بەهۆی ئاماژەنەکردن بە جۆری موروو ڕەنگەکانی و پێوانەیەکەی نازانین تیرە و پێکهاتەی مورووەکان چییە (**بڕوانە**: وێنەی ٧٣، ٧٤، ١٣٤).

کلدان یەکێکە لە بابەتەکانی جوانکاری لە گۆڕەکانی سەرقەڵا و بەرلووت دۆزراونەتەوە، لە کانزای مس دروستکراون کە شێوەیان درێژکۆڵەیە، بەڵام لە ڕازانەوەدا کەمێک جیاوازن (**بڕوانە**: وێنەی ٧٥، ١٠٦). کلدانەکان لە ڕووی شێوە و ڕازانەوەوە لەیەکەوە نزیکن، ئەگەر بەراوردێکی ئەو کلدانانە و کلدانەکانی گردی دێم بکەین کە هەندێک پێیان وایە میدیین و هەندێک پێیان وایە ئەخمینیین، لێکچوونیان هەیە هەم لە ڕووی ئەو کانزاییەی کە لێی دروستکراوە هەم لە ڕووی شێوە و ڕازانەوەدا. کلدانەکانی گردی دێم لە مس دروستکراون شێوەیان درێژکۆڵەییە لە بەشی سەرەوەیاندا فراوانن و دەمێکی کراوەی بازنەییان هەیە تا بەرەوە خوارەوە بچێت باریکتر دەبێتەوە لە خوارەوەشیاندا بنکەییەکی تەختیان هەیە، قەدەکەیان بە چەند جووت هێڵێکی ئاسۆیی ڕازێندراونەتەوە. تاکە جیاوازی لەگەڵ کلدانەکانی سەردەمی ئەشکانی ئەوەیە ئەم کلدانانە میل و شوێن میلیان نییە کە بۆ تێکدان و دەرهێنانی کلەکە بەکاردەهات. ئەم بەراودکارییە ئەوەمان بۆ دەردەخات کلدان یەکێک بووە لە بابەتەکانی بەکارهێنانی جوانکاری لە سەردەمە جیاوازەکاندا لە کوردستانی باشوور بە تایبەتی لەوەی کلدانەکان لە ڕووی ماددەی دروستکردن و شێوەیان زۆر لەیەک نزیک بوون[٣٤٠] (**بڕوانە**: وێنەی ١٧٩).



وێنەی (١٧٩)، کلدانەکانی گردی دێم.

التكريتي، *سەرچاوەی پێشوو*، لوح ١٠.

---

[٣٤٠] گردی دێم یەکێکە لە ناوچە شوێنەوارییەکان دەکەویتە دەشتی بتوێن (ڕانیە)، لە ئەنجامی دروستکردنی بەنداوی دوکان لە ساڵی ١٩٥٥ ئەم ناوچە شوێنەوارییە ئاشکرا بووە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری بەغداد تۆمارکراوە لە ساڵی ١٩٥٦ هەڵکۆڵینی تێدا کراوە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر هەڵکۆڵینەکانی گردی دێم بڕوانە: التكريتي، ع.، "حفريات تل الديم (في حوض دوكان"، سومر ١٦ (١٩٦٠)، بغداد، ص. ٩٣- ١١١.

## بەراوردكارييە شووشەيەكان:

شووشە لە زۆربەی زۆری گۆڕەكانـدا دۆزراونەتەوە كە بەمەسـتی تێكردنـی شـلەمەنی بەكارهـاتوون، شووشەكان لە قەبارەو شێوەدا جیاوازن، شووشەكانی سـەرقەڵا زیاتر شێوە درێژكۆڵەن كە ملەكانیان بە بەراورد بە قەدەكانیان درێژترن ڕەنگەكانیان زیاتر ڕەنگی سـەوزباوە، تەنها یەكێك لە شووشـەكان دوو دەسـكی بـۆ دروسـتكراوە، بەڵام شووشـەكانی قەسـری شـەمامۆ لە قەبـارەدا گەورەتـرن وە شـێوەیان جیاوازە، دوو جـۆرن دووانیـان قەدەكەیـان چـوار گۆشـەییە و یەكێكیـان قەدی درێژكۆڵەیە دەسكیان هەیە دەسكەكانیان پانە و بنكەكانیان تەختە. لە كاتێكدا لە وێران تەپە شووشەكان شێوە و قەبارەیان جیاوازە كە پێكهـاتوون لە كەمـۆڵەی بێ دەسـك و دەسـكدار هەیـانە ملـەكەی كوورتـە هەشـیانە مـل درێـژە هاوشـێوەی كەمۆڵە مل درێژەكانی سـەرقەڵا، بەشێكی تریـان لە شـێوەی كاسـەدان كە دەم و قەدێكـی گەورەو فراوانیـان هەیە، كاسـەی لە شووشـە دروسـتكرا تەنیـا لە گۆڕەكـانی وێـران تەپە دۆزراوەتەوە كە شـێوەكانیان تاڕادەیەك لە یەك دەچێت بەڵام لە ڕازانەوەدا جیاوزن هەیانە سادەیە هەشـیانە نەخشـدارە (**بڕوانە**: وێنەی ٣٩-٤٦، ١٣٥، ١٣٦، ١٥٥-١٦٠).

## بەراوردكارييە گڵێنەييەكان:

ژمـارەیەكی زۆر گڵێنەیـی جـۆراو جـۆر لە گۆڕەكـانی سـەرقەڵا و قەسـری شـەمامۆك و وێـران تەپەدا دۆزراونەتەوە، كۆمەڵێك گڵێنە لە گـۆڕەكەی سـەرقەڵا دۆزراونەتەوە كە هاوشـێوەی چەنـد دانەیەكیـان بە هەمـان شـێوە لە گۆڕەكانی وێران تەپە و قەسری شـەمامۆك دۆزراونەتەوە، بە شـێوەیەكی گشـتی بەشـی هەرە زۆری پارچەكانی سـەرقەڵا ڕووپۆشـی شووشـەیی كراون بە ڕەنگی سـەوز و شـین، بە شـێوەیەكی سادە دروستكراون بەبێ هیچ ڕازانەوەیەك، تەنها یەكێك لە گۆزەگان نەبێت كە بە چەنـد هێڵـی بازنەیی كە تەواوی چێوەی مل و قەدەكەی دەبڕن. هەیـانە بێ دەسكە یـان دوو دەسـكی بەرامبەر یەكی هەیە، یـان بە یەك دەسـك ڕازێنـراونەتەوە. بە پـێچەوانەوەی گۆزەكـانی قەسـری شـەمامۆك كە نەخشـی ئەنـدازەیی جیاوازیان لەسەر كێشراوە، پارچە گڵێنەكانیـان گـۆزەی شـێوە ئەمفـۆرا، كووپە، كاسـە، مەنجـەڵ و دەفر ...، لەخۆدەگرێت كە دەسكدارو بێ دەسكیان هەیە، بەشـی هەرە زۆریـان ڕوو شووشـەكراون بە ڕەنگی شـین وسەوز. نەخشی بە هێڵی ئاسـۆیی سـادە و نەخشـی زیگزاگ و مـۆر لەسـەر پـارچە گڵێنەكانیـان كێشـراوە. هەروەهـا گڵێنەكـانی وێـران تەپە لە شـێوە و قەبـارەدا جیـاوازن و پێكهـاتوون لە گـۆزەی گەورە، گـۆزەی بچووك، ئەمفۆرا، سوراحی، كووپەی تایبەت بە ناشتنی منداڵ، بەشێك لە گۆزەكان دەسكدارن و بەشێكیان بـێ دەسـكن بە نەخشـی هێڵـی چـاڵی ئاسـۆیی، شـەپۆلی، شـێوەی بـازنەی بچـووك ڕازێنـراونەوە و ڕوو شووشەی سەوزكراون (**بڕوانە:** وێنەی ٤٧-٥٣، ١٢٢-١٢٩، ١٤٨،١٥٤)

چـرا لە زۆربەی گۆڕەکـانی سـەردەمی ئەشـکانی دۆزراوەتەوە. لە سـەرقەڵا چرادانێـک دۆزراوەتەوە کە شـکاوە بە تەواوی نازانرێـت شـێوە و قەبـارەی چـۆن بـووە. وە لە قەسـری شـەمامۆک کـۆمەڵە چـرادان دۆزراونەتەوە کە دووانیـان تـاڕادەیەک لەیەک دەچـن قەدەکانیـان مـاوەتەوە لوولەکانیـان شـکاوە، ڕەنـگە چرادانەکەی سـەرقەڵاش هاوشـێوەی ئەم چرادانـانە بووبێت، کە دەمیـان بچووکە و قەدەکەیـان شـێوەیەکی هێلکەیی یان بازنەیی هەیە، لە قەدەکەیەوە لوولەی بۆ دروستکراوە یەکێک لە چراکان دەسکی هەیە (بڕوانە: وێنەی ٥٤، ١٢٩).

لە قەسری شەمامۆک دوو چرا هەیە لە کانزایی برۆنز دروستکراون کە جیاوازترن لە چرادانەکانی تر کە لوولەیـان نییە شـێوە بـازنەیین نووکیـان هەیە دەسـکەکانیان لە شـێوەی پەنـجە دروسـتکراون، بنکەکەیـان بـازنەییە. جیـاوازتر لەو چرایـانە لە قەسـری شـەمامۆک چـرایەک هەیە لە مۆزەخـانەی بەغـداد پـارێزراوە شـێوەی جیـاوازە چـراکە شـێوەیەکی درێژکـۆڵەی هەیە و بە سـەری ئەسـپ ڕازێنـدراوەتەوە. ئەم چـرایە هاوشێوەی چرای ڕۆمانەکانە ئەمەش لە ژێر کاریگەری ئەوان دروستکراوە (**بڕوانە**: وێنەی ١٣٢، ١٣٧).

__بەراوردکاری سکە:__

سکەکان لە ناو گۆڕەکاندا زۆرن لە گۆڕ گردۆلکەی سەرقەڵا ١٢ سکەی سەردەمی ئەشکانی دۆزراونەتەوە کە بـۆ سـەردەمی پێـنج پادشـای جیـاواز دەگەڕێـنەوە. بەداخەوە لە گـۆڕی بەرلـووت هـیچ سـکەیەک نەدۆزراوەتەوە، لە قەسری شەمامۆک هیچ ئاماژەیەک بە دۆزینەوەی سکەی سەردەمی ئەشکانی نەکراوە، بە پێچەوانەوە لە وێران تەپە سکەیەکی ئەشکانی دۆزراوەتەوە کە بۆ سەردەمی پادشا ڤەلاخشی چوارەم دەگەڕێتەوە. لە سەرقەڵا سکەکان لە دراخم و تیترادراخم پێکهاتوون لە کانزایی زیو، مس دروستکراون، لە کاتێکدا سکەکەی وێران تەپە تیترادراخمە لە کانزای زیو دروستکراوە.

سکەکەی وێران تەپە بۆ سەردەمی پادشا ڤەلاخشی چوارەم دەگەڕێتەوە، وە لە سەرقەڵاش سکەی پادشا ڤەلاخشی چوارەم دۆزراوەتەوە. ئەگەر بەراووردێکی سکەکان لە نێوان دراخم وتێترادراخمەکانی پادشا ڤەلاخشـی چـوارەم بکەیـن چەنـد جیـاوازی و لێکچوونێـک هەیە ئەمەش بەپێـی شـوێنی لێـدانی سـکەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

لە ڕووی پێشەوەی سکەکان وێنەی سەری پادشایە ڕووی لە لای چەپە، کڵاوەکەیان هەمان شێوەیە تەنها چەند جیاوازی کەمی لە ڕیشی و داپۆشینی گوێدا هەیە، لە سکەکەی وێران تەپە هێمایەک لە پشتی پادشا هەیە وەک ئایکۆنۆگرافیاکی هێلێنستی چونکە سکەکە لە سلوکییە لێدراوە ( لە ئەنجامی بەراووردکاری ئەو سکەیە لەگەڵ سکەکانی تری پادشا ڤەلاخش دەردەکەوێت ئەم تیترادراخمە لە سلوکییە لێدراوە، بوونی هێمـای هێلێنسـتی لە ڕووی پێشـەوەی و بـوونی خواوەنـد تـوخێ لە ڕووی پشـتەوەی ئامـاژەیەکە بـۆ دانیشتوانی یۆنانی لە سلوکییە. لەگەڵ ئەوەشدا دراخمەکانی پادشا ڤەلاخشی چوارەم زیاتر لە ئەکبەتانە لێدراون کە لە ڕووی پشتەوەی وێنەی تیرهاوێژ بە جلوبەرگی ئەشکانییەوە کراوە) بە بەراورد بە سکەی

سەرقەڵا کە هیچ هێمایەکی لەسەر نییە لە شاری ئەکبەتانە لێدراوە. ڕووی پشتەوەی سکەکەی سەرقەڵا وێنەی تیرهاوێژێک دەبیندرێت لەسەر کورسییەک دانیشتووە و کەوانەییەکی لەدەستە، لە سەرووی تیر هاوێژەکە بە نووسینی پەهلەوی نوسراوە ( ولگاش مەلکا) واتا ( ڤۆڵگاش، پادشا)، پاشان بە نوسینی ئەلف و بێی یۆنانی نووسراوە (ΒΑΣΙΛΕΩΣ)، 'پادشا' لە لای چەپیشەوە نووسراوەΕΠΙΦΑΝΟΥΣ) (ΦΙΛΕΛΛΗΝΟΣ (دۆستی یۆنان/ خۆشەویستی یۆنانییەکان) لەکاتێکدا لە ڕووی پشتەوەی تیترادراخمەکە ناوەڕاستی پارچەکە وێنەی دوو کەسە، یەکێکیان وێنەی پادشایە لەسەر کورسییەک دانیشتووە و دەستی ڕاستی بۆ خوارەوە شۆڕ کردۆتەوە، بەڵام دەستی چەپی بۆ وەرگرتنی هێمایەک لە خواوەند'توخێ Túkhē ' بەرزکردۆتەوە، خواوەند بە پێوە بەرامبەر پادشا ڕاوەستاوە لەگەڵ چەند نووسینێک بە ئەلف و بێی یۆنانی. ئەو جیاوازییەی لە سەر ڕووی سکەکان دەردەکەوێت لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە دەردەخەن (**بڕوانە**: وێنەی ٨٩، ١٧٣) .

## دەرئەنجام:

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەمان لە سەر گۆڕە ئەشکانییەکان لە کوردستانی باشوور، بەراورد کردنیان بە ناوچەکانی تر لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە چەند دەرئەنجامێک.

١. کوردستان یەکێک بووە لە ناوچە گرنگەکانی ژێر دەسەڵاتی قەڵەمڕەوی ئەشکانییەکان. لەو کاتەشدا کوردستان لە چەند یەکەیەکی سیاسی یان چەند هەرێمێکی گرنگ پێکهاتووە، کە هەرێمی ئەدیابینێ سنورەکەی لە نێوان زێی گەورە و زێی بچووکدا بووە پایتەختەکەی شاری ئەربێلا هەولێری ئێستا بووە. گەرمیانیش زۆر گرنگ بووە بە دڵنیایەوە ناوەندی یەکەیەکی سیاسی/ شانشینێک بووە پایتەختەکەی شاری کەرکوک بووە، لە لایەن دەسەڵاتدارو خانەدانەکانەوە بەڕێوە دەبرا. کە هەردوو ناوچەکە گرنگێکی زۆریان لە بواری بازرگانی و گەشی ئابووری هەبووە، لە ڕووی مێژوویی و فەرهەنگیشەوە زۆر گرنگ بووە شوێنەواری زۆریان لە دوای خۆیان جێ هێشتووە، بە تایبەت کە گەرمیان لە نێوان پایتەختەکانی ئەشکانی لە ئێران و مێسۆپۆتامیا زۆر دوور نەبووە. فراوانبوونی دەسەڵاتی ئەشکانییەکان، خستنە ژێرِ ڕکێفی گەرمیان لە دەوروبەری ساڵی ١٤٥-١٣٢پ.ز. کە هاوکات بووە لەگەڵ گرتنی میدیا و وولاتی بابل.

٢. لە ڕووی ئایینیەوە ئەشکانییەکان بەهۆکاری نەبوونی بەڵگەی مێژوویی، زانیاری زۆر لەسەر ئایینەکەیان نییە، کەوا خودی ئەشکانییەکان باوەڕیان بەچی بووە؟ بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەکوێ وە هاتوون بۆکوێ ڕۆشتوون یارمەتیدەر دەبێت لە ناسینی داب و نەریت و کەلتوورەکەیا. سەرباری پەیڕەوکردنی نەریتی زەردەشتی، ئەشکانییەکان لە بنەڕەتدا لەسەر ئایینی میثرایی بوون. لەو سەردەمەشدا هەریەک لە ئایینی جولەکەو مەسیحی لە ئێراندا دەرکەوتوون.

٣. بەهۆکاری فراوانبوونیان و ناوچە جیاوازەکانی ژێر دەسەڵاتیان بیرو باوەڕی ئایینی جیاوازیان هەبووە. سەردەمی ئەشکانییەکان بە سەردەمێکی فرە ئایینی دادەنرێت، کە هەڵگرانی بیر و باوەڕی جیاواز ئازادییەکی تەواویان پێدراوە لەو سەردەمەدا. بوونی چەندین شێوازی جیاوازی ناشتن هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی توێژەران هەست بەو ئازادی و ڕێزگرتنی بیر و باوڕە جیاوازیانەی سەردەمی ئەشکانی بکەن، چونکە دانیشتووانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەشکانی کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرە شێوازی ناشتنانە نە شێوازێکی تایبەت بەخۆیانە و نە شێوازێکی تەواو یۆنانییە، بەڵکو تێکەڵەیەکن لە هەردوو کەلتوورەکە.

٤. گۆڕە ئەشکانییەکان بە یەکێک لە شوێنەوارە هەرە گرنگەکانی ئەشکانییەکان دادەنرێن، ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ساخکردنەوە و ڕوونکردنەوەی مێژووی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان، چونکە لە ناو گۆڕەکاندا چەندین بابەت و کەلوپەلی جیاواز دۆزراونەتەوە ئەمەش یارمەتیمان دەدات لە دەرخستنی دەسەڵات و پلەی کۆمەڵایەتی خاوەنەکەی.

٥.  یەکێک لە گرنگترین شتەکان لە شێوازی ناشتنی سەردەمی ئەشکانی دا تێبینی کراوە بەکارهێنانی تابوت بووە، ئەمەش زیاتر لە ناو کەسانی خاوەن دەسەلات و خانەدانەکانەوە بەکاردەهات. ئەو تابوتانەشی کە بەکاریان دەهێنا بەپێی ناوچەی ژێر دەسەلاتیان جیاوازبوون. دۆزینەوەی تابوت بە شێوە و قەبارە جیاواز لە ئەکبەتانە، گەرمیان، هەولێر، کەرکوک، نیپوور وە لە بابل شایەتی ئەم ڕاستییەن. ئەشکانییەکان تابوتی شێوە هێلکەیی و تابوتی شێوە مرۆڤ، شێوە نەعل، لاکێشەییان بەکارهێناوە. لە بەرامبەردا بۆ کەسانی ئاسایی شێوازی ناشتنی چاڵ یان کووپەیان بەکارهێناوە.
٦.  دروستکردنی ژووری گۆڕ بەمەبەستی ناشتنی مردوو لە زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتیان بەکارهاتووە، بە تایبەت بۆ کەسانی خاوەن دەسەلات. شێوازی تەلارسازی ژووری گۆڕ زیاتر لاکێشەیی بووە، جگە لە دانانی تابوت سەکۆیان لە هەر چوار لای ژوورەکە دروستکردوە بە مەبەستی دانانی ئێسکەپەیکەری مردووەکان. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە گۆڕ هەبووە بۆ بنەماڵە بووە.

٧.  دانانی ئاڕاستەی گۆڕەکان و تابوتەکان لە ناوچەکان تەنانەت لە ناو گۆڕستانەکانیش جیاوازی هەبووە. دانانی لاشەی مردووەکانیش بە هەمان شێوە لە گۆڕێکەوە بۆ گۆڕێکی تر جیاواز بووە، کە بەشێک لە لاشەکان لەسەرپشت بوون، بەشێکیان لەسەر لایەکان نێژراون، ئاڕاستەی سەریان بەلای باکووری ڕۆژئاوا یان باشووری ڕۆژهەلات بووە، دانانی دەستیان زۆرجار دەستیکیان لەسەر لاشەکەبووە دەستکەی تری بە درێژکراوەی دانراوە، قاچەکانیان بەپێی تابوتەکان گۆڕاوە لە تابوتە هێلکەییەکاندا قاچیان بە چەماوەی و لەسە لادانراون، لە هەندێک حاڵەتدا لە تابوتە لاکێشەییەکانیشدا قاچی مردووەکانیان بە شێوەی چەماوەی داناوە.

٨.  دۆزینەوەی گۆڕە شاهانەیەکەی سەرقەلاش ئەو ڕاستیەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە گەرمیان ناوچەیەکی گرنگ بووە بۆ میر و پادشایانی ئەو سەردەمە. بە تایبەت بەکارهێنانی ژووری گۆڕ و تابوت بۆ ناشتنی مردووەکانیان. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی گەرمیان شانشینێکی سەربەخۆ بووە، لەوانەیە ئەم گۆڕە گۆڕی فەمانڕەوای ئەم ناوچەیە بوو بێت.

٩.  دۆزینەوەی دوو گۆڕی شاهانە لە قەسری شەمامۆک و بەکارهێنانی تابوت بە ڕازانەوەیەکی جیاوازتر ئەوە دەردەخات، کە کوردستانی باشوور بە هەموو هەرێمەکانییەوە ناوچەیەکی گرنگ و فراوان بووە. کە ئەم گۆڕە شاهانەییانە گۆڕی چینی دەسەلاتدار و بنەماڵەی خانەدانی ناوچەکە بوون، لە وانەیە گۆڕی خانەدانان و دەسەلاتدارانی شانشینی ئەدیابینە بووبن، چونکە پادشایانی ئەشکانی ئەو ناوچەنەیان بە شوێنێکی پیرۆز داناوە، و زۆرێک لە پادشایانی ئەشکانی لە ئەربێلا نێژراون.

١٠. شاری ئەربێلا پیرۆزیەکی تایبەتی هەبوو لە لایەن پادشاکانی ئەشکانییەوە، ئەم پیرۆزییەش بە ئەگەرێکی زۆرەوە پەیوەندی بە خواوەند ئیشتارەوە بووە، ئەم خواوەندە خواوەندێکی پیرۆز بووە هەروەک لە تابووتەکەی قەسری شەماموک وێنەی ئەم خواوەندەیان دروستکردوە، کە لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا بە خواوەند ئاناهیتا ناسرابوو.

